# گزنگ 101



گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

گۆڤاری گزنگ ژمارە - 101 ساڵی 2013

# GIZING



یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی کەرکوک

تابلۆی بەرگی یەکەم و دووەم: هەستی سەمەد - تاران
چاپ:- چاپخانەی کارۆ - سلێمانی

# گزنگ

١٠١ شوبات ٢٠١٣

گۆڤارێكی ئەدەبییە یەكێتیی نووسەرانی كورد - لقی كەركوك دەریدەكات

خاوەنی ئیمتیاز: یەكێتیی نووسەرانی كورد - لقی كەركوك



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**كەركوك-رەحیماوا-فلكەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی**

**كوردستان / كەركوك**


**تێبینی:**

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەكەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێكی تر بلاو بكرێتەوە فەرامۆش دەكرێت

# لەم ژمارەیەدا ١٠١


**سەکۆی گزنگ:-**

یادەوەری لە نێوان شێواندن و هونەری باڵادا، **گزنگ نەجمەدین جەباری**........................ل٥

**زمان:-**

مۆرفێمەکانی(گا) لەزمانی کوردیدا، **د. ئازاد ئەمین باخەوان**........................ل١٣

**وتار و لێکۆڵینەوە:-**

شیعر لە ئەستانەی دەزگا رەشنالیستەکان و...، **بڵند باجەلان**........................ل٢٧

عەشق وەك فریادڕەسی "ویستی ئازادی"، **سروشت نەوزاد**........................ل٣٩

خوێندنەوەیەك بۆ رۆمانی لەچکەکەی خەیاڵ٢، **ئەرشەد تەحسین**........................ل٤٩

خوێندنەوەیەك بۆ کۆشیعری ژنێك لێوانلێو لە ئەوین..، **نەوزاد محەمەد کاکەیی**........................ل٦٥

عەبدولوەهاب بەیاتی، **هاشم جەباری**........................ل٧٥

ڕەشبەڵکی پەیڤی شیرین، **ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان**........................ل٨١

**چیرۆك:-**

چەتر، **موعتەسەم ساڵەیی**........................ل٨٥

پەیژەیەك بەرەوخوار، **ئەسعەد عەزیز محەمەد**........................ل٩١

رۆزیتا، **گۆران ڕەئووف**........................ل٩٥

بەرەو بەهەشت، **ئارام رەحمان رەسوول**........................ل١٠١

ئاگاداری، **هێمن بەرزنجی**........................ل١١٥

دوو کورتیلە چیرۆك، **سەعد مەلا عەلی**........................ل١١٩

کۆترە باریکە، **عومەر مەولوودی**........................ل١٢١

کۆتایی ساڵ، **سەلمان شێخ بزێنی**........................ل١٢٧

شوانەکان، **و/ خالید فاتحی**........................ل١٣١

**وەرگێڕان:-**

نازم حیکمەت و دەنکەکەی، **و: سازان کەریم**........................ل١٤١

**شیعر:-**

رۆح بیستی ئەویست بۆ مەرگ، **چنوور نامیق**........................ل١٤٣

ستیان، **عەباس جەمیل جێماو**........................ل١٤٥

هەڕەشەی نووح، **سەباح رەنجدەر**........................ل١٤٩

دەستم تێوە مەی، **کاروان عەبدوڵلا سۆفی**........................ل١٥٥

جلی کۆن بەتەنافەوە، **بێستوون مینە**........................ل١٦١

حەسرەتی گەڕانەوە بۆ یەکەم دەرگا، **صلاح قابیل**........................ل١٦٥

من ڕەواندزم، **کامەران ڕەواندزی**........................ل١٦٩

سێ شیعر، **هەوار خزرزادە**........................ل١٧٣

من دەوەستم و بەیانییەکی تر دێت، **هەژار قانع**........................ل١٧٥

لە مندا، **گوڵستان وەلیە**........................ل١٧٧

دوو هەنگاوی تر، **نەجات ئیبراهیم**........................ل١٧٩

سێبەری بەرد، **بێستوون حەسەن**........................ل١٨١

**هونەر:**

چەمکی ژیان و مەرگ، **کاردۆ**........................ل١٨٥

**دیمانە:**

کۆچەر ئەبو بەکر، **دیمانە: نەمام مەعرووف**........................ل١٨٩

کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **بەڕێوەبەری نووسین**........................ل١٩٧

# یادەوەری لە نێوان شێواندن و هونەری باڵادا

گزنگ نەجمەدین جەباری

ئەمڕۆ ئەوی قیچەك نەهامەتی دیبێت و هێندەی سەواد هەبێت بەشی نووسین رستە دانە دەم یەکبێت، گەر پێی لە کەوشیش کرابێت بۆ گۆڕ دەست بە نووسینی ژیاننامەی خۆی دەکات یان هیچ نەبێت نیازی نووسینی هەیە گەر بۆی بلوێت، هەندێك کتێبی قەبارە گەورە دەکەنە بازاڕەوە، کە پێیان وایە ئەوەی دەیکەن خزمەتە، بێ ئاگا لەوەی هونەرێك دەشێوینن، ئاڵۆزیەکی سەیر بەرۆکی پیرەکانی گرتووە، بەچەشنێ زۆریان (یاداشت و یادەوەری و ژیاننامە و سەفەرنامە)یان بۆ جیا ناکرێتەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەیزانن بینووسن، وەلێ هونەرەکە هێند پشتگوێ دەخەن، کە ناناسرێتەوە، بە تایبەت سیاسیەکان، کە ئەوەی لە کوێرە دێیەکدا کوشتنێکی دیبێت و رۆژێك تەقەیەکی بۆ شۆڕش کردبێت، ئەمڕۆ خۆی بە گەنجینەی نهێنیەکانی رابردوو دەزانێت.

رەنگە هەڵەیەکی دیکەش هەبێت و کێشەکە زمان بێت، چونکە بەش بەش





بوونی ئەو ژانەرە زیاتر پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، کە دەستکورتی زمانی کوردی وایکردووە، هەموو ئەو چەمکانە هەقی خۆیان پێ نەدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جیاکردنەوەیان ئەستەم بێت، بەڵام گەر بە گشتیش لێی بڕوانین بۆ تێکڕایان خەسڵەتی چەمکێ بەکاربهێنین، هێشتا کێشەی هونەری و گێڕانەوە هەیە، بۆیە دەبینین بێ دەربەستی بنووسان وایکردووە، بایەخی ئەم ژانەرە زۆر کەمبێتەوە و گرنگیەکی وای لای خوێنەر و ئەدەب دۆستان نەمابێت.

کێشە سەرەکیەکە لێرەدا وەلانانی هونەری نووسینی یادەوەریە، کە زۆر کەمی ئەو نووسینانە دەچنە خانەی هونەربوونەوە و بەردێك دەخەنە سەر دیوارێك، سەنتەری کێشەکە لێرەدا ئەوەیە نووسەرەکە پێی وایە دەبێت ئەوەی لە زەینیدایە بیگەیەنێتە سەر کاغەز، جا گرنگ نییە، بە چ شێوەیەك، یان بە چ زمان و گێڕانەوەیەك، ئەوەی هەیە زۆریان دەچنە خانەی هەقایەتی گوێ ئاگردانەوە و هەندێ کات وا هەست دەکەی داپیرە باسی رابردووت بۆ دەکات، بۆیە دەبینین زۆریان شەڕفرۆشتنە بە مێژوو و رابردوو.

هەر تاکێك بگریت خاوەنی رابردوویەکە، بەڵام گرنگیەکە لەوەدایە کامیان بۆ گێڕانەوە دەست دەدەن، یان کامیان توانای بە هونەرکردنیان هەیە، رابردوو لەو قوڕەدەستکردانە دەچێت کە زۆر بە ئاسانی دەتوانی شێوازی جیاوازی لێ دروستبکرێت، تۆ لە رابردووی خۆتدا دەتوانرێت رۆمان و چیرۆك و شیعر و سەرگوزەشتە و لێکۆڵینەوەش بنووسیت، بەڵام رێژەی سەرکەوتنی پەیوەستە بە بەرزی هونەراندنیەوە، زۆر ئەستەمە تۆ ئەدیب نەبیت و دەست بۆ رابردوو بەریت .

مەبەست و ئامانج لەم نووسینەی ئێمەشدا ئەوەیە کە باسێك لەو یادەوەرینووسانە بکەین، کە بە بێ بوونی هونەر دەست بە گێڕانەوە دەکەن، بۆیە زۆری شوشە تۆز لێنیشتووەکانی سەر رەفەی رابردوو بە دەستیانەوە دەشکێت، تۆ کە نەتوانی هونەرێکی بەرزی گێڕانەوە پەیڕەو بکەیت، نە زمانت توانای نووسینی تیابێت و نە زاکیرەیەکی وەهاشت هەبێت کە وێنەکان بە رەنگی خۆیان پیشانبداتەوە، ئیدی چۆن دەست بۆ کارێکی وەها دەبەیت؟

وەلێ گەر دەفتەرۆچکەیەك یادداشتت هەیە و لە کاتی خۆیدا تۆمارت کردووە، کە دەزانی لەو خامە کەمە ناتوانی کتێبێکی گەورەی لێ پەیدا بکەی چ پێویست دەکات ئەو یادداشتانەشت بشێوینی، باشتر نییە کە هەر بە یاداشتی بیانووسیتەوە؟!

هونەری یادەوەری یان نووسینەوەی رابردووی خۆت، بایەخێکی گەورەی هەیە، زۆر کات کاری رۆمانێکی زۆر ناوەزە دەکات، یان وانەیەکی زۆر بە نرخە بۆ نەوەکەت و ئەو کەسانەی دەیخوێنێتەوە، بەڵام زۆر کەم لەو بەرهەمانە بەم تموحەوە دەنووسرێن، بۆیە گەر پێشەکی (چێشتی مجێوری) هەژار موکریانی بخوێنیەوە تێدەگەی چۆن دەتوانی تۆ وەك کوڕی ئەو خۆت دابنێیت و ئەزموونی لێوەربگری.

**هونەری سیاسەتمەدار لە نووسینەوەی رابردوودوودا**

ڕەنگە زۆر لەوانە لایان وابێت هەر خڕکردنەوەی چوار وشە رستەیەك دروست بکات، ئەوە خوێندەوارییە، بێ ئاگا لەوەی وردە وردە سیستەمی خوێندەواری دەگۆڕێت، بەڵام کابرا لە کوێرەدێیەکدا فێری خوێندنەوە و نووسین بووبێت و سەردەمێکی زۆری لە نەهامەتی شاخ بەسەر بردبێت ئێستا بە مافی خۆی دەزانێت، بە خۆی بڵێت خوێندەوار و دەست بۆ نووسینەوەی یادداشتەکانی خۆشی بەرێت، ئەمە لە کاتێکدا هونەری نووسین فەرامۆش دەکات و تەنها دەتوانێت رستە دروست بکات.

هەڵبەت کێشەکە تەنها زمان نییە، بەڵکو بە نزیکەی بە بارتەقای دەقێکی رۆمان ئەزموونی گێڕانەوە و ورد و سەلیقەی کات و شوێنەکانی پێویستە، لە کۆی ئەو یادەوریە سیاسیانەی خوێندوومەتەوە هیچیان هێندەی (ئەزمون و یاد/ پشکۆ نەجمەدین) و (یاداشت/نورەدین زازا)سەرنجی رانەکێشاوم و نەیوەستاندووم. لە بەرانبەردا چەندین کتێبی دیکە تووشی دۆشدامانی کردووم، هەرچۆن رەخنگر (حەمە سەعید حەسەن) دەڵێت (لە کاتی خوێندنەوەی "رۆژمێری پێشمەرگەیە" هەناسە سوار بووم) کە وەك روونی دەکاتەوە مەبەستی لەوەیە نووسەر ئیمانی بە فاریزە و وێرگول و خاڵ نییە و ئەوەی بەدیدەکرێت بەینی لەگەڵ خاڵبەندیدا خراپە، بۆیە باشتر بوو بۆ گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی رێگایەکی دیکەی بگرتایەتە بەر، وەك چۆن رەفعەتی مەلا لە (رۆژە تەماویەکان)دا پەنا دەباتە بەر کەسێکی دیکە پیای بچێتەوە و دایبڕێژێتەوە، گەرچی ئەو هەوڵەی رۆژەتەماویەکان زۆریش سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام گەر نووسەری رۆژمێری پێشمەرگەیەك ئەوەی بکردایە کارەکەی ناوەزە تر دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە پەیوەندی بە ئاستی خوێندنەوە نییە، چونکە گەر وابووایە، (یادداشت/ی د.عەبدالستار تایر شەریف) لە هەموو هەوڵەکان ناوازە تر دەبوو، کە بەداخەوە





زمانی گێڕانەوەی ئەمیش بە بەراورد بە زانیاریەکانی ناوی وەکو جیاوزی ترۆپك و گەوە وایە، لەبەرانبەردا زمان و گێڕانەوە و وردبینی لە (ئەزموون و یاد) دا هێندە لە ئاستێکی باڵادایە، بە کاری کەسێك دەچێت هەمووتەمەنی لە ئەدەبیاتدا بەسەر بردبێت نەك سیاسەت، یاخود گەر سەرنجی (یادداشت)ی نوورەدین زازا بدەین، ئاستی بە توانای و رۆشنبیری ئەم کابرایەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم کتێبەش گەر چی وەرگێڕانە، ( هەڵبەت وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو) زمانێکی ئەدەبی باڵاو گێڕانەوەیەکی سەرنج راکێشی هەیە.

لێرەدا پرسێك دێتە پێشێ، چما ئێمە دەتوانین لە کتێبەکانیانەوە وێنەی ئەو کەسایەتیانە بکێشین؟

بۆیە گەر وەڵامی ئەمە بە (بەڵێ)بێت، ئەوە دەگەینە دەر ئەنجامی ئەوەی ئێمە خاوەنی سەرکردەگەلێکی ئازا و چاونەترس و بوێربووین، بەڵام بێسەلیقە و بێ پلان و بێ هونەر.

گێڕەڕەوەی زۆرشت زان

لە لایەنی گێڕەڕەوە یادەوەری بە پێچەوانەی ژانەری چیرۆك و رۆمانەوەیە، لە چیرۆك یاخود رۆماندا کاری سەرکەوتوو ئەوەیە، گێڕەڕەوە کەم شت زان بێت و رەوتەکە دەقەکە دیاری بکات و خوێنەر بە وێنە و زانیاریەکانەوە ماندوو بێت، بەپێچەوانەوە یادەوەری پێویستی بە زانیاری زۆرە و دەبێت زاکیرەیەکی باشت هەبێت تاوەکو رووداوەکان وەکو خۆی بگێڕیتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی توانا بە زۆر رووی رووداوەکان ئاشنا بیت، وە دەبێت بشزانی چی دەگێڕیتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی تۆ دەیگێڕتەوە ژیاننامەی خۆتە هاوکات مێژووی گەلێکیشە، لەو پەنجەرەیەوە کە تۆ سەیرت کردووە، بە نمونە ئەزموون و یاد تەنها چاوی پشکۆیە لە شۆڕش، هەرکەسە و بەشێك لە هەقیقەتەکەی لایە، هەرچۆن جەلالەدینی رۆمی دەڵێت (هەقیقەت ئاوێنەیەك بوو کەوتە خوارەوە شکا، هەریەکە و پارچەیەکمان بەر کەوت)، ئەم وتەیە دروست بەواتای ئەو قسەیەیە کە دەڵێت (هەریکەمان بە شێك لە هەقیقەتمان لایە)، جا بۆ ئەوەی رابردوو وەك خۆی دەربکەوێت دەبێت پارچەکانی ئاوێنەکە بدەینەوە دەم یەك، بەڵام زۆر جار هەقیقەت کارەساتە، چەکێکە گەر نەزانی بەکاری بهێنی خۆتی پێ دەکوژی، کەس لەوانەی یادەوەری دەنووسنەوە گێڕەڕەوەی هەموو شت زان نین، بەڵام گەر سەرنج بدەین یادەوەری سەرکردەکان دەوڵەمەندترە و پڕترە، وە زۆر جار ئەو کتێبانە دەبێتە، سەرچاوەی مێژوویی و

گرنگی مێژوویی پێ دەدرێت.

**یادەوەری شاعیرانی نەهامەتژێ:—**

زۆری کات ئەدیبان بە رەشبینی و دەردەداریدا دەناسرێنەوە، بە چەشنێك بە کەسێکی نەهامەتژێ دەوترێ، دەبووایە ئەدیب یان شاعیر بیت، ئەمە ئەو خەسڵەتەیە زۆری ئەدیبانی پێ دەناسرێتەوە، هەڵبەت گشتگیر نا، بۆیە گەر سەرنجێك بدەینە ژیانی شاعیران ئەو نەهامەتیە دەبینین، هەرچۆن باوکی هێمن پێی دەڵێت (دەیەوێت ببێتە شاعیر بۆ ئەوەی لە برسا بمرێت)، با بە نمونەش هەردوو شاعیری گەورە هێمن و هەژار وەربگرین، کە بە مەنزووری من لە باسکردنی یادەوەریدا بە ناچاری دەبێت ئاماژە بەم دوو ناوە گرنگە بدرێت.

کاتێك چێشتی مجێوری هەژار موکریانی دەخوێنیتەوە، واهەست دەکەی لە بەردەم دەقێکی گێڕەڕەوەی زۆر زیندوو دایت، بەچەشنێ کە پاش خوێندنەوەی کاریگەری بەجێ دەهێڵێت، هەڵبەت بە جێهشتنی کاریگەری پاش خوێندنەوەی کتێبێك نیشانەی سەرکەوتن و پڕ بەهای کتێبەکەیە.

هێمنیش گەرچی نە کردوویەتی و نە ویستوویەتی تەواوی ژیانی خۆی بنوسێتەوە، بەڵام ئەو نووسینە کەمەی پێشەکی دیوانی (تاریك و روون) مەبەست لە (لە کوێ وە بۆ کوێ؟)ە، کارێکی ناوازە و پڕ بەهای کردووە، کارەکەی کامڵ نییە هەر چۆن خۆی دەڵێت: ((پێت وا نەبێت لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵداوەتەوە و لە بنی کوولەکەم داوە و هەرچی هەیە نووسیومە، نا هەروا کورتە سەرگوزەشتەکەمت بۆ دەگێڕمەوە)) واتە تەنها کورتەیەکە و ناچێتە خانەی یادەوەری و ژیاننامەوە، بەڵام ئیستاتیکای گێڕانەوە و بەرزی ئاستی زمانەکەی وامان لێ دەکات بە هاوئاستی کارەگرنگەکانی دیکە لێی بڕوانین، ئەوەی هێمن لە مەودای چل و سێ پەڕەی پێشەکیدا نووسیویەتی لە کتێبی قەبارە گەورەی زۆر لە سیاسەتەوانەکان گرنگتر و سەرکەوتوو ترە، هەڵبەت لێرەدا بۆیە زیاتر جەخنم لەسەر هێمن کردەوە، کە کارێکی تەواوەتی نییە و هەر هەوڵێکی کەمە، بەڵام گەر سەرنج بدەینە، چێشتی مجێور ئەو کات زیاتر لە بایەخ و گرنگی یادەوەری ئەدیبان تێدەگەین، کە لە هەموو شت گرنگتر لەو دوو نمونەیەی سەرەوەدا ئاست بەرزی زمان و بێخەوشی وشەیە، کە بە درووستی خزمەتێکی گەورەیان بە زمانی کوردی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا هەردوو شاعیر گەنجینەیەکی گەورەی وشەی کوردین.





لێرەدا پرسێك دێتە پێش، گەر ئەو نەهامەتیەی بەسەر سیاسەتەوانانی ئێمەدا هاتووە، یان ئەو ژیانەی ئەوان تێی کەوتوون و ئەو وێنانە گەر شاعیران بیانبینیایە، دەبوو چ شاکارێکی لێ بخولقێنن؟ کەچی دەبینین هەرا بە بێ دەربەستی سیاسەت ئەو خامە ناوازانە دەشێوێنێ.

**بوێری لە گێڕانەوەی رابردوو**

کەسمان نامانەوێت هەموو شتێك بڵێین، ئەوەی هەیە ئازاکانمان زۆربەی رابردوو دەگێڕنەوە، بە تایبەتیش ئەدیبان لەم رەهەندەوە بوێر و ئازان، بە پێچەوانەوە سیاسەتمەداران هەمیشە ئەوەی دەیڵێن، کەمترە لەوەی دەیزانن، نووسەران بێ باکن لە وتن، باشترین بەڵگەش (کتێبی دانپایدانانەکان)ی جان جاك رۆسۆیە.

کێ هەیە لە بوێریدا ناوی رۆسۆی نەبیستبێت، کارێکی کردووە وەك خۆی وتەنی (کارێك دەکەم کە پێشتر نەکراوە، لە داهاتووشدا کەس ناتوانێت لە ئاسایی بکاتەوە) رەنگە ئەم وتەیەی تا رادەیەك بردبێتە سەر، وەلێ ئەوەی لە دوای ئەوە دێت، گەر وەکو ئەویشی پێ بکرێت، داهێنانێکی نەکردووە، هێندە هەیە داهێنانەکەی بە ئاسۆی فراوان کردووە و لوتکەی هەرەمی داهێنان هەر لە ئاستی خۆیەتی، وەلێ مرۆڤایەتی بەردەوام لەم رووگەیەوە پێویستی بە فراوانبوونی ستوونی هەیە.

یەکێك لەو نووسەرە گەورانەی دەستی لە فراوانکردنی ئاسۆی هەرەمەکەی رۆسۆدا هەیە، رۆمانووسی گەورەی عەرەب (محەمەد شوکری)یە، کە لە کاتی خوێندنەوەی (نانی رووت)دا تا رادەیەکی زۆر هەست بە راستگۆیی گێڕانەوە دەکەیت، هاوشان کارێکی ئەدەبی گرنگیشی ئەنجام داوە، واتە بەدەرلەوەی هەنگاوی بوێرانەی ناوە بۆ بوێری گێڕانەوە، کارێکی ئەدەبی باڵاشی خولقاندووە، بەڵام مەخابن پێ دەچێ هێشتا زۆر زوو بێت، بۆ ئەوەی نووسەرێکی کورد سەرگوزەشتەی خۆی لە ناو قەحپەخانە و مەلهاکانی ئەوروپادا بگێڕێتەوە و لە نەفرەتکردن نەترسێت.

**یاداشت وەك ئاوێنەی سەفەرنامە:**

نووسین دەربارەی یادەوەری زۆر لایەنی دیکەی ماوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بە خاڵێك دەدەین، کە لە سەفەرنامەوە نزیکە، بەڵام پێشتر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە هەمیشە پێویستمان بە دەفتەرێکی بەرباخەڵ هەیە، رووداوەکانی تیادا یادداشت بکەین وزۆر جار دەبێتە کەرەستەی گێڕانەوەی یادەوەری و یارمەتی دەرێکی باشە بۆ زاکیرە، هەندێ

کـاتیش بـێ ئـەوەی دەسـتکاری بکـەیت، دەقێکی گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوە.

زیاتر ئەوەی باسەکەمانی بە کێش کرد بۆ لای سـەفەرنامە، کتێبـی (زاکـیرەی بـا)ی ئەحمەدی مـەلا بـوو، ئـەم کتێبە بـاس لـە گەشتێکی قاچاخی پێنج ڕۆژە دەکات بۆ کەرکوک، یان بە درووستر بڵێین، گەڕانـەوە بۆ کەرکوک.

ئـەوەی ئەحمـەدی مـەلا پیشانی دەدات، تـەنها بـاس کردنـی ئـەم پێنج ڕۆژە نییـە، بەڵکو زۆر بە قوڵی دەگەڕێتەوە بۆ رابدوو، بە تەنها وەسفی زەمـەنی ئـەو پێنج ڕۆژە ناکـات، بگـرە زەمـن دەگەڕێنێتـەوە بـۆ منـداڵی، ئـەم سیفەتەش لەگـەڵ ئـەوەی کـەرکوک زێـدی خۆیـەتی، وا دەکـات ئـەم کتێبە لە سەفەرنامە دوور بخاتـەوە، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی "زاکـیرەی بـا" زیـاتر لـە ڕۆمانـەوە نزیکـە نـەك لـە سـەفەرنامەوە، هاوشان گێڕانـەوەی بیرەوەریەکانیشی بە رادەیەك هونەری تیا بەکارهێناوە، زیاتر لە کاری ڕۆمان دەچێت، بەڵام بە بێ ئـەوەی خـۆت هەسـت بکـەیت، شـێوەیەك لـە سـەفەرنامە لـە زەینتدا دروست دەکات، ئەمـە لـە کاتێکدا ئـەو هـیچ پـەیڕەوی یاساکانی سـەفەرنامەی نـەکردووە، وەکـو ئـەوەی زەمـەن بـە زنجـیرەی بـڕوات و وەسـف وەسـفی سـەفەر بێـت، بـەڵکو گێڕانەوەی یادەوەریـە، بـەهاوکاری هەنـدێك وێنەی ڕۆمان ئاسا.

گـــەر لێـــرەدا ســـەرنجێك بدەینـــە، سەفەرنامەکەی (هیوا قادر)، دەبینین، تەنها گێڕانـەوەی ڕۆژانـی سـەفەر نییـە، بـەڵکو گەڕانەوەشـە بـۆ رابـردوو، بـەڵام لـە خەسـڵەتەکانی سـەفەرنامە لای نـەداوە، بـەڵکو ئـەوە رابـدوو و وێنەکانـە وا دەکـات هەمیشە لە بیری نەکەین، هاوکات هیـوا لـە هەندێ شـوێندا کـەم تـا زۆر هـەوڵی ئـەوەی داوە، بـوێر بێـت و شـێوە ئازایەتیـەك لـە گێڕانەوەدا پیشان بدات، گەرچی زۆریش ڕۆ نەچووە، بەڵام ئەمە ڕەنگە نیشانەیەك بێت بـۆ ئـەوەی هەسـت بـەوە بکـەین گـەر هیـوا ڕۆژێك یادەوەری بنووسێتەوە، پەردە لەسەر زۆر لایـەن هەڵبداتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم کتێبـە لـەو هەوڵـە تاکوتەرایانەیـە کـە لـە کتێبخانەی کوردیدا بۆ سەفەرنامە دراوە، بە تێڕوانینی مـن کـارێکی نـاوازە و پـڕ بایەخـە، ناکرێت هەروا بە سادەیی لێی بڕوانین، وەکو ئـــەوەی پێـــشتر بـــە بـــێ دەنگـــی دەمانخوێندەوە، ڕەنگە ئەمـەش هـەروەك کتێبەکانی دیکـەی هیـوا قـادر چانسی لـەوە بێت بە بێدەنگیدا گوزەر بکەن.





سەرنج/ ئەو کتێبانەی لـەم نووسـینەدا دەبنـە سەرچـاوە، لـە نـاو نووسـینەکەدا ناویـان هاتووە، بەشی یەکـەمی (یاداشـتی نـوورەدین زازا) لـە لایـەن (باسـت حەمـە غـەریب)ەوە وەرگێڕدراوە، مەخابن، بەشـی دووەمـی تـاکو ئێستا دەنگی نییە بکرێتە کوردی، ئەوەشمان لە بیر نەچێت وەرگێڕانی (دانپیادانانەکان) لـە فارسیەوە(هەژار جوانڕۆی) و وەرگێڕانی (نانی ڕووت) لە فەرەنسیەوە (نـەجات عەبدوڵلا)یـە، هاوکـات بـۆ زانیـاری دەربـارەی سـەفەرنامە سودم، لە (گۆڤاری رامان ژ.١٥٨ ، فەرهـەنگی زاراوەی ئـــەدەبی/ د.موحـــسین ئەحمـــەد عومەر)وەرگرتووە.



د. ئازاد ئەمین باخەوان

# مۆرفێمەکانی (گا) لەزمانی کوردیدا

# ( دیالێکتی ناوەڕاست)


**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە مۆرفیمی (گا) یە،کە لەزمانی کوردیدا ڕۆلێکی زۆر گرنگی هەیە وتائێستا زۆر بەکەمی لێدوان و توێژینەوەی لەسەر کراوە. ئەم مۆرفیمە مۆرفیمێکی هاوبێژەو لە چەندان بنجەوە سەرچاوەی گرتووە. مۆرفیمی (گا) وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە پێکهاتەیچەندان وشەی کوردیدا بەشداری دەکات و وەك مۆرفێمیکی بەندیش بەتایبەتی وەك پاشگر بۆ شوێن زۆر بەکارە. هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیش ڕوونکراوەتەوە،کە بۆ جیاکردنەوەی ئەم مۆرفیمە هاوبێژە بەپێی پێوەندی واتایی دەتوانین لە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانی ئەم مۆرفیمە بگەین و جودایان بکەینەوە. لەسەر ئەم بنەمایە جۆرەکانی مۆرفیمی (گا) دیاری کراون. شایانی باسە نموونە و لێکۆڵینەوەکەش لەسەر دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا پیادەکراوە.






**پێشەکی :**

مۆرفیمە هاوبێژەکانی زمانی کوردی تائێستا بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەکەوتوونەتە بەر ڕووناکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە. گەلێك لایەنی شاراوە و نادیار هەیە دەبێت لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر بکرێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە هەموو ڕووەکانی مۆرفیمی (گا) یەکلا بکرێنەوە و ئەو تەم ومژانەش بڕەوێنرێنە وە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە ئەم مۆرفیمە لە بناخەدا چەندان مۆرفیمە و بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە گۆڕانی جۆربەجۆری فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە و ئەمڕۆ لە قالبی (گا)دا ماوەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەرکەکانی هەریەك لەو مۆرفێمانە دەرخراوە و ئاماژەش بۆ ئەو پێکها تانە کراوە، کە ئەم مۆرفیمە بەشداری ڕۆنانی تێدا کردووە.

دیسان دەبێت ئەوەش یاداشت بکەین، کە ئەم مۆرفیمە ئەمڕۆ لە شێوەی هاوبێژدا خۆی دەنوێنێت. بۆیە دەبێت بەیەك مۆرفیم تەماشا نەکرێت، بەڵکو هەروەك لە باسەکەدا دەستنیشان کراوە چەند مۆرفیمێکن و لە شێوەدا یەکن.

لە کۆتایی باسەکەدا لێکۆڵەر توانیویەتی چەند ئەنجامێکی تازە بەدەست بێنێت، کە تائەمڕۆ تیشکیان نەخراوەتە سەر.

**دەستپێك:**

سەبارەت بەپێناسەی (مۆرفیم) تائێستا چەندان پێناسەی جۆربەجۆری بۆکراوە هەندێك بە ((بچووکترین دانەی واتاداری ڕێزمانی))(١). وهەندێکی دیکە بە ((بچووکترین دانەی واتاداری زمانیان داناوە ))(٢). لە ڕووی دابەشبوونی مۆرفێمە کانیشەوە دوو جۆر جودا کراوەتەوە، مۆرفیمی سەربەست و مۆرفیمی بەند.

مۆرفیمی سەربەست ئەو مۆرفیمەیە کە بەتەنیا دەردەکەوێت، بەڵام مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمەیە بە تەنیا دەرناکەوێت. سەبارەت بە مۆرفیمی (گا) لەزمانی کوردیدا، دەشێ بڵێین: لە هەردوو جۆری مۆرفیمدا خۆی دەنوێنێت، وەك مۆرفیمی سەربەست و وەك مۆرفیمیی بەند، بۆیە مۆرفیمی (گا) بە مۆرفیمێکی هاوبێژ دەژمێردرێت.

هاوبێژ - (Homonym ) مشترك لفظي )(٣). کە فۆڕمەکان لە خوێندنەوە و نووسین بەیەك دەچن، بەڵام واتای جیاواز دەبەخشن. بەخشینی ئەم واتا جیاوازانەش هۆیەکە بۆ

جوداكردنەوەیان لە یەكتر. مۆرفیمی (گا) هەندێك جار وەكو مۆرفیمێكی سەربەست بەشداری پێكهاتەی وشەی نوێ دەكات وهەندێك جاری دیكەش وەك مۆرفیمێكی بەند لە ڕۆنانی وشەی نوێدا دەردەكەوێت.

بەپێویستمان زانی لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەچەند خاڵێك هەموو ڕووەكانی ئەم مۆرفیمە چالاكەی زمانی كوردی شرۆڤە بكەین.

**لێكۆڵینەوە:**

أ – مۆرفیمی (گا) وەك مۆرفیمكی سەربەست:

أ–١ :

مۆرفیمی (گا) وەك وشەیەكی سەربەخۆ بە واتای ناوی گیانداڕێك یان ڕەشە ولاخێكی نێر لە سەرووی سێ ساڵییەوە دێت. بۆ نموونە:

-ئەم (گا)یە تێركایە ...هتد.

أ–١–٢ :

مۆرفیمی (گا)، وەك ناوێك لە ئیدیەمدا:

-(گا) بە دەنگی ناڕوات. (كەس بەقسەی ناكات).

-(گا) بە گوندا دەناسێتەوە. (زۆر نەزان و نادانە)

-(گا) پێیە. ( لەڕۆیشتندا سست وخاوە).

-بۆچی (گا) ڕیپاوە ؟ (واتا بۆچی پارە ڕژاوە) ؟

-(گا) گوی كرد. (بە یەكێك دەوترێت كە قسەیەكی ناپەسەند بكات)

-(گا) لە كلاوڕۆژنەوە سەردەخات. ( دزێكی شارەزایە)

-(گا) و كەرن بەرانبەرن . ( لەڕووی سووكییەوە بە دووكەس دەوترێت بەیەك بچن).

-(گا) گووە. ( بە كە سێكی بلّحی بێكارە دەوتری)

-(گا)ی بێ گاوانە. (بە یەكێك دەوترێت لەگەڵ كە سدا نەبێت سەرپەرشتی بكات).

-(گا)ی مارۆیە. ( واتا لە هەموو شوێنێكدا دەناسرێتەوە).

-(گا)ی یەك ئاخوڕە. ( یەكێك تەنها بژێت و لەگەڵ كەسدا نەبێت)(٤).

أ–١–٣ :

مۆرفیمی (گا) وەك مۆرفیمێكی سەربەست لە ڕۆنانی ناودا.





-ناو + ناو + پاشگر = ناوێكی نوێ.

گا + كێو + ی = گاكێوی. (كەڵەنێرەی حەیوانە كێوی لە (گا زلترە )، ( فەرهەنگی كشت و كاڵ، ب٢، ل٦٨)

-ناو + ناو + پاشگر = ناوێكی نوێ.

-گا + چاو + ە = گاچاوە. ( جۆرە گوڵێكە لە شتی چنراو دروست دەكرێ لەوێنەی (چاوە)، (فەرهەنگی خاڵ ج٣، ل ١٥٨)... هتد.

أ–١–٤ :

-ناو + پاشگری بچووكردنەوە = ناوێكی نوێ

گا + یلكە = گایلكە (جۆرە ئێسترێكی باڵا كورتە). ...هتد

أ–١–٥ :

-ناو + ڕەگی چاوگ = ناوێكی نوێ.

-گا + دۆش (لەدۆشین) = گادۆش.(دەفرێكی گڵێنە، وەك دیزە دوو قلّفی هەیە پەتی تێ بخرێ و پێی هەڵ ئەگیرێ )، ( فەرهەنگی خاڵ،ج٣، ل١٥٨ .

-گا + قۆڕ (لەقۆڕاندن ) = گاقۆڕ. (ناوەبۆ دووا مانگی پایز، بەرانبەر بە بورجی مانگی سەرماوەرزی كوردییە )، ( فەرهەنگی كشتوكاڵ، ب١، ل٦٧).

أ–١–٦:

ناو +ناو = ناوێكی نوێ.

گا +پەل = گاپەل. (جۆرە كۆترێكی كێوییە )، ( فەرهەنكی خاڵ، ج٣، ل ١٥٨ ).

أ–١–٧ :

ناو + كردار + پاشگر = ناوێكی نوێ

گا + گێر + ە = گاگێرە.(گایەكە بەتایبەتی گێرەی پێ بكرێ)،(فەرهەنگی خاڵ، ج٣، ل١٦ ). ... هتد

أ–١–٨:

ناو + پاشگر = ناوێكی نوێ.

گا + وان = گاوان

گا + دار = گادار ...هتد

أ–٢:

مۆرفیمی (گا) وەك مۆرفیمێکی سەربەست بە واتای شوێن:

پێش ئەوەی ئەم مۆرفیمە ئەرکی پاشگری بەجێ بهێنێت لە قاڵبی وشەیەکدا خۆی نواندووە و واتای شوێنی بەخشیووە، وەك:

-بێگانە.

-بێ + گا + انە.

ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیەکە بەپێی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی دوو ڤاوڵ پێکەوە نایەن. بۆیە یان دەنگێك زیاد دەکرێت یان دەنگێك تێدەچێت. لە پێکهاتەی وشەی (بێگانە)دا دەنگی یەکێك لە (أ) ەکانی (گا) و (انە) تێچووە. کەواتە (گا) لەوشەی (بێگانە)دا بەواتای (شوێن، جێ ) هاتووە و وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ بەشداری لەو پێکهاتەیە کردووە.

سەبارەت بەوشەی (بێگانە) لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەم جۆرە لێکدراوەتەوە:

-بێگانە = غەوارە، نەناس، بیانی، غەریب، ف = بیگانە. ( فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، ل٩٣).

-بێگانە کەسێکە کە خزم وخۆیشی نەبێ. (فەرهەنگی خاڵ، ج١، ل١٨٧ )

هەر لەم ڕووەوە دەشێ ئاماژە بۆ وشەیەکی دیکەش بکەین، کە مۆرفیمی (گا) وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ نەك (پاشگر) بەشداری ڕۆنانی کردووە، وەك : (بانەگا). کەپێکهاتووە لە (بان + ە + گا). لێرەدا وشەیەکی لێکدراو دروستکراوە. واتا مۆرفیمی (گا) بەواتای ( شوێن، جێ) هاتووە و بەهۆی ناوبەندی (ە)وە ئەم وشە لێکدراوە ڕۆنراوە.

سەبارەت بەواتای (بانەگا) لەفەرهەنگە کوردیەکاندا بەم جۆرە هاتووە:

-بانەگا = بان + ە + گا. ( بەرگەدە)،( قاموسی زمانی کوردی زەبیحی ل ٥٩ ).

-بانەگا : جێی ڕوانێ مووی خوار بەرمووسڵدان ( فەرهەنگی خاڵ، ج١، ل١٠٧).

-بانەگا : بەرگەدە، جێگەی لێ ڕوانی توکەبەر، ف { زهار، شرمگاه} . (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، ل٤٧ )

-بانەگا : عانە، زهار، عودە. ( فەرهەنگی مەهاباد، ل٦٢).

مۆرفیمی (گا) بەواتای شوێن، سەرەتا وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆکاری خۆی بەجێ هێناوە،







بەڵام پاشان بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بووە بە پاشگرو بۆ دەربڕینی (شوێن) زۆر چالاکانە وشەی نوێی کوردیی پێکهێناوە. هەروەها نابێت ئەوەش لە بیرکەین، کە مۆرفیمی (گا) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی هاوبێژە و چەند بناخەیەکی هەیە. واتا چەند بناخەیەك و سیمایەك لە مۆرفیمی(گا)دا کۆبۆتەوە. ئەمیش ئەوە دەردەخات، کە هەموو شێوەکانی (گا) بەواتای (شوێن) نایەن هەروەك لە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکەدا ڕوون دەکرێتەوە.

أ–٣ :– مۆرفیمی (گا) وەك پاشگر:

ئێمە وای بۆ دەچین مۆرفیمی (گا) بەپێی تێپەڕبوونی کات سەربەخۆی خۆی لە دەست داوەو وەك پاشگرێك هەمان ئەرك بەجێ دەهێنێت وگەلێك چالاکە و ڕۆڵێکی پێشچاوی هەیە لە پێکهاتەی ئەو وشانەی کە واتای جێ و شوێن دەبەخشن، وەك:

١ -ناوێك + پاشگری (گا) = ناوێکی نوێ.

ڕێ + گا = ڕێگا

داد + گا = دادگا

سەیران + گا = سەیرانگا

یاری + گا = یاریگا

لەوەڕ + گا = لەوەڕگا

سەخوڕ + گا = سەخوڕگا.( شوێنێکە کە سەخوڕی تێ فڕێ بدەن، سەخوڕ ڕیخی ناوسکی ئاژەڵ ) (فەرهەنگی خاڵ، ل ٢٧٨)

بەش + گا = بەشگا. ( شوێنێکی تایبەتی یە بۆ بەشکردنی ئاو کەبۆسەر کشتوکاڵ بچێ ) (فەرهەنگی خاڵ، ج، ل٦٦٩)

لەشکر + گا = لەشکرگا ...هتد.

مۆرفیمی (گا) وەك پاشگر شێوەیەکی دیکەی هەیە لە قاڵبی (گە)دا دەردەکەوێت، واتا : ((گا و گە، دوو پاشگری جیانین، بەڵکو شێوەی مۆرفیمی یەکن. ئەم پاشگرە چالاکە و بەشێوەیەکی سەرەکی دەچێتە سەر ناو و جاجارەش بە هەندێ بەشە ئاخاوتنی دیکەشەوە دەلکێ))(٥).

بۆنموونە:

کار + گە = کارگە

ڕێ + گە = ڕێگە

داد + گە = دادگە

سەیران + گە = سەیرانگە

یاری + گە = یاریگە

لەوەڕ + کە = لەوەڕگە

هەوار + گە = هەوارگە ...هتد.

٢ -ئاوەڵکردار + پاشگر = ناوێکی نوێ

دەر + گا = دەرگا ... هتد.

٣ -چاوگ + پاشگر = ناوێکی نوێ

نووسین + گا = نووسینگا

خوێندن + گا = خوێندنگا ...هتد.

٤ -ڕەگی چاوگ + پاشگر = ناوێکی نوێ.

فرۆش + گا = فرۆشگا

فڕ + گە = فڕگە ... هتد

أ–٤ : مۆرفیمی (گا) بۆ دەربڕین ونیشاندانی کات، وەك:

-هەر (گا) ویستت بێرە لام.

-هەر (گا) واتە هەرکات. ( فەرهەنگی خاڵ، ج٣، ل١٥٨ )

ئەم مۆرفیمە لە زمانی فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و لە پێکهاتەی گەلێك وشەی فارسیدا بەشداری کردووە، وەك :

صبحگاه = بەیانیان

شبانگاه = شەوان

شامگاه = ئێواران

هەرگاه = هەرکات

ناگاه = ناکاو (بێکات) ...هتد.

أ–٥: مۆرفیمی (گا) وەك ئاوەڵکردار دەوری (جارجار) دەبینێت، وەك:

-گاگا، جارجار، دەم دەم

-(گاگا) ئەچمە دەرەوە، دەم دەم دەچمە دەرەوە.





-شەو (گاگا) ئەنوم و (گاگا) هەڵدەستم. ( فەرهەنگی خاڵ، ج٣، ل١٦١)

مامۆستا (جەلال مەحمود عەلی ) ئاماژە بەمۆرفیمی (گاه) دەکات و لە ئیدیەمێکدا بەم جۆرەی لێکداوەتەوە : (( گاه : گاه گاه بەخەر بار گاه گاه بەمسقاڵ : بەشتێك دەوترێت کەهەندێك جار زۆر وهەندێك جاریش کەم. گاه : فارسییە، واتا، جار ))(٦). هەروەها لە هۆنراوەی کوردیشدا بەکار هێنراوە. بۆ نموونە (قانع)ی شاعیر دەڵێت :

پیـــروبێ تووك وددان شــــاش وچەوت

(گاگا) لەبن بەرد (گاگا) لەئە شکەوت.

ب : مۆرفیمی (گا)ی کورتکراوەی وشەی (گات).

وشەیەکی سەربەخۆ هەیە لە قاڵبی (گات) بەواتای : شتی بەرز و کەڵەگەت و شتی گەورە و مەزن، یان : (( نزا و نوێژ لە ئایینی زەردەشتیدا ))(٧).

یان (( گات : حدیث، کلام الله، فصل، باب ))(٨). بەهەرحاڵ بەهەموو لێکدانەوەیەك مەبەست گەورەی و مەزنی دەبەخشێت. فۆنیمی (ت)ی وشەی (گات) زۆرجار تێدەچێت وتەنها لەقاڵبی (گا)دا دەمێنێتەوە.

مانەوەی (گا) بەتەنیا هۆیەکە بۆ لێکچوون لە نێوان ئەم مۆرفیمە و مۆرفیمەکانی دیکەی هاو فۆنیم و هاو دەنگەکانی تر، بۆنموونە :

-وشەی (شاتوو) ناوێکی دیکەی هەیە پێی دەوترێت (گاتوو) ئەگەر لە ڕووی پێکهاتنەوە بڕوانینە هەردوو وشە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وشەی (شاتوو) بریتییە لە (شا + توو) هەروەها ( گا + توو). پێوەندی نێوان (شا) و (توو) لەگەڵ (گا) و (توو)دا، پێوەندی نیشاندانی گەورەیی و مەزنی (توو)ە کەیە.

یاخود دەتوانین، بڵێین: پێوەندییەکی مەجازییە، چونکە چ پێوەندییەکی ڕاستەقینە نییە لەنیوان (شا) و (توو) دا.

هەروەها لەوشەی (گاتوو)شدا پێوەندییەکە پێوەندییەکی مەجازییە، چونکە مۆرفیمی (گا) لەم وشەیەدا مەبەست لە (گا)ی گیاندار و (گا)ی پاشگر نییە، بە مانای شوێن. بۆیە پێویستە بەدوای بنجی ئەم مۆرفیمەدا بگەڕێین. دۆزینەوەی ئەم بنجەش لە دۆزینەوەی پێوەندی واتاییەوە دەردەکەوێت. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە مەبەست لە (گا توو) جۆرە ( توو)ێکی گەورە و مەزنە. بۆیە دەبێت (گا)ی (گاتوو) واتای گەورەیی و مەزنی ببەخشێت. لە ئاکامیشدا دەگەینە ئەوەی بڵێین: (گا) لەبناخەدا (گات) بووە، کە واتای

شتی بەرز و گەورە و کەڵەگەت دەبەخشێت. کەواتە دەنگی (ت)ی (گات) هەڵوەریوە و تەنها (گا) ماوەتەوە. لەم قاڵبەدا بەشداری لە پێکهاتەی گەلێك وشەدا کردووە، کە واتای وشە نوێکەی بەلای گەورەیی ومەزنیدا وەرچەرخاندووە، وەك لەم نموونانەی خوارەودا دەردەکەوێت.

-گا + توو = گاتوو ( تووی گەورە )

-گا + چاڵ = گاچاڵ ( چاڵی گەورە )

-گا + کۆتر = گاکۆتر ( کۆتری گەورە )

-گا + بەرد = گابەرد ( بەردی گەورە )

-گا + ماسی = گاماسی ( ماسی گەورە ) ... هتد

کەواتە لە پێکهاتەی ئەم هەموو وشانەدا مۆرفیمی (گا) وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەوری ڕۆنانی بینیووە. بۆیە ئەو وشانەی سەرەوە بەلای ئێمەوە وشەی لێکدراون.

پ : مۆرفیمی (گا)ی کورتکراوەی وشەی (گاو).

سەرەتا بۆ واتای وشەی (گاو) دەمانەوێت، گەشتێکی ناو فەرهەنگە کوردییەکان بکەین.

-وشەی (گاو) لە فەرهەنگی (مەهاباد) دا هاتووە : (( گاو : خطوة، مرة، عهد، ثور))(٩)

-لە فەرهەنگی (خاڵ)دا : ((گاو : کات، پینەی کاسە وتەشپی، هەنگاو – گاڤ، کات، هەنگاو )) (١٠).

-لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا : (( گاو : گا، نێری چێڵ ١– دەم، گاڤ ٢– ئێوە ئیلاقەتان کرد ٣– پینەکردنی چینی شکاو بە تێل ))(١١). هەروەها دەڵێت : (( گاڤ :١– دەم، کات، سات، ٢– شەقاو، قەدەم، هەنگاو ))(١٢).

لە کۆی ئەم هەموو شرۆڤەکردنەی وشەی (گاو) دەگەیینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم وشەیە بەگەلێك واتا هاتووە. هەروەها تێکەڵیەکیش دەبینرێت لە نێوان (گاو)ی فارسی و (گاو)ی کوردی. چونکە ئەم (گاو)ەی، کەلە پێکهاتەی وشە کوردییەکاندا بەشداری کردووە چ پێوەندیی بە (گاو)ی فارسییەوە نییە بە واتای (گیاندارێك) بەڵکوزیاتر لە کوردیدا بە واتای (شەقاو، قەدەم، هەنگاو، خطوة، مرة، عهد ) دێت بۆ نموونە : مۆرفیمی (گا) لە وشەی (هەنگاو)دا بەم جۆرە پێکهاتووە:

-هەند + گاو = هەندگاو، هەنگاو

شایانی باسە، کە دەنگی (د)ی وشەی (هەند) وەریوە و گۆ ناکرێت و وشە لێکدراوەکە لە





قاڵبی (هەنگاو)دا مەییووە. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین، کە مۆرفیمی (گاو) لە دیالێکتی باکووردا لە شێوەی (گاڤ)دا دەردەکەوێت و بەشداری لە پێکهاتەی ئەم وشانەدا دەکات.

-پێ + گاڤ = پێگاڤ، یان (پێنگاڤ) واتا لە هەندێك ناوچەدا (ن)ێك دێتە نێوان (پێ) و (گاڤ)ەوە سەبارەت بەلێکدانەوەی ئەم وشەیە لە ڕووی فەرهەنگییەوە:

-لەفەرهەنگی ( فەرهەنگا کوردی)دا هاتووە : (( پێ گاڤ : هنگاوە : پێگاڤانە بڤرناکەڤی – یانی نابێ تۆ گاڤەك، هنگاوەکی بەر ب مالامە دە باڤێژی. ٤– الخطوة ))(١٣).

کەواتە مۆرفیمی (گاو) لەهەردوو دیالێکتدا بەیەك واتا هاتووە. شایانی باسە مۆرفیمی (گاو) لە وشەیەکی تری کوردی باکووردا بەهەمان واتا خۆی دەنوێنێت، وەك:

-سێ + گاڤ = سێگاڤ (واتا : سێ باز، لعبە القفز ) بەم جۆرە دەشێت، بڵێین: مۆرفیمی (گاو، گاڤ ) یەکن و بەواتای ( شەقاو، قەدەم، هەنگاو، خطوة ) دێت.

ئەم مۆرفیمە لە پێکهاتەی هەندێك وشەدا لە قاڵبی (گا)دا دەردەکەوێت وهەمان مەبەست دەگەیە نێت، کە مەبەستی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە، وەك:

دوو + گاو – و = دووگا

سێ + گاو – و = سێگا

چوار + گاو – و = چوارگا ... هتد

ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت کە وشەکان لەبنەڕەتدا ( دووگاو، سێگاو، چوارگاو ... ) بوونەو بەڵام پاشان دەنگی (و) وەریوە و تەنها لە شێوەی (گا)دا دەرکەوتووە.

وشەی (سێگا) بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەکراوە : ((سێگا، جۆرە مقامێکی خۆشی کوردییە ))(١٤).

هەروەها : (( سێگا : لە بارەی زاراوەی مۆسیقاوە، واتە ( پەردەی سێ یەم )، ( پلەی سێ یەم) (مەقامی سێ یەم ))(١٥).

ئەوەی زیاتر ڕایەکەمان پتەوبکات ئەوەیە، کە لە ڕووی واتاوە ئەوە دەردەکەوێت، کە لە وتنی مەقامی (سێگا)دا سێ پلە و سێ وەستان هەیە. بۆیە نابێت قاڵبی (گا)ی (گاو) لەگەڵ (گا) یەکانی دیکەدا تێکەڵ بەیەك بکەین. کەواتە " (گا)ی ئەو وشانەی سەرەوە شێوەیەکی دیکەی وشەی (گاو)ە، چ پێوەندی بەپاشگری (گا)ی شوێنەوە نییە. بەڵکو هەریەکەیان مۆرفیمێکی سەربەخۆن و هەریەکەیان ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە لە ڕووی پێکهاتن و

واتاوه.

ت : ڕەگی کرداری (گان ) لەکاتی ڕابردوودا:

ئەگەر ڕەگی کرداری (گاین) لـە کـاتی ڕابـردوودا بێـت کۆتـایی بـە (أ) دێـت وقـاڵبی (گـا) وەردەگرێت، چونکە : ((.. (أ) نیشانەی کاتی ڕابردووە ))(١٦).

-ئەو عەرزی ئۆتۆمبیلەکەی گا. ... هتد








## ئەنجام :

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەویەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١-مۆرفیمی (گا) لە زمانی کوردیدا یەك مـۆرفیم نییـە، بـەڵکو چـەند مـۆرفیمێکی جیـاوازە و لەچەند بنجێکەوە سەرچاوەیان گرتووە.

٢-بەهۆی هاتنی هەنـدێك وشـەی زمانـانی دی بـۆ نـاو زمانەکـەمان بەڕێکـەوت لەیـەك قاڵبـدا یەکیان گرتۆتەوە.

٣-مۆرفیمی (گا) مۆرفیمێکی زۆر چالاکە، چ وەك مۆرفیمێکی سەربەست چ وەك مۆرفیمێکی بەند.

٤-بەپێیی پێوەندی واتایی دەشێت لە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییـەکانی مۆرفیمـەکانی (گـا) بگـەین ولێکیان جودا بکەینەوە.

## پەراوێزەکان :

R. H. Robins , General Linguistics , An Introductory survey. P. ١٩٢,١

٢ -د. ئەوڕەحمانی حاجی مـارف، ڕێزمـانی کـوردی، بـەرگی یەکـەم (مۆرفۆلـۆژی )، بەشـی یەکەم (ناو)، بەغدا. ١٩٧٩، ل٤.

٣-د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف،، وشەی زمانی کـوردی، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا ١٩٧٥، ل١٤.

٤-بۆنموونەی ئیدیەمەکان سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە. جەلال مەحمود عەلی، ئیـدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی (حسام)، بەغدا، ١٩٨٢، ل٣٩٦ — ٣٩٨.

٥-هەمان سەرچاوە پێشتوو، ل١١٧.

٦-جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٢، ل٣٩٧.

٧-هەژار، فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە ) چاپی سێیەم، چـابخانەی (سـروش)، تـاران، ١٣٨١، ل٦٨١.

٨-گیوموکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپخانەی کوردستان، هەلێر، ١٩٦١، ل٥٠٥.

٩-هەمان سەرچاوە، ل٥٠٧.

١٠-محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێهەم، سلیمانی، ١٩٧٦، ل١٦٢.

١١-هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، ل٦٨٣.

١٢-هەمان سەرچاوە، ل٦٨٥.

١٣-جگەرخوین، فەرهەنگا کوردی، هەژمارکوردی، هەژمار (١)، بەغدا، ١٩٦٢، ل٢٩٤.

١٤-محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێهەم، ل٣٠٩.

١٥-عثمان شارباژێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٣٩٦.

١٦ -وریا عومەر ئەمین، نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان ژمارە (٩٢)، هەولێر، ١٩٩٢، ل٩٠.

**سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

١ -د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی )، بەشی یەکەم (ناو)، بەغدا. ١٩٧٩.

٢ -د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥.

٣ -جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٢.

٤ -هەژار، فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە ) چاپی سێیەم، چابخانەی (سروش)، تاران، ١٣٨١.

٥ -گیوموکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپخانەی کوردستان، هەلێر، ١٩٦١.

٦ -محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێهەم، سلیمانی، ١٩٧٦.

٧ -جگەرخوین، فەرهەنگا کوردی، هەژمارکوردی، هەژمار (١)، بەغدا، ١٩٦٢.

٨ -عیمان شارباژێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥.

٩ -وریا عومەر ئەمین، نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان ژمارە (٩٢)، هەولێر، ١٩٩٢.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

١ - R. H. Robins , General Linguistics , An Introductory survey


**الخلاصة:**


تتناول هذه الدراسة مورفيمات (گا) في اللغة الكوردية، نظرا لدورها الهام الذي تلعبه في هذه اللغة، يبدو لي انه لم يتطرق الي هذا الموضوع احد من قبل، الا قلة قليلة من الباحثين، لذا اري انه من الضروري تناوله ودراسته بشيء من الدقة والتفصيل.

ان مورفيمة (گا) ليست مورفيمة واحدة، بل هي عدة مورفيمات، ولكل واحدة منها جذور









خاصة بها، لذا نستطيع ان نقول ان هذه المورفيمة مشترك لفظي لانه نابع من عدة منابع وتشارك هذه المورفيمة في تكوين كلمات كوردية كمورفيمة حرة وكذلك تشارك في تكوين كلمات اخري كمورفيمة مقيدة، هذا يعني انها تشارك في تكوين كلمات كوردية دالة علي اسم المكان.

ومن خلال هذه الدراسة توصلنا الي نتيجة وهي انه من الممكن عن طريق المعني ان نميز بين جميع مورفيمات (گا) واسترجاعها الي جذورها، وكذلك تم تحديد ثمان مورفيمات (گا) في اللغة الكوردية.

ومن الجدير بالذكر ان النماذج التي تناولناها في هذه الدراسة والتحليل مأخوذة من اللهجة الكرمانجية الجنوبية.


ABSTRACT


This research deals with the morphemes of “ga” which have great roles in the Kurdish Language. I think , so far Few reserchers has dealt with this subject but several researchers. That is why I would like to deal with it strictly and in detail way. There is not alonely morpheme of “ga” but there are several morphemes of it. Each one stemmed from acertain source. It is possible to call this morpheme. As afree morpheme it takes part in the construction of some Kurdish words. Also it behaves as abound morpheme to construct some .words to denote names of places

Through the conclusion of this research we can differentiate all kinds of the morpheme of “ga” by understanding their .meaning and their origins

We have denoted Aet kinds of this in the Kurdish language. It is worth mentioning that most of the examples of this research .have been taken from the Southern Kirmanji Dialect



بلند باجەلان

# شیعر لە ئەستانەی دەزگا رەشنالیستەکان و فکرە جیاوازەکاندا

## ( ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ )ی ( چنوور نامیق ) وەکو میوانی ئەو ئەستانەیە

(هوکسلی ): پێموایە (دیکارت) باشترین و مەزنترین و کاملترین نوێنەری فەلسەفەی زانستی تازەیە...

(لایب نتز) : فەلسەفەی (دیکارت) وەکو دالانێکی حەقیقەت وایە، پێویستە بچیتە ناویەوە، بەلام نابێت زۆر تیایدا بمێنیتەوە....

(دیکارت ) لە سالی (١٥٩٩)ی زاینی لە یەکێك لە خانەوادە دەولەمەندەکان لەدایکبووە. بۆ ماوەی سێ سال لە پاریس ژیاوە، دواتر رووی لە هۆلەندا کردووە.

(دیکارت) ژنی نەهێنا، وەلێ لە رێگەی هاوسەرگیری قەدەغەوە، کچێکی هەبوو، ئەو کچەشی لە تەمەنی پێنج سالیدا مرد.

لە سالی (١٦٤٩)دا رۆیشتووە بۆ سوید و هەر لەوێ و لە سالی (١٦٥٠)دا ، بە نەخۆشی مردووە...

(دیکارت) زانستی بە پەیرەوکاری یاساکان دەزانی، رەوتی زانستی بە شێوازێکی رێکخراو و میتۆدئاسا خستە







روو، بۆیە فەلسەفەی هاوچەرخ لە (دیکارت)ەوە دەستپێدەکا.....

(دیکارت) بنیاتنەری مەزهەبی دووالیستی نوێیە و لە فەلسەفەی هاوچەرخیشدا، خاوەنی میتافیزیکی دووالیستییە.

کەرستەی مادی کەرستەیەکە خاوەنی مەودایەکی درێژە و (بیرکردنەوە)ش سیفەتە سەرەکییەکەی عەقلانیەتە،بوون لە نێوان (بوونی درێژکراوە)و (بوونی ئاقل)دا سنووردار کراوە لای (دیکارت).

دواجار (دیکارت) باس لە بوونی پەیوەندییەك دەکا لەو دووالیستەدا،بەبێ ئەوەی چلۆنایەتی و شێوەی ئەو پەیوەندییە بخاتە روو.

بوون لە (ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ)ی (چنوور نامیق)دا، فۆرمی جیاوازی هەیە، هەر جۆرێکی بوونیش لە قەسیدەیەکدا هەلگیراوە، قەسیدەکان هەلگری بوونە جیاوازەکانن کە سەرەڕای جیاوازییان، بازنە گەورەکەی بوونی فکری کۆیان دەکاتەوە، جگە لە چەند قەسیدەیەك، کە بوون بوونێکی شیعری رووتە و داماڵراوە لە بوونی فکری، رەنگە شاعیر خودئاگایانە ئەو کارەی کردبێت:

((ملوانکەیەك لە رەنگی غەیب
کریستالێکی بازنەیی و
جوتێ گوارەی پڕ لە حەدیسەکانی گەڵا
بیستنم لێ ئەکەنەوە بەڵام هێشتا لەوانەیە نەمناسییەوە...))

لە قەسیدەی (ئەگەر هاتی بە گەڕەکی باخا وەرە )، بوونێك هەستی پێدەکرێ ، لەنێوان دوو جۆر لە بووندا سنووردارکراوە (هاوشێوەی ئەو بوونە سنووردارکراوەی دیکارت خستیە روو )، وەلێ ئەگەر (دیکارت) قسەی لەسەر (بوونی درێژکراوە)و (بوونی ئاقل) کردبێت، ئەوا (چنوور) باس لە (بوونێکی شیعری ) و (بوونێکی شاعیرانە) دەکات، کە پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوانیاندا هەیە (دیکارتیش باسی بوونی پەیوەندی دەکرد لە دووالیستەکەدا ).

روونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە بۆ (دیکارت)، پێویستییەکە (دیکارت) خۆی لێ دزیوەتەوە، وەلێ خستنە رووی ئەو پەیوەندییە بۆ (چنوور ) پێویستی نییە، چونکە ئێمە مامەڵە لەگەڵ تێکستێکی ئەدەبیدا دەکەین کە شیعرە.

(چنوور) بۆ رزگاربوون لە کۆمیدیا و تراژیدیای پیاوە دووبارەکان، هانا بۆ دەرگا و پەنجەرەکانی گومان دەبا، وەلێ خودی گومانیش بە گومانە لەو پیاوە تەقلیدییانە، بۆیە (چنوور) تۆزێك دەگەڕێتەوە دوواوە و بە چاوێکی جیاوازتر لە ژنبوونی خۆی رادەمێنێ و گومان وەکو

وشەیەك دەكاتە رەمزێك بۆ ناسینەوەی پیاوە دووبارەكان و گومانكردنیش وەكو پرۆسەیەك دەكاتە وێستگەی تاقیكردنەوەی ئەو پیاوانە. ئەوەی ئەنجامی تاقیكردنەوەكان رادەگەیەنێ، خودی شیعری (چنوور )ە، ئەوانەشی رەخنە لە ئەنجامەكان دەگرن، دیسانەوە شیعرەكانن،واتە شیعری (چنوور)، شوێنێكە بۆ رەخنەگرتن لە رەخنە و شتی تر.

((ژوانی من و تۆ خەونێكی بێ وڵاتە
هاوڕێ
زەمینێكە بستێ باخچەی تیا نییە
خەیاڵێكە
لە تاقگەكانی راستیدا نوقمە
تنۆكە ئارامی و خۆشیی
پێوە نییە. ))

ئەو گومانكردنەی (چنوور) لە پیاو و رێژەی پیاوبوون، بەرەو جۆرێك لە گومانكردنی گشتی پاڵی پێوە دەنێ، كە لە هەندێ شوێنی شیعرەكانیدا،( چنوور ) بە گومانە لە كۆی شتەكان بە خودی گومانیشەوە.

شاعیر بە گومانە لە گومان و گومانكردن، گومانیش بە گومانە لەو پیاوە دووبارانەی (چنوور نامیق) بە گومانە لێیان.

ئەم دیدەی (چنوور) بۆ گومان، راستەوانە دەگۆڕێ لەگەڵ دیدی (دیكارت) بۆ گومان، بە رەچاوكردنی بوونی شیعرگەلێك لەو ناوەندەدا و ئەوەشی كە لای (دیكارت) پەی براوە هەستەكییەكان جێگای گومانن و تاقە راستی كە جێگای گومان نەبێت، خودی گومانە، بەڵام (چنوور) لەو گومانەش بە گومانە :

((لە سەرەڕێی راستی و گوماندا
بە قومێ شەراب سەرم گەرمە و
دواین گۆزە لەبەر پێی سەفەر دەشكێنم
بە قوڕی فرمێسك و شەراب
ئادەمێكی دوور لە ژیان دروست دەكەم.))

گومانكردن مانای بیركردنەوەش دەگەیەنێ، ئەمە زانستێكی رەهایە و بۆ پێشكەوتن لە سنووری میتافیزیكدا بنەمایەكی بە كەڵكە، هەر لەو تیۆریەی خۆیدا، (دیكارت) سیستەمی خۆی لەمەڕ میتافیزیكەوە قوت دەكاتەوە.

(دیكارت) لە دیدی خۆیەوە بۆ سروشت، پێیوایە شتەكانی سروشت، بابەتی هەستەكان و گوزەركراوەكانی خودناسین و بنەمایەكی میكانیكی پێویستە رۆڵی هەبێت لە راڤەكردنیان.

ئەو باوەڕی بە فەلسەفەی سەروو سروشت و بنەمای سەرەكی فەلسەفەی ئایدیالیست هەیە و لە كۆی زانستەكاندا پشتی بە شێوازی بەڵگەداریانەی بیركاری بەستبوو.





(دیكارت) پێچەوانەی (ئەرستۆ) بوو، یەكەمیان :
فەلسەفەكەی خۆی لە سەرووی سروشتەوە دەستپێكرد و بە سروشت كۆتایی پێهێنا.
دووەمیان:
بە سروشت دەستی پێكرد و بە سەرووی سروشت تەواوی كرد.

(دیكارت) دیدێكی هاوبەشی هەیە لەگەڵ( كانت )دا، كە بیركردنەوە لە (شت لە خودی خۆی) بەبێ كەڵك دادەنێ و پێیوایە مرۆڤ ماشێنێكی رۆحلەبەرە و گیانەوەرانی تریش هەمان ماشێنن، وەلێ بەبێ رۆح.

لە شیعری (چنوور)دا، ململانێیەكی بەهێز هەیە لەنێوان سروشت و سەرووی سروشتدا، ئەوەی دیدی شیعری (چنوور) كە لە شیعرەكانیدا رەنگیداوەتەوە، جیادەكاتەوە لە دیدی (دیكارت) و (ئەرستۆ) كە لە تێزە فەلسەفییەكانیاندا رەنگی داوەتەوە، ئەوەیە كە (چنوور) پیاوێك یان چەند پیاوێكی كردۆتە شوێنی یەكلایكردنەوەی ململانێیەكە.

واتە :
ئەگەر لای (دیكارت) و (ئەرستۆ)، ململانێ هەبێت لەنێوان :
١- پێشكەوتنی سەرووی سروشت لە ئاست سروشت خۆیدا.
٢- پێشكەوتنی سروشت لە ئاست سەرووی سرووشتدا.

ئەوا لای (چنوور ) ململانێی نێوان :
١ –پێشكەوتنی سەرووی سروشتی پیاو لە ئاست سروشتی پیاو خۆیدا
٢- پێشكەوتنی سروشتی پیاو لە ئاست سەرووی سروشتی پیاودا ، بەدیدەكرێ :

((ئەم ساتە شەرمكوژانە
هاوارم تێدا سەوز ئەكەن
ئەم پیاوستانە بێ شەرمە
خەونەكانم بێدار ئەكا
تۆ و
پیاوستان و
ساتەكان
پەلكە سەوزەكانم
ئەكەنەوە !))

زۆرینەی ئەو تەوژمە شیعرییانەی لە دوای رۆشنگەرییەوە دروست بوون، عەقڵ و هەستیان وەكو دوو چەمكی دژ بەیەك بەكارهێنا.

مۆدێرنیتە بەرهەمهێنەری لۆگۆسی شیعرییە. لۆگۆسی شیعری لەگەڵ هاتنە كایەی سیمای مۆدێرنیتە هاتە ناو شیعرەوە، لۆگۆس هانی شیعریدا بۆ گوتنی راستی و پشتگیری عەقڵی دەكرد، لێرەوە شیعر وێنەیەكی واقیعی و فەزایەكی واقیعی و دونیایەكی واقیعی بوو، رۆڵی فەلسەفەی مۆدێرنیتە لە بەلانانی ئەو

پێـدراوه میتافیزیکییـه، یەکێکـه لـه باسەکانی فەلسەفەی پۆست مۆدێرنـه. لـه شـیعری (چـنوور)دا، هەسـت و عـەقڵ نـەك هـەر دژ بەیـەك نـین، بـەڵکو ئاوێتـه و هاوسـەنگەرن، یـەك مەبەسـتی شـیعری کۆیـان دەکاتـەوه، ئـەویش نووسـینەوەی شیعرێکی جوانه که خاڵی نەبێت لـه عـەقڵ و واقیع و تەژی نەبێت لـه هەسـت و سـۆز، بەڵکه جۆرێك له پەیوەندیی شیعری هەبێت لەنێوان عەقڵێك بانگەشەی بەواقیعیکردنی شـیعر دەکـا و هەسـتێك ئـیش لەسـەر دوورکەوتنـەوه لـه حەقیقـەت دەکـا، ئـەو پەیوەندییـه (عـەقڵی — سـۆزی)یـه ، لـه زۆربـەی دێرەکـانی شـاعیردا بـه ئاشـکرا هەستی پێدەکرێ و بـه ئاسـانی دەسـتمان پێی دەگا :

((چەندین پیاڵەی نیوه پڕمان لەدوا جێما
چەندین خەیاڵە شیعری جوانمان کوشت
بۆیە ئێستا پێش جێهێشتنی ماڵی دوێنێ
له بەردەم گوڵێکی ژاکاو
تاوی بێدەنگی ئەنوێنم
تا خەیاڵم پڕ بێ له گوڵ
کێ ئەڵێ ئەگەڕێمەوە ؟))

ئەدەبیاتی ئیرۆتیك، رەهەندێکی دیاری ناو کۆمەڵگـه هاچـەرخەکانه، میکـانیزمی سەربەخۆی هەیە و چەمکەکانی سێکس و ئـیرۆس و جەسـته، لـه ئاسـتی پـاتۆلۆژی بەکاردەبا.

ئەگەر ئیرۆس بمرێ، یەکێك لـه دیاردەکـانی ناو بوون لەگەڵیدا دەمرێ، هەنوکه ویست بۆ جەسـته بەشـێوەیەکە، ئیرۆتیـزم و پۆرنۆگرافیایەکی میکـانیزمی پـەیڕەوی لـەو ویسته دەکەن. ئەمەش بگۆڕێ جەستەیە له جەستەیەکی پڕ لـه سـۆز و هەسـتەوه ، بـۆ جەستەیەکی کارپێکراوی ئێستەکی. دواجـار دەپرسین : پێگەی ئیرۆس چۆنە له شیعری (چنوور)دا ؟.

بۆ دیـاریکردنی پێگـەی ئـیرۆس لـه شـیعری (چنوور)دا، پێویـستیمان بـه رەچـاورکردنی پێگەی عەقڵ و هەست هەیە له شیعرەکانی شاعیردا و ئەو پەیوەندییەشی لـەنێوان ئـەو دووانەدا هەیە.

ئەگـەر قـەراربێت شـیعری (چـنوور) جەستەیەکی بەرجەستەی هـەبێت، ئـیرۆس رۆحـی ئـەو جەسـتەیه و جەوهـەری ئـەو جەسـتەیەیە، لـه دەرەوەی ئـەو جەوهـەرە، تووشی بەیەکداکەوتنێکی ناشیعری دەبـین لەگـەڵ شـیعرەکانی شـاعیردا، بەیەکداکەوتنێك بە مردنی جوانی و کوژرانی جۆرێك له واقیعیەتی شیعری که خاڵی نییـه له سۆز، کۆتایی دێت :

((جارێ مەڕۆ
وا شەوێك دێ
له نەزرەی بێ نەزرەتا
رووم زەرد ئەبێ
مەڕۆ با چاوم پڕکەم لێت
تەمەن بەشی دوو دیداره و
زیاتر ناڕوا ))

لـه هەنـدێ لـه شـیعرەکانیدا، (چـنوور ) هەوڵدەدا وەکو کەسێکی نەخۆش دەربکـەوێ که نەخۆشی زۆری بۆ هێنـاوه،(چنوور) ئـەو نەخۆشییه بەشیعریکراوه دەگوازێتـەوه نێو شـیعرەکانی و لەوێـشدا دەیـسەپێنێ بەسـەر تاکێکدا که خودی شاعیره، ئامانج له هـەموو ئەمانـه، تـەنها دروسـتکردنی جـوانی تـازە و گەیـشتنه بـه جوانییـه کۆنـەکان و نۆژەنکردنەوەی ئـەو جوانییـه سیکڕاپانەشـی لـه زبڵـدانی جوانیـدا فڕێـدراون. (چـنوور) نەخۆشـه بـەهۆی فاکتـەری جۆراوجـۆرەوه ، ئەو وەکو ژنێك گلەیی هەیـه لـەو فاکتەرانـه و پێیوایه سـنووری خۆیـان تێپەڕانـدووه ، لـەو فاکتەرانەش :

١- پیاوبوون
٢- بەپیاوکردنی ژن
٣- ژنبوون وەکو جۆگەیەك بۆ گەیشتن به سەرچاوه، که پیاوبوونه
٤- پیاوه ژنانییەکان و...هتد

نووسەرێك که وەکو نەخۆشێك دەردەکـەوێ له دەقەکانیدا، مەرج نییه له ئـەرزی واقیعـدا نەخۆش بێت. هاوکێشەیەکی تـریش هەیـه : مـەرج نییـه ئـەو نووسـەرەی لەسـەر ئـەرزی واقیـع نەخۆشـه، نـەخۆش بێـت لـەناو تێکستەکانیدا.

(گۆته) نەخۆشی و لاوازی جەستەیی وەکو پێویستییەك دەبینی بۆ بەهرەمەنـدەکان. رەنگه بەرزی مرۆڤ لـەودابێت بـه بـەراورد لەگـەڵ گیانـەوەرانی تـر، زیـاتر نـەخۆش دەکـەوێت و هـەر خۆشـی چارەسـەری نەخۆشـی خـۆی دەکـا. نەخۆشـی وای لـه (نیتـشه ) نـەکرد وەکـو نەخۆشـێك بنووسێ، ئەو بەدەست ئازاری چاوەکانی دەینـاڵانـد، وەلـێ نەخۆشـی وایلێکـرد بیربکاتەوه و بگەڕێتـەوه قوڵاییـەکان و لـه دونیـا سـنووردارەکەی (فیلولـۆژی ) چـاو بپۆشێت :

((سەمایەك له تۆم دائەبڕێ و
پایزێك بۆ دوورم ئەبا
چاو هەڵئەبڕم
بینەرەکەم
دەستەکانی له شێواندنی وەرزی رووم
ماندوو نابێ
رەشـی چـاو و سـووری لێـوم لەگـەڵ
هەناسەی گەرممدا
سێینەی
وەرینی رۆحم ئەنووسنەوه....))

لـه سـیماکانی ئـەدەبی پۆسـت مـۆدێرن، بانگەشـەکردنه بـۆ ئـاوابوونی جیهـان و کۆتـایی هێنـان بـه سـەردەمگەری. زۆر لـه

رەخنەگر و تیۆریزەکەرەکان، ئەدەبی پۆست مۆدێرنیان بە بێ بنەما دادەنا، بەهۆی رۆحی دژگەرایی ئەو ئەدەبیاتەوە. رەخنەی پۆست مۆدێرن پێچەوانە بوو لەگەڵ رەخنەی کلاسیك. لە رەخنەی کلاسیکدا چەمکی رووخسار و ناوەڕۆك وەکو لێکدەرەوەیەك بۆ تێکستی شیعری بەکاردەهاتن، دیدی شیعری مۆدێرن جیایە لە دیدی شیعری پۆست مۆدێرن، زمانی شیعری نێو تێکستی شیعری پۆست مۆدێرن، لە پشت ئەو جیاوازییانەوەیە.

شیعرگەرایی پۆست مۆدێرن نیهلیستی و دژەخودە. شیعری پۆست مۆدێرن بانگەشەی ئایدۆلۆژیا ناکا و لە پرۆتێستی بەردەوامیش دایە دژ بە شیعرگەرایی مۆراڵی و سیاسی مۆدێرنیتی. جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاك لەو جۆر تێکستانەدا، بەردەوام هەست و عەقڵ دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەست و عەقڵ لەژێر تیشکی پرسیاردا هەست بە جۆرێك لە گوزارشتکردنی خودی دەکەن. هەست و عەقڵ خودی خۆیان شوێنێکن بۆ پرسیارکردن، ئەکاتەشی دەکەونە ژێر گوشاری پرسیارەکانەوە، مانای وایە ئێمە پرسیار لەبارەی خودی پرسیارەوە دەکەین، یان بە تەفسیرێکی تر : پرسیار لە سەرچاوەی پرسیارەکان کە هەست و عەقڵ دەگرێتەوە ، دەکەین، وەلێ ئایە پرسیار لەژێر تیشکی پرسیاری تردا ئەگەری هەیە وەڵامێکی دروستمان پێبدا ؟

(چنوور) پرسیارگەلێك دەخولقێنێ، کە سەرچاوەکەیان پرسیاری ترە، پرسیارکردن لە پرسیارەکانی ئەوی تر، پرسیار کردن لە پرسیارەکانی خودی پرسیارکەر، دواجار پرسیارکردن لە پرسیار و وەڵامەکان بەگشتی :

(( جگە لە دەمامکدارێکی دە روو
هاوڕێ ئەو مەهزەلەی عەشقە تاکەی ؟
ئەو شەڕە جێگایە تاکەی ؟
کەی لەژێر چەتری ئێواران
رەنگەکان ئاشت بکەینەوە ؟))

پەیوەندییەك هەیە لەنێوان خەون و واقیعدا،زۆر جار ئەو کەس و شتانەی لە ژیانی رۆژانەماندا دەیانبینین و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، دێنەوە ناو خەونەکانمانەوە. هەندێ لەو رووداوانەی لە ژیانی رۆژانەماندا تووشیان دەبین، فۆرمێکیان دێتە نێو خەونەکانمان، هەندێکجار ئەو پەیوەندییەی نێوان (خەون و واقیع) هێندە بەهێزە، ئەو رووداوانەی هێشتا روویاننەداوە، دێنە نێو خەونمانەوە و پێشبینی روودانی وەها رووداوێك دەخەنە روو. لە کاتی خەوتندا هەستەکانمان تەواو





ناوەستن و خەریکی پەرچەکردارن لە هزردا و ئەو پەرچەکردارەش رۆڵی هەیە لە جۆری خەونەکە (ئەمەش هەمان دیدی برگسۆن)ە. لەکاتی خەوتندا، بیرەوەرییەکانی مرۆڤ کەسایەتی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن، چونکە لەو ئانەدا هەستی ناوەوە زاڵە بەسەر بوونمان و (خۆئاگایی) لە چالاکی ناوەستێ :

(( ئاگادار بە
ئەو تاریکییە نەتخواتەوە
ماڵێکم لە گەڵای شیعر و
وردە هێلانەی خەم چێکرد
وەلێ چی بکەم
ئەم تاو لەرزە
پڕی کرد لە وردە مێژوو
ئەمێستا یەکە شاژنی دارستانم ))

لای فرۆید ئەو شیعرە شیعرە، کە خەون و خەیاڵ بگێڕێتەوە. (چنوور) خەون نانووسێەوە،خەونەکانی خۆشی ناگێڕێتەوە، بەڵام زۆرجار خوێنەر وا هەست دەکا (چنوور) خەوننووسە، چونکە : (چنوور ) لە واقیع دووردەکەوێتەوە و لە فەزایەکی ناواقیعیدا دەنووسێ، فەزایەك دەکرێ خەون بێت.

فەلسەفە لە جەوهەردا بریتییە لە شیکردنەوەی زمان کە تەنها بەهۆی ئەوەوە دەتوانین لە مانای بڕیارە زانستییەکان بگەین (ئەمەش هەمان بۆچوونی پۆزەتیڤیزمی مەنتیق)یە. لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان پێویستە لەسەر بناغەی شیکردنەوەی مەنتیقی زمان بن. پۆزەتیڤیستە مەنتیقییەکان کۆمەڵێك واژە بەکاردەهێنن پێویستیان بە روونکردنەوە هەیە.(کارناپ) بۆ گەیشتن بەو دیدەی بۆ زمان خستمانە روو،بڕیارەکان بۆ دوو بەش پۆلێن دەکا :

١- بینراوەکان subjective statements
٢- مەنتیقییەکان logical statements

ئەگەر فەلسەفە ئەو رۆڵە گرنگەی هەبێت لە کایەی فەلسەفیدا، ئەوا ناکرێ باس لە گرنگی زمان نەکرێ لە کاری ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی. زمانی شیعری( چنوور)، زمانێکە شوێنی بەیەکگەیشتنی جوانی و مانا و ئەوانیترە،



واتە زمان لای (چنوور) یەکسان بە جوانی و مانا و هەموو ئەوانە بەیەکەوە، بەڵام قسەکردنمان لەسەر زمان، قسەکردن نییە لەسەر جوانی بەتەنها، هاوکات قسەکردنیش نییە لەسەر واتای رووت ، زمان یەکسانە بەو ئاوێتەیەی جوانی و مانا لەناویدا تواونەتەوە، هەردوو تواوەکەش، رۆڵیان هەیە لە بەخشینی ناسنامە بە زمان، بەجۆرێك لە دەرەوەی ئەو دوو تواوەیە، بوونی زمان دەکەوێتە ژێر گومانەوە :

(( لەگەڵ بادا گوزەر مەکە
تەماشام بەمەیلی فرین مەگۆڕەوە
هیلالی شەو
تاقە پەنای غەریبانە و
من لە حزوریا ناسرەوم
لە زەنگینانە بچراوەکانی ناو دەستم
پرشە ئەوین جێمەهێڵە ))

لە جڤاتێکدا کە جیاوازی چینایەتی بوونی هەیە، ئیستاتیکای باو کۆمەڵگە وەکو




شوێنێکی گونجاو بۆ ژیانی مرۆڤ دەخاتە بەرچاو. جوانی ئەنتی ژیانە. (فلۆبێر) پێیوایە جوانی مەبدەئێکە بۆ وێنە و وشەی رەوانبێژی و (بۆدلێر)یش بە شتێکی سەربەخۆ و دێوئاسا باسیدەکا. لە سەرەوە تا ئەندازەیەك باسی جوانیمان کرد، لێرەشدا دیسانەوە باسی دەکەینەوە، ئەمەش پەیوەندی هەیە بە دیدی (چنوور) بۆ جوانی، کە جوانی لای (چنوور) یەك بچمی نییە و (چنوور) فۆرمە جیاوازەکانی جوانی تاقیدەکاتەوە، ئەوا لە خوارەوە جۆرێکی تری جوانی لە نموونە شیعرییەکەدا خۆی مانیفێست دەکا، کە زۆر جیاوازە لەو جوانییە شیعرییانەی لە سەرەوە خستماننە روو :

((رۆحم تاریکایی بردی و
نەیدامەوە
لە نامۆیی گەڕێ جارێ
با لێوی خەیاڵ تەڕ بکەین و
دڵی ئەم شەوە سەرقاڵە بدەینەوە
تەنیایی نوقمی تۆم دەکا
ملوانکەیەك لە دەریادا
چۆن ون نابێ! ))

(فرۆید ) و (شۆپنهاوەر) پێیانوابوو ئەقڵ ئامێرێکە بەدەستی رەمەکەوە. ئیرادە ناخودئاگاییە، جەستەش دەرکەوتەی سەرەکی بوون و دیارخەری ئیرادەیە.





ئیرادە میتافیزیکییە، وەلێ هۆش پەیوەستە بە سنوورەکانی فیزیکەوە. هۆشیش دەرخەری بوونی دووەمی ئێمەیە.

هۆش توانای دەرك کردنی نییە بەودیوی پەردەی ئیرادە.لای ئاژەڵان ئیرادە نزیکە لە هەست، ئەم هەستەمان هەمان ئەو ئاگاییە ئاژەڵییەیە کە ئەو بە گشت کردارە رەمەکییە سەمەرەکان مەحکوم بکا.

لە مرۆڤدا قۆناغێکی تری بڕیوە بەهۆی دەرکەوتەی سەیرەوە.

ئیرادە گەرەکیەتی ژیان بەردەوام بێت، ئیرادە دوو لایەنیە، لایەنێکی ناوەکی و لایەنێکی
دەرەکی.

دەکرێ لە رێگەی چاوەوە هەست بە جەستە بکەین، لەو بارەدا جەستە شتێکی دەرەکییە. دەشکرێ جەستە مەسەلەیەکی دەروونی بێت، لەو حاڵەتەدا دەرك کردنی ئەو بۆ ئێمە، بە هاوکاری هەست و بیرکردنەوە نییە، تەنها خودی ئیرادەیە.

نزمی پلەی بوونەوەر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی ئیرادە، رەوشتی مرۆڤ تا ئەندازەیەك پەیوەستە بە عەقڵەوە، وەلێ رەوشتی ئاژەڵان تەنها ئیرادەیەکی رووتە. لە ئیرادەوە نائاگاییەك سەرچاوە دەگرێ، ئەمەش بارێکی سروشتیی بوونەوەرەکانی دونیایە.

نائاگاییەکی تەواو گیا و شتە رەقە مادییەکانی داپۆشیوە.

شیعری (چنوور ) خاڵیی نییە لە ئیرادە، هاوکات هۆشیش سەرتاپای دەقەکانی دانەپۆشیوە، (چنوور) لەنێوان ئیرادەیەکی شیعری و هۆشێکی بەشیعریکراودایە و لەوێوە قەسیدەکانی خۆیان بەیان دەکەن.

((چنوور لە خەونی شەوێکدا
رۆژگارێکی پۆشتەترە
تا لە بەرگی خەیاڵاوی تارماییەك
ئەو هەمیشە
لە بەرگی سپی دەریادا
سەودای شەپۆلی شین ئەکا
تاکو شوێن مەحاڵ بکەوێ
بۆیە شەپۆل
لە خەمی ئەودا نوقم دەبێ))

بیردۆزەکانی (فیختە) لەبارەی خودەوە،






فەلسەفەی (فیختە)یان بە (ئایدیالیسمی ئاکاری) ناوبرد، ئەو ئایدیالیستە لەسەر بنەمای ئیمانی ئەخلاقی بوو، کە لە رێگەی ئەقڵی تیۆری سەرپشکی خۆمان بسەلمێنین.

(فیختە ) دەڵێ :

(( خود هەموو شتێکە، بۆیە هیچ شتێك لە دەرەوەی ئەودا بوونی نییە ))

(فیختە) واقیعیەتی لەسەر بنەمای خود دادەنا، پشتی بەستبوو بە لایەنە





خورافییەکانی فەلسەفەی (کانت) و بە بێ مانایی باسی خود و یاسای ئاکاری و مانەوەی رۆحی دەکرد.

(چنوور) لە ململانێ دایە لەگەڵ خودی خۆشیدا، ئەوەشی ئەو ململانێیەی خولقاندووە، خودەکانی تری دەرەوەی خودی شاعیرن.

ململانێی ئەوانی تر لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ خودی (چنوور)یش، بەرهەمەکەی ئەو ململانێ خودییەیە کە (چنوور) لەگەڵ خۆیدا دەیکا لە تێکستە شیعرییەکانیدا. خودی (چنوور) فرە خودە، واتەچەند خودێکە لە یەك بازنەی خودبووندا :

١–خودی ئاگادار
٢–خودی بێ ئاگای شیعری
٣–خودی بێ ئاگای دەرەوەی شیعر
٤–خودێك دەرەنجامی نەزیفبوونی شیعرە

((وەك راهیبەیەکی بەجێماو
پرم لە وەنەوزی بریار لە نزای تازە زەیستان
ژیان لە خۆرا ئەمگێرێ
مانگ لە بێشەوقی تەماشامدا هەڵبووە
چ رێیەکی دی شك نابەم
لە بۆ گەیشتن بە خۆم
لەبەر مۆمێکی لەرزۆکدا
رەنگ بۆ لێوم هەڵئەرێژم ))

**سەرچاوەکان :**


١– ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ،چنوور نامیق، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی کەرکوک – چاپی یەکەم، ٢٠١٢

٢– II grande Gatsby / Francis scott Fitzgerad / traduzione di Fernanda pivano/ Milano / ١٩٩٨

٣– Jack Frusciante e useito dal gruppo / Enrico Brizzi / Milano / ١٩٩٨

٤– Sognavo l Africa / Kuki Gallman / traduzione di Roberta Rembelli / Milano

٥–postmortem / patrica Cornwell / traduzione di Marco Amante / Milano



سروشت نەوزاد

# عەشق وەک فریادڕەسی "ویستی ئازادی"

## کورتەباسێك سەبارەت بەڕۆمانی ( تاوان و سزا )

**( ئەڤین تەنیا هۆی بەختەوەرییە لەجیهاندا )**

ئەفلاتۆن

زیاتر لەهەر شتێك ،ئەوەی لەم ڕۆمانەدا،خوێنەر دەرکی پێدەکات و لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەمێنێت،ئەوفەزاو کێشەو گیروگرفتە دەرونیانەیە،کە ڕەوت و جوڵەی ڕووداوەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت.

خەسڵەتی سەرەکی کارەکانی دۆستۆیڤسکی، لەوەدایە، کە ئەو هەمیشە بەنێو ململانێ و گیروگرفتە دەرونیەکاندا،دەمانبات و سەرنجی خوێنەریان پێ ڕادەکێشێت.

وەزۆر بەئاسانی،و تا ئەندازەیەکی قووڵ،ئێمە پەلکێشی ناوەوەی خۆمان دەکات و بەهەست و ویست و بارودۆخە دەرونییەکانمان ڕۆدەچێنێت. ئەو دۆخ و ویستە دەرونیە تایبەتییانەی،کە لەنێو خۆماندا پەنهانن و تەنێ خودی خۆمان پێیان ئاشناین.

هەروەها ناچارمان دەکات،ڕابمێنین. چ لەخۆمان و چ لەدەوروبەرمان... نیهلیزمی نیچە و دەرونشیکاری فرۆیدی خاڵی سەرەکی و بنەڕەتین کە لەبەشێکی زۆری چیرۆکەکانی ئەودا ئامادەییان هەیە.

هێڵی گشتی ئەم ڕۆمانە،بەر پەیامگەلێکی مرۆیی و فەلسەفی گرنگ دەکەوێت.

بۆ وێنە،دۆستۆیڤسکی زۆر بەجوانی وێنای دادپەروەری دەکێشێت،لەکۆمەڵگا و زەمەنێکی پڕ لەنادادپەروەریدا.وە باس لەژیانی ڕۆژگارگەلێکی بێ شەرمانە دەکات. ڕۆژگارگەلێکی پڕلەدرۆ و پڕلەوەهم و پڕ لە نائەخلاقی و بێویژدانی.

خوێنەر،هەر لەسەرەتاکانی ئەم ڕۆمانەدا، ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبێتەوە " دادپەروەری دەبێت چی بێت؟ یان،ئەرکی مرۆڤی بەویژدان و بەئاگاچییە،لەنێو ژیانێك،کەغەرقە لە بێویژدانی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی؟ وەدەبێت چۆن ئاڕاستەیەکی ژیانکردن،بگرێتەبەر؟

(کاترینا ئیڤانۆڤنا) کە یەکێکە لەکاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە،ژنێکی ڕوناکبیرەو لە خێزانێکی ناودارە،دوای مردنی مێردەکەی،خۆی و سێ منداڵی بچوکی لە شارۆچکەیەکی دوورو پڕ لەمەترسیدا،ژیان دەکەن و هەموو خزم و نزیکەکانی پشتیان لێ هەڵکردووە.

هاوکات پیاوێکیش،بەناوی (مارمیلادۆڤا) لەهەمان شارۆچکەدا دەژی. دوای ئەوەی داوا لەکاترینا ئیڤانۆڤنا دەکات،کە ببێتە هاوسەری،ئەمیش دوای ئەوەی هیچ پەنایەکی تر شك نابات، ئامادە دەبێت ببێتە هاوسەری.

مارمیلادۆڤا دواتر بەهۆی ئالودەبوونی بەمەیخواردنەوەوە،سەرجەم کارەکانی لەدەست دەدات.هەربۆیە لەگەڵ خێزانەکەیدا، دەکەونە نێو هەژارییەکی سەختەوە.

کاترینا ئیڤانۆڤنا،زۆر بەچاکی هەست بەو دۆخە ترسناك و تراژیدیا پڕ لەستەم و نایەکسانی و کارەساتئامێزە دەکات، کەدەوروبەرو کۆمەڵگاکەی ئەویان تەنیووە. هەربۆیە بەوپەڕی هێزو جورئەتەوە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کاترینا لەواقیعدا،وێڵی دادپەروەری و حەقیقەتە. بۆیە بەڕاستی بەدوویاندا دەڕوات و دەگەڕێت، لێ لەوپەڕی نائومێدیدا شێت دەبێت و عەقڵی لەدەست دەدات. دادپەروەری نادۆزێتەوەو دواتر بەغەمێکی



قووڵەوە سەردەنێتەوە.

ئەنجامگیرییەکەی دۆستۆیڤسکی بەوجۆرەیە،کە ئەو پێی وایە باشترین فۆڕمی مرۆڤی هۆشمەندو چاکەخواز،لەنێو ژیان و دنیایەکی نغرۆ لەخراپەو بێسەروبەری ئەخلاقیدا،مرۆڤێکە چەشنی کاترینا ئیڤانۆڤنا. ئەگەر چی ڕای وایە دواجار ڕەنگە هەمان ئەو مرۆڤە،لەبەرامبەر ڕووبەڕوو بوونەوەیدا دژی ستەمکاری و شەڕانگێزی و نادادپەروەری،توشی سووکایەتیپێکردن و ئازار چەشتن بێتەوە،یان هەمان سەرئەنجامی مرۆڤێکی وەك کاترینا ئیڤانۆڤنای هەبێت. وەلێ گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت هەر لەجەوهەری خۆیدا، چاکەخوازو ناشەڕانگێز بێت.وەبەهەموو کەرەستەو توانایەکییەوە،دژی بێڕەوشتی و خراپ بارگاوی کردنی دنیاکەی خۆی و دەوروبەری بێت و لەبەرامبەردا دەنگی ناڕازیبوونی هەبێت.

(ڕاسکۆلنیکۆف و سۆنیا) دوو کاراکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکەن و وێنای دوو







مرۆڤی،ئازادو سەربەخۆن. هەردووکیان دۆخی ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپەو لەنێو ژینگەیەکی تاڵ وپڕ لەکێشەو هەژاریدا ژیانیان تێدەپەڕێت.

سۆنیا کچی مارمیلادۆڤایە، ئەو کیژە پاکیزەو شەرمنەیە کە دواجار لەبەر دەردی برسیەتی و نەداری خۆی و خێزانەکەی، دەبێتە سۆزانی. ڕاسکۆلنیکۆفیش کەبۆ خوێندنی زانکۆ هاتۆتە پترزبۆرگ، لێ بەهۆی هەژاری و برسیەتییەوە،وازی لەخوێندنەکەی هێناوە،ئەم کاراکتەرە مرۆڤێکی غەمگین و تورەیەو هەستی بێزارییەکی قووڵی هەیە،وەبەتەواوی کەسێکی سەربەخۆیەو ئازادانە ڕەفتار دەکات و ئازادانە بیر دەکاتەوە. هەروەها پابەند بەهیچ جۆرە ڕەفتارو ئاکارێکی باو نییە.

ئەم دووانەشیان، (ڕاسکۆلنیکۆف و سۆنیا) دواتر دەبنە دۆست و خۆشەویستی یەکتر... حیکایەتی ڕۆمانەکە، ڕووداوی تاوان و کوشتن و دزینە. بریتییە لەکوژرانی دووکەس، یەکێکیان پیرە ژنێکی دەوڵەمەندی سوخۆرە بەناوی (ئەلینا ئیڤانۆڤنا) و ئەوی دیکەشیان خوشکە بچوکەکەیەتی بەناوی (لیزاڤێتا ئیڤانۆڤنا) بکوژی هەردووکیشیان ڕاسکۆلنیکۆفە.

هەرچەندە ڕاسکۆلنیکۆف،نیازی کوشتنی لیزاڤێتا ئیڤانۆڤای نەبوو،بەڵام دوای ئەوەی لیزاڤێتا بەسەر ڕووداوی کوشتنی خوشکەکەیدا دێت،ڕاسکۆلنیکۆفیش بۆ ڕێگرتن لە کەشفبوون و ئاشکرا بوونی مەسەلەکە ناچار دەبێت ئەمیش بکوژێت.

ئیتر لێرە بەدواوەو ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوی تاوان، پەیام و فەلسەفە گرنگەکەی نێو ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبێت و ڕەوتی ڕووداوەکان لەدەورو نێوانی،تاوان و بکەری تاواندا دەسوڕێنەوە.

لەڕاستیدا تاوانەکە هیچ ئامانجێکی دووری لەپشتەوە نییە. شایەد مەسەلەکە بریتییە لەوروژاندنی بابەتێکی فەلسەفی گرنگ، ئەویش مەسەلەی ئازادی و خواست و ویستی ئازادی خودییە. ڕووداوی تاوانەکە،پرسێکی مرۆییە و هەڵگری وەڵامگەلێکی فەلسەفی گرنگی دۆستۆیڤسکییە لەمەڕ بابەتی ئازادی و خواستی ئازادی خودی.

ئازادی تاکەکەسی (خودی) چییە؟ مرۆڤ بەهۆی ئازادییەکەیەوە،تاچ شوێن وسنوریك دەتوانێت بڕ بکات؟ گەر ئازادی خودی لەگۆڕێدا نەبێت،مرۆڤ دەتوانێت ئاسودەو خۆشبەختانە بژی؟ یان،گەر پێمان وایە مرۆڤ هەر لەجەوهەردا ،ئازادو سەربەخۆیەو،وەئازادیخوازی بابەتێکی گرنگ و جەوهەری فیزیکی مرۆڤەو، وەناتوانرێت بابەتی ئازادی لەسروشتی

مرۆڤ دابرێنرێت،ئەوجا کەواتە مرۆڤ،دەبێت چۆن و بەچ شێوەو پێوانەیەک،مامەڵە دەگەڵ ئەم ئازادییە سروشتییەی خۆیدا بکات؟

راسکۆلنیکۆف لەرواڵەتدا،هۆکارێکی بڕواپێکەری بۆ هۆی روودانی تاوانەکەی پێ نییە. هەرچەندە ئەو رقێکی گەورەی لەخۆیدا هەڵگرتووە،کە بەرئەنجامی برسیبوون وژیانە هەژارەکەیەتی، بەرئەنجامی ئاگادار بوونیەتی لەو پێگە کۆمەڵایەتیە هەژارەی،کە خۆی و دایك و خوشکەکەی تێدایە. بەڵام هیچ یەکێك لەمانە هۆکارنین. هەروەك خۆی لە چەند شوێنێکی رۆمانەکەدا ئەمە ئاشکرا دەکات و بەسۆنیا دەڵێت"

( -نا،سۆنیا،نا ! من ئەوەندە برسیم نەبوو...من، لەراستیدا دەمویست یارمەتی دایکم بدەم. بەڵام ...ئەمەیش تەواو راست نییە...سۆنیا، ئازارم مەدە)

.............

( -ئێستایش پێم وتیت من خەرجی زانکۆم بۆ دابین نەدەکرا. بەڵام دەزانیت، رەنگە بمتوانیایە خوێندنەکەم تەواو بکەم. رەنگە دایکم بیتوانیایە پێویستییەکانی زانکۆی بۆ بناردمایەو خۆێشم خەرجی خواردن و جلوبەرگم پەیدا بکردایە. بێگومان دەمتوانی! وانەم دەوتەوەو بۆ هەر وانەیەك نیو رۆبڵم وەردەگرت.بەڵام من سواری سەری خۆم بووم و نەمکرد.(

.............

( ئەو تاوانەم بۆ ئەوە نەکردووە یارمەتی دایکم بدەم،نا، ئەمە درۆیە ! بۆ ئەوەیش نەبوە کەدوای بەدەستهێنانی ئەو کەرەستانە کاری مرۆ ڤایەتی بکە م و یارمەتی خەڵکی بدەم.نا، ئەمە درۆیە.من تەنیا لەبەر خۆم کوشتوومە )

.............

بەڵکو هەروەك دەردەکەوێت،تاکە هۆکاری شاراوەی پشتی تاوانەکە زیاتر لەهەر شتێکی دی، رەهەندی فەلسەفی و دەروونی هەیە.

راسکۆلنیکۆف کاراکتەرێکی یاخییە،وەخولیای ژیانیکی ئازادو سەربەخۆیەو حەزێکی زۆری،بۆشکاندنی یاساکانی سروشت هەیە. هەربۆیە ئەو پێی وایە کە، خاوەنی ئازادییەکی بەرینە.ئازادییەك لەرەهەندە هەرە بەرزەکەیدا. بەجۆرێك وای بۆ دەچێت دەشێ مرۆڤ بتوانێت،نەك هەر بتوانێت،بەڵکو ماڤی ئەوەی هەبێت کە دەست بۆهەر تاوان و کارێکی قێزەون و دوور لە مەنتیق رابکێشێت و ئەنجامی بدات. وەك ئەوەی چ یاسایەك،هەر بوونی نەبێت لە سروشتدا. هەر بۆیە ئەم هەڵدەستێ





سووك و ئاسان دوو مرۆڤ دەداتە بەر تەورو رۆحیان هەڵدەکێشێت، پاشانیش لەچەند لاپەرەیەکی دیکەی نێو رۆمانەکەدا پاساو بۆ هۆی ئەنجامدانی تاوانەکەی دێنێتەوەو، لەبەرامبەر سۆنیاداخوازیاری خۆی بۆ دەسەڵات " وەك یەکێك لە هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی تاوانەکە ئاشکرا دەکات " "

( -رەنگە شتەکە وابووبێت،هەر بەراستی وابوو،دەزانیت من ویستم ببم بە ناپلیۆن، بۆیە کوشتم...باشە،ئێستا تێدەگەیت؟ )

.............

( -ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە،من جارێکیان پرسیارێکم لەخۆم کرد کە" ئەگەر بۆ نموونە ناپلیۆن لەشوێنی من بوایە،لەسەرەتای ژیانیدا و بۆ بەدەستهێنانی شکۆ و گەورەیی نە رێگای تۆلۆن و میسرو نەتێپەرین بە چیای موبلانی لەبەر بگرتایە بەڵکوو لەباتی هەموو شتە خوان و مەزنانە تەنیاو تەنیا پیرێژنێکی بکوشتایە،ژنێکی سەلەم خۆری هیچ و پوچ هەر بۆ ئەوەی دەست بەسەر پارەی ناو سندوقەکەیدا بگرێت ئەمەیش بۆ ئەوەی کە دەرگا لەسەر ژیانی ئایندەی خۆی بکاتەوە،تێدەگەیت؟ ئایا ئەوسا ئەو کارەی دەکرد،ئەگەر هیچ دەرویەکی تری نەدیبایە؟ ئایا هەستی بەتەریقی و بێ ئابڕووی نەدەکرد چونکە ئەو رێگا چارەیە گەلێك رسواییەو دوورە لە جوامێری و...تاوانیشە؟ باشە،دەبێت پێت بڵێم کە لەسەرئەو پرسیارە ماوەیەکی زۆر ئازارم چەشت،بەجۆرێك گەلێك شەرمەزاربووم کاتێك لەپرێکدا گەیشتمە ئەوەی –ئەمەیش زۆر کتوپڕ بوو –کە ناپلیۆن نەك تەنیا خەجاڵەت نەدەبوو، بەڵکوو هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەدەهات کەئەمە کارێکی بەنرخ نەبێت... تەنانەت سەریشی لەوە دەرنەدەکرد کەبۆ دەبێت ئەم کارە سووك و رسوایی بە دوابێت؟ بێگومان ئەگەر رێگاو چارەی تری لەبەردەستا نەبوایە ئەویش ئەو پیرێژنەی دەکوشت.باشە،منیش لەو دوودڵیە هاتمەدەرێ و کوشتم..وەك پەیرەوی کردن لە خاوەن دەسەڵاتێك .)

جگە لەمانەی سەرەوە دوو خاڵی هەرە گرنگ وجەوهەری دیکە هەن،کە بەپلەی یەکەم هۆی سەرەکی و بنەرەتی ئەنجامدانی تاوانەکەن،خاڵێکیان بریتیە لەو پرسەی کەراسکۆلنیکۆف رووبەرووی خۆی دەکاتەوە" ئایا من دەتوانم سنوور ببەزێنم یان ناتوانم؟ ئایا ئازایەتی ئەوەم تیایە دانەوەمەوە،چیم پێویستە هەڵی بگرم،یان ناتوانم؟ ئایا بوونەوەرێکی ترسنۆك و لەرزۆکم و یان خاوەن هەقم ...

خاڵێکی پاڵنەرو تەواوکاری دیکەیش بەرئەنجامی ئەو تیۆرییەیە

کەڕاسکۆلنیکۆف، بەوپەڕی بڕواپێبوونیەوە دایڕشتووەو بە وتارێك لە گۆڤارێکی مانگانەدا بڵاوی کردۆتەوە.

لەوتارەکەدا ڕاسکۆلنیکۆف پۆلبەندییەکی گشتی لەنێوان سروشتی مرۆڤاکاندا کردووە و بەشێوەیەکی گشتی،لەنێوان دوو بەشی " ئاسایی " و " نائاسایی "دا دابەشی کردوون. بەبۆچونی ئەو ئاکاری هەرە تایبەتی ئەم دوو چینە بەتەواوی دیار و ئاشکرایە،دەستەی یەکەم واتە ماددە،بەگشتی ئەو کەسانەن هەر بەسروشت کۆنە پارێزو بە ویقارن،قایل و گوێ ڕایەڵ دەژین،وە ڕای وایە ئەوانە هەر دەبێت بەگوێڕایەڵی بژین،چونکە ئەرکیان ئەوەیەو بەهیچ جۆرێکیش ئەوە بچووکیان ناکاتەوە. هەروەها دەستەی دووەمیش لای ئەو ئەو کەسانەن کە هەموو یاساکان دەبەزێنن. دژە باوون کەم تا زۆر یاخی و سەرکێشن،سروشتەکەیان ڕیگە بەمانەوەیان ناداتلەنێو چوارچێوەو دەستوورێکی تەقلیدی و نەریتیدا. هەروەها توانای دەربڕینیان هەیە، وە قسەی تازەیان پێیەو تاڕادەیەکیش وێرانکەرن،یان ئارەزوی وێرانکردنیان تیایە.

خۆ ئەگەر پێویست بکات یەکێك لەوانە بۆسەرکەوتنی بیروباوەڕەکەی هەنگاو بەسەر لاشەدا بنێت یان خوێنێك بڕێژێت،بەڕای ئەو ئەوکەسە دەتوانێت بەپەنامەکی و ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕێگا بەخۆی بدات هەنگاو بەسەر لاشەدا بنێت و خوێن بڕێژێت . هەمیشەش دەستەی یەکەم گەورەکانی ئێستان و دەستەی دووەمیش گەورەکانی ئایندەن. دەستەی یەکەم پارێزگاری لەدنیاو ژیان دەکەن و ژمارەی ئەندامەکانی زیاددەبن،بەڵام دەستەی دووەم ژیان دەخەنە جووڵەو بەرە مەبەست و ئامانجی دەبەن. لەبۆچوونی ئەودا هەردوولایشیان بەشێوەیەکی یەکسان مافی بوونیان هەیە.

ئەوە گومانێکی حاشا هەڵنەگرە ئەم تێزەی دۆستۆیڤسکی،لەمیانەی دابەشکردن و پۆلبەندی نێوان مرۆڤەکان،دوای خۆی کاریگەرییەکی ئاشکراو بەرچاوی لەسەر تێڕوانینی چەند کەڵە بیرمەند و فەیلەسوفێك جێهێشت.

ئەوەتا فەیلەسوفێکی گرنگی وەکوو (نیچە) دواتر لەژێر کاریگەری هەمان تێزدا بەجیاوازییەکی کەم،تێرمی مرۆڤی بالا (سۆپەرمان )ی هێنایە ئاراوە. وە پۆلبەندی خۆی لەنێوان مرۆڤی بەهێز و مرۆڤی بێهێز،یان مرۆڤی بالا و مرۆڤی کۆیلەدا ئەنجامدا.

"مرۆڤی باڵا"ی نیچە وەك هەمان "مرۆڤی نائاسای" دۆستۆیڤسکی زادەی ئیرادەیەکی بەهێزە. وە کەسێکە کە خۆی لەئاکارو نەریتە گشتی و باوەکان دادەماڵێت. بەڵام جیاوازیە بچوکەکەی نێوانیان لەوەدایە کە،"مرۆڤی باڵا"ی نیچە توانای دەسەڵاتگرتنی بەسەر خۆیدا هەیەو لەبەربڵاوترین واتادا "مرۆڤە باڵاکەی" وێنای کەسێکی وەك سوکراتە. هەرچی" مرۆڤی "نائاسای"دۆستۆیڤسکیشە، وێنای کەسێکی وەکوو خودی ڕاسکۆلنیکۆفە.

ئەگەر چی دۆستۆیڤسکی وەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کەلە جێگایەکی نێو ڕۆمانەکەدا دەربارەی "مرۆڤە نائاساییەکەی"قسەمان بۆ دەکات، پێناچێت بۆخۆی هەرگیز لەگەڵ تاوانی کوشتن و خوێنڕشتندا بێت "

( -من هەرگیز جەخت لەسەر ئەوە ناکەمەوە کە خەڵکی نائاسای وەك تۆ دەڵێیت، بۆیان هەبێت هەموو تاوان و سەرپێچییەك بکەن..من تەنیاو تەنیا ئاماژەکەم واکردووە،کە کەسی "نائاسای" مافی ئەوەی هەیە...واتە "نەك ئەوەی کەمافی یاسای هەبێت" بەڵکوو دەتوانێت ڕێگا بە ویژدانی خۆی بدات هەنگاو بەسەر هەندێك بەربەستا بنێت. ئەمەیس تەنیا لەیەك حاڵەتدا دەبێت،ئەویش ئەوەیە کەئەنجامدانی بیرۆکەکەی "کە دەشێت ببێتە هۆی ڕزگارکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی" پێویستی بەهەنگاو نانێکی وا هەبێت.

لەڕاستیدا دۆستۆیڤسکی سەرجەم خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکی بالای وەك ڕاسکۆلنیکۆڤ قبووڵە،تەنێ ناکۆکی ئەو لەهەمبەر تاوانی کوشتن و خوێن ڕشتنەکەدایە. دیارە ناکۆکیەکەشی لەم ڕووەوە،لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕوون و ڕۆشنە.

ئەگەر چی مرۆڤ لەڕوانگەی دۆستۆیڤسکییەوە خاوەنی ئیرادەی ئازادەو تاچەند بیەوێت، دەتوانێت سوود لەئازادی خۆی وەربگرێت و کاری پێبکات، تابتوانێت بەختەوەرانە بژی.چوون لای ئەو "ئازادی و بەختەوەری دوو بابەتی لێك گرێدراون" بەڵام مەبەستی دۆستۆیڤسکی لەو ئازادیە خودییەیەکە دەتوانێت تا ئەو شوێنە بڕوات،تاوان و تراژیدیای دڵتەزێنی لێنەکەوێتەوە.ئەم بۆچوونەش زۆر ڕەهایانە لەدۆخی سایکۆلۆجی و ڕۆحی و ویژدانی ڕاسکۆلنیکۆڤی دوای تاواندا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕاسکۆلنیکۆف دوای ئەوەی کە کەڵکی خراپ لە ئازادییە خودییەکەی خۆی وەردەگرێت،بەوەی تائاستی ڕووداوی تاوان پیایدا شۆڕدەبێتەوە،سەرئەنجام ئیدی دوای تراژیدیای تاوان،دۆخی دەرونی

و ویژدانی ڕاسکۆلنیکۆف توشی خرۆشان و پەشۆکاوی دێت و نائارامی ڕۆحی گەمارۆی دەدات. هاوکات نائومێدییەکی بێزارکەرو قوولّ لەزەینیدا ڕەنگ دەگرێت و هەستکردن بەتاوانباری لەودا تاسنووری شێتبوونی دەبات.لەگەڵ ئەوەی ڕاسکۆلنیکۆف سوك و سانا دەرفەتی هەڵهاتنی هەیە،بەڵام هەڵنایەت چوونکە بڕوای بەتێزەکەی خۆی نەماوەو دەزانێت هەڵهاتنی چیتر کەش و هەوای ژیانێکی ئارام و گونجاوی پێنابەخشێت.

لەواقیعدا ڕاسکۆلنیکۆف ناتوانێت لەڕووی ویژدانی و دەرونییەوە،لەژێرباری تاوانەکەیدا دەربچێت،هەر لەبەر ئەمەیە بۆخۆی بەدووی سزاکەیدا دەڕوات و خۆی بەدەستەوە دەدات.

لەم ئاکامەوە لەوە دەگەین،ئازادی تاکەکەسی لای دۆستۆیڤسکی بریتی نیە لە بەزاندنی گشتگیرو بێسنووری یاسا سروشتی و بەها مۆڕاڵیەکان. وە ڕەوایەتیدان بەهەر جۆرە کارو کردەوەیەکی قیزەون و دژە بەهای ڕەوشتی و ویژدانی بەبیانوی ئازاد بوونی مرۆڤ و ئیرادەی مرۆڤەوە،پاساوێکی دروستوو گونجاو نییە.

خولیای مرۆڤەکان بۆ ئازادییەکی خۆیی هاوشێوەی ئازادی ڕاسکۆلنیکۆف، لەدواجاردا جگە لەژینگەیەکی نائارامی پڕ ڕق و تاوان و هەقدان بەمافی تاوانکردندا، شتێکی دی لێ بەرهەمنایەت.

دەرئەنجام ڕوانگەی دۆستۆیڤسکی بۆ ئازادی خۆیی لەنێو ئەم ڕۆمانەدا، لەکەڵك وەرگرتنی باشی مرۆڤەکان لەئازادی خۆیان سەرچاوە دەگرێت.وە وەك ئاماژەمان پێدا ئازادی مرۆیی لای ئەو بریتی نییە لەوەی مرۆڤەکان بەنێوی سوود وەرگرتن لەئازادی خودییەوە، سەرجەمی هەست و سۆزە سروشتی و مرۆییەکان لەنێو خۆیاندا بکوژن، بۆئەوەی بگەنە ئازادییەکی بێسنوور.بەجۆرێك ئیدی توانای جیاکردنەوەی چاکەو خراپەیان نەمێنێت.چوون کردەوەکانی ئێمە چ چاکەو چ خراپە هەموو لەناوەوەمانەوە سەرچاوە دەگرن.

هەروەها خودی ژیانیش لەناوەوەی مرۆڤەکان خۆیاندایە.لەچۆنیەتی ڕامان و جۆرو شێوازی بیرکردنەوەی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت.بەواتایەکی دی،بەو پێودانگەی کەمرۆڤ خاوەنی ئازادی و هەڵبژاردنی چۆنیەتی و شێوازی بیرکردنەوەیە،کەواتە خودی خۆی خوڵقێنەری ژیانی خۆیەتی. لەمڕوەشەو بێگومان هەر یەکێك لەئێمە،ڕووبەڕووی دوو ئەزموونی جیاوازی ژیانکردن دەبینەوە“





( ژیانێك،کەدەشێت جێی ڕەزامەندی ویستی ئێمە بێت،ژیانێکی تر،کەڕەنگە تەواو پێچەوانەی ئەمە بێت.(

بیرکردنەوەی پڕ لەسەرکێشی و خەونی ئازادی ڕاسکۆلنیکۆف،کەگەلێك سنووریان بەزاند،دواجار ئەو ژیانەی بۆ بەرهەمهێنا کە بێئەندازە لێوان لێو بوو لە نائارامی و نائاسوودەی و ،دوور لەبەختەوەری. ژیانێك کە لەسنوورەکانی شێتبوونی نزیك خستەوە.

داوەری دۆستۆیڤسکی سەبارەت بەچۆنیەتی بیرکردنەوە لەمەڕ ئازادی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ژیانکردن و هەڵوێست کردن، لەوەدایە کە ئەو پێی وایە ڕاستە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەو ویستی ئازادو سەربەخۆی هەڵبژاردنە،وەلێ ڕەهابوون لەنێو ئازادییەك هاوشێوەی ئازادی ڕاسکۆلنیکۆف، دەرئەنجامێکی قایل کەرانە سەبارەت بەخواستی بەختەوەری بەدەستەوە نادات. بەڵکوو ئەو پێی وایە تەنیا ئەڤین دەتوانێت نەخشی باشترین جۆرەکانی ژیانێکی ئازادانە بڕێژێت.

دۆستۆیڤسکی دووپاتی بەرزی و ڕاستەقینەی ڕۆح دەکاتەوە. هەر بۆیە دواجار گەڕانەوە بۆ لایەنی ڕۆحی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی خودیی لەسەر بنەمای پەیوەستبوونی عیشق و ڕۆحی بەدروستترین کارێك دەزانێت، بۆئەوەی دەرئەنجامێکی باش و پڕکاریگەری کەسایەتی مرۆڤی ئازادی لێ بکەوێتەوە.

ئەم بۆچوونەش لەدواین لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بەڕوونی بەرجەستەیە.

ژیانی ڕاستەقینە لەو جێگایانەدا بوونی هەیە کەمرۆڤەکان تێیدا بەختەوەرن.

گرنگ نییە ئەو جێگایانە کوێن، تەنانەت دەکرێت بەندیخانەکانیش بن. ڕاسکۆلنیکۆف لەدواجاردا بەر ئەم جۆرەی ژیان و بەختەوەری دەکەوێت.دوای ئەوەی کە دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و دووری دەخەنەوە بۆ سیبیریا و لەوێش لەزیندانێکدا بەندی دەکەن،وەلێ لەوێدا بەتەواوی حەقیقەتی عەشقی سۆنیا هەست پێدەکات و،لەکۆتایدا تەنیا خۆشەویستی و ئەوینە زیندووی دەکەنەوەو چرای هیواو ژیانێکی نوێی تێدا دادەگیرسێنن و عەشق بۆ ئەو دەبێتە سەرەتای چەشنێکی تر لە ژیان.

سەرچاوەکان“

١٠تاوان و سزا، ڕۆمان، فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، وەرگێڕانی لەفارسییەوە ڕەووف بێگەرد،چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦

٢٠سوزان لی ئەندرۆسۆن، فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی، وەرگێڕانی فازڵ مەحمود وەلی، دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠



ئا: ئەرشەد تەحسین عوسمان

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی

# لەچکەکەی خەیاڵ[٧]

# مەملەکەتی حکایەتەکان

### بەشی دووەم

**بەشی پێنجەم**

**خەیاڵ(ئەفسانە)**

لە ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا کەرەسەی ڕۆمان جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەم ڕۆمانەدا هەندێك کەرەسەو بابەت مامەڵەی لەگەڵدا کراوە گەیشتوەتە رادەی ئەفسانە بوون، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەبنەماکانی ڕۆمانی ئەفسانەیی، یا خورافیات،کە لە دێرزەمانەوە لە حکایەتە کۆن و دێرینەکاندا هەتا لە هەندێك بەند و لاوك وداستانیشدا بەکارهاتووە.ئەفسانە بوون بەجۆرێکە کە کون بە کون و حکایەت بەحکایەت و ڕووداو بەڕووداوی مەملەکەتی حکایەتەکانی لەچکەکەی خەیاڵی داگیر کردووە. هەتا هەندێك ڕووداو لەم مەملەکەتەدا ڕوودەدەن کە بە هیچ لۆژیکیك ناپێورێت و زۆر نالۆژیکین، بەنسبەت واقعی ژیانی مرۆڤەوە. ڕۆماننووس بە شێوەیەکی دانایانە خەیاڵی خۆی لەم ڕۆمانەدا دارشتووە، پەیامێکمان ئاراستە ئەکات. ( ئەمە نەسیمێکی تازەیە سەرمان کەیلی مەستیەك دەکات، لەناو





خەیاڵدا بەدووای واقعدا بگەڕێین، لە ناخی تاوانبارەکاندا ناونیشانی بێگوناهەکان دەربهێنین)[١٠].

لەڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا چونکە مەملەکەت مەملەکەتی حکایەتەکانە، هەموو شتێك حکایەت زەدەبووە، هەموو شتێ بۆخۆی ئەفسانەیەکە کەدەشێ تەنها لەو مەملەکەتەدا بوونی هەبێت، هەرچەندە هەموو ئەفسانەکان لەم مەملەکەتەدا ڕەتکراونەتەوەو قبوڵنەکراون و بە غەزەبی خواو مایەی ئاشوب و شەڕ و کاولکاری و ماڵوێرانی لێکدراونەتەوە، هەربۆیەش ئەفسانەکان ناوێکی تریان بەبەرداکراوە و ناونراون "ڕوودانی موعجیزە"، بەڵام کاروانی ڕوودانی موعجیزەکان بەردەوامن و یەك بەدوای یەکدا لەڕوودان بەردەوامن. **"خوایە گیان نەمردم و بووم بەشایەدی بینینی ئەم سەیرو سەمەرانەی تریش"[لا٢٣]. " خوای گەورە چیم بینی ؟!.منداڵێك لە جیاتی هەر تاڵە موویەك تاڵەگیایەك لەسەری هاتبووە دەرەوە، کە دایکی بۆی دەڕوانی کووڵ کووڵ دەگریاو منداڵەکەش پێدەکەنی........لە ناودەمیدا چیم بینی؟! خودا هاوار منداڵێك کە بەهیچ شێوەیەك تەمەنی ئەوەی نییە ددانێکیشی دەرهات بێت کەچی وەك کەسێکی کامڵ و هەرزەکار ناودەمی سەرەوەی و خوارەوەی پڕببوون لەددان، بەڵام چ جۆرە ددانێك لەجیاتی هەر ددانێك بەردێکی بچکۆلەی هێندەی دەنکە نۆکێ، هەموو ئەو دانە بەردانەی وەك نۆك وابوون ڕەنگیان لەشەوە ڕەشتر بوو"[لا٦٠].**

لەم چەند دێڕەدا چەند موعجیزەیەك بەدی دەکرێت، ڕووانی گیا لەبری موو لەسەری ئەم منداڵەو هاتنی ددان و ڕەشێتیەکەی، ڕێك ئەو قسانەم وەبیر دێنەوە کە لەهەندێك چیرۆك و حکایەتدا هەبوون، و دەما و دەم و پشتاو پشت ماوەتەوە وەك دەڵێن مارێکی حەوت سەر یان ئەژدیهایەك شاخی لێڕواوە یان دێوێکی زەبەلاح کە ئەوهاو ئەوها بووە، بەڵام ئەوەی ئەم موعجیزانە لەو خورافیتانە جیادەکاتەوە، ئەم موعجیزانە لەمەملەکەتی حکایەتەکاندا ڕوویانداوە ئێ لەوێشدا چاوەڕوانی ڕوودانی موعجیزە دەکرێت، نوسەریش بۆ هەریەك لەو موعجیزانە پاساوی خۆی هەیە و شەرعیەت بە ڕوودانیان دەدات. **" دوای ئەوەی ئەم منداڵە کەوتە سکمەوە، وەك هەموو ژنێکی تر بێزووم دەکرد، بەڵام من بێزووم بەگیای دەشت و گوڵی سوورەوە دەکرد، کە گلوژان دەکەوتە سکمەوە ئیتر دەمزانی دڵم داوای گوڵی سوور و گیای دەشت دەکات"[لا٦١].** پاساوێکی جوانە کە ژنێکی ئاوا دەیهێنێتەوە بۆ ئەوەی کەلانی کەم لە نەفرەتی خەڵکی بەدووربێت و

خەڵکی واهەست بکەن ئەم موعجیزەیە خۆڕسکەو شتێکی فیزیکیە، بەڵام لە نەفرەتکردنی کۆمەڵگەکەی و خەڵکەکەی رزگاری نەبوو، شار بەدەرکرا، " **لەو رۆژەوە بە خۆم و ئەم موعجیزەیەی باوەشمەوە دەربەدەر و شاربەدەر کرام و ئێستاش ئەمەم کە ئەمبینی"لا٦٢.**

ئەفسانە بوون "موعجیزە خولڤاندن" لەم رۆمانەدا بەردەوامە، ئەوەتا مەهروبی مردوو شۆر باسی یەکێکی تر لەو ئەفسانانەمان بۆ دەکات، کاتێ ویستوویەتی دوو مردووی بەمێروولە داپۆشراو بشۆرێ، ژمارەی مێروولەکان هێندە زۆر بوونە سەراپای مردووەکان بەمێروولە داپۆشرابوون، " **دڵنیابووم لەوەی کە هەرچی مێرولەی دنیاهەیە هاتبوونە ئەم ژوورە بێ ئەوەی شوێنێ دیار بێ ئەم مێروولانەی لێهاتبن"[لا١٣٥].**

بەڵام کاتێ دەیەوێ مردووەکان بشوات مێروولەکان لە مردووەکان نابنەوە بەڕادەیەک " **ئاوی چوار کانی ووشکی کرد و هەموویم لە شتنی ئەو دوو جەنازەیەدا برانەوە، ئەو هەموو ئاوەم کرد بەجەنازەکاندا، یەک مێروولە نەک لە جەنازەکە نەبوونەوە بەڵکو بەئاستەمیش نەلەرزین، هەتا زیاتر ئاوم بەجەنازەکاندا بکردایە مێروولەکان زیاتر دەمیان دەکردەوە،وەک ئیسفەنجێکی گەورە دڵۆپێ ئاو هەڵدەمژێ و پێوەی دیارنیە ئاوا مێروولەکان ئەو هەموو ئاوەیان هەڵلوشی بێئەوەی هەست بەوە بکەم کە تینوێتیان شکاوە"[لا١٤٩].**

ئەمەش هەر لۆژیک قبولی ناکات، باشە ئاساییە کە مردوو مێروولە لێی بدات، بەڵام ئەم مێروولانە بۆ لە مردووەکان نابنەوە ؟ ئەی کانی چۆن بە ئاو لێبردن وشک دەکات؟. ئەمەرێك پێچەوانەی ئەو وتە باوەیە کە دەڵێ "ئاوی کانی هەرچەند لێی ببرێت زیاد دەکات" کانیەکیش نا بەڵکو چوارکانی، ئەی حیکمەتی نەشکانی تینوێتی مێروەکان و هەڵمژینی ئەو هەموو ئاوە چیە؟ لێرەشدا نوسەر زۆر جوان یاری بە وشەکان دەکات، مێروولە بەو بچوکیە بە ئیسفەنجێکی گەورە دەچوێنێ و ئاوی چوار کانیش بە دڵۆپێ، ( ئەگەر چی لە رۆماندا بڕوام بەوە هەیە کە نوسەر تا دوا نەفەس جڵەوی خەیاڵی خۆی بەربدات و لە ڕێی فەنتازیەوە زەمەن و رووداو و کارەکتەری ئەفسانەیی بخولڤێنێت، بەڵام ناکرێت شتێك نەبێت بڕوات پێ بهێنێت کە ئەم خەیاڵە وایە، یان ئەگەر درووست تر بدوێم دەبێت لە پشت هەر رووداوێکەوە، یان هەڵبژاردنی شوێنێکەوە لۆژیکێك ئامادەیی هەبێت. ئەگەر ئەو لۆژیکە ئامادەیی نەبوو شتێك نامێنێت بەناوی دەق وزە دەبێتە وڕێنە)[١١]. بەڕای من ئەم هونەر یان ئەم تەکنیکە







جوانترین تەکنیکە کە لەم رۆمانەدا بە کار هاتووە.

## بەشی شەشەم

فەلسەفەی ژیان و مردن

ماڵێك هەموومان جێی دەهێڵین و
ناومانناوە ژیان
ماڵێك هەموومان رووی لێدەکەین و
ناومانناوە مردن[١٢].

یەکەم : مردن

سوقرات وتویەتی ( ئەگەر کەسێك بڕواتە نێو گۆڕستانێك پرسیار لەمردووی نێو گۆڕەکان بکات کە ئایا ئارەزووی دووبارە گەڕانەوە و ژیانەوە دەکەن ئەوا هەموویان بەبێ جیاوازی سەریان وەکو نیشانەی نەرێ تەکان دەدەن و نەخێرێك دەکەن)[١٣]." **بۆیە تەنیا جارێك هەرچی مرۆڤە ببرانایە دەرەوەی ژیان و پێیان بوترایە سەرنجێکی ئەم ئەستێرەیە بدەن کەژیانی تێدا دەکەن، ئەوا دڵنیام ئەگەر سەر لەبەری هەموومان رووحمان دەرنەچوایە ئەوا بەدڵنیاییەوە هەرگیز رازی نەدەبووین بەگەڕانەوە بۆناو زەوی بۆ ناو ئەم ئەستێرەیەی پێی دەڵێن ژیان "[لا٢٦].**

فەلسەفەی مەرگ و ژیان یەکێکی ترە لە کەرەسەکانی رۆمان کە ئەکتەرەکانی بەدەستیەوە گیرۆدەبوونە، مەرگ لەم رۆمانەدا چەند روانگەیەکی هەیە، مەرگ لەپێناوی ژیاندا، مەرگ بۆ ژیان، راستتربڵێین راکردن لەژیان و رۆیشتن بۆ مەرگ، ژیانێك کە چەندین جار خۆزگەی بەمەرگ تێدا بخوازرێت و بێ سوود بێت " **خورشەگیان بەخوا مەرگی من بەسوێترە، ئاخر من هەموو سات و کات و شەو و رۆژێك لەناو ژیانا دەمرم"[لا٢٨]**. ئەمە ئەو پەڕی نائومێدیە لەدەست شتێك ناوی ژیانە و سرووشتی ژیان وایە کە هەمووان حەزی پێدەکەن، ئەمە ئەوپەڕی حەزە بەشتێك کەناوی مردنە، کە هەمووان رقیان لێیەتی و رەتی دەکەنەوە. ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، بەڕای من زۆر جار مەرگ خۆشترە لەژیانێك کە ئازار و مەینەتی و خەم و خەفەت سەراپای تەنی بێ و هیچ بنەمایەکی خۆش بەختی تیانەبێت. ئاخر ناکرێت ئەوە ناوی ژیان بێت، هەڵکردن و گوزەران لەو ژیانەیا گەلێ قورسترە لە مردن " **ژیان خۆی قسەناکات دەنا سزاکانی سەرزەمین پڕ سوێتر و قورسترە لەو سزایانەی وەعدمان پێدراوە بیچێژین"[لا٣٠].**

ئەمە دەرخەری ئەو راستیەیە کە ژیان چ ناخۆشیەك و چ مەینەتیەکی پێیە بۆ مرۆڤەکان، ئەمە بە هیچ شیوەیەك ژیان کردن نیە لەناو ژیانا، بەڵکو ئەمە مەرگێکی تاقەت پڕوکێن و بەئازارو ئێش و پڕمەینەتییە لە ناو ژیانا، هۆکاری ئەمەش بەرپابوونی ئەو رق و کینەو ئاشوب و کوشت و کوشتار و خراپەکاریەیە کەمرۆڤ

بەرامبەر هاوڕەگەزی خۆی لەژیاندا بەرپای دەکـات.کەسـەرەنجام جەهەنـەمێکی بێئامـان، جەهەنـەمێك کـە بـە هـیچ مانـاو پێوەرێك ژیانی تیا نامێنێ دەخولقێت. بۆ رزگـار بـوون لـەم جەهەنەمـەش مرۆڤـەکان چـەندین رێگایـان پـەیرە و کـردووە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی خـەڵکانێك هـەن ئـەم جەهەنەمـە زیـاتر بـەئازار دەکـەن و زیـاتر تـۆوی رق و کینـەو ناخۆشـی دەچـێنن، خـەڵکانێکیش هـەن بەبەخـشینی رووحـی خۆیـان خۆیـان لـەم مـەرگی ژیانـە رزگـار دەکـەن و بـەرەو مـردن هـەناو دەنـێن تـا چـیتر لـەناو ژیانـا مـەرگ نەکـەن، ( مـردن ئەوەنـدەی چـاوەڕوانیەکی وەڕسـکەرە، ئەوەندە بە ئازار نییە)[١٤].

( نەگبەتیەکانی ژیـان بەئەندازەیـەك زۆرن کە ئەگـەر تـرس لەمـەرگ نەبوایـە و مـردن کردارێکی نەرێنی نەبوایـە ئـەوا هـەموومان دەسـتمان دەدایـە خـۆ کـوژی، بـەڵام لەبەرئەوەی "ویستی ژیان" لە ئێمـەدا زۆر بەهێزەو مەرگیش تۆقێنـەرە کەواتـە ئێمـە نەتەنها لەهەڵگرتنی ئەم بارە قورسە بێـزار نـابین بـەڵکو بەوپـەڕی شـانازییەوە تەحـەمولی دەکـەین)[١٥]. بـەڵام لـە مەملەکـەتی حکایەتـەکانی لەچـکەکەی خەیاڵدا ئەمە رێك بەپێـچەوانەوەیە، لـەوێ نرخی مردن، نرخی رزگـار بـوون لەمـەرگی ژیانـەو بەدەسـت هێنـانی ژیـانی مـردن خـەڵاتکردنی رووحـی خۆیانـە. ئـەوان لـەوێ دەیانەوێ بەبەخشینی رووحی خۆیـان و بـۆ رزگاربوونیـان لەمـەرگی ژیـان بەچـەند رێگەیەکی جیاواز خۆیان بکوژن، لەوێ ژیان هیچ نیە جگە لەتەمەنێکی پڕ لـە ناسـۆری و کارەساتباری، جگە لەتەمەنێك خەم و ژان و مـەراق، لەمەملەکـەتی حکایەتـەکانی لەچـکەکەی خەیاڵـدا تـەنها شـتێ کـەداوای دەکرێت و خۆزگەی بۆ دەخـوازرێ و هـەوڵی بـۆ دەدرێـت مەرگـە کـە ئـەویش بەسـانایی بەدەسـت نایـەت. لـەوێ بـۆ رزگـار بـوون لەمـەرگی ژیـان و بەدەسـت هێنـانی ژیـانی مردن پەنا بۆ چەندین رێگای جیاواز دەبرێت و چەندین رێگای جیـاواز تـاقی دەکرێتـەوە، بەڵام هەمووجار هەموو رێگاکان سەرکەوتوو نابن و زۆر کات شکست دێنن. لەوێ شتگەلی ئاسایی و سادە دەبنـە رێگـر لـە بەدەسـت هێنانی ئەو داواکاریەدا " **جگە لـەوەی ئـەم لەچکەی کردومەتە ناو چاوپێچ نایەڵێ بمرم**"[لا٤٤]، " **زانیم ئەم لەچکەیە بۆتە قەڵغان و نایەڵێ بمرم**"[لا٤٧].

لەوێ بەدەست هێنانی مـەرگ زۆر قورسـترە لە بەدەست هێنـانی ژیان،لـەوێ ژیـان هەیـە ژیـانێکی مـەرگ ئـامێز مـەرگ ئاسـا، بـەڵام شتەسادەکان بەنمونە "لەچـکەیەك"دەبێتـە لەمپـەرو رێگـر لەبەدەسـت هێنـانی مـەرگ، لـەوێ ژیانێـك هەیـە گریـان سـەراپا داگـیری کـردووە " **کارەساتە گریان هـەتا هەتایـە وازت لێنـەهێنێ، گریانەکـەش لـەتاو ئـازاری جەستەنەبێت، بەڵکە لەتاو ئازاری رووح بێت**"[لا١٥]. ئـازاری رووح یـان ئـازاری ویـژدان؟ بێگومان ئەمە ئـەو پـەڕی راسـتگۆییە لەگـەڵ خـودداا، ئـەو کـارەی مرۆڤـەکان پێـشوەخت ئـەنجامی دەدەن و بـیر لـە دەرئەنجامەکـەی ناکەنـەوە هـەر ئـەم ئەنجامـەی دەبێـت، کەویژدانێکی نا ئاسوودە و ژیانێکی پەشیمان و مەرگ ئاسای دەبێت، ویژدانێك هەموو کات و سات و شەو و رۆژێکی مردنێکە لەناو ژیانا، لەناو ژیانێکا گەلێ لەمردن بەسوێترە.

مەرگ لەوێ دانوستان دەکـات، مـەرگ لـەوێ شت بەدەست دێنێ " **بۆیە بەقیمەتی مەرگی خـۆی ئەحەشـاپەی نـاچـارکرد نـاوت** بـنێ خەیاڵ "[لا١٦]. چ بەدەست هێنانێکی جوانە ؟، مـەرگی خورشـە نەبوایـە ئەحەشـاپە هـەرگیز ئامـادە نـەدەبوو کـچەکەی نـاوبنێ خـەیاڵ لەکاتێکـدا ئـەم نـاوە ناراسـتەوخۆ مـچەپیزێ بۆی هەڵبژاردووە.

چەند جوانە رووحی خۆت بەفیداکەی و خۆت بکەیتـە قوربـانی لـەپێناو بەدەسـت هێنـانی شتێك بۆ کەسێکی تر؟!.

لەمەملەکـەتی حکایەتـەکانی لەچـکەکەی خەیاڵدا مەرگ هەروا سـادەو سـاکار نایـەت و مرۆڤـەکان لەگـەڵ خۆیـدا بەرێ،لـەوێ مـەرگ دەبێتـە سـزادەری ئـەو کەسـانەی خراپـەیان کـردووە، لـەوێ مـەرگ وامـان لێـدەکات بەپێچەوانەوەی هەموو مردنەکانەوە لە پێنـاو بینینیـدا تەماشـای ئاسمـان بکـەین و سـەرمان بـەرز بکەینـەوە " **ئەمـەبۆ یەکـەمجارە دەبینیـت چـاو بـۆ دوورتـرین شوێنی ئاسمان هەڵخەیت و زۆر بە قـووڵی بۆ ئـەو بەرزاییانـە بڕوانـی تامـەرگ لـەناو قیامەتی ئەو هەموو رەنگـە ببینـی** "[لا٨٢].

سـەر بەرزکردنـەوە بـۆ ئاسمـان و بینینـی مەرگ لەناو قیامەتی رەنگدا، ئەمە بۆخۆی سزایەکی جـوان و هـێمن و لەسـەرخۆیانەی مردنە.

لـەوێ مـەرگ واز لەسـزادانەکانی نـاهێنێ و بەردەوامە لەئازاردان بەویژدانی تاوانباران، تەنانـەت وات لێـدەکات ئـاوات بەمـەرگ بخـوازی تـا لەمـەرگی ژیـان و لەسـزا ویژدانیەکانی مەرگ رزگارت بێت " **ئـاوتی هـەمووتان بەمـەرگی مـن زۆر کـەمترە لەئاواتخواستنی خۆم بەمەرگی خۆم** "[لا١٠٤].

ئەوە چ ژیانێکە ئاواتی مەرگی تیا بخوازرێ ؟، ئـەی ئـەوە چ مەرگێکـە کـە بەدەسـت نەیـەت و لـەژیان بـەنرخترە ؟. " **لـەدوای سـووربوونی دەسـتم بـەخوێنی خورشـەی خێـزانم سـەدان جـار جگەلـەوەی ئـاواتم بەمردنی خۆم خواستووە هـەوڵی زۆریـشم داوە تا بەمەرگ بگەم** "[لا١١٨].

( کاری خـۆ کوشـتن، زەمینەیـەکی خـۆی هەیـە لـە نـاو مرۆڤـدا، چـونکە ئـەم کـارە هەڵوێستێکی هێندە ئاسـان نیـە، کـە هـەر کەسێك بیەوێت ئەنجامی بدات )[١٦].

بەڵی هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد دەشێ هۆکاری سەرەکی ئەو کارانە هەموو مرۆڤەکان خۆیان بن بەو کارەی بێ بیرکردنەوە لە دەر ئەنجامەکەی ئەنجامی دەدەن و دواتر پەشیمان دەبنەوە، بەڵام تازە دوای چی؟ بێگومان ئەم پەشیمانیەش تارادەیەك لەزیندوێتی ویژدانی مرۆڤەکانەوەیە، لەکاتێکدا هەمان ویژدان لە رابردوودا مردبوو یان بێئاگابوو، بۆیە ئەو تاوانەی پێ ئەنجامدرا و ئێستا پەشیمانە، ئەم حاڵتە زۆر جوان رابردوو ئێستامان بۆ گرێ دەدات بە چەشنێ کە (هەندێ کەس تەنها لە رابردوودا دەژین و هەندێك لە داهاتوودا و هەندێکی تریش تەنیا ئێستا لە بەرچاو دەگرن، کاتێك ئێمە تەماشای قۆناغە تێپەڕیوەکانی ژیان دەکەین سەرجەم کارەسات و نەگبەتی و نەهامەتیەکان بچوکتر لەوەی کە بوون دێنە پێش چاومان، خۆ ئەگەر لە نێو ئەم کارەسات و رووداوانەدا رووداوێکی تایبەت هەبێت کە ئێمەی تۆقاندبێت ئەوا هەرگیز بۆمان فەرامۆش ناکرێت، بەڵام کاتێك دەڕوانینە قۆناغەنەهاتووەکان و ئایندە ئەوا شتەکان وەك ئەوەی هەن زیاتر و گەورەتر دێنە پێش چاو و دەبێت بۆ بینینیان چاویلکەی زیری لەچاو بکەین بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیەمان بۆ راست بکاتەوە)[١٧].

**دووەم : ژیان و مانەوە**

ژیان و مردن لەم رۆمانەدا لە ململانێیەکی سەخت و قوڵدان، هەمیشە خوێنەر لە نێوان ئەم دوو چەمکەی ژیاندا هاتووچۆیەتی بەچەشنی هاتووچۆی خەیاڵ لە نێوان ماڵی حسەکەڕی مێردی و ئەحە شاپەی باوکی. هەموو ئامادەبووانی ئەو مەرزووبوومەی ناوی لێنراوە مەملەکەتی حکایەتەکان و شوێنی رووداوی رووداوەکانی رۆمانەکەیە، دەیانەوێت بمێننەوە. تەنانەت حکایەتەکانیش دەیانەوێت بەنەمری و هەمیشەیی بمێننەوە، ئەوەتا خورشە کە بە دەستی ئەحە شاپەی مێردی کوژراوە و لەسەر شاخی هەزار بەهەزاری "دێوە لێوە" وە فڕێ دراوەتە خوارەوە، بەڵام مل بۆ مردن نادات و هەر بەنەمری ماوەتەوە

لەم رۆمانەدا هەمیشە مانەوە جڵەوی بەدەستەوەیە و هەمیشە ژیان هەوڵی سەرکەوتن ئەدات بەسەر مردن دا، هەمیشە مانەوە رەگەزێکی زاڵە و مردن بەزیو، بەچەشنێك هەمیشە هەوڵ بەدەست هێنانی مردن ئەدرێت و مانەوە بەرگری دەکات و ژیان سەرکەوتوو دەبێت و چۆك بە مەرگ دا دەدات.

لەم رۆمانەدا مەرگ قوربانی بۆ دەدرێت و هەر ناشیەت، ئاخر ئەوە ژیانە ناهێڵێت مەرگ بێت و مەودای مردن نادات ، ژیان چەکی بەدەستەوەیە و بەرگری دەکات و





دەجەنگێت و بەسەر مردندا زاڵ دەبێت :

**" ئەم لەچکەی کردوومەتە ناو چاو پێچ نایەڵێت بمرم "**[لا٤٥].

**"زانیم ئەم لەچکە بۆتە قەڵغان و نایەڵێت بمرم "**[لا٤٧].

لەچکێك بووەتە چەکی دەستی ژیان و پێی دەجەنگێت و مەودانی مەرگ نادات و ناهێڵێت مردن تەشریف بهێنێت و ناهێڵێ عاشقانی مردن لەزەت لە بینینی مەعشوقەکەیان بکەن. ئەگەرچی لەم رۆمانەدا حەسرەت بە مەرگ سەد هێندەی ئارەزووی ژیان کردنە، تەنانەت چەندین هەوڵیشی بۆ دەدرێت، بەڵام دیسان ژیان بەرەنگاری دەکات و ناهێڵێ ژووانی عاشق و مەعشوق رووبدات " **لەرێگەی لەچکەکانەوە تا ئێستا منی لە مردن پاراستووە سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی داومە بۆخۆکوشتن "**[لا٨٤].

( مەرگ بۆ ئەوەی لە بوون و جەبەرووتی خۆی دڵنیا بێت، هەمیشە لە گەمارۆدانی ژیاندایە و ژیانیش بۆ ئەوەی لە بوون و بەردەوامی خۆی بێگومان بێت، هەمیشە لە هەوڵی شکاندنی ئەو گەمارۆیەدایە، واتە ئەم دوو ئیرادەیە لە ململانێ و پەیوەندیەکی ئەزەلیدان و هەردووکیان ماناکانی خۆیان لەو ململانێ و پەیوەندیە وەردەگرن )[١٨].

ژیان لە ململانێکانی بەردەوامە و زۆرکات دەکەوێتە ژێر هەژموونی مەرگەوە، زۆرکات لە ناو ژیاندا مەرگ دەبینرێت و ژیان مەرگ دروست دەکات، ژیان دەبێتە مەرگێکی جوان و خەندەکان لێو ڕێژی ئازار و خۆشیەکان تژی لە مەینەت دەکات، زۆرکات " **دەبێ لەناو ژیانا دەست و پەنجە لەگەڵ مەرگا نەرم بکەم"**[لا٣٣].

( ژیان نەگبەتە، چونکە لەسەر بنەمای ململانێی مانەوە دەڕوات ململانێی مانەوە بەسەر سروشتەوە فەرمانڕەوایە، ئاژەڵەکان یەکدی کوشت و ب{دەکەن و مرۆڤەکانیش هاوشێوەکانی خۆیان )[١٩].

لەم رۆمانەدا ژیان بەردەوامە و بەردەوامیش پڕە لە مەینەتی و ئازار، ژیانکرد لێو ڕێژە لە مەرگ، ژیان چۆکی بە مردن دا داوە و دونیایەك مەرگی تاڵتر لە مردنی لە ناو خۆیدا درووست کردوە " **ئاخر من هەموو سات و کات و شەو و رۆژێك لەناو ژیانا دەمرم "**[لا٢٨].

ژیان بەردەوامە و هەمیشەش مەرگ هێنەرە، ژیان بە مەرگ گۆشت دەکات و هەمیشەش " **دەبێ لەناو ژیانا دەست و پەنجە لەگەڵ مەرگ نەرم بکەم "**[لا٣٣].

لەم رۆمانەدا هەموو بوونەوەرەکان نەمریان پێ بەخشراوە، هەرچی لەم مەرزو بوومەدا هەیە لە پیاوێك دەچێت کە گیانی نەمریی بەبەردا کرابێت لەبەر ئەوەی شایانی مردن نیە.

ژیان مایەی نەگبەتی و خەم و ئازار و دەردەسەریە، ژیان رێگا نادات تا مەرگ

لەگەڵ خۆی بمان بات و لەدەست مەینەتی ڕزگاران بکات، هەموو کردەوە باش و خراپەکان سزایان هەیە و بەپێی لێکدانەوە ئایینیەکانیش بێت دوای مەرگ سزای کردەوە خراپەکان هەیە، وەلێ لەم ڕۆمانەدا لەناو ژیانیشدا سزا و باج بوونی هەیە، ئەویش نەچەشتنی خۆشی و مانەوەی هەمیشەییە لەناو خەم و مەینەتیدا **" ژیان خۆی قسەناکات دەنا سزاکانی سەرزەمین پڕ سوێتر و قورسترە لەو سزایانەی وەعدمان پێدراوە بیچێژین "**[لا۳۰].

**بەشی حەوتەم**

**ئایین، داب و نەریت، کۆمەڵگە**

**یەکەم : ئایین**

هەموو مرۆڤێك لەم سەر زەمینەدا بە بیرو بۆچوون وئایدیایەکەوە پابەندە، ئایینیش بۆخۆی جۆرە بیر و بۆچوون و باوەڕێکە کە لە شوێنێك یان کۆمەڵگەیەك بڵاوە و خەڵکانی ئەو شوێنە پابەندن بە بە جێگەیاندنای ڕێ و ڕەسم و سرووەکانیەوە و جێبەجێی دەکەن.

لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەست بە زاڵبوونی هەستی ئایین پەروەری یاخوود بەجێهێنانی سرووتە ئایینیەکان دەکەین، بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام، ئەمە ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە زۆربەی زۆر خەڵکی کوردستان موسوڵمانن و نووسەریش هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکەیەتی، بەڵێ ئایینی ئیسلام زاڵە بەسەر کردار و گفتار و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان و خەڵکەکەیەوە، بەچەشنێك وا هەست دەکەین کەلەچوار دەورت سروەتەکان جێبەجێدەکرێن و ڕێو ڕەسمەکان بەڕێوە دەچن.

لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی توند و پارێزراو ئایینی ئیسلام پەیڕەو دەکرێت و هەموو جۆرە سەرپێچی کردنێك لە بەجێهێنان وە کەمتەرخەمی کردنی ئەرکەکاندا سزای خۆی هەیە، تەنانەت هەوڵدان بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە بیرکردنوە باوەکان قەدەغەکراوە و مایەی نەفرەتیە.

هەروەها ئەم هەستە لە کاتی گفتوگۆ و قسەی ئاسایشدا بەسەر خەڵکانی ئەو مەملەکەتەدا زاڵە و هەستی پێدەکرێت :

**" بەدەم سەڵاوات و گریانەوە "**[لا۱۲]

**"ئەحەشاپە لە مزگەوتەکەدا بەدەم هاوار و ناڵە و هەورە گرمەی گریان و گوناهباری و سڵاوات دانەوە.... "**[لا۱۳]

گومانی تێدا نیە ئەم دەستەواژانە سەرجەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای ئایینی ئیسلام و زاڵبوونی هەستی ئەو ئایینە لای خەڵکانی ئەو مەملەکەتە، دانی سڵاوات و ناوهێنانی مزگەوت لە دەستەواژەکەدا بۆخۆی زیاتر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت.





لەم ڕۆمانەدا ئایین و بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام نەك هەر پیرۆزە، بەڵکو کەسانی ئایینی و ڕێبەرانی و پیاوانی ئایینەکەش پیرۆزن و وەك پیرۆزی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و ناچار کراون کە کەس زاتی نەبێت بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ بکات یان بەچاوێکی خراپەوە تەماشایان بکات.

**" چمکی کەوای مەلای گرتبوو، مامۆستا گیان بەقوربانی پێڵاوەکانت بم قوربانی ئەو هەموو ئایەتە بم کە لە سنگتایە، ڕێگە چارەیەکم بۆبدۆزەرەوە "**[لا۱٤].

**"حەزرەتی شێخ دەتوت خەرمانی نورە، پشت لە ئێمە و ڕوو لە قیبلە خەریکی شەونوێژ بوو، لە گۆشەیەکەوە هەڵتروشکاین و دەستەونەزەر ئێمە دانیشتین و شێخ سەلامی نوێژەکەی دایەوە، بە سنگە خشکێ ڕوو بە شێخ ڕۆیشتم "**[لا٦٧].

**" دەتوانین ئەسرارەکان بگەیەنینە شێخ و ئەویش شیفا و عیلاجی بۆ دانێ "**[لا٥٠].

**" کچێکی تازە پێگەیشتووی هەروا چواردە پانزە ساڵانم بینی دایکی هێنابووی تا شێخ بیبینێ و عیلاجی ئەو بەڵایەی بکات کەبەسەری هاتووە "**[لا٥٣].

**" هەموو موریدە ژنەکانی ڕاسپارد، ئەو ژنانەی تا مردن دەبێ دەف بژەنن، ڕایسپاردن ئەم نەفرەت و موعجیزەیە بدەنە دەست ڕەحمەتی دەنگی دەفەکان دڵنیام بەرەکەتی خوا لەڕێی دەنگی دەفەکانەوە ئەم موعجیزەیە یەکلایی دەکاتەوە "**[لا٦١].

بەڵێ لەم ڕۆمانەدا ئایین و کەسایەتی و ڕێبەرانی ئایین هەر بە پیرۆزی نەوەستاون، بەڵکو ئەوان بوونەتە مایەی چارەسەر بۆخەم و بەڵا و نارەحەتیەکانی خەڵکی، ئەوان بوونەتە شیفا بەخش بۆ نەخۆش و نەخۆشیەکان و ڕەوینەوەی بەڵا و موعجیزەکانیان، تەنانەت جاری وا هەیە دەنگی دەفەکانیان دەبنە مایەی هێنانی خۆشبەختی و ڕەوینەوەی خەم و ئازار و بەڵاو مەینەتی بۆ خەڵکەکە.

ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای ئایین چەند بابەتێکی وروژاندوە کە تا ڕادەیەکیش ئایینی ئیسلام باسی دەکات، وەلێ ڕەنگی شێوازی باس کردنەکەی جودا بێت، بەتایبەت باسکردن و درووست بوونی موعجیزە، کە ئەتوانم بڵێم خودی ڕۆمانەکەش موعجیزەیە.

موعجیزەکانی ئەم ڕۆمانە هێندە زۆرن لەباسکردن نایەن، زۆربەی هەرە زۆری موعجیزەکانیش باس لە شەڕ و شۆڕ ونەفرەتی دەکەن :

**"خەڵك هەر بیانویستایە دوعای شەڕ و نەفرەت لە یەکێك بکەن دەیان وت خوا کراسەکەی مچە پیزێ بکات بەبەری تۆشدا، خوا نەفرەتت لێبکا و بتکات بە موعزیەی زەمان وەك چۆن مچە پیزێ ی کرد "**[لا٥].

**" ئـاخر كـەس نـەمابوو خـوا مـوعجیزەی لەسەر تاقی بكاتەوە ماڵەكەی مـن نـەبێت "**[لا٢٧].

**" ئەی هاوار بێدەنگ بـە بـا لەمـە زیـاتر غەرقی گوناه ونەفرەت و نەگبـەتی نـەبین "**[لا٥٢].

سەرجەمی ئەم موعجیزە و نەفرەتیانـەش وەك سـزایەكی خـوایی بـۆ بەنـدەكانی تەماشاكراوە، ئـەم تەنانـەت شـەرعیەتیش بەو بەڵا و نەفرەتیانە دراوە، هەر واش لەم مەملەكەتەدا ئەوانەی نەفرەتیان لێكراوە و تووشـی مـوعجیزە هـاتوون وەك سـزایەك پێیـان بەخـشراوە، چـونكە تاوانیـان ئەنجامـداوە و ئـەم تاوانەشـیان كـراوە بـە پاسـاوێك بـۆ پێـدانی ئـەو نـەفرەتی و موعجیزانەیە، هەر لەو نەفرەت و سزادانەی كە ئەحە شاپە لەسەر بە ناحـەق كوشـتنی خورشەی ژنی بەسەری هات، بۆ ئـەو كـچە چوارده پانزە ساڵەی كە خوێن لـە مـەمكی دەچـۆڕا لەسـەر ئـەوەی لـە ژووان دەسـت بازی لەگەڵ یارەكەی كـردووە، بـەڵام ئـەم هێشتا هـەر پێدەگـەنی، وە ئـەو منداڵـەی كـە ددانـی وەك بـەردی بـچوكی هێنـدەی دەنكـە نـۆك بـوون و وەك شـەوەش رەش بوون و تاڵە گیا لەسـەری هـاتبوو، چـونكە دایكی لە كاتی سكپڕیدا بێـزووی بـە گیـای دەشـت و گڵـی سـوورەوە كـردوە و بـە درێژایی نۆ مانگ هەر ئـەوە خـۆراكی بـووە تـا دەگاتـە سـەرجەمی نەفرەتیـەكانی تـر، هـەموویان هـەر لـە چـوار چـێوەی ئـەو پاساوەدان و لـە دەوری بابەتـە ئایینیـەكان دەسووڕێنەوە.

دووەم : داب و نەریت

( ئەگـەر چـی نووسـین كردەیـەكی زاتیـە، بەڵام هەمیشە رەنگدانەوەی ئەو سـەردەم و قۆناغەی كۆمەڵگەیە، كە تێیدا دەق بەرهـەم دێـت، وەزیفـەی نووسـین تـەنها پیـشاندانی رووە گـەش و جوانەكـەی ژیـان نیـە، یـان راستتر بڵێین تەنها بە خستنە رووی دیـووە جوانەكـەی قۆنـاغ و سـەردەمێك وەزیفـەی نووسـەر كۆتـایی نایـەت، بـەڵكو ئـەركی سەرەكی و بناغەی نووسەر لەبەرهەمهێنانی دەقدا خستنە رووی ئەو لایەنانەی ژیانە، كە كەم و كورتیان تێدایـە دەسـت نیـشانكردنی ئەو كەم و كورتیانەیە )[٢١].

ئەم رۆمانە بەشێكی تایبـەت و ئـەتوانم بڵـێم بەشـی هـەرە زۆری یـان سـەرجەمی رۆمانەكەی خـستووەتە خزمـەت باسـكردنی داب و نەریتـە كۆمەڵایەتیەكانـەوە، نووسـەر زۆر دڵ پـڕە لـە سـەردەم و نەریتـە كۆمەڵایەتیەكان و كۆمەڵگەش، هەر بۆیـەش گلەیی لە كۆمەڵگە دەكات و دەیەوێت بڵێـت **" بۆ هەمیشە لە دەرەوەی خۆتان سۆراغی رێگاكان دەكەن ؟، بۆ هەمیشە پێتان وایـە لە ناوەوەی خۆتانا جگە لە ریخۆڵەو دڵێكی وەك بـەردرەق و هەنـدێ گـەنو گـو زیـاتر**





**هیچی تری تیانیه ؟ "**[لا١٣٨].

هـەر لەسـەرەتای رۆمانەكـەوە رەخنـە لـە مرۆڤەكان دەگرێـت و دەڵێـت **" خـوا لێتـان هەڵناگرێت شەو تا تاریكتر و درەنگتر بێـت چەم و چـنار و تـەیر و تیـور و بـاخ و رەز و كوچك و كەڵەك ئەو هەموو ئاواز و گـۆرانی و قسە و باس دەكەن ! ئاخر چۆن خوا لێمان هەڵدەگرێت كەسێ نەبێت گوێیان لێ بگرێت ؟ "**[لا٤].

جموجۆڵ و كار و فەرمان لە رۆژدا و شـەویش بۆ خەوتن و پشوودان، ئەمە جگە لەوەی كـە كلتوور بـە پێـی رەوڕەوەی مێـژوو درووسـتی كـردوە هیـچی تـر نیـە، تـاریكی شـەو تـەنها بەهانەیەكە و دەنا ئـەو جـوانی و جلیوەیـەی كە لە شەو دا هەیە، هەر گیز لە رۆژدا بـوونی نیە.

سـەرباری ئـەوەش لـەم رۆمانـەدا دیاریـدە و نەریتە كۆمەڵایەتیەكان خراونەتە روو، بە زۆر بەشـوودانی كـچ و چەوسـاندنەوەی ژنـان یـەكێكی تـرە لـەو نەریتـە ناشـیرینانەی كۆمەڵگە كە لەم رۆمانەدا خراونەتە روو دەقـا و دەقی سـەردەم و نـەریتی پیـاو سـالاریمان پیشان دەدات كـە چۆن ژن مـوڵكی پیـاوە و پیاو بۆی رەوایە هەر چۆن بیـەوێت مامەڵـەی لەگەڵ دا بكات و هەرچی ویست بەرامبـەر ژن بیكات رەوایە **" باوكت تەواو شێلگیر دەبێت و یەكـسەر بـەو تلـوعی بەیانیـە دایكـت لـە بەتانیەكەوە دەپێچێت و دەمی بە لەچكەیەك دەبەسـتێت وهـەر دوو قاچیـشی بـە لەچـكەیەكیتر دەبەسـتێت، ئینجـا لـە گونیەیەكی دەهاوێت و دەڕوات و دەیبـات لە كێوی ( دێوە لێوە) وە لەو ئاسمانـەوە بەری دەداتە خوارەوە، ئینجا دێتەوە و بە خەڵكەكـە دەڵێـت كـە چـی لـە خورشـە كردووە "**[لا١٣]. نەك تەنها هەسـت بـە تـاوان ناكات بەڵكو بە شانازیشەوە لە ناو خەڵكی دا باسی قارەمانێتی خۆی دەكات و پێیان دەڵێـت كـە چـی لـە خورشـە كـردوە، هـەر وەك پاڵەوانێك لە مەیدانی جەنگەوە بەسەر كـەوتوویی گەڕابێتـەوە، خـەڵكی ئـاواییش ورتەیـەكیان لـە دەم نەهاتـە دەروە بەرامبەری و هـیچ هەڵوێستێكیان نـەبووە، هەر وە ك بڵێن مـافی خۆتـە چـی بەرامبـەر دەكەیت.

ئەم رۆمانە زیاتر بـەردەوام دەبێـت لەسـەر باسكردنی بیری تەسكی كۆمەڵگەی كوردی و ئـەو هـەموو جـەور و سـتەم و زوڵمـەی بەرامبـەر بـە ژن و كـچ دەكرێـت، زیـاتر بـەردەوام دەبێـت لەسـەر گێڕانـەوەی مەینەتیەكانی ژنـان و كـچان، تـەنها لەبـەر كـچ بوونیـان، ئـەوەتا باسـی هۆكـاری ئـەو تاوانـە دەكـات كـە ئەحەشـاپە بەرامبـەر خورشە كـردی و لـە ئەنجامـدا بـووە هـۆی كوشتنی خورشە، ئەویش **" ئەمـە سـەری دوانزەهەمین كوڕە كە دەمـان بێـت "**[لا١٢]، ئـەوەتا ژن و كـچ هێنـدە كـەم بایـەخن لـە

کۆمەڵگەدا پیاو پێی نەنگیە کچی ببێت، تا دوانزە هەمین منداڵ رێ بە ژنەکەی دەدات بیبێت بەڵکو ئەمە خوایە کوڕی ببێت، چونکە ئەوان کچ بە مایەی چارە رەشی و تۆڵەی گوناه دەزانن، **" خوا عیقابەکەی لە من دەسێنێ و کچ لەسەر کچ دەمداتێ "**[لا١٢]، کە واتە دەبێ کوڕ مایەی سەر بەرزی و کچ مایەی سەر شۆڕی بێت هەر بۆیەش ئەحە شاپە ژنەکەی دەکوژێت و خۆشی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرباز دەبێت، ( هەمیشە بەشی زۆری دەردەسەریەکانی پیاو بەر ژن دەکەوێت، بە پێچەوانەیشەوە تەواوی شادمانیەکانی پیاو بۆخۆی دەبێت و هیچی بەشی ژنەکەی لێنادات، ژن دەبێ هەمیشە ببێتە قوربانی حەز و ویستەکانی پیاو و بۆ پیاو ببێتە پردێك تا بۆ هەر کوێ بیەوێ وەك فەرشی ئەفسوناوی بەکاری بێنێ )[٢٢].

لەم رۆمانەدا وێنەیەکی راستەقینەی باوك و نەریتی باوکسالاریمان پیشان دەدات کە چۆن باوك دەسەڵاتی هەیە بەسەر منداڵەکانیدا و وەك داشی دامە چۆنی بوێت بەکاریان دەهێنێت و دەیان جوڵێنێت.ئەوەتا دوای ئەوەی خورشەی ژنی دەکوژێت خەیاڵی کچی کە تاکە میراتی ژنەکەیەتی بێ گوێدانە هیچ بنەماو پرەنسیپێکی مرۆیی دەدات بە پیرە پیاوێکی هاو تەمەنی خۆی **" دوای ئەوەی باوکم بە زۆر دامی بەحسە کەڕی هاوڕێ و سونعی خۆی "**[لا١٠]،یان کە باوکی خەیاڵ زۆر جوان دان بەو زوڵم وزۆرداریی و بێ هەستیە دەکات کە بەرامبەر خەیاڵی کچی دەیکات و چۆن کە چۆن بە زۆر داویەتی بە پیاوێکی پیر **" باش دەزانیت کە بە چ زوڵم و زۆردارییەك خەیاڵم دا بە حسەکەڕ "**[لا١٠٨]، هەر لەبەر ئەم بەزۆر بەشوودانەش بوو کە ئەو کچە هیچ خۆشی لەو پیاوە نەبینی و ئە خێزانەی درووست بوو نەك خۆشبەختی تێدا نەبوو بەڵکو شیرازەشی تێکچوو و کچە ئامادەش نەبوو لای پیاوەکەی بمێنێتەوە، **" دووساڵە بە رۆژدا بە دەم شەق و لێدانەوە رەوانەی ئەوبەری چەمەکەم دەکەنەوە و منیش شەوانە هەڵدێم و بەم حاڵەوە کە دەمبینی دێمەوە بۆ ئەمبەری چەمەکە "**[لا١٠].

نووسەر بەئاشکرا ( رەخنە لەو واقیعە تاڵە دەگرێت کە تا سەر ئێسقان مافەکانی ئافرەتی تێدا پێشێل کراوە و بە پێی هیچ پرنسیپێکی زەمینی و ئاسمانی رەوا نییە دەست بخرێتە بڕیاری تاکە کەسەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەخوازەلا بە زۆر بدرێت بە پیرە مێردێ )[٢٣].

بەڵێ بەزۆر بەشوودراوە و دراوە بە پیرەمێردێك کە هەموو کەس لەوە دڵنیایە ئەو ماڵە تروسکاییەك خۆشی بۆ ئەو کچە تێدا نابێت، هەر بۆیە راکە راکی خەیاڵ





بەردەوام دەبێت لە نێوان ماڵی باوکی و مێردە بە زۆر پێدراوەکەی، ئەو کچە خۆی دەخاتە مەترسییەوە و بەشەو بەناو بێشەڵان و دار و دەوەن و چەمە ترسناکە هەزار بە هەزارەکانەوە لە دەست حسەکەڕی مێردی هەڵدێ بێ ئەوەی هیچ ترس و خۆفێك لە دڵیدا هەبێت ئاخر **" هیچ شتێك لە حسە کەڕ ترسناکتر نییە "**[لا١١].

لەم رۆمانەدا کارەسات و نەگبەتیەکانی ژنان زیاترن و بەردەوامن بە دەست داب و نەریتی سواوی کۆمەڵگەوە، شتێکی سەیریش لەم رۆمانەدا هەستی پێدەکرێت ئەویش شوێن بزربوونی یانزە خوشکەکەی خەیاڵە کە هەموویان لە خەیاڵ گەورەترن و پێش ئەو لە دایك بوون، چونکە نوسەر بە هیچ شێوەیەك ناویان ناهێنێت و باسیان ناکات، تۆ بڵێیت ئەوانیش بووبنە قوربانی داب و نەریتە سەقەت و رزیوەکانی کۆمەڵگەو بەدەستی باوکیان زیندە بەچاڵکرابن یان بەدەستی مێردیان کوژرابن، دەبێ ئەوانیش هەر ئاوا بچەوسێنەوە یان هەر زوو لەو شتەی ناونراوە ژیان و لێوان لێوە لە مەینەتی رزگاریان بووبێت ؟، ئەی کە لەژیان نەماون کوا مەنزڵ و گڵکۆیان و لە کوێ بەخاکسپێردراون و گۆڕو مەزاریان لە کوێیە، تۆ بڵێی ئەوانیش لەسەر کێوی " دێوە لێوە" وە فڕێ درابنە خوارەوە، یان لە راکە راکی رێی نێوان ماڵی مێردیان و ماڵی باوکیان لە ناو چووبن و مردبن، یان دەبێ نووسەر وەك هەر یەك لەو پیاوانەی تر زوڵمی لێکردبن چونکە کچن و هەر بۆیە شوێن بزری کردون و هیچ ئاسەوارێکیان پیشانی خوێنەر نادات، یان دەبێ ئەمانیش وەك هەموو حکایەتەکانی تر بێ زمان بن و هیچ وشەیەك نەدرکێنن ؟....

سێ یەم : کلتوور

کۆمەڵگەی کوردی وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری سەر گۆی ئەم زەمینە لێوان لێوە لە دیاریدە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان، بە چەشنێك بەشێکی زۆریان بوونە بە بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگە و کلتوورەکەمان و هەر گیز ناکرێت لە یاد بکرێن.

نووسەر بە تەواوی ئاوڕی لە کۆمەڵگەکەی و کلتووری و سەردەم داوەتەوە و باسیان لێوە دەکات، هەر بەم پێیەش دەتوانین بڵێین نووسەر کارێکی باشی کردووە وسەرکەوتووبووەو بەرهەمێکی باشی پێشکەش کردووە، چونکە ( نووسەرێك کە لە کۆمەڵی خۆی هەڵبڕی و ئاوڕ لە گەلەکەی نەداتەوە و بێ خەبەر لە مەینەت و دەرد و ژانیان بێ و بخزێتە قوژبنێکەوە و لە وێدا بیر و بۆ چوونی خۆی و رونگەیەکی کە بەرانبەر بە خەڵك و ئەو جێ و رێیەی کە ئەوان تێدا دەژین هەیەتی و لەبەر خۆیەوە لێکی دەداتەوە ناتوانێ بەر

هەمێکی باش بخولقێنێ، چونکە نوسراوی چاك ئاوێتە و بەرهەمێك لە ژیانە، جا هەر بۆیە دەبێ ئەم نوسراوە بەرهەمی زانیاری ژیان بێ )[٢٤].

نوسەر ئاوڕی جدی لەو سروت و ڕێ و رەسمانە داوەتەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بوونەتە کلتوور و لەبیرکردن و جێ بەجێ نەکردنیان مەحاڵە، لەم ڕۆمانەدا نوسەر باسی مەسەلەکانی ژن و ژنخوازی و بە جێهێنانی مەراسیمە دینیەکان کە بوونەتە بەشێك لە کلتور و، مردوو شۆرین، لەچك لەسەر کردنی ژن، مەسەلەی تەریقەت و شێخ و دەف ژەنین و زیکر کردن، هێنانی ئاو لە کانی،حەیوان سەربڕین، قوربانی و نەزرکردن کردن، گۆشت بەشکردن،،،،،، هتد، زۆرێکی تر، راستە ئەمانە بەشێکیان مەراسیمی دینین بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ بوونەتە بەشێك لە کلتوور.

هەر بۆیە دەتوانین ئەم ڕۆمانە ناو بنێین نووسینەوەی واقعی ژیان و کۆمەڵگە، بەچەشنێك نوسەر هاتووە واقعی سەرجەم گوندەکانی کوردستانی لە گوندێکدا کورت کردووەتەوە و ئەو گوندەشی کردوەتە سەر کاغەزی سپی و ڕۆمانەکەی لە چەشنی کۆمەڵگەیەك داڕشتووە و ئەو کۆمەڵگەیەشی نەخشاندووە بە کلتوورە کۆمەڵایەتیە باوەکانی ناو واقعی کوردەواری، بەچەشنێك هەر دڵێی لە گوندێکی کوردستانی کاتێك ئەم ڕۆمانە دەخوێنیتەوە، مەرجیش نیە دەقاو دەق سەرجەم ڕووداوە کلتووریەکانی نووسی بێتەوە و باسی کردبن، چونکە ( کە باسی ئەدەبی واقع دەکرێ، بە مانا کۆپیکردنی واقع وەکو خۆی نیە )[٢٥].

لەم ڕۆمانەدا زۆرکات ڕووداوە بچوك و گەورەکانی کۆمەڵگە باسکراوە، واتە هەندێك دیاریدەی کلتوری بچووك گەورە کراوەتەوە و بە پێچەوانەشەوە دیاریدە کلتووریە گەورەکان بچوك کراونەتەوە، بە چەشنێك لەم تێکەڵکردنە کلتوورێك وەبەرهەم هاتووە کە هەم کلتووری واقعە و هەم جیاوزیشە لە کلتووری واقع، لەم کارەشدا نوسەر ئامانجی پێکاوە چونکە ( کاری ڕۆمان نووسی گەورە ئەوەیە کە ڕووداوە هەرە بچوك و نادیارەکان بدۆزێتەوە و تۆماریان بکات و بیکاتە هەوێنی ڕۆمانێك، دیارە مەرجیش نیە هەموو ڕۆمان نووسێك ئەمەی لە دەست بێت و لە ڕووداوی زۆر بچوك ڕۆمانی زۆر گەورە بەرهەم بێنێت. ئەگەر وا بوایە دەبوو ئێمەی کورد زۆرترین ڕۆماننووس و ڕۆمانی گەورەمانهەبوایە، چوون زۆرترین ڕووداو و کۆست و کارەساتمان هەیە و بە دەگمەنساڵ و مانگ و ڕۆژی کورد هەیە تاڵترین ڕووداوی تێدا نەبێت )٢٦.





نووسەر ئەم کلتورەی بە دڵ نیە و تێیدا هەست بە نائارامی دەکات، دەیەوێت لە ڕێی نووسینەوە نا هەمواریەکانی کۆمەڵگە و ناڕێکیە کلتووریەکان شەن و کەو بکات و لە پێناو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەکەیدا کلتوور چاك بکات و هەر بۆیەش دەست دەخاتە سەر کەم و کوڕی و برینەکان و دەیەوێت سارێژیان بکات، چونکە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە کاتی خۆی بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەی تەرخان بکات، هەر بۆیەش ( دەڵێین هەر کەسێك — و لە ئەنجامدا هەر نووسەرێك — لە بنەڕەتدا زادەی سەردەم و شوێنی خۆیەتی یانی زادەی کۆ فاکتەرێن کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی و مێژوویی ئەو شوێن و سەردەمەیە کە تیایدا پەروەردە دەبێ و بەرهەمی خۆی تێدا دو خولقێنێ.. هەڵبەت ئەم ڕێسایە ناتوانێبە وردی مانا و چەمکی بەرهەمی نووسەرێك یان مەبەست و نیازی نووسەرێك دیاری بکات. ئەمە جگە لەوەی، وێڕای ئەوەی کە ئەو فاکتەرانە هەر یەکێکیان بە ڕێژەیەك دەوریان لە خولقاندنی بەرهەمێکدا هەیە، دابەزینی بەرهەمێك بۆ ئاستی نموونەیەکی دەروونناسی، یان تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی، یان بەرنامەیەك یان شیکردنەوەیەکی سیاسی، ئیدی هیچ شتێك بۆ ئەدەبییات ناهێڵێتەوە )[٢٧].

لە هەمانکاتدا نووسەر بە چاوێکی ڕەخنە گرانەوە هاتووە دیاریدەکانی کۆمەڵگە و کلتووری نووسیوەتەوە، ئەو دەیەوێت بە دیدی ڕەخنەیی تیشك بخاتە سەر کەم و کوڕیەکانی واقع، ئەو دەیەوێت بڵێت ئەم کلتوورەی کە هەیە و هەستی پێدەکرێت بووەتە مایەی ناخۆشکردنی واقع و ناشیرینی بە ژیان بە خشیوە، ئەو دەیەوێت ( بەمەبەستی بەرهەمهێنانی جیهانبینیەکی ڕەخنەگرانە لەواقعی باو، ئەو واقعەی کە خۆی بۆتە هۆی کارەساتە تراژییەکانی ئێمە و ڕۆمانەکەش لەسەر بنەمای ئەو کارەساتانە بەرهەمهێنراوە )[٢٨]، واتە ئەم ڕۆمانە دیدگای ڕەخنە بینی نووسەرە و ئاراستەی کۆمەڵگە و کلتووری دەکات بەنیازی باشتر کردنی ڕەوتی ژیان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

گزنگ ١٠١ — شوبات ٢٠١٣



نەوزاد محەمەد کاکەیی

# خوێندنەوەیەک بۆ کۆشیعری ( ژنێک لیوانلێو لە ئەوین ) ی باشبلاخی

هەرچەندەدەڵێن ماناو مەبەست لە دڵی شاعیردایە ( المعنى فى قلب الشاعر) لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەوڵ دە دەین لەم خوێندنەوەیەماندا کەم تا زۆر لەو ماناو مەبەستانە نزیك ببینەوە کە بە بۆ چوونی ئێمە شاعیر مەبەستیەتی . ئەوەیشی کە هاندەرمانە ناسکیی و پڕجۆش و خرۆشیی دێڕبە دێڕی ئەو شیعرانەیە . ئێمە دەمانەوێ روونکردنەوەی زیاتری وشە بە وشەیان بخەینە بەر دیدەی خوێنەر بۆ چێژ وەرگرتن لێیان . بەشێوەیەکی گشتی شیعرەکانی کاك خالید باشبلاخی لە ئاستێکی باشدان و کاتێك کە لاپەڕەکانی هەڵدەدەینەوە هەست بەوە دەکەین کەبەڕاستی شیعر دەخوێنینەوە . هەرچەندە هەندێ تێبینی بچووکمان لە سەر هەندێ لە وشەکان هەیە ، نەك خوانەخواستە بڵێین شیاو نین ، بەلاَم باشبلاخی دەیتوانی شیاوتریان بکات . ئیتر تا چەند نیشان و ئامانجمان پێکاوە



گزنگ ١٠١ — شوبات ٢٠١٣

ئەوەیان لای نووسەری دێڕەکان و خوێنەران دەمێنێ . ژنێك لیوانلێو لە ئەوین ناونیشانی کۆمەڵە شیعری کاك خالید باشبلاخی یەو لەمانگی کانوونی یەکەمی ٣٠٢٣ کەوتە بەر دیدی خوێنەران و یەکەم پارچە شیعریشە لە کتێبەکەیدا .

هەر لە سەرەتاوە دەردەکەوێ کە شاعیر عاشقەو دڵدارییەکی پاك و بێگەرد دەکات و دڵدارەکەی یان مەعشووقەکەی توانیویەتی ناوی خۆی لە دڵی باشبلاخیدا هەڵکۆڵێ . ئەوەتا شاعیر دەڵێ ـ.

پێشکەشە بەو ژنە شیکەی بە نووکی تیری مژۆڵی
ناوی خۆی وەك نەقشی دراو لە نێو دڵمدا هەڵکۆڵی ل٧

بەهەمانشێوەی یوسف و زولەیخا خۆشەویسیەکە تەنها لەلایەن زولەیخاوە بوو کە ئافرەتەکەیە . لێرە هەمان رووداوە بەلاَم بە پێچەوانەوە ، خۆشەویستیەکە لەلایەن شاعیرەوەیە کە پیاوەکەیەو ئافرەتەکە بێ ئاگایە لەو گڕی ئەوینەی ناو دڵی بابلاخی .

شاعیر درەنگ وەخت هەست دەکات ئەو جۆش و خرۆش و پەرێشانییەی لای ئەم هەیە ، بەرامبەرەکەی وەك ئەم نیەو هەر گوێش نادا بە باشبلاخی و نایەتە ژوان ، بۆیە دەڵێ ـ

پێشکەشە بەو ژنەی دڵی بووە ....بە نیشتمانی من
دیوانێ شیعری پێم نووسی و شەوێك نەهاتە ژوانی من ل٨
یان دەڵێ ـ
پێشکەشە بەو ژنە شۆخەی تاجی ئەوینم لە سەر نا
کەچی ئەو شالووری دڵمی لەنێو گوڵزاری وەدەر نا ل٨

وا دەردەکەوێ شاعیرمان دڵدارییەکی یەك لایەنە دەست پێ دەکات و مەعشووقەکەی بە تەواوەتی ئاگادار نەکردووەتەوە لەوەی کە ئەمی عاشق سەرتاپا گیرۆدەی ئەوینی ئەو ئافرەتە بووە . شاعیرمان بە جورئەت و چاونەترس و بوێرە لە نووسیندا .. بەلاَم بە داخەوە لە مامەڵە کردنی لەگەڵ دڵدارەکەیدا و رووبە روو بوونەوەو راگەیاندنی ئەو هەموو گڕو کڵپەی ئەوینەی لە دڵدایە بەو کچە شەرمن و کەمتەرخەم بووەو لە ئەنجامیشدا رەنج بێوەر بووە . شاعیر نەیتوانیوە بەرەو روو بە دڵدارەکەی بڵێ خۆشم دەوێی .. تاکو ئەویش بە ئەرێ یان نەرێ وەلاَمی بداتەوە . باشبلاخی لە وشەسازیدا دەستێکی بالاَی هەیەو لە وەسفی دڵدرەکەیدا زیاتر بالاَ دەکات . چوونکە عیشقێکی راستەقینەی لە ناخدایە . تەنانەت یاری بە هەندێ وشە دەکات

تاكو وەكو كالاّ بیبرێتە باڵای یارەكەی و ئەم یاری كردنەش دێڕەكانی جوانتر كردووە .. وەك جوانیی دڵدارەكەی . بۆ نموونە وشەی پەلكە ڕەنگینەی لە جیاتی كۆڵكە زێڕینە یان پەلكە زێڕینە بەكارهێناوە . هەروەها وشەی شەمیلەی لەجیاتی شەم بەكار هێناوە كە دەڵێ _

ژنێك لە تریفەی مانگ و پەلكە ڕەنگینەش
جوانتر بوو
ژنێك .. كە سۆزی لە ئاوی كانیی كوێستان
ڕەوانتر بوو ل٩

یان دەڵێ_

هێندە خاوێن و بێگەردیت دەڵێی ئەو
بەفری قەندیلەی
شیعرێكت بۆ دەڵێم (( وەلی )) ش
نەیگوتبێت .. بۆ شەمیلەی
ل٣٣

شاعیر هەستیارو هەست ناسكە بۆیە دەڵێ-

ژنێك لە ڕوخساری گەشیا سەدان پرسیارم
بەدی كرد
ژنێك لە ناخیدا هەستم بە عیشقێكی
ئەبەدی كرد ل٩

شاعیرمان لە ڕوخساری گەشی ئافرەتەكەدا سەدان پرسیار بەدی دەكات .. كەچی جورئەتی ئەوەی تیا نیە بیدوێنێ و وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەس كەوێت و گیرۆدەی داوی عیشقێكی ئەبەدیش دەبێت .

ئەوەی ئێمە بیزانین لە داب و نەریتی كوردەواریدا عەشقی پاك و بێگەرد لە نێوان كوڕ و كچدا دەبێت نەك كوڕو ژن ، ژنێك كە شووی كردبێ . تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر ئەو ژنە بێوەژن بێت و هاوسەرەكەی لێی جیا بوبێتەوە . بەڵام بەشبە حاڵی خۆمان وای بۆ دەچین كە شاعیر كەوتۆتە ئەو هەڵەیەوە كە وشەی ژنی لە جیاتی وشەی كچ بەكار هێناوەو .. ئەمەش بووەتە هەڵەی باوی ئەم سەردەمە .. كە پازدە بیست ساڵێكە تووشی هەڵەی بەكار هێنانی ئەم وشەیە بووینە بە هەر هۆكارێك بێت . ئافرەت ، ژن و كچ و مێینە بە گشتی دەگرێتەوە ، كچ بۆ ئافرەتێكە كە شووی كردبێ و بێوەژن بۆ ئافرەتێكە لە مێردەكەی جیا بوبێتەوە . وشەكانمان زۆر جوان دیارن بەڵام تێكمان داون . هەر وەك چۆن جوگرافیاو مێژوو و داب و نەریت و ئایین و كەلتوورو نەتەوەمان تێكداوە ، بە هەمانشێوە كچیان كردە ژن و مێش میوانیان نییەو ..كچ بكرێتە ژن پیاوی لەسەر بە كوشت دەدرێ .

كوڕو كچ ، ژن و مێرد ، ئافرەت و پیاو .. چەن جوان و مانا بەخشن . جا هەڵەی باو





بەسەر كەسانی ئاساییدا تێدەپەڕن بەڵام نابێت بەسەر نووسەر و شاعیرو ڕۆشنبیردا تێپەڕن . شاعیرمان وشەی ( بەروار ) ی لە جێی مێژوو یان ڕێككەوت بەكار هێناوە كە دەڵێ –

لە پایزێكدا ڕۆیشتیت كە دەگاتە ئەو
بەروارە
دڵم دەبینم لە گوێتا جۆلانێ دەكات وەك
گوارە ل٦٦

لە كاتێكدا وشەی ( بەروار ) یان ( بەرواری ) شوێنەو بەرواری باڵا دەگرێتەوە ، نەك ڕۆژ و مانگ و ساڵ و ( تاریخ وموسادفی ) عەرەبی بگرێتەوە . بەرواری مەنتیقەیەكە ، شوێنێكە ، ناوچەیەكە ، دەڤەرێكەو جوگرافیایە نەك مێژوو . بەڵام وەك شیعر ئێمە دەڵێین –

**یەك لە یەكیان جوانترن**
**شیعرەكانی باشبلاّخی**
**ئەگەر ڕەخنەیان لێ بگرین ،**
**لە هەست و سۆز بووینە یاخی**

ئەتوانین بڵێین ئەو هەست و سۆزو هونەری هۆنینەوەیە و كێش و سەروایە و لێكچواندنەو بیر تیژییەو بە جورئەتیەو بە توانابیەی لای باشبلاّخی هەیە لەلای كەم لە شاعیرانمان هەیەو نموونەیان دەگمەنە. شاعیر چەن جوان ڕۆحی مەعشووقەكەی دەكاتە تاڤگەو لە ئاوی ئەو تاڤگەیە خۆی دەشوا . پاشان دەیكاتە مۆمێك و دەبێتە ڕووناك كەرەوەی درێژترین شەوی پایز كە شەوی یەڵدایەو درێژترین شەوە لە ساڵدا و تاریكیەكەی ئەو شەوە درێژەی شاعیر دەڕەوێنێتەوە كە دەڵێ-

ژنێك هەستم كرد وام لەبەر تاڤگەی ڕۆحیدا
خۆم دەشۆم
ژنێك لەتاریكی شەوی(( یەڵدا )) مدا
داگیرسا وەك مۆم ل :

ڕۆحی دڵدارەكەی دەشوبهێنێ بە تاڤگەو جارێك بە مۆم . لە بەر چاوی باشبلاّخی مەعشووقەكەی لە خۆر جوانترەو لە كتێبی پیرۆزی ئاڤێستاش پیرۆزترەو لە پیرۆزیی ئەو ڕووناكیەی زەردەشتیش پیرۆزترە كە تاریكی پێ دەڕەوێنێتەوە ، چ تاریكی دەشت و دەرو ڕێگاو بان و چ تاریكی مێشك و دڵ و دەروون . بۆیە دەڵێ –

ژنێك هەستم كرد هەتاوی وەك بازنگێك لە
دەستا بوو منی زەردەشتی ئەوم لا ،
پیرۆزتر لە ئاڤێستا بوو
ل٢١

شاعیر زۆر جوان دڵدارەكەی لە خۆر گەورەترو بەرزتر دەناسێنێ و خۆر دەكاتە ، تەنها بازنگێك لە دەستی ئەویندارەكەیدا ، لە هەمان كاتدا ژیرانە گەڕاوەتەوە بۆ ئەسڵ و ڕەچەڵەكی خۆی كە كوردێكی زەردەشتیەو كتێبی ئاڤێستاش لای ئەو

پیرۆزە . شاعیر دەگاتە ئاستێك بەتەواوی مەستی عیشقی یارو گیرۆدەی داوی دڵداری بووەو بە راشکاوانەو بێ ترس دانی پێدا دەنێ کە هەرگیز تامردن دڵی خاڵی نابێ لە خەیاڵی دڵدارەکەی کە دەڵێ –

ژنێك ئیدی هەرگیز دڵم خاڵی نابێ لە خەیاڵی

ژنێك بە سێلاوی ئەوین دەشتی خەفەتمی راماڵی ل٢١

ژنێك دەشێ هەتا دەمرم لە دڵما بمێنێتەوە

شەوان بە پەنجەی یادێکی برینم بکولێنێتەوە ل٢٢

شاعیرمان لە خەیاڵی خۆیدا وا هەست دەکات کە دڵدارەکەی تینووی ئەوینی ئەمەو چاوەڕێی شیعرە بە پێزەکانیەتی بەلاّم وا نیە . ئەوەتا خۆی دەڵێ –

ژنێك تینوو وەك بیابان بۆبارانی شیعری ناسك

ژنێك لە سەحرای خەونمدا دەرکەوت و ونبوو وەك ئاسك ل٢٢

کاتێك کە دەڵێ دەرکەوت و ونبوو وەك ئاسك . کەواتە دڵدارەکەی بێ باکانەو بە بێ پەروا لە ئەمی شاعیر ونبووەو دوور کەوتووەتەوە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مەعشووقەکەی ئاگای لەو هەموو عەشق و ئەوینەی شاعیر نیە . تەنانەت دەچێتە هەندەران و خوا حافیزییەکی لێناکات کە دەڵێ–

ژنێك دەڕواو لە هەندەران خەمم دەکات بە گۆرانی

ختووکەی رۆحی من دەدات هەموو شەوێ تا بەیانی ل٢٢

شاعیری عاشقمان هێشتا یەکلایەنانە خۆشەویستی دەکات و نازانێ ئەویندارەکەی ئاگای لە دڵی ئەم هەیە یان نا . تازە بە تازە بە تەمایە دڵدارەکەی لە هەندەران بێتەوەو ئەمیش باسی عەشقی خۆیی بۆ بکات و وەلاّمێکی لەو دڵدارەوە دەسکەوێت و دڵی ئارام ببێتەوە و رازو نیازی دڵی یەك بۆ یەکتر باسبکەن و هێندەشی خۆشدەوێ لە پێڵووی چاویدا دەیخەوێنێ و دەڵێ –

دەڵێن ئەم پایزە دێی و بوخچەی رازت دەکەیتەوە لەم لانەوازە بێنازە دەرگای نازت دەکەیتەوە ل٢٣

دەڵێن ئەم پایزە دێی و دەنووی لە پێڵووی چاومدا

هەردوو یەك دەگرنە ئامێز لەگەڵ رۆحی گریاومدا ل٢٥

وشچەی خاری لە جێی درك بەکار هێناوەو دێڕەکەی پێ رازاوەتر کردووە کە دەڵێ –

دەڵێن ئەم پایزە دێی و بەهاریش





شەرمەزار دەکەیت

باخە بچکۆلانەی دڵم لە خاری خەم بژار دەکەیت

لەهەمان کاتدا گەلێ وشەی جوانی داتاشیوە وەك گەرووی گوێ کە پەیامەکەی گەیاندووەو مانای پڕ لە مەبەستی داوە بە دەستەوە ، کە دەڵێ –

دەڵێن ئەم پایزە دێی و دەبی بەبەهرەی شیعری نوێم

چپەی دەنگت وەك مۆسیکا دەڕژێنیتە ناو گەرووی گوێم ل٢٥

بارانی بە پڕووشەی بیابان و گەیشتنی رۆ ح بە ناو دەم و سەر لێو لەکاتی گیانەلاّداو گەیشتنی خۆشەویست لەو ئان و ساتەدا تام و چێژی خۆی هەیە لە کاتێکدا کە دەڵێ –

ئەوەندە بۆنخۆشیت گوڵم دەڵێی گوڵاوی ناو شووشەیت

حەزی من بیابانێکەو (( تۆ )) یش بارانی بە پڕووشەیت

نازانم بەچی پێوەرێك خۆشەویستی تۆ بپێوم

دووریت خەریکە دەمکوژێت رۆح گەیشتۆتە سەر لێوم ل٢٧

شاعیرمان هەرچەندە لەشیعر نووسیندا بالاّدەستەو چاونەترسە لە دەربڕینی وشەدا بەلاّم زۆر شەرمن و راڕاو دوو دڵە لە درکاندنی ئەوینەکەی ناو دڵی بەرامبەر بە ئەویندارەکەی و تاکو ئێستا بەرەو رووی نەبووەتەوەوبڵێت خۆشم دەوێی . وردە وردە هەست بە نیگەرانی دەکات لە بێمەیلی یارەکەی کە دەڵێ-

دڵی من نێرگسە جاڕە خەزان مەکە بە میوانم

ئەوین گوێ نادا بە یاسا لەبێمەیلیت نیگەرانم ل٢٨

تازە بە تازە دەڵێ هەست بە سووتانم ناکەیت ؟! کە دەڵێ –

بۆچی نایەی وەکو باران بەسەر خاکی دڵما داکەیت

من پەروانەی روخساری تۆم بۆ هەست بە سووتانم ناکەیت ل٢٨

وا دەردەکەوێ پاش دەیان ساڵ هەستی بەهەڵەی خۆی کردووە کە راشکاوانە خۆشەویستیەکەی نەدرکاندووە بۆ بەرامبەرەکەی . ئەوەتا خۆی دەڵێ –

خۆزگە دەیان ساڵ لەمەوبەر زمانی چاوت فێر دەبووم دەمم بنابایە زنەی ئەڤینتەوە تا تێر دەبووم ل٥٧

ئنجا شاعیرمان هەست بە دابڕان و دووری و تامەزرۆیی دیدەنی مەعشووقەکەی دەکات کە دەڵێ-

گوڵێ بێ تۆیی کوشتمی لەم دەڤەری

گەرمەسێرە
بۆنی عەتری هەناسەتم بەنامەیەك بۆ بنێرە
٥٨
باشبلاخی لەناچاریدا پەنا دەباتە بەر شنەی شەماڵ چوونکە گەیشتن بە دڵدارەکەی مەحاڵەو دەڵێ -
ئەم بەیانیە شنەیەك تێپەڕ ببوو بەلای تۆیا
بۆنی عەتری هەناسەتی هێنابوو بۆم لەگەڵ خۆیا
ئەمەش بە توانایی شاعیر دەردەخات . شاعی ربە جوانی رۆحی خۆی دەشوبهێنێ بە لاو لاو و باڵای یارەکەشی بە سنەوبەر و لێکیان دەئاڵێنێ و دەڵێ –
لاو لاوی رۆحم هەڵزنا بە بەژنی سنەوبەرتەوە
حەیف شووشەی دڵت شکاندم کردت بە سەدان کەرتەوە
ل:٥
چرو پڕی و کورتی لە دەربڕیندا و پێکانی ئامانج خەسڵەتێکە لە پرمانایی و بە توانایی لە دێڕەکانی باشبلاخیدا ، زۆر جوانە کە بە دڵدارەکەی دەڵێ خۆشەویستیت خوێن و دەمارو ئێسکمی داگیر کردووە و ئەگەر بە جێم بێڵی بەفرمێسکی چاوم تۆفانێ بەرپا دەکەم هاوشێوەی تۆفانەکەی نۆح . کە دەڵێ –
خۆشەویستیت بۆتە بەشێك لە خوێن و دەمارو ئێسکم
جێم مەهێڵە با تۆفانی (( نوح )) هەڵنەستێ بە فرمێسکم
ل٦٥
شاعیر لە یارەکەی دەپاڕێتەوە کە سەفەر نەکات و نەچێتە ئەورووپاو دەڵێ –
نەکەیت بچیت گوڵم لەو ئەورووپایە
ئەوەی تیا شك نەبەم سسۆزو وەفایە
ل٢٢٢
بەڵام چوونکە هیچی بۆ یارەکەی نەدرکاندووەو بەم ئەوینەی شاعیر نازانێ سەفەر دەکات و شاعیریش دەس دەکاتە شیوەن و باوکە ڕۆ و دەڵێ –
لە رۆژی سەفەری تۆوە شیوەن و باوکەڕۆ دەکەم
بەدیار تەرمی ئەوینەوە فرمێسکی خوێنین رۆ دەکەم
ل٦٧
شاعی ردێت بە ئێمەو خوێنەران دەڵێ–
ئێوارەیەکی پایز بوو کە سەفەری کرد لە پرا
منی بەخشی بە تەنیایی ئۆقرەو ئارامم لێ برا
ل٢٣٨
گلەیی خۆیشی بۆ دڵدارەکەی دەکات بەڵام بە نووسین نەك روو بە روو چوونکە بەرامبەر یار زۆر شەرمنەو لە نووسیندا چاونەترس و راستگۆیەو دەڵێ –





ئەوە سێڵاوی ئەوینی تۆ بوو تەمەنمی چەشنی چیا بنکۆڵ کرد
کەسەفەرت کرد شادیش لەکن من وەك خێڵی قەرەج هەواری چۆڵ کرد
ل:٢٤
یان دەڵێ – ئەم نامانەم بنووسەوە وەك یاداشت
گلەیی بێت منت بە زیندوویی ناشت
ل٧٧
ئنجا دەڵێ – گوڵم لەسایەی عیشقی تۆ دڵم بۆتە فەرهەنگی خەم
حەسرەتی دووریت کوشتومی هێشتا گلەییت لێ ناکەم
ل:٧
لە شیعرێکی بەناونیشانی هاواری دڵێکی شکاودا شاعی ربە تەواوەتی تووڕە دەبێ و شەڕ لەگەڵ ناخ و دڵی خۆیدا دەکات و ئەستەمە بەلایەوە دڵێك بخرێتە ژێر پێوەو رێزی لێ نەگیرێو بە سوك سەیر بکرێ و لە کۆتاییشدا لێك دابڕێن لە پاش ئەو هەموو عیشق و ئەوینە یەکلایەنە . دڵی شاعیرمان زۆر نەرم و لاوازەو ئەگەر بۆی بکرێ تاوێرێکی رەق لە جێی دڵی دا دەنێ . لەم پارچە شیعرەیدا چیرۆکێکی درێژمان بۆ دەگێڕێتەوە بە کورتی و چڕی و مانایەکی پڕ بە پێستیش دەبەخشێ و یەك بە یەکی وشەکانی جێی خۆیان پڕ کردۆتەوە کە دەڵێ –
بکرایە دڵم دەر دەکرد تاوێرێکم دەخستە جێی
نەك رۆژێ دەیانجار ژنێك بیشکێنێ و بیخاتە ژێر پێی
دڵم بە دەستیەوە شکا دەستم ناچێتە هیچ کارێ
ئەشکی خوێنینم وەك هەوری بەهاران بە خوڕ دەبارێ ل٨٣
***
هەردە پەنجەمم کردبوو بە شانە بۆ قژی نیگرۆی
عیشقی خاوێنی وەکو خوێن بە دڵما دەهات و دەڕۆی ل٨٣
هەروەکو وتمان کاکەی باشبلاخی بە جورئەتەوە دەنووسێ بەڵام بەرامبەر بەوە و لە پەل و پۆ دەکەوێ و زمانی لەگۆ دەچێ کارەبا دەیگرێ بەرامبەر بە یارەکەی و ناتوانێ بیدوێنێ و دووقسەی خۆشی لەگەڵدا بکات کە خۆی دەڵێ –
کە دەستت خستە نێو دەستم
تەزووی عیشقت وەك کارەبا پەنجەی کۆرپەی دڵی گەستم ل٨٩
تەنانەت شەو باشیش ئەمی شاعیر نایکات بەڵکو دڵدارەکەیەتی کە دەسپێشخەری دەکات و بەم دەڵێ شەوت باش . ئەوەتا خۆی دەڵێ –

لەو دەمەیدا کە شەو دادێت بەنامەیەك
شەو باش دەکەیت
بتی ئازارم دەشکێنی و خەمم پەراش
پەراش دەکەیت
لەگەڵ هەموو شەوباشێکدا بێئۆقرەییم
رادەماڵێت
لە ئامێزی هەر شیعرێکما (( تۆ ))
ناسکترین خەیاڵیت

هەر لە شەرمنیی شاعیردایە کە یەکەمین نامەش مەعشووقەکە دەینێرێ و دەسپێشخەری دەکات کە شاعیر دەڵێ –

یەکەم نامەت بۆت نووسیبووم پێویستە
خۆت بناسێنیت ئەی ئێستا بۆب ە
بێدەنگی کۆرپەی حەزم دەتاسێنیت
ل٣ :

شاعیرمان هێندە بێگومانەو شەرمۆکە وا دەزانێ هەموو دنیا چاویان بڕیوەتە ئەو و تێکڕای خەڵکەکە سانسۆرێکن بەسەریەوە چوونکە خۆی دەڵێ –

لە رۆژی عاشقاندا بوو سێوم بە مێخەك بۆ
چنیت ل٢١٥

تێکڕا خەڵکی شار زانیان کە تۆ خۆشەویستی منیت باشبلاخی خۆیشی باش دەزانێ دڵدارەکەی ئاگای لە دڵی ئەم نیەو دڵیشی وەك کانی لە عیشقی یاردا هەڵدەقوڵێ –

ئەی ئەو شۆخەی دەتپەرستم بە بێ
ئەوەی خۆت بزانی
لە نێو دڵما هەڵدەقوڵێی وەك ئاوی
سەرچاوەی کانی

لە شەرمی خۆیدا ئەو ئاواتەی کەلە دڵیدایە بە خەون دەری دەبڕێ نەوەکو رەخنەی لێبگرن . هەرچەندە ئەو هیواو ئاواتەی باسی دەکات ئومێدو ئاواتی ناو دڵیە کە دەڵێ –

کچێ دوێ شەو لە خەونمدا بوو بووم بە
قردێلەی سەرت ل٩٨
دەستی حەزم وەك پشتێنێك خۆی
ئالاندبووە کەمەرت

شاعیر دەگاتە ئاستێك خەریکە دەسبەرداری دڵدارەکەی پێشووی دەبێت و ئافرەتێکی تر دەبینێت کە لەو دەچێ و دڵی دەچێتە لایدا و دڵنیاش نیە لەوەی ئایا ئەمە راستیە یان خەونەو دەڵێ –

ترپەی دڵی شەیدام دەڵێ تۆ غەریب نیت
بەلامەوە
سیمات لەو نازدارە دەچێت کە جاران بۆی
دەتوامەوە ل::
بۆیە ئێستاش دڵنیا نیم بێدارم یان خەو
دەبینم
کە تەماشای چاوت دەکەم من لە تۆد ا ئەو
دەبینم

باشبلاخی زۆر جوان رۆ ح بە ، بەرخۆلە دەچوێنێ و مەرگیش بە گورگ ، کە دەڵێ
–
ئازاری دووریت کوشتمی دڵم بە خاوی لێ
دەدات ل٢٣٣
بەرخۆلەی رۆحم خەریکە گورگ تاوی لێ
دەدات

لە کۆپلە یەکی دیدا شاعیرمان تووشی فەنا بوونی سۆفی ئاسا دەبێت و خۆی لەبیر دەکات و نازانێ خودی خۆی کێیە . سۆفییە کان لە ناو عیشقی خواییدا دەتوێنەوەو دەگەنە ( فەنا فیللا ) و کاکەی باشبلاخیش لەناو ئەوینی ژنێکدا دەتوێتەوەو دەڵێ –

لەو پایزەوە رۆیوە شۆخی شیعریش تۆراوە
لێم ل٢٣٩
هێندە بیری دەکەم زۆر جار خۆم بیردەکەم
نمازانم کێم

هەر وەکو وتمان شاعیرمان چەندە شەرمنەو ناتوانێ رووبە رووبە راشکاوانە گفتوگۆیەکی ئاسایی لەگەڵ یارەکەیدا بکات بەلام لە نووسیندا بە پێچەوانە وە ئەو پەردەی شەرمە هەڵئەداتەوە و زۆر بە جورئەتەوە دەنووسێ و باسی مژینی شیلەی گوڵی دەمی یارو ستیان و مەمکۆڵەو عەتری بن باڵی یارو خاڵی چەنەی چاڵ و گۆ مەمکی یارەکەی دەکات و دەڵێ –

هەنگی لێوی تامەزرۆم سەودا سەرە بۆ
مژینی شیلەی گوڵی دەمی یار
ل ٢٦٩
من پێم خۆشە هەردوو دەستی بزێوم بکەم
بە ستیانی هەردوو مەمی یار
یان دەڵێ –
ئەو دەمەی دێتە ژووانم دڵ لە خەم خاڵی
دەکا
رۆحی تینووم مەستی بۆنی عەتری بن باڵی
دەکا
مەیلی ماچی گەردنی و خاڵی چەنەی چاڵی
دەکا
دوێ شەوێ گۆی مەمکی خستە نێو دەمی
تیفلی حەزم ل:٢٦
وا لە لانکەی سینگی نەرمیدا گڕو گاڵی
دەکا

# بەیاتی..

## ئەو شاعیرەی خوازیار بوو گەلی کوردیش لە ڕیزی گەلانی سەربەخۆی ئەم جیهانە بێ

هاشم جەباری

کاتێـــك بـــەدوای هەنـــدێ وێنـــەی ئەرشـیفیی خـۆم دەگـەڕام بـۆ بەرنامـەی (وێنــە و یـاد )کـە سـەر لـەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٢/١١/١ لـە کـەناڵی ئاسمـانیی (کـەی .ئێن .ئێن) بڵاوکرایـەوە، چـەند وێنەیـەکی خـۆمم لـە گـەڵ شـاعیری گـەورەی عـیراق (عەبـدولوەهاب بـەیاتی ) بەرچـاو کـەوت. هاتەوە بیرم کە ساڵی ١٩٩٠ لە تەلەفزیۆنی (نەینەوا) دەوامم دەکرد و سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٠/٦/٢٨ بـــەڕێز (فریـــا جـــاف) سەرۆکی لقی سلێمانی یـەکێتیی ئـەدیب و نوسەرانی کورد داوای لێ کردم لە ئاهەنگی کردنـــەوەی بارەگـــای نـــوێی لقەکـــەدا ئامـادەبم، منـیش وەکـو سـەرۆکی لقـی هـــەولێر مـــافی ئـــەوەم بـــە خـۆمـــدا (عەبــدولوەهاب بــەیاتی ) کــە ئــەو ڕۆژە لەگەڵ دکتۆر (نەجمان یاسین )ی سەرۆکی لقی نەینەوای یەکێتیی ئەدیب و نوسـەرانی عێـــراق و شـــاعیر (مەعـــەد جبـــوری ) بەڕێوەبـەری تەلـەفزیۆنی نەینـەوای ئـەو کاتـــە بـــە یەکـــەوە بـــووین بانگهێـــشتی هەرسێکیان بکەم بۆ ئاهەنگەکە ،ئـەوانیش بـە شـانازییەوە قایـل بـون و دەسـتبەجێ کاك فریام ئاگادار کـرد و زۆری پێخۆشـبو، پێشم وت دەبێ دکتۆر (عیـزەدین مـستەفا ڕەســول )ئاگــادار بکــەی چــونکە دەزانم بەیاتی دۆستێکی دێرینیەتی .

کــە گەیــشتینە ســلێمانی زۆربـــەی ئەدیبانی سلێمانی بـە ئامـادەبونی دکتـۆر (عیزەدین)و بەیێز (مـستەفا سـاڵح کـەریم)





لە پێشوازی مێوانەکانـدابون و ڕێزێکی بێ هاوتایان لێ گرتن هـەر ئـەو ئێوارەیـە ئاهـەنگی کردنـــــەوەی بارەگاکـــــە بەڕێوەچـــو، شەوەکەشـــی دانیـــشتنێك لـــە یانـــەی پزیـشکانی سـلێمانی ئێمـەو دکتۆر عیزەدین وکاك مـستەفا سـاڵح و خوالێخۆشـبو عـەلی بۆسـکانی گرتـە خـۆ، بـاس باسی ساڵانی مۆسکۆی نێـوان دکتۆر و بەیاتی بوو سـەرەڕای ڕازاندنـەوەی دانیـشتنەکە بـە قسەوباسی ئـەدەب و شـیعر و یادەوەرییـــــەکان . بـــــۆ ئێوارەکـــــەی ڕۆژی دووەم ، کـۆڕێکی شـیعر خوێندنـەوە بـۆ ڕێزلێنـانی بـەیاتی سـازکراو چـەندین پارچـە شـیعری جوان پێشکەشکران ، منیش هـەر ئـەو ڕۆژە ئەم پارچە شیعرەم نووسـی و لـە کۆڕەکـەدا خوێندمەوە :

( شیعر و بەیاتی)

لەو ڕۆژەوە
ژیان لە سەر ئەم زەمینە
لە ئارایە ..
چ نێر ، چ مێ
ئاوو هەوا
شیعر و مۆزیک
ئاواز و دەنگ
لەم جیهانە فراوانە
چۆن ئاوێتەو تێکەڵاون
چۆن بە عیشقی خۆشەویستی
بۆ یەکتری دۆش داماون
هەر ئاوهاش
بەیاتی عەشقی شیعرەولێک نابنەوە
ئەم پەرۆشی ئەندێشەو کێش
ئەویش شەیدای
هەستی ناسک
دەرونی تەیگیرو ئاوکێش
هەردو بۆ یەک
وەک تان و پۆن
ئاوی چیمەنێکی سەوزن

بێ یەکتری وشک و تێنون
هەناسە سوارو لێکەوتون
چۆن خۆر ومانگ
تاریک و یون
درەخت و گوڵ
دڵ ودەرون
شەیدای یەکن
ئاوهاش ئەوان
لەم دنیایە
هاوڕێتییان
بێ هاوتایە
چونکە شیعر ،لای بەیاتی
گەشبینییەو دوا رۆژە
باوک و براو ئامۆزایە ...

(عەبدولوەهاب بەیاتی)یەکێك بو لە شاعیرە هاوچەرخە گرنگەکانی عەرەب ساڵی ١٩٢٦ لە گەڕەکێکی نزیك مزگەوتی شێخ (عەبدولقادری گەیلانی) لەشاری بەغدا لە دایکبووە ، ساڵی ١٩٤٤ چووەتە کۆلێجی مامۆستایان لە بەغدا و ساڵی١٩٥٠ بڕوانامەی لیسانسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە سەر دەستی مێژونووسان (مستەفا جەواد و عەبدولفەتاح سرنجاوی و محەمەد مەهدی بەسیر) بە دەستهێناو هەر لەوێشدا (نازك مەلائیکە و بەدر شاکر سەیاب و سلێمان العیسا)ی ناسی و ئاشنایەتییانی لەگەڵدا پەیدا کرد . ساڵی ١٩٥٠ تاکو ساڵی ١٩٥٣ مامۆستایەتی کرد، ساڵی ١٩٥٤ رۆڵی رۆژنامەگەرێتی لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ )دا بینی ،بەڵام گۆڤارەکە داخرا و ئەمیش لەسەرکار لابرا ،لەبەر دژایەتی کردنی (پەیمانی بەغدا)ش کە تازە بەغدا چوبووە ناو پەیمانەکەوە، دەستگیرکرا . دوای ئازادکردنی بەغدای بەرەو دیمەشق و ئینجا بەرەو بەیروت و پاشان بەرەو قاهیرە بەجێهێشت ،ساڵی ١٩٥٦ بووە نوسەر لە رۆژنامەی (جەمهوریە)ی قاهیرەیی .

دوای بەرپابونی شۆرشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ، بەیاتی گەڕایەوەبەغداو کرایە پاشکۆی رۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە مۆسکۆ ، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٩وە تاکو ساڵی ١٩٦٤ مامۆستای زانکۆی زانیارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بو ، هەر لەو ماوەیەدا ساڵی ١٩٦٣ شانۆگەرییەکی شیعری لە سێ بەشدا بەناونیشانی (دادگایەك لە نیسابور)بەچاپ گەیاند .

بەیاتی لەکاتی منداڵی و هەرزەکاری و لاوێتیدا ، کەسێکی شەرمن و کەمدو و دورەپەرێز و بێدەنگبو و کاروباری خەڵکی دیکەی لەلا گرنگ بو و جاری وادەبو چەند کاتژمێرێك ورتەی لە دەم دەرنەدەچو . بەڵام پاش دەرچونی لە عێراق کە چاوی بە ئەدیبانی عەرەب و بیانی کەوت ،بووە بەیاتییەکی دیکە و کەوتە لێکۆڵینەوەو دەمەتەقێ ی ئەدەبی و خۆدەرخستن و کۆبونەوەی جەماوەری .

بەیاتی دەیگێڕایەوە کە بە درێژایی شەقامی گەیلانی مزگەوتی (خلانی) هەبو و





خاوەنی کتێبخانەیەکی زۆر گەورە بو ، تەنانەت کتێبی تازەشی لەخۆگرتبو وەکو چەند کتێبێکی (تاها حوسێن )و دیوانە شیعرەکانی ئەحمەد شەوقی و مارف رەسافی زیاتر دەڵێ : رۆژێك چیرۆکنوس (غایب توعمە نوعمان )منی لە گەڵ خۆیدا بردە کتێبخانەکەو لەوێ کتێبی (ئەلئەیامی ) تاها حوسێنم بۆ خوێندنەوە وەرگرت و زیاتر هەستم بەخۆناسین و کتێب خوێندنەوە کرد .

بەیاتی ..شاعیرێکی رۆمانسی بو و شیعرەکانی (ئەختەل سەغیر ) و هەندێ شاعیری مەهجەری کاریگەریی زۆریان لە پەرەپێدانی توانای شیعریی بەیاتی کرد. ئەم شاعیرە بە درێژایی پتر لە ٤٥ ساڵ ٢٤ دیوانی شیعر و وەرگێڕانی لە چاپ درا، لە شیعرە مرۆڤایەتییەکانیدا بە توندی دژایەتی رەگەزپەرستی و تایەفەگەری دەکرد. بەیاتی یەك لەو شاعیرانە بو کە لەگەڵ (بەدر شاکر سەیاب و نازك مەلایکەو شازل تاقە) قوتابخانەی شیعری نوێیان لە عێراق دامەزراند و بوونە پێشەوای شعری سەربەست.

بەیاتی ..ساڵی ١٩٦٣ رەگەزنامەی عێراقی لێ سەندرایەوەو گەڕایەوە قاهیرەو لە ساڵی ١٩٦٤وە تاکو ساڵی ١٩٧٠ لە قاهیرە مایەوە و لەوێدا مێوانی تایبەتی (جەمال عەبدولناسر)ی سەرۆکی میسر بو ئەو ساڵانەی ئەوێ بەرهەمی زۆریان بەدواوە بو، دوایی گەڕایەوە عێراق و ساڵانی ٧٠ی لەوێدا بەسەربرد ، هەر لەو ماوەیەشدا سەردانی چەند وڵاتێکی عەرەبی کرد و ساڵی ١٩٧٠ سەردانی فاس و ساڵی ١٩٧٣ تونس و ساڵی ١٩٧٨ بەیروت .ساڵی ١٩٨٢بە بەڕێوەبەری مەڵبەندی رۆشنبیری عێراق لە (مەدرید)ی پایتەختی ئیسپانیا دامەزرا، لەوێدا پێی لەقۆناخێکی شیعر نا کە قۆناخی ئیسپانیایی بو و وەکو ئەدیبێکی باڵای ئیسپانی لە هەردو ئاستی رەسمی و میللی دا ناوی دەرکرد، حکومەتی ئیسپانیاش مانگانەیەکی بۆ تەرخان کردو دیوانەکانیشی وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئیسپانی .

بەیاتی ئیسپانیای زۆر خۆشدەویست و لەوێوە روی لە وڵاتانی باشوری ئەمریکا دەکردو چەندین کۆڕ و موحازەرەی لەو وڵاتانەدا پێشکەش دەکرد .دەڵێن: چەندین جار باڵیۆزخانەی عێراق لە مەدرید داوای لێدەکرد بابەتێك یان شیعرێك بۆ (سەدام حوسێن) پێشکەش بکات ، بەڵام داوای لێبوردنی دەکردو دەیگووت : من ستایشی خاوەن دەسەڵات ناکەم و شاعیرێکی سیاسیش نیم ،دەسەڵاتدار رۆژێك دێ نامێنێ ئەو کاتە شیعرەکانیش هیچ بایەخێکیان نامێنێ ، بەڵام شیعری دوور لە دەسەڵاتدار دوایی نایەو نامرێ .

بەیاتی شاعیری قۆناخێکی دیاریکراو نەبوو بەڵکو شاعیری هەموو قۆناخەکان بوو .

دوای شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ بەیاتی دەستی لە کار کێشایەوە

بەرەوشاری (عەمان)ی پایتەختی ئەردەن بەڕێکەوت .ساڵی ١٩٩٥ خەلاتی سوڵتان عەویسی لە شیعر وەرگرت و دەستبەجێ خەلاتەکەی بۆ یەکەم دیوانی شاعیرێکی لاو تەرخان کرد .ساڵی ١٩٩٧لەسەر بانگهێشتی (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی سوریا چووە ئەو وڵاتە . شایانی باسە : بەر لە شەڕی ساڵی ١٩٩١ بە چەند مانگێك بەیاتی هاتەوە بەغدا و ماوەی ٣مانگ مایەوەو هەر ئەو کاتەش بوو هاتە شاری (موسل)و من لەگەڵ خۆمدا بردمە سلێمانی

بەیاتی..دۆستێکی دێرین و بە وەفای (گۆران)ی نەمر بوو .دکتۆر(عیزەدین مستەفا رەسول) لە ژمارە(٤٩)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەفتەنامەی پاشکۆی عێراقدا دەڵێ: بە هەواڵی کۆچی دوایی (گۆران) لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا هەمووومان راچڵەکین و لەگەرمەی ئازاروخەما بەتەمای نەفەسێك بووین کە داخی ناخ و دەرون دەربڕین ، بۆ چڵەی ماتەمین (عەبدولوەهاب بەیاتی )شاعیرمان دانا بۆ لاواندنەوی (گۆران). گەڕامەوە بۆ ماڵی هاوڕێم بەیاتی لە مۆسکۆ چونکە من خوێندنم لە باکۆ بو ، کە ئەهاتم گەلێ ئەبوم بە میوانی.. هەر لە ئێواریەوە بە یەکەوە دانیشتبوین ، بەیاتی زۆر بە ئازارو ناڕەحەت بو چونکە گۆران ی زۆر خۆشدەویست ونەیدەویست لە کۆڕی لاواندنەوەی دوا بکەوێ ، شاعیری بۆنەکانیش نەبو تا ئامادەکردنێکی بە پەلەی لا ئاسان بێ . بۆیە بڕیار وابو سبەی پەخشانێکی شایان بەو ماتەمینییە ئامادە بکات .من خەو گرتمی و خەوتم ، ئەو بە بێزاری و ئازارەوە مایەوە، کاتژمێر چواری بەیانی بوو کاتێك لە خەو هەڵیساندم : هەستە هۆنراوەیەکم دەربارەی گۆران ئامادە کردوە

چۆن ؟..نەت ئەبینی ئازارو ژان هەڵی ئەگوشیم ،تا پێش چەند ساتێك ئەم هۆنراوەیە بو ، گەڕابوو ..کە پێم وت هەڵبەستەکەم خوێندەوە ، ئینجا هاوەڵم بەیاتی خەوت .. وەکو جەنگاوەرێك لە مەیدانی جەنگ گەڕابێتەوە.. وەکو کرێکارێکی ماندو ئیشی شەوی دوایی هێنابێ ...ئینجا خەو لە چاوی من گەیی ، پێنوسم هەڵگرت وەرگێڕانی هۆنراوەکە بە هۆنراوەی کوردی ئامادەبو ، کە ئێوارەی داهاتو لە هۆڵەکەی دانیشگای (مۆسکۆ)دوای ئەوەی بەیاتی هەڵبەستەکەی خوێندەوە ، منیش ئەم هەڵبەستەم بە کوردی خوێندەوە کە وەرگێڕانەکەی هەڵبەستی بەیاتی بو ، ئەمە دەقی هەڵبەستەکەیە :

**بۆ عەبدوڵا گۆران**
**بەفر لە چیا ئەتوێتەوە**
**چیای کوردستان**
**بەهاری نوێ سەوز ئەکات**
**گشت دۆڵ و کێوان**
**هۆنراوەی جوان**
**هەوێنە بۆ بەستەی رەنگین**





**بۆ دڵ و ئەوین**
**بەو وشانە سەد گوڵ**
**ئەکرێتەوە**
**بەناو شەوی مەرگ و نەهاتا**
**لەو وشانە، دەمی خونچەی**
**ئەپشکوتێ**
**ئەو باخچە جوانە**
**گڕی بەیان**
**بەیانی بەختی رەنجبەران**
**هونەروەران**
**ئەسوتێنی بەد فەسالان**
**تا گەلێک بێتە ناو جیهان**
**تا بژی ئینسان**
**دە سەرکەوە بەرەو لوتکە**
**پەری شیعر ،ئەی قافیەی غەم**
**ببیە شەووڕۆژی زەمان**
**ببیە دەریاو چەم**
**بگەرە ئەو بەیانەی وا**
**هەڵدێ لە کێوان**
**کێوی کوردستان**
**لەوێ لەسەر لوتکەی کەژان**
**لەشوێن بەفرو لەشوێن گیا**
**بۆ سوری ئاگر**
**سنگی وەکو شێر کردۆتەوە**
**گۆرانی شاعیر**
**بۆ تیشکی رۆژ،بۆ هەڵۆوبازان**
**تا گەلێک بێتە ناو جیهان**
**تا بژی ئینسان**

ت٢/١٩٦٢–مۆسکۆ

بەیاتی ..ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و دورە وڵاتی بەخۆوە بینی و هەمیشە لە ماڵ و خێزان و کەسوکار دور بووە و رژێمەکانی عێراقیش زیاتر توشی شۆك و دەردەسەرییان دەکرد .کچەبێژەری تەلەفزیۆنی بەغدا (مەیسون بەیاتی)برازای بەیاتی شاعیربوو، زۆر بڕوای بە من هەبوو ، مانگی نۆیی ساڵی ١٩٩٥ لە گۆڕەپانی مەیدان لە بەغدا بینیم زۆر بێ تاقەت و خەمبارابو ،بۆی باسکردم کە دەزگا ئەمنییەکانی بەغدا تەنگیان پێ هەڵچنیوە و داوای لێ دەکەن بە خراپە باسی بەیاتی بکات و بە خۆفرۆش و خاین ناوی ببات ، بەڵام ئەو ئافرەتە خاتونە هەرچەندە کە پەیوەندی لەگەڵ بەیاتیی مامەیدا باش نەبو و قسەیان بە یەکەوە نەبوو و تاڕادەیەك خۆشیشی نەدەویست ئەو ئاواتەی دەزگاکانی ئەمنی بەدی نەهێناو وازی لە فەرمان و بەرژەوەندییەکانی خۆی هێناو بە یارمەتی هەندێ خێرخواز توانی خۆی لە چنگی ئەو دڕندانە بەرەو دەرەوەی وڵات رزگار بکات ... بەیاتی پاش ئەو سێ مانگەی لەعێراق مایەوە جارێکی دیکە بەغدای بەرەو دیمەشق بەجێهێشت ، هەر لەوێشدا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردو لەسەر راسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی غەریبان لە (سەیدە زەینەب )ی شاری دیمەشق بە خاك سپێردرا.



ستار ئەحمەد

# ڕەشبەڵەکی پەیڤی شیرین

که شیعرێك دەخوێنمەوە ،گرنگ نییه بەچی ستایلێ نوسراوە ،یاخود سەر بەکام ڕێبازە جوانی شیعرەکە لەوەدایە ، ناخت بهەژێنێ بەپێزو پڕماناو نەمربێت .. ،بە بۆچوونی من ئەوەیە شیعری نوێ، چونکە هەرکەسێ بەرهەمێکی زیندووی هەبیت بە زیندوویی دەمێنێتەوە .

لێرەدا دێمە سەر وەرگێڕێکی ماندوو نەناس ،پیرێکی لاو ،دڵسۆزێکی بزر ،خۆش مەحشەرێکی هێمن ڕەفتار ،ئەویش مامۆستا (محەمەد سابیر مەحموود)ە.کە نامیلکەیەکی شیعری بەناونیشانی زایەڵەی کۆچ) بەچاپ گەیاندووە ،ڕۆژنامەی (سێبەر )بەم کارە هەڵساوە ،حەزمکرد چەند ڕوونکردنەوەیەك لەسەر یەکێك لەشیعرەکانی بەناونیشانی (چەمەرانە)







بخەمە ڕوو ،کەتێیدا دەڵێت :.

**بەسەر شانی خەمتانەوە**

**بۆ ڕابوردووم گریانم دێ**

**لەناخەوە ئەتانبینم**

**ناڵەی دڵم بە گوێما دێ**

کۆپلەیەکی ورشەدارو مانابەخش ، وەکوو گەردانەیەکی پرشنگدار پێکەوەگرێدراو ئاوازێ بەگوێمانا ئەدا ، لەزریوەی ئەو ئەستێرانە دەچێ.بەتامەزرۆیی لەتێو کانییەکی نیوەشەودا مەلەدەکەن ، سروەیەك بەناخت دەبەخشن.لەدەسپێکی خەمەکانی ڕابردووی دۆستانەوە هەتادەگات بەناخی شاعیر و زایەڵەی ژانێك وشەکان دادەگیرسێنن ،شاعیر دەخەنە باری حاڵلێهاتن ،سۆفی ئاسا بەئەشك گەردی سەردڵ و گوڵەکان دەشواتەوە:

**کوورەی دەروونتان ئەجۆشێ**

**ژانەکانی بەگژما دێ**

**کڵپەی ئاگرو دووکەڵی**

**هەناسەتان بەڕووما دێ**

چەندخۆشە شاعیر،تەنها بیر لەکسپەی ئازاری خۆی نەکاتەوە ،بەڵکوو گڕی دەروونی بەرامبەر سووتانی خۆی و شیعرەکانی بزانێت ، کێشەی کۆمەڵ تەنگی پێهەڵچنێ ، بەدوای سەرەداو هەتوانی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵەدا پەروانە ئاسا شیلەی گڕو ئاگر هەڵمژێ .ڕەنگە زۆر کەس لەو بڕوایەدابن،کەهونەر بۆ هونەرە ، لەراستیدا شاعیر دەتوانێت ،لە دایکبوونی شیعرێکدا ئازارەکانی ناخی بەتاڵبکاتەوە، هیچ نەبێت بۆ تاوێك زامەکان وگرفتەکانی ساڕێژبن ،دیارە شاعیریش تاکێکی کۆمەڵەو کەرتیش دەکاتە گشت ،کەواتە زۆرجار شیعر چارەیە ،بۆ مەینەتی و هەندێ کێشەی دەروونی کۆمەڵ

**دە فەکانتان ئەنرکێنن**

**دە هۆڵەکان گرمەیان دێ**

**وەرزی بەهارم داخزا**

**واخەزانە بە دوایا دێ**

دیارە تە مە ن بەرە و پیری و پووکانەوە دەچێت. وەلێ شیعر وکۆپلەی شیرین. هەمیشە لەگەڵ ڕۆژگاردا دەژین. پیربوون و مردن نازانن. ئەم شیعرەی شاعیریش ڕەنگە بەم ڕوونکردنەوانە و لێکۆڵینەوە کورتە بەهەموو کۆپلەکانیدا ڕانەگەم، لەو بەرهەمانە یە ماوەیەکی زۆر دەژی، چێژوو بەرامەی دەمێنێ وەکوو مێخەك و عەنبەر هەردەم سەودا سەری خۆی هەیە ،چەمەرانەیەکە ئاوێزان بەلەزەتی شادی و دەنگی دڵ و مۆسیقا و مۆرکی کوردەواری دڵڕفێن .

وشەسازییەکی ناسك و جوان .. ڕەشبەڵەکی پەیڤی شیرین ،بەشێوەیەك دەکەونە سەر چۆپی و ئاهەنگێڕان و








چەمەرانەی مەرگێك كە بەخشش و نەمری لە پاش خۆی بەجێدەهێڵێ، ماڵاوایی عومرێك ،ئەزموونێكی لە خۆگرتووە ، دەبێتە وانەو ئەوینداره‌كان دەیڵێنەوە، دڵتەڕیی شاعیر لەوە دایە ،هەتا دواتەمەنی ئەشك لەدیدەیدا نابڕێت ،بۆ ئاودانی گوڵی بەهاری ئەو عاشقانەی بەتەمان بەستەی وەفا بۆ دڵخوازەكانیان بكەنە خەناوكەی عەشق و وەكوو دیارییەكی بیۆێنە ، لە یادەوەرییەكانـدا سـەمای مـەرگی پێبڕازێننەوە.

شاعیر بەردەوام دەبێت تادەگاتە ئەوەی دەڵێت :.

**ئەمن بەرەو نەمان دەچم**
**ئێوەن نەوەی تازە حەزێ**
**لێدەن دەروێشانە لێدەن**
**تادڵی گەرمم ئەتەزێ**

تین لەدڵی شاعیر گەرموگوڕی لە هەنگاوەكانی جوێنابێتەوە تەنانەت بۆ پاش مەرگیش ،،پەیامی خۆی هەیە، دڵنیابە بەری رەنجی بەفیڕۆ ناڕوات ،لە نێو تاسەو ئارەزووی رۆچۆنی تەمەن و ماڵاوابییدا ورشەی ئارەزووی ئاسوودەیی لەدیدو دەروونی نابڕێ.مامۆستا محەمەد سابیر ،، هەر وەرگێڕێكی بەتوانا نییە بەڵكوو شاعیرو چیرۆكنووسیشە خەمخۆرێكی ئەم شارەیە ،هەرچەندە ·رێزی زێر لای زەرەنگەرە) كوردیش میللەتێكە .. هەرگیز وەفاو بەخششی كەس لە یاد ناكات.



موعتەسەم سالەیی

# چەتر

دونیا لەبەرچاوم تاریك داگیرابوو. هەورێکی توند رووی ئاسمانی داگیرکردبوو. نەرمە بارانەکە پڕووشەی دەکرد و دادەباریە سەر جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەم. هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە فلچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەم خستبووە جوولە بۆ لابردنی نمە نمی بارانەکە. لەلایەکی تریشەوە ناچاربووم کە بە هێواشی هێدی هێدی لەسەرخۆ ئۆتۆمبیلەکە لێبخوڕم. سەرەڕای باوباران و کەش و هەوا سەختەکە، کەچی ئۆتۆمبیلێکی زۆر لە قەمەرە و لۆریی گەورەی بارهەلگر دەبینران، کە بێ وچان لە هاتوچۆدا بوون و جادەکەیان دەبڕی. لە ڕۆژێکی ئاوەها تووشی پڕ لە باوباراندا وەها چاکە بە خێراییەکی کەم ئۆتۆمبیل ڕەوت بکات، کەچی کۆمەڵێك شۆفێری سەرکێش گوێ بە هیچ ڕێنمایی و یاسایەکی هاتوچۆ نادەن و بەخێراییەکی زۆرەوە ئۆتۆمبیلەکانیان لێدەخوڕن. من لە ئاستی خۆمەوە خۆشیم بەو سەرکێشییە نییە و خوازیاری ئەوە نیم کە خۆم تووشی کارەساتێکی سەر ڕێ و بانەکان بکەم. بە






تەنیا دانیشتبووم و بە وریاییەکی زۆرەوە ئۆتۆمبیلەکەم لێدەخوڕی. شارۆچکەی پردێم بڕی بەو نیازەی لەگەڵ خۆرئاوابووندا بگەمە ماڵێ لە شاری کەرکوك. ڕادیۆکەم کوژاندەوە و بێدەنگم کرد، بەو شێوەیەیش بووارم بۆ ڕەخسا کە زیاتر ئاگام لە دەوروبەر و پێشی خۆم بێت. تەنیایی و لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لە ڕۆژێکی ئاوەها باراناویدا دەبێتە مایەی بێزاری و، سەخڵەتی دەهێنێتە کایەوە. نمە نمەی بارانەکە بەردەوامە و فلچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەیشم بێ وچان لە جموجۆڵدایە و کارئاسانیم بۆ دەکات بۆ بەدیکردنی پێشی خۆم.

شارۆچکەی پردێم بڕی، لەپڕ لە خوارووی ماڵەکانەوە روخساری کابرایەکی تاك و تەنیا بە تەنیشتی جادەکەوە سەرنجمی ڕاکێشت. چەترێکی ڕەشی کراوەی بەدەستەوە گرتبوو بۆ خۆپاراستن لە پڕووشەی بارانەکە. سەروگوێلاکی خۆی بە جامانیەك پێچابووەوە و پاڵتۆیەکی ئەستوور و شۆڕی لەبەردابوو. کاتێك چاوی بە ئۆتۆمبیلەکەم کەوت. بەپەلە خۆی گەیاندە سەر جادە قیرەکە، وەهام بۆ دەرکەوت کە مەبەستیەتی ڕێگریم لێبکات و بموەستێنێت. دەستێکی لێم هەڵبڕی و ئەوسا بۆم روون بووەوە کە دەیەوێت بچم بەهانایەوە و هەڵیبگرم. زیاتر هاتە سەر جادەکە و سووربوونی خۆی بۆم دووپاتکردەوە و زانیم کە پێداگرە لەسەر ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکەم. ناچاربووم لابدەمە لاوە و بۆی بووەستم. بەپەلەو بەخێرایی بەرەو ئۆتۆمبیلەکەم هەنگاوی نا. چەترە ڕەشەکەی قەدکرد و دەرگاکەی کردەوە و بەهەناسەبڕکێ خۆی کرد بەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا. سەڵاوی لێکردم و بە تەنیشتمەوە لێی دانیشت. بەخێرهاتنم لێکرد و بەژێر لێوەوە وەڵامی دامەوە. بۆ ماوەیەك بە سەرسوڕمانەوە چاومان بڕییە نێو چاوی یەکتر و لە روخساری یەکتر وردبووینەوە. کابرایەکی تەمەن مام ناوەندی بوو. وەها دیاربوو کە لە ماوەی چەند رۆژی پێشوودا نەپەرژابێتە سەر ئەوەی ریشی خۆی بتاشێت. جامانیەکی بەسەروپۆتەڵاکی خۆیەوە پێچابوو. بێ ئارامی و نائۆقرەیی بە روخساریەوە دیاربوو. لێی دانیشت و بۆ چەند جارێك سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەم کرد. کەوتمە ڕێ و بەرەو شار بەرەوخووار بوومەوە. چەترە رەشە قەدکراوە تەڕەکەی لەژێر پێی خۆیەوە دانا. هەستم بە ماندوێتی و شەکەتی دەکرد. زۆر لەوە دەترسام کە چاو وێك بنێم بەدەم لێخوڕینەوە خەو بمباتەوە. بۆیە حەزم

بەوە بوو کە کەسێك بە تەنیشتمەوە هەبێت و لەگەڵمدا بکەوێتە دەم و دوو. مەودایەکم بڕی و بێدەنگی زاڵ بوو بەسەرماندا. جاروبار وڕەی ئەو ئۆتۆمبیلانە دەهاتنە بەر گوێمان کە بەتەنیشتمانەوە ڕەتمانیان دەدا. بارانەکەیش سات لە دووای سات زیاتر دادەباری و دەیدا بەقەد ئۆتۆمبیلەکەماندا. فلچەی جام سڕینەوەکەیش بێ پەروا خشەخشی لێوەدەهات و دەستبەکاربوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد کە ئەو کابرا نەناسە دەمی هەڵبێنێت و بۆم بدوێت و هەستی تەنیاییم بڕەوێنێتەوە. زۆر چاوەڕوانیم کرد و بەتەمای ئەوەبووم کە گوێبیستی قسەکانی بم. تاوەکو بزانم کێیە و چ کارەیە و لە شاریشدا بەرەو کوێ دەچێت. خەریك بوو لە هەڵوێستی خۆم پاشگەز ببمەوە و پەشیمانیش حاسڵ بکەم سەبارەت بە هەڵگرتنی ئەم کابرا ڕێبوارە نەناسە. هێدی هێدی لەسەرخۆ ئۆتۆمبیلەکەم لێدەخوڕی. تا دەهات بارانەکە زیاتر بەخوڕ دادەباری و دەوروبەریش زیاتر رەش دادەگیرا. لە سات و وەختی مەغریبیش نزیك دەبووینەوە. تەماشای دەوروبەری جادە قیرەکەم کرد. لە ئاکامی ئەو بارانە زۆرەدا لە چەندلاوە دەشت و دەرەکە لە قۆرت و قووڵاییەکاندا گۆلی بەستبوو. گەرچی کەسێك بەتەنیشتمەوە بەبێ دەنگی لێی دانیشتبوو، بەڵام لەناخەوە بێزاری و ماندوێتی تەنگی پێم هەڵچنی بوو.. پێڵووی چاوەکانم خاوبوونەوە..

لەپڕ بە توندی راچەنیم کاتێك بینیم کابرا بە تەنیشتمەوە بەتوندی هاوارم بەسەردا دەکات و داوای وەستاندنی ئۆتۆمبیلەکەم لێدەکات.. بەواق وڕمانەوە تەماشای دەمانچەکەی دەستیم کرد و بەتوندی دامە بەر نیگا.. سەرلەنوێ نەڕاندی بەسەرمدا و داوای لێکردم لابدەمە لاوە و بە تەنیشتی جادەکەوە ئۆتۆمبیلەکە بوەستێنم. سەرم لەو کردەوە چاوەڕوان نەکراوەی سووڕما. سەرزەنشتی خۆم کرد کە بۆچی بۆ ئەم پیاوە نمەك حەرامە وەستام و سوواری ئۆتۆمبیلەکەمم کرد. لەبری ئەوەی سوپاسگوزاریم لێ بکات، کەچی ئێستا رووی لوولەی دەمانچەکەی تێمکردووە و کەوتۆتە هەڕەشە و گوڕەشە لێم. لەسەرەتادا ویستم نەچمە ژێر باری داواکارییەکەیەوە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر فەرمانەکەی و لوولەی دەمانچەکەی لەسەرم گیرکرد، جارێکی تریش بەدەنگێکی زوڵاڵ هاواری لێکردم و پێی وتم گەر بەقسەی نەکەم، ئەوا ناچار دەبێت لەم دەشت و دەرەدا بێکەس کوژم بکات.





لێبڕام لەژێر فشاری هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەیدا لابدەمە لاوە و بە تەنیشتی جادەکەوە ئۆتۆمبیلەکەم رابگرم. لەدڵی خۆمەوە وتم هیچ شتێك بەرامبەر بەم کابرا دەمانچە بەدەستە دادم نادات جگە لە پاڕانەوە و پاکانە نەبێت.. رووی دەمم تێکرد و پێم وت کە مەبەستی چییە و چی لێم دەوێت..؟ دەمی کردەوە و وتی:

– بە کورت و موختەسەری دەمەوێت ئۆتۆمبیلەکەت بڕفێنم بۆخۆم.

بە چاوێکی پڕ لە ترس و بە دەنگێکی نەویەوە پێم وت:

– من چاکەم لەگەڵتدا کرد و کەچی تۆ بە خراپە پاداشتی چاکەکەم دەدەیتەوە دەست. !

– ئەم قسانە ناچن بە گوێمدا.. زوو بکەوە خۆت و دابەزە خوارەوە و جێیەکەتم بۆ چۆڵ بکە.

بەردەوام بووم لەسەر پاڕانەوە بەو ئومێدەی نەختێك دڵی نەرم بێت و لەکەلی شەیتان بێتە خوارەوە، کەچی ئەو زیاتر پێداگری لە داواکارییەکەی خۆی دەکرد. رووی دەمانچەکەی لەنێوچەوانم گیرکرد و پێی وتم:

– بۆ خوا پێت دەڵێم و لە قسەم دەرمەچۆ و بەپەلە بکەوە خۆت و دابەزە خواریێ نەبادا خوێنت بڕێژم و بتکوژم. کێ دەڵێ بەپارەی حەرام ئەم ئۆتۆمبیلەت نەکڕیوە. هەر خوا خۆی دەزانێت کە چ دزی و فزیەکت کردووە و پارەت پێکەوە ناوە و ئەم سەیارە مۆدێل تازەیەت پێ کڕیوە. !

لە ترسانا دەمم تەتەڵەی دەکرد. تووانیم بێمە گۆ و پێی بڵێم:

– باوەڕیت بێت بە درێژایی ژیانم تاقە دینارێکی حەرامم نەخواردووە..

پڕ بەدەم پێکەنی و دایە قاقاو وتی:

– هەمووتان روو لە ئاسمان دەکەن و ئەم قسەیە دووپات دەکەنەوە ..!

دەستم بۆ مۆبایلەکەی قەدم درێژکرد تاوەکو لەگەڵ ماڵەوەماندا قسە بکەم. بەپەلە دەستمی گرت و نەیهێشت بەوکارە هەڵبستم. هەر ئەوەندەم بۆ مایەوە بە ملکەچی دابەزمە خوارەوە و بکەومە بەر ڕێژنەی بارانەکە. ئەویش بەپەلە لە جێیەکەم دانیشت. بەشێوازی کەسێکی سەرکەوتوو تەماشامی دەکرد. سات لە دووای ساتیش دنیا تاریك دادەگیرا و کەسیش ئاگاداری ئەم بۆسەیە نەبوو کە تێی کەوتبووم. هیچ ئومێدێکم نەماو بەتەواوەتی دەستخەڕۆ بووم. زانیم کە دەبێت بە تاك و تەنیا لەژێر بارانی بەخوڕدا لەم چۆڵەوانیەدا بە تەنیشتی جادە قیرەکەوە لێی بووەستم. گەر دەستیش هەڵبڕم کەسێك بۆم ناوەستێت.



ئەوانیش هەقیانە نەوەستن، خۆ وەکو من گەمژە نین کە بەدەستی خۆم ئەم پێشهاتەم هێنایە کایەوە و چارەنووسیشم بەم ئاکامە گەیشت.. لە کەلێنی دەرگاکەوە تەماشایەکی چەترە ڕەشەکەم کرد. دووا هیوا و ئاواتم ئەوەبوو کە ئەو چەترەم پێ ببەخشێت تاوەکو بیگرم بەدەستەوە و خۆم لە ڕێژنەی بارانەکە بپارێزم.. سەرم درێژ کرد و بەدەنگێکی پڕ لە پاڕانەو لەمیانی دەرگاکەوە داوام لێکرد کە چەترە ڕەشەکەیم پێ کەرەم بکات.

جارێکی تریش دایە قاقای پێکەنین. دەستی بۆ چەترەکە برد و هەڵیگرت و هەموو تەلە ڕایەڵکراوەکانی تێکشکاند و ئەوسا تووڕی هەڵدایە سەر زەویە قوڕاویەکەوە... دەستی درێژکرد و قوڵمی بە توندی گرت و ڕایوەشاند.. چاوم کردەوە و هاتمەوە سەرخۆم.. خۆم بینیەوە کە دەستم بەسەر سوکانی ئۆتۆمبیلەکەوەیە و خەریکە لەسەر جادە ڕاستەکە لادەدەم و ڕوو دەکەمە لاڕێ پڕ لە قوڕولیتاوەکە.. کابرای تاین بێ وچان







قوڵمی ڕادەوەشاند. دەنگی هاتە بەر گوێم و ئاگاداری کردمەوە و پێی وتم:

– ئاگاداری خۆت بەو لە ڕاستە ڕێیەکە دەرمەچۆ..!

هەندێك سەرم ڕاوەشاند و زیاتر چاوم کردەوە. بینیم زەلامەکە بە تەنیشتمەوە دانیشتووە و چەترە ڕەشەکەیش هەروەکو خۆی بەقەدکراوی لەژێر پێیدایە.. شەرمەزاری دایگرتم و سەرزەنشتی خۆم کرد و هێدی هێدی هاتمەوە سەرخۆم. لە دڵی خۆمەوە وتم ڕاستە دەڵێن کە درێژترین خەون ماوەکەی بەتەنیا چاوتروکاندنێك دەخایەنێت. دەمم پان کردەوە و بۆ کابرای تەنیشتم پێکەنیم و لە ڕووم نەهات بیبەمە سەرخۆم و، دانی پێدا بنێم کە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەدا خەو بردبوومیەوە. هەرئەوەندەم بۆمایەوە کە لەناخەوە سوپاسی ئەو ڕێبوارە نەناسە بکەم، بەخۆم بڵێم گەر ئاگادارکردنەوەی ئەو نەبووایە پێدەچوو تووشی کارەساتێکی گەورە و گران ببوومایە.. لایتی پێشەوەم هەڵکرد و لەسەرخۆ ڕێگەکەم بڕی و لە شاری کەرکوك نزیك بوومەوە. خۆشبەختانە هاوەڵەکەم بۆم دوواو وتی:

– کوڕەکەم ماڵیان لە کەرکوکە و پێیان ڕاگەیاندووم کە یەکێك لە مناڵەکانی ناساخە. بۆیە منیش بەپەلەپرووزی بەم ڕۆژە پڕ لە وەیشوومەیە ملی ڕێم گرتۆتەبەر تا خۆم بگەیەنمە ماڵیان.

گەیشتینە شار و گڵۆپی دارتەل و ماڵەکان شەقامەکانیان ڕۆشن کردبووەوە و بارانیش بێ وچان بەخوڕ دادەباری. پێش ئەوەی بگەینە ئاستی گەراجی ئۆتۆمبیلەکانی ڕەحیماوە. کابرا داوای لێکردم بوەستم تاوەکو دابەزێت. لامدایە لاوەو ئۆتۆمبیلەکەم وەستاند. بۆ چەند جارێك لەسەریەك سوپاسی کردم و چەترەکەی بەدەستەوە گرت و دابەزیە خوارەوە و خواحافیزی لێکردم. لەسەر شۆستەکە چەترەکەی کردەوە و کەوتە هەنگاو نان و بەوجۆرە لە یەکتری دابڕاین.



ئەسعەد عەزیز محەمەد

# پەیژەیەک بەرەو خوار

لەدوای چەندین ساڵ بۆ یەکەمجار هەستیکرد ئەو دەرگاییەی کەرۆژانە لێی دێتە ژوورەوە دەرگاییەکی کراوە نیە وەك ئەو لێی تێگەیشتووە بەڵکو دەرگاییەکە هەموو کات وبۆ هەمیشە داخراو بووە، ئێستا لەوە دڵنیابووە کەهەرگیز گوێ ی لەجیرەی ئەو دەرگایە نەبووە بکرێتەوە، بەڵکو هەموو ساتێك لەخەیاڵی خۆیدا هەنگاوی بەرەو ناو کۆشکەکە ناوەو تیایدا پیاسەیەکی درەنگ وەختی کردووە، سەدای ئەومیوزیك وگۆرانیانەی لەنێو کۆشکەکە بەرزدەبوونەوەو دەوترانەوە جگە لەحەزوخولیای پەنگ خواردووی ناخی خۆی هیچ کەس ئاوازی هۆنراوەی بەو شێوەی نەچڕیوە،کاتێ بۆ یەکەمجار بەپەیژەی کۆشکەکەدا سەرکەوت ئاسۆییەکی یەکجار دووری دەبینی چاوەڕوانی ئایندەییەکی زۆر گەشاوە



لەقوڵایی بیلبیلەی چاویدا خۆی مەڵاسدابوو، جوڵەو وزەی بەردەوام لەشی داگیر کردبوو، پێش ئەوەی خۆی بداتە دەست ئەو خەونەی کەهەموو ساڵێك لەشەوی یەڵدادا دەیبینێ چونکە ئەوەی دەزانی رۆژێ دێت دەبێت بیگێڕێتەوە، هەناسەییەکی قوڵی پڕ بەهەردوو سییەکەی هەڵمژی وبزەییەکی لەسەر لێوی جگەرە ڕەشکردووی خولقاند، هێزێکی کێشکردن دوور لەخواست و ویستی بەرەو گێڕانەوەی چیرۆکەکە پەلکێشیکرد... هیچ باکی بەوە نەبوو ئەو هێزە لەچ سەرچاوەییەکەوە هەڵقوڵاوە چ جۆرە دەسەلاتێکی هەیە کەئەوەندە بەسەریدا زاڵە چونکە هەموو کات وسەردەمێك خۆی لەسەر ئەوە راهێناوە لەناخۆشترین دۆخەکاندا بەگەمەی خەیاڵ بژێت چونکە بڕوای بتەوی بەوە هەبوو کە ئەوەی مرۆڤ بەپاکیزەی رابگرێت وبهێڵێتەوە بەتەنها دونیای خەیاڵە. بۆ تەنها ساتێکیش ئەوەی لەبیر نەچووەتەوە لەزیندانە تاکە کەسێیەکەیدا سەری بەرەو بنمیچی ژوورەکە بەرز کردبووە لەپڕێکدا جەلادەکە دەرگا ئاسنیەکەی کردەوە لێی توڕەبوو وپێیوت" ها شاعیر چیە دەڵێی نووستووی؟"

ئەویش بەهێمنی جارانی وتی" نەخێر بیرم دەکردەوە "

جەلادەکە هەڵوێستەیەکی بۆ کردوبەنەبرەییەکی گڕەوە وتی" هەبێت ونەبێت بیرت لەڕاکردن دەکردەوە "

بەئەسپایی ولەسەرخۆ" نەخێر بۆ هەر کوێ بڕۆم کەسی لەجۆری ئێوەی زۆر لێیە، بیر لەراکردنیش ناکەمەوە "

"ئەی بیر لەچی دەکەیتەوە؟ "

بەحەسرەت وداخ وپەژارەوە وتی" بیر لەوە دەکەمەوە ئەم رووبەرە زەوییەی ئێوە کردووتانە بەزیندان ومرۆڤی تیا ئازارو ئەشکەنجە دەدەن بیڕوخێنم وبیکەم بەباخچەی گوڵزارو ملیۆنەها پەپولەی رەنگاورەنگی رازاوەی تیا بژێن" هێشتا دوا پیت و وشەکان لەسەر زاری دەرنەپەڕی بوون چەند شەپا زللەیەکی تێوە سرواند.

لەسەر یەکەم پلیکانی پەیژەکە ....

بیری لەوە دەکردەوە ئایا دەتوانێت بگاتە کۆتایی ، سەرکەوتن بەسەر ئەو پەیژەیە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو کەلەلاییەکەوە هەموو چاوەکان لێتدەڕووانن و تەماشاییەکی قووڵت دەکەن نیگای بینییان بەرەو جەستەت ئاراستە کردووە تا دەگاتە ژێر پۆشاکەکەی بەرت، دەمەکانیش بەرەو رووت بەئەندازەی هاوارێکی سامناك کراونەتەوە، لەو شوێنە ولەسەر ئەو پلیکانەیە خەونە دێرینەکەی



بەبیردا هاتەوە چوار کەس بوون لەشەوێکی ئەنگوستە چاودا لەماڵ دەرچوون وبەرەو ڕێگاییەکی دوور بەڕێکەوتن هیچ کامیان نەیاندەزانی جارێکی تر بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە یان ناگەڕێنەوە بەلاّم تا تەوقی سەریان لەعەشقی ئەو سەفەرە نگرۆبوون کە چەندین ساڵ نەخشە وپلانیان بۆی دانابوو، توێشووی ئەو گەشتەییان بۆ کۆکردبووە کە بەڕێکەوتن چەندین ساڵی تەمەن بەیەکی نەناساند بوون وەك ئەو سەفەرە کە بەیەکی ناساندن وجەوهەری کەسایەتیانی لەلای یەکتر ئاشکرا کرد، پەردەی وشە بریقەدارەکانی سەر زمانیانی هەڵماڵی وناوەخنیانی دەرخست .

کەسی یەکەم نیازی شاراوەی ناخی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاّت بوو، دەیویست بەو دەسەلاّتەی کەچاوەڕوانیدەکات هەموو حەزە کپکراوەکانی بەجۆش بهێنێتەوە، کەسی دووەم نیازی لەو گەشتە درێژەی تەمەن بەتەنها پارەو سامان بوو چاوەڕوانی ئەوەبوو بەهۆی پارەو پوولەوە بەهەشتێك





بەتەنها بۆخودی خۆی دروست بکات .

کەسی سێیەم خەمی ئەوەبووخۆشەویستی خەڵکی ئاسایی بەدەست بهێنێت هەمیشە دەیویست ببێتە جێگەی متمانەی خەڵکی ئاسایی ولەنێو جەماوەردا دەمڕاست وبڕواپێکراو بێت .

لەگەڵ ئەو سێ هاوڕێیەی ڕێگەی ئەو سەفەرەیان گرتەبەرو بەهەورازو نشێودا گەڕان، برسێتی وماندووبوون وئازارو ئەشکەنجەیان زۆر چەشت، بەلاّم کۆڵیان نەدا تا گەیشتنە شاری خۆر بەلاّم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ شەبەنگی تیشکی زێڕینی خۆردا نیازی شاراوەی ناخییان قەبارەو هێزو توانای زیاتر دەبوو جڵەویانی کۆنترۆڵ دەکرد، لەماوەی چەند ساڵێکی تەمەندا هەموو هاوڕێکانی بەنیازی خۆیان گەیشتن، ئەوەی خوازیاری دەسەلاّت بوو بەهێزترین دەسەلاّتی بەدەستهێنا ئەوەی خولیای سامان وپارەبوو بووە دەوڵەمەندترین کەسی شار، ئەوەی کەحەزی بەهاونشینی خەڵکی ئاسایی دەکرد بووە دەمڕاست وجێگەی متمانەی جەماوەر، بەتەنها خۆی لەنێو ئەم ئەڵقەیەدا وون ببوو، نەیدەزانی بۆچی هیچ شتێکی ئەوتۆی چنگ نەکەوتووە تا وەك ڕەفیقەکانی دڵی پێخۆش بکات. هەموو چوار دەوری خۆی لەماوەی چەند ساڵێکدا ناسی بەلاّم هیچ کاتێك نەیدەتوانی ناسنامەی شاراوەی ناخی خۆی وەك ئەوانی تر بناسێت،کەسێکی وونبوو لەنێودەوروبەری بێ ناونیشان بوو تا ڕادەییەکی زۆر گیرۆدەی ئەم نامۆبوونە بووەوە، خۆی لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا وون کردبوو تا پەنای بردە بەر خەونێك و لەخەونەکەدا پیرەمێردە ردێن سپییەکە نهێنی چارەنووسی خۆی بۆ هەڵماڵی و پێیووت " دەتەوێت نیازی دەروونت بۆ ئاشکرابکەم، تۆ وەك هاوڕێکانت نیت، تۆ بەتەنها نیازت گێڕانەوەی مێژووییەکی پەراوێزخراوە، ئەمەش نەفرەتێکە هەرماوەی چەند ساڵ جارێك دەخرێتە ئەستۆی یەکێکەوە وا ئێستا خراوەتە ئەستۆی تۆوە " .

ئازارێك لەقولە پێیەوە بەرەو سەرەوە هەڵکشابوو، تا زیاتر بەجەستەی سەربکەوتایە ئەوەندەش بەهۆش وئاگایی دەهێناوە کەلەکۆتاییدا بەئاگا هاتەوە بینی وا لەسەرپلیکانەی یەکەمی پەیژەکە راوەستاوە بەلاّم لەبری ئەوەی بەرەو سەرەوە بڕوات، زانی بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە چونکە ئەمە پەیژەییەکە بەرەو خوار .

ئارابخا/ ٢٠١١

# ڕۆزیتا

گۆران ڕەئوف..سەیدسادق

ئەو دەگریا و سوێندی دەخوارد کە پیاوێکی خۆپەرستە، فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارەوە و وەك ئەوەی زۆر توەڕبێت لەخۆی زلللەی لە خۆی دەدا، هاوارای دەکرد و بەتەواوی سەرزەنشتی خۆی دەکرد... من تائەوکاتە هەرگیز بەو شێوە نەمبینیبوو، وەك بەدمەستێکی تورە وەهابو، دەگریا و سیگاری دەکێشا، من یەکەمین جاریشم بوو ببینم کە ئەو سیگار بکێشێت، بەڵام ئەو شەوە لەگەڵ گریان و لوشکە لوشکەکەیدا سیگاری دەکێشا بە چەشنێك کە زۆر بێتام دەکەوتە پێش چاو، بەدەست خۆت نەبوو عەبوس و ناجسن دەرەکەوت، ڕەنگە هی ئەوەبوبێت کە ئەو شەوە یەکەمین جارییبو سیگار بکێشێت؟ یان لەیەك کاتدا گریان و سەرزەنشتکردنی خۆت و سیگارکێشان بەبێ ئەزمون و ئەو هەمو لێکدانەوانەی بۆ خۆی ئەو کچە دەیکرد وایکردبوو من




نەتوانم وەك جاران بەتاسەوە گوێی بۆبگرم، ئاخر ئەوم هەرگیز نەبینیوە بگریەت، نەمبینیوە بەو جۆرە لۆمەی خۆی بکات، من ئەوەندەی ئاشنای ئەو بوم، کابرایەك بوو زۆر بڕوای بەخۆی و بۆچونەکانی هەبو، زۆر بە ماتی و لەسەخۆ و بەوردی دەپەیڤی، بەڵام ئەو شەوە تەواوی ئەدگارەکانی گۆڕابون!

بەردەوام کە یەکترمان دەبینی زۆربەی کات قسەمان لەبارەی فیلم و ئەو تێکستانەوە بوو کە ئاشنایان بو بوین، هەمیشە ئەو زۆرترین قسەی دەکرد لەبارەیانەوە، من بەو شێوازە ڕاهاتبوم، زۆرکات من شتی زۆر زیاترم لەبارەی ئەو فیلم و نوسینانەوە دەزانی، بەڵام وەك وتم ئەو قسەکەری یەکەم بوو، بۆیە تەنها وەك تێبینی دەمخستنەڕو، هەڵبەت خۆشم کەیفم بەوەبوو. بەڵام ماوەیەك بەرلەوەی ئەو شەوە بێتە پێشەوە کە بۆ یەکەمینجار سیگاری کێشا و بۆ یەکەمینجار لۆمەی خۆی دەکرد و دەگریا، پێکەوە لە باخچەیەکی شار دانیشتبوین، ئێوارەبو، هەواو کەمێك لە سەرلەبەیانی ساردتربو، ئەو بەو جەستە خواروخێچەیەوە بەتها چاکەتێکی لەبەرکردبو، کەمە کەمە چەرەساتمان دەخوارد و توێڵەکەشیمان لە نێوان هەردوکماندا کۆدەکردوە، ئەو ئێوارەیە زۆر بەتاسەوە دەدوا لەبارەی فیلمێکەوە، کە زۆر سەرسامی بو، من دەمزانی لەمێژبو بەو شێوەیە سەرسامی هیچ نوسین و فیلمێك نەبو بو، بەڵام هەروەك ڕۆژەکانی دیکە بێدەنگ و گوێگرانە چاوەڕێ بوم گەرم بێت و بکەوێتە قسە زۆرەکانی، کەمن بۆخۆم چێژم لێدەبینی، من جگە لەقسەی ئەو بەهیچ شێوەیەك حەزم بە فرەڕێسی نییە، بەڵام تا ئێستاش لەو سیحرە تێنەگەیشتوم کە بۆچی لەگەڵ ئەودا وەهانیم، زۆرکات بەخۆم دەڵێم ڕەنگە ڕاهاتبم، بەڵام خۆ من و ئەو جاری واهەیە بە مانگ یەکتر نابینین؟! ئەو ئێوارەیە نەیدەزانی لە کوێوە دەستبکات بە قسەکردن و تێمبگەیەنێت بۆ سەرسامە بەو فیلمە تازەیەی بینیویەتی، دەمبینی بەرلەوەی قسان بکات دەستەکانی دەجولاندەوە، وەك ئەوەی پاسکیل لێخوڕێت و بە دەستەکانی پاریدەر لێبدات، تائەوەی کەوتە سکەی قسەکانی...

بەدەم گریانەوە دەیوت من پیاوێکم پڕم لە خۆپەرستی!! لەتاو خۆپەرستی خۆم کێشەم نییە، هەمو خەونەکانم بتوێنەوە و ببنە تۆز، ببنە هەڵم و ببنە دوکەڵ!! کێشەم نییە!! دەیوت تائەو کاتەی ئەو فیلمەم نەدیبو هاوکاتیش بەجوانی ڕۆزیتام



نەدەناسی، شتەکان جۆرێکی تربوون، هاوکێشەکان لای من وێنایەکی تریان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئاشنابونم بەو فیلمە، ئیتر وەك رێکەوتێکی سەیری ژیان زێدەتر ڕۆزیتاشم ناسی!

ئەو ئێوارەیەی کە زۆر بەتاسەوە دەدوا لەبارەی ئەو فیلمەوەی بینینی بوو تەنها لەبەر یەك هۆکار بوو ئەوەندە سەرسام بو بو، ئەویش ئەوەبوو، تا کۆتا چرکەکانی ئەو فیلمە بڕوای وابوو پاڵەوانێتی شیاوی ئەو کەسایەتییە نییە کە دەرهێنەر بۆ ئەو کاراکتەری داناوە، بەڵام وەك خۆی دەیوت بڕوابکە لە دواهەمین چرکەکانی ئەو فیلمەدا تێگەیشتم بەتەواوی دەرهێنەر پێکاویەتی کە پاڵەوانەکەی بەڕاستی پاڵەوانە! ئەو فیلمەی ئەو بەو چەشنە سەرسام بو پێی لەڕاستیدا من لەمێژبوو بینیبوم، بەڵام کە لەو ئێوارەیەدا بەو شێوە فەنتازی و ئەفسانەییە قسەی لەبارەوە دەکرد، من کە ڕۆیشتمەوە







دوبارە سەیرمکردوە و قسەکانی ئەوم دەهاتەوە یاد و جارێکی تر و بەچەشنێکی تر چێژم لێبینییەوە!

لەبەر خۆشەویستی بۆ پاڵەوانی ناو فیلمەکە ئەو کچەی کە خۆشی دەویست و کەمێك پەیوەندی هەبو لەگەڵیدا بەناوی ڕۆزیتاوە بانگی دەکرد، ناوی پاڵەوانی ئەو فیلمەی سەرەتا بڕوای بە پاڵەوانبونی نەدەکرد، بۆیە ڕاستییەکەی من لەمێژبوو ئەو فیلمەم لەیادکردبوو، وێنەی ڕۆزیتا لای من ئەو کچەبوو کە هاوڕێ خۆپەرستەکەم خۆشیدەویست و بەردەوام مێشکی ماندوکردبوم بەوەی ڕۆزیتا وایکرد، ڕۆزیتا وەها دەڵێت، ڕۆزیتا بەم شێوەیە بیر لەژیان دەکاتەوە، من باوەڕەم وایە تەنانەت خۆشی ئەو فیلمەی لەیادکردیوو، ئەوەندە ڕۆزیتای خۆشەویستی لێ ببویە پاڵەوان!

یەکەمین شەو کەلەگەڵ ئەو کچەدا بەڕێیکرد، شەوێکی بێئەندازە سەیربو، تا ئەوکاتە هەرگیز گومانی لە توانا و بۆچونەکانی خۆی نەبوو، هیچ کات ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتبو کە کەسێك هەبێت یان دروست بێت سەیرتر لەخۆی، کارامەتر لەخۆی، بەڵام ئەو شەوەی کە لەماڵی ڕۆزیتابو، ئەو شەوەی تا سپێدەی بەیان دوابون لەبارەی هەمو شتێکی ژیانەوە، لەگەڵ دو خوشکەکەی و برا تاقانەکەی ڕۆزیتادا ئەو شەوە دەرکەوتنی ئەو گومانەبوو کە هاوڕێکەمی توشی شۆك و سەرسامبونکرد، ئەو دەیوت من کەکاتێك قسەم بۆ ڕۆزیتا دەکرد، هەستمەکرد ناتوانم ئاسیی بدوێم، هەستمەکرد ئەو ئەو ئینسانەبوو کە لەمێژبو دەترسام ڕووبەڕووی ببمەوە، لەمێژبوو ڕقم لەو چرکانەبو کە نەتوانم بەسانایی بدوێم بۆ کەسێك، نەتوانم وەك هەمو بەشەرەکانی تر قسەی بۆبکەم و فشەم پێی بێت... من ئەو شەوە ئەو هەستە ترسناکەم لا دروست بوو.. بەڵێ هەر ئەو شەوەبوو!

تەواوی ئەو قسە و باسانەی کە هاوڕێکەم بۆیگێڕامەوە ئەو شەوەبوو کە دەگریا و سیگاری دەکێشا، ئەو شەوەبو کە منیش نەمدەتوانی وەك ڕابردو لێی بڕوانم، هەستمەکرد بەتەواوی گۆڕابو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر عەبوس بو لە پێشچاوم، حەزمەکرد زۆر زو بگاتە کۆتایی قسەکانی و یەکتر جێبهێڵین، بۆمنیش ئەو کاتە یەکەمجاربو کە هەستێکی وەهام لاگەڵاڵە بێت، هەستی ناجسنی و بەدفەڕی و بێتام سیگارکێشانی و زۆر هەستی تر... بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ هەستبکات، بەبێ ئەوەی گومانی لا دروستکەم وەك ڕابردو گوێم بۆدەگرت، دانام بەخۆداگرت و حەزمنەکرد لە قوڵایی قسەکانیدا جێیبهێڵم، ئەو

چرکانە بۆمن ناخۆشترین کاتەکانم بوو کە تائەوکاتە تێمپەڕاندبوو، وامدەزانی زۆر بەتوندی درۆ لەگەڵ خۆمدا دەکەم.

ئەو دەیوت ئەو شەوەی قسەم بۆ ڕۆزیتا دەکرد و نەمدەتوانی هاوسەنگانە بپەیڤم، سەرەتا هیچ خۆم سەغڵەت نەکرد، سەرەتا وامزانی ئەمە هیچ نییە و تەنها ڕەنگە مێشکم باش کارنەکات، بەڵام ڕاستییەکەی بەو شێوەیە نەبوو، کەمن بیرمکردەوە، بەڵکو ئەو ترسەی لەسەرەتاوە هەستمپێکرد، ئەوەبو ڕاستییەکە، بەتایبەت تا ئەو دەمەی کە پەرداخە ئاوەکەمی خواردەوە و کەمێکی تێدا هێشتەوە! ئەو چرکە بەبێ ئەوەی هەستبکەم تونیمە، بەبێ بیرکردنەوە و یەکسەر دەستم دایە پەرداخەکە و ئەو ئاوەی مابویەوە خواردمەوە، ڕۆزیتا لەو کاتەدا پێدەکەنی و میوەی دەخوارد، خەندە لەسەر لێوەکانی بو، زۆر بەهێمنی گوێی بۆمن گرتبو، من سەرسام و تیاماو لەجێی خۆمدا، پەرداخەکەم بەدەستەوەبو نەمدەزانی بۆدەبێت بەملاولایدا بخەم... هاوڕێکەم قولتر دەگریا و دەیوت سەیرکە من ئەو چرکەیە یەکسەر بیری دواساتەکانی فیلمی ڕۆزیتام کەوتەوە، ئەو چرکەیە تێگەیشتم من پاڵەوانی ئەو چیرۆکە نابم کە خۆم خەریك کردبو پێیەوە، تێگەیشتم من وەك شتێك کۆتایی ساتەکانی پاڵەوان بونمە، ئەو هەستەش هەمان هەستی کابرایەکە کە هەستدەکات ئیدی پیربوە!

من کەگوێم لەقسەکانی ئەو شەوەی هاوڕێکەم بو، زۆرباش تێدەگەیشتم، بەڵام لەوکاتەدا بیرم لەوەدەکردەوە ئاخۆ بێت و کەسێك گوێی لەم قسانە بێت یەکسەر بەشێت ناوزەدی دەکات، بەبێ مشتومڕ شێتە شێتەی لێدەکەن، گێڕانەوەی ئەو چرکانەی کە هاوڕێکەم تیایدا هەستی بەوەکردبو، ئیدی توشی چیرۆکێك بوە کە خۆی پاڵەوان نابێت، بۆمن هیچ بایەخێکی نەبو، بەڵام بۆ خۆی دەمزانی چەندە ئازاریدەدا، دەهاتەپێشچاوم دەبێت چەندە غەمی بۆئەوە خواردبێت کە تێگەیشتوە کەسێك هاتۆتە ژیانییەوە کە قارەمانێتی لێدەسێنێتەوە! ئاخر ئەو باوەڕی وابوو تائەوکاتە پاڵەوانی تەواوی ئەو ڕوداو و چیرۆکانەبووە کە ڕۆڵی تێدا بینیون! باوەڕی وابوو تا دواچرکەکانی ئەو شەوەی لەماڵی رۆزیتا دێتەدەرەوە هەر خۆی کەسایەتی یەکەم و رۆڵی سەرەکی هەمو چیرۆکەکانی ژیانییەتی!

هاوڕێکەم سیگاری دەکێشا و جارجارە بەتوندی دەکۆکی، ئەو کەکاتێك بەو شێوەیە دەکۆکی من بەڕاستی دەترسام، دەترسام لەیەکێك لەو کۆکانەیدا سییەکانی







بێتە دەرەوە، یان تەواوی ڕیخۆڵەکانی بێنە ناودەمی... بەڵام پاش کەمێك ئاسایی دەبویەوە و دەکەوتەوە قسەکردن، ئەو دەیوت من ئەو شەوە تێگەیشتم کە کۆتایم هاتوە، تێگەیشتم کە زەمەنێکە کەسی یەکەمی هەمو چیرۆکەکانم بەڵام دەبێت لەمەودوا وەك کەسایەتی دوەم بژیم، ئەی ناخۆش نییە براکەم؟ منیش دەهاتمەوە هۆش و بە جوڵەیەکی سەرم دەموت بەڵێ وایە زۆر ناخۆشە.. ئەو دەیوت من دڵنیام ڕۆحی هەمان ڕۆزیتای ناو فیلمەکە هاتۆتە ئەم کچەوە کەمن خۆشم دەوێت، هەر وەك ئەوە، هەر ئەوەك ئەو، من نازانم چیبکەم؟ ئایا من زۆر خۆپەرستم؟ یان ڕاهاتوم کەدەبێت خۆم پاڵەوانی هەمو ڕوداوەکانی ژیانم بم؟ بەڵام هەرچی بێت من تازە ناتوانم وەك کەسایەتی دوەم بژیم لەگەڵ ڕۆزیتادا، نەخێر بەهیچ شێوەیەك ناتوانم!

# بەرەو بەهەشت

ئارام ڕەحمان رسول

کە پێیان گوتین لێرە لاتان دەبەین، دەتانبەین بۆ شوقە من خەریك بوو لە خۆشیان باڵا بکەم، ئەو ڕۆژەی چووینە دائیرەکە بۆ ئەوەی شوێنی شوقەکەمان پێ بڵێن خۆشترین ڕۆژ بوو لەلام،لە خەیاڵمدا نەخشەم بۆ زۆر پرۆژە کێشابوو لە دوای نیشتەجێبوونمان لە شوقەکە فێربوونی زمان، چوونەوە بۆ زانکۆ، ئیشکردن...

لە دائیرەکە گوتیان شوقەکەی ئێوە لە باکوورە، مووچڕکێك بە لەشم داهات، چونکە بڕوا ناکەم ئێوە بزانن لەم مانگەدا ئێرە چەند ساردە جا وەرە بڕۆ بۆ باکوور. لەبەر خۆمەوە دەمگوت لەوانەیە ئەوان ئێرەیان بۆ ئێمە پێ سارد نەبێت، یان مەبەستیان بێت جەمسەری باکورمان پیشان بدەن، یان سیاسەتی خۆیان وایە حەز ناکەن ئێمە لە شارەکانی باشوور بمێنینەوە، چونکە شارەکانی باشوور شاری پیشەسازی بوون.





لە ڕێگادا بەرەو باکوور هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو،کە لەو کەمپە ناخۆشە ڕزگارمان بوو، هۆتێلیان بۆ گرتوین دەزانن چەند خۆشە؟ پێنجئەستێرەیە، پڕیەتی لە کچی ناسك و جوان شەو تا بەیانی خزمەتمان دەکەن، مەشروباتی خۆش و خواردنی بەتام، ژیانێکی شاهانە دەژین...

ئەی ئێوە کە وەکو من دێنە ئەم وڵاتانە، یان خەیاڵی ئەوە کەوتۆتە سەرتان بێن بۆ ئێرە، هەر وەکو من بیر ناکەنەوە؟ ناڵێن بەس ئەم دۆزەخە بەجێبهێڵین دونیا بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی بەهەشتە؟ زۆرینەی خەڵکی وڵاتی من ئەوها بیر لە ئەوروپا ناکەنەوە؟!

لە پاسەکە دابەزین گوتیان ئەوە شوقەکەتانە،سەیرم کرد بۆ ماوەیەك وشك بووم لە شوێنی خۆم، دوایی ئاراس بە هۆشی هێنامەوەو گوتی با بڕۆین. تەنها هیوام بە ناو ئەپارتمانەکە بوو حەزم نەدەکرد بچمە ژوورەوە، چونکە نەمدەویست ئەو خۆشییە کەمخایەنەی ماومە بە بینینی ژوورەوە لەناو بچێت لەگەڵ هەر هەنگاوێك تۆزێك لە شوێنی خۆم دەوەستام، بە هۆی منەوە هاوڕێکانیشم تۆزێك درەنگتر ناخیان پڕبوو لە ناخۆشی، کە چووینەژوورەوە زۆر کۆن و تۆزاوی بوو، بەوە دەچوو بۆ ماوەیەکی زۆر کەسی تێدا نەبووبێ، سێ قات بوو، هەر قاتێك دوو ژوورو مەتبەخێك و حەمامێك و ئاودەستێك بوو، بەڵێ ئەوە بوو ئوتێلە پێنج ئەستێرەیەکە ! لە مەتبەخەکە تەباخ و سەلاجەی لێبوو، لە ژوورێکیان سێ سیسەم و ژوورەکەی تریش قەنەفەیەك و مێزێك و تەلەفزیۆنی لێبوو، ئێمە لە قاتی خوارەوە نیشتەجێ بووین، هەر یەکەمان بە جانتاکەی پشتیەوە بە ناو ژوورەکاندا دەسوڕاینەوە، وەك ئەوە وابوو پارەیەکی زۆرمان هەبێت و بمانەوێ خانوو بکڕین دەلاڵەکە ئێمەی بردبێتە خانووێکی ناخۆش. هاوڕێکانم جانتاکانیان فڕێدایە لایەك و چوونە سەر سیسەمەکان، منیش بە هێواشی جانتاکەم لە شوێنێکی باش دانا، چونکە زۆر دڵم پێیەوەبوو، جانتاکەی من زەرفێك توتن و پەڕە جگەرە و پانتۆڵێك و بلوزێك و جووتە پێڵاوێکی تێدا بوو، لەگەڵ دەبەیەکی بچوك، کە شلەیەکی لە ڕەنگی ئاوی تێدابوو، بەڵام ئاو نەبوو،کاتی خۆی پێتان دەڵێم چی تێدا بوو.

دوای ئەوە منیش چوومە سەر سیسەمەکەو بێهۆش بووین، بۆیە دەڵێم بێهۆش، چونکە سێ شەو و سێ ڕۆژ نوستین، لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژە یەك جار هەستابوومەوە ئەویش بۆ دەبڵیوسی.کاتی

خەبەر بوونەوەمان جیاواز بوو، من لە هەموویان درەنگتر هەستام، نیوەڕۆ بوو، لەشمان زۆر قورس بوو، نەماندەتوانی بجولێین، بێتاوان پرسی ڕەوەند دەزانی چەند نووستوین؟ نا نازانم، گوتی سێ ڕۆژە، سێێێ ڕۆژ!!! دەی کەواتە مردووین، ئاراس گوتی واز لەم قسانە بێنن هەستن زۆرم برسییە، گوتم هەر ناتوانم بیریش بکەمەوە، هەمووشی هی ئەوەیە سێ ڕۆژە نانمان نەخواردووە، ئاراس گوتی دەچینە بازاڕ شت دەکڕین، بەڵام من لە پێنج یۆرۆ زیاترم پێ نییە، ئاراس کوڕی پیاوێکی پارەدار بوو، خەڵکی کەلار بوو، دەرچووی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان بەشی عەرەبی بوو، کە تەواوی کرد باوکی دوکانێکی جلوبەرگی ژنانی لە ناو بازاڕ بۆ دانابوو، لە تورکیا ناسیم تا ئەو کاتە ماڵەوەیان نەیاندەزانی کوڕەکەیان لە کوێیە، کە لە ماڵەوەش ڕۆیشتبوو بە کەسی نەگووتبوو دەچم بۆ خاریج، لە یۆنان توانیمان ڕازی بکەین کە ماڵەوەیان ئاگادار بکاتەوە، بەڵام هەر لە زووەوە دەیانزانی ڤایرۆسی خاریج لە مێشکی کوڕەکەیانی داوە. من هەشتاو چوار یۆرۆم پێ بوو، بێتاوانیش هەندێکی پێ بوو، چووینە بازاڕ لە سوپەر مارکێتێک لاماندا پێداویستیەکانمان کڕی، من و ئاراس خەریك بووین پارەی شتومەکەکان بدەین، بێتاوان پێش ئێمە چووە دەرەوە، کە ئێمەش چووینە دەرەوە ئەو دە دوازدە مەترێك لە پێش ئێمەوە بوو، لە سەرە کۆڵانێك قاچی خلیسکاو کەوت، بە ڕاکردن چووین بۆ لای پێش ئێمە کچێکی سپیی قژزەرد، قۆلی گرت و هەڵیگرتەوە، کچێکی زۆر جوان بوو بە دەنگێکی ناسك پێی گوت تۆ باشی؟ تۆزێك پانتۆڵکەی بۆ پاك کردەوە و دەسەسرێکی دایەو بە فیزێکەوە گوتی بااااای.

ڕۆژێك لە کافیتریای کۆلیژەکەمان دانیشتبووین هاوڕێیەکمان هات ویستی دانیشێ، لەسەر کورسییەکە کەوت،کۆمەڵە کچێك لە مێزێکی تەنیشتمانەوە بوون زۆر بەو هاوڕێیەم پێکەنین تا کوڕە تەریق بووەوە کافیتریای جێ هێشت!!!

چووینەوە ئەپارتمانەکە، کەسمان نەماندەزانی چێشت دروست بکەین، دەبوایە من تەماتە سور بکەمەوە بە ماندوبوونێکی زۆر تا ئامادەم کرد، بیرمە لە ماڵەوە دایکم زیاتر لە دووجار دەهاتە ژوورەکەم، بەیانیان خەبەری دەکردمەوە، دەیگوت ڕەوەند هەستە دوایی درەنگ دەکەوی بۆ دەوام، ڕەوەند دە هەستە نانەکەت بخۆ ماستم کڕیوە، دوای دەوامیش کە دەهاتمەوە چێشتەکەی بۆ





گەرم دەکردمەوە، چاشی دەدامێ ئینجا دەیگوت دەی کوڕم خۆت تاخیر مەکە بڕۆ بۆ کولیە، ئەگەر ئێستا من بەو حاڵەوە ببینێت دەبێت چی بکات؟ دوای نانخواردن دەبووایە بیر بکەینەوە چی بکەین بۆ ئەوەی بژین، تا ئەو کاتە پارەمان لە ماڵەوە بۆ دەهات، بۆ بەیانی گەڕاین بۆ ئیش، زۆر گەڕاین چووین بۆ چێشتخانەکان، بۆ لای فیتەر و کارگەکان، چووینە مارکێتەکان، بەڵام کەس نەبوو بڵێ لای من ئیشکەن، چونکە زمانمان نەدەزانی و ئیقامەمان نەبوو، هەندێك لە خاوەن ئیشەکان وەك سواڵکەر سەیریان دەکردین، ئاخر چۆن بە پارەی سۆسیال بژین؟ ئەو پارە سۆسیالەی لێرە لە ماوەی مانگێك وەرمدەگرت لە هەولێر بەشی هەفتەیەکی نەدەکردم، زۆرم لە خۆم کرد تا تەلەفون بۆ باوکم بکەم، بۆ ئەوەی کەسێك ناسیاوێك لێرە بدۆزنەوە، بەڵکو بتوانێت یارمەتیم بدات و ئیشێکم بۆ بدۆزێتەوە، باوکم دوکانێکی لە بازاڕی دۆلار فرۆشەکان هەبوو لە هەولێر، هەموو جۆرە خەڵکێك دەهاتنە لای، ئەمە هۆیەك بوو بۆ ئەوەی خەڵکی زۆر بناسێت، دوای سێ ڕۆژ تەلەفونی بۆ کردمەوە، ئەویش دوای گەڕان و پرسیار کردنێکی زۆر کەسێکیان دۆزیبووەوە، ژمارە تەلەفونی کابرایان دامێ، منیش یەکسەر تەلەفونم بۆ کردو بەختم هێنای کابرا لە شارەکەی من بوو، گوتی شەو وەرە ماڵمان قسە دەکەین، ئەدرێسەکەی دا پێم، کە چوومە ماڵیان وامزانی هەر خۆیەتی بە تەنیا، بەڵام ئەو منداڵێکیشی هەبوو، ژنەکەی کوردی تورکیا بوو، گوتی من دکتۆری ددانم، ژنەکەشم لە دایەنگەیە، من لە ڕێگەی براکەیەوە ناسیم کە مەعمیلی باوکم بوو، گوتی براکەم باسی تۆی بۆ کردووم، بەڕاستی مخابن بۆ گەنجێکی وەك تۆ، ئەو هەموو نازو نیعمەتە، ئەو پارە زۆرەی وەرتدەگرت، لای خۆی تۆ قوتابیی زانکۆش بووی چۆن ئەو هەڵەیەت کرد؟! لاتان وایە ئەوروپا بەهەشتە؟ لە کوردستان دێن دەڵێن دەچین بەرەو بەهەشت، ئەوەش بەهەشتەکە لە جیاتی جگەرە توتن دەکێشی.

ئینجا زانیم کە باوکم هەموو شتێکی لەبارەی منەوە بۆ برای دکتۆر گێڕاوەتەوە، ئەویش هەمووی لە مشتی دکتۆر کردووە، زۆر پەرێشان بووم، بەڵام تازە چی بکەم،تەنها وەڵامی من ئەوە بوو کە هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات، ئەوەش گەورەترین هەڵەی ژیانی من بووە.

دکتۆر کە ناوی لێزان بوو گوتی دوو ڕۆژ مۆڵەتم بدە،تا ئیشێکی باشت بۆ

دەدۆزمەوە، گوتم هەر کاتێك تۆ پێت باش بێت،مالئاوایم لێ کرد، لە گەڕانەوەمدا بڕیارم دا بە پێ بڕۆمەوە لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان بۆ گیرفانم باش بوو، دووەمیان حەزم دەکرد تۆزێك ئەو شارە ببینم، دەڵێن ڕۆیشتن لە تاریکی و کاتی بەفر بارین هەستێکی زۆر خۆش بە مرۆڤ دەدات، بەفرێکی لەسەر خۆو جوان دەباری، ئەم وڵاتە هەمووی هەر سپییە،پەنجەرەی باڵەخانەکان و درەختەکان و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، تەنها بەر دەرگای باڕو یانەکان ڕەشبوو، ئەم وڵاتە هەر وەکو بوکێك وابوو جلی بوکێنیەکەی بەدرێژایی دە مانگ لەبەردابێت، لە وڵاتە جوانەکەی من هەموو وەرزەکان زۆربە ئاشکرایی و بە جوانی بەدی دەکرێت هەزار ڕەحمەت لە گۆڕکەت (نالی) کە دەفەرموویت:

خەتات فەرمووکە خۆشە چین و ماچین
کە ناچین لێرە خۆشە چینی ما چین

من لە کوردستان کاتێك نمە باران دەباری زۆر حەزم لە پیاسە دەبوو لە ژێر باراندا هەستێکی خۆشی بۆ دروست دەکردم، لە یەکێك لە کۆڵانە تاریکەکان چەند گڵۆپێکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر دەرگایەکی بچوك دادەگیرسان و دەکوژانەوە، لەبەردەم ئەم شوێنە چەند کەسێك دیاربوون کە چوومە پێشەوە سەیرم کرد زۆریان ئافرەت بوون، ئافرەتێك لێم هاتە پێشەوە ڕەینکۆتێکی سپیی لەبەردابوو، ڕەینکۆتەکەی لابرد، لەشی هەموو ڕووت بوو تەنها ستیانێك و مایەکی لەبەردابوو، زۆر بە نەرمی دەستی گرتم و پێشم کەوت، هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو تا لەگەڵ دەنگی دەرگا هاتمەوە هۆش خۆم کە سەیرم کرد لە ناو باڵەخانەیەکم، خۆم لە دەستی دەرباز کردو ڕامکرد لە پلیکانەکان چوومە خوارەوە، سەیرم پێهات کە لە بێئاگایدا چۆن ئەوەندە قاتە سەرکەوتوم؟! تا سەر شەقامە گشتیەکە ئاوڕم نەدایەوە، لە ڕێگا خەیاڵم هەر لای ئەو کچە بوو، دەمگوت خۆزگە لەگەڵی چووبام، دوایی دەمگوت باشتر کە نەچووم ئێستا هەموو پارەکەی لێدەستاندم، ئێ خۆ ئەم سۆزانییانەش زۆر پیسن کێ نالێ توشی نەخۆشیەکی کوشندەشی نەدەکردم؟ باشە ئەگەر چوومەوە کوردستان هاوڕێ و خزمەکانم پرسیاریان کرد، ئایا لەگەڵ کچ خەوتوی چییان وەڵامبدەمەوە؟ لەو تورکیا و یۆنانە کەسی وام ناسی لە کوردستان وەك پاشا دەژیان، ژیانیان ئەوەندە خۆش بوو، تەنها لەبەر سێکس دەچوونە ئەوروپا.

ئەو دوو ڕۆژە هەر لە ماڵەوە چاوەڕێی تەلەفونی دکتۆر بووم، ئێوارەی ڕۆژی





دووەم تەلەفونی کرد پاش چاك و چۆنی گوتی، لە چێشتخانەیەك ئیشم بۆت دۆزیوەتەوە، ناونیشانەکەی دامێ و گوتی خەمت نەبێ خاوەنەکەی هاوڕێی خۆمە، هەموو شتێکم پێی گوتوە، زۆر سوپاسم کرد و تەلەفونەکەی داخستەوە، بەیانی زوو لە خەو هەستام، پاش نیشاندانی ناونیشانەکە بە دوو کەس، بە ئیشارەت شوێنەکەیان پێگوتم، کە چوومە چێشتخانەکە بە ئینگلیزیەکی شکاوی تێکەڵ بە کوردی لە یەکێك لە شاگردەکانم گەیاند، کە کوردم و دەمەوێ قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەتان بکەم، هەرکە گوێی لە ناوی کورد بوو یەکسەر ڕایکرد، دوای دوو سێ دەقە هاتەوە گەنجێکیتری لەگەڵ بوو، بە کوردی گوتی فەرموو چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم، گوتم تۆش کوردی، چاوەڕێی وەڵامەکەیم نەکرد و باوەشم پێدا کرد توند گوشیم لە خۆشیان بیرم چووبووەوە بوچی هاتومەتە ئێرە، دوای چاك و چۆنی گوتی چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟ هاتووم بۆ ئیشکردن، منی بردە ئەو شوێنەی خۆی ئیشی لێ دەکرد، گوتی وەرە دانیشە جارێ خاوەنەکەی نەهاتووە، چۆن هاتووی بۆ ئێرە کێ تۆی نارد؟ هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە، گوتی کە خاوەنەکەی هات من دەتبەم بۆ لای، پاش ماوەیەك هەمان ئەو شاگردە هاتەوە، بە سەپانی گوت خاوەن چێشتخانەکە لێرەیە، گوتم کابرا هات بابچین بۆ لای، گوتی چاوەڕێکە، منیش ئۆقرەم نەمابوو، ئەویش هەر خەریکی ئیشکردن بوو لەمن وابوو لەبەر ئیشەکەی کاتی نییە لەگەڵم بێت و شەرمیش دەکات پێمبڵێ، دوای ماوەیەکیتر دیسان دوبارەم کردەوە کە بچین بۆ لای، گوتی ڕەوەند گیان ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بچینە لای ئەو سەگبابە ئەفغانیە، دوایی پێت دەڵێم بۆچی...

لە نزیك نیوەڕۆ پێیگوتم هەستە بابڕۆین بۆ لای ئەو کەرە ڕەشە، خۆ دەبێ ئێستا بەریدابێت و هاتبێتەوە هۆش خۆی، تۆزێك دڵم لێی هێشا بوو، بەڵام هەر دوای کەوتم، کە چووینە لای کابرای ئەفغانی سڵاومان کرد، پیاوێکی زۆر قێزەوەن و ناشیرین بوو، پێستێکی ڕەش و دەم و چاوێکی قوپاوی هەبوو، دڵنیابووم ئەو کەسانەی دێنە ئەم چێشتخانەیە، ئەو کابرایە ببینن لە ژیانیاندا جارێکیتر سەر ناکەنەوە بەم چێشتخانەیە، سەپان بە فینلەندی قسەی لەگەڵ کرد و ئەویش هەر بە مینگە مینگ وەڵامی دەدایەوە، کە چووینە دەرەوە، گوتی بەیانی وەرە بۆ ئیش، لە خۆشیان ئەم لاو ئەو لام ماچکرد و سوپاسم کرد



پێم گوت تۆ فریشتەی.

نامەوێ باسی چۆنیەتی ئیشکردنم بکەم لەو چێشتخانەیە و لەم وڵاتە،چونکە باسکردنی بە ڕۆمانێکی دوو سەد لاپەڕەیش تەواو نابێت، تەنها شتێکتان بۆ باسدەکەم ئیتر خۆتان بڕیار بدەن:

کوڕێکم ناسی ئیقامەی فینلەندی هەبوو، ئیشی دەست نەدەکەوت چووبووە لای وەستایەکی پیتزا، پێی گوت بێ بەرامبەر ئیشت بۆ دەکەم تەنها فێری چۆنیەتی دروستکردنی پیتزام بکە، کابرا گوتبووی دوو ڕۆژی دیکە وەرەوە بۆ لام، کوڕەش ماڵی لە دەرەوەی شاربوو، دەبوایە بە دوو پاس بگاتە دوکانی پیتزاکە، دوای دوو ڕۆژ کە دەگەڕێتەوە بۆ لای، وەستاکە پێی دەڵێت ڕەقەمی تەلەفونەکەت لەلام دابنێ، هەر کاتێك ئیشم پێتبوو تەلەفونت بۆ دەکەم، ئێستا ئیشم پێت نییە.ئیش کردن لە کوردستان باشترە یان لێرە؟

دوای مانگێك لە چێشتخانەکە دەریان







کردم، من و سەپان سەرمانسوڕما بۆ دوای یەك مانگ لە کار کردن دەریانکردم؟!

دەبێ چیمکردبێت؟ ئەو پرسیارانەو زۆریتر مێشکمیان هیلاك کردبوو، بیرکردنەوەمیان شێواند بوو نەك هەر من، بەڵکو ئەو مەسەلەیە کاری لە سەپانیش کردبوو، تەنها بیانویان ئەوە بوو کە زمانم نەدەزانی و ئیقامەشم نەبوو، دەی لە سەرەتاوە کە چوومە چێشتخانەکە هەر وابووم...

بەدەر لە ئیشکردن و پارەکە ناسینی سەپانیش سودێکی زۆری پێگەیاندم، هەر ئەو بووهۆکاری دەرکردنەکەشی بۆ ئاشکرا کردم، سەپان کوڕی حەمە کەریمی پینەدۆزبوو خەڵکی سلێمانی بوو و لە کوردستان مامۆستا بوو، کچێکی دەوڵەمەندی خوشدەویست کە دەچنە داوای باوکی کچە ڕاست و ڕەوان پێیان دەڵێ من ئەو کوڕە بە پاسەوانی پێش دەرگاش وەرناگرم، جا وەرە ببێت بە مێردی کچە تاقانەکەم، دوای ئەوەی ماڵی باوکی سەپان دەڕۆن، کچە یەکسەر گڕ بەردەداتە جەستە ناسکەکەی خۆی، دڵە شکاوەکەی دەبێتە خۆڵە مێش و ڕوحە پاکەکەی دەردەچێت، باوکی کچە زۆر هەڕشە لە سەپان دەکات، بۆیە باوکی سەپان بە هەر چۆنێك بێت بە قەرد و فەرد کوڕەکەی ڕەوانەی ئەوروپا دەکات.

دوای ئەوە چەند ئیشێکیترم کرد و دەرکرام، سەپانیش هەفتەی جارێك دەهات بۆ لامان، باسی بێزاری خۆی لەگەڵ خاوەن چێشتخانە موعتادەکەی دەکرد، کە چۆن دەیچەوسێنێتەوە، بەڵام ئەو بەرگەی گرتوە، تەنها بۆ ئەوەی نانی نەبڕێت و بژێت .

هەرچی (ئاراس و بێتاوان)یش بوون، ئەوا هەر یەکەیان خەریکی ئیشێك بوو، ئاراس چونکە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو لە هیچی کەم نەبوو، هەرچی ئەو کوڕە تاقانەی داوای بکردایە لە پارە و شتی تر باوکی بۆی دەنارد، ئاراسیش هەر خەریکی خوێندن و کچ و نادی بوو، بە چەند شەو جارێك نەدەهاتەوە بۆ لامان، لە نادییەك دەچوو بۆ نادیەکی تر لە لای کچێك بۆ لای کچێکی جوانتر، ئەمە لەم دواییانە باوکی دڵی نەرم بوو هەموو شتێکی بۆ کوڕەکەی دەکرد، لە تورکیا و یۆنان دەیگوت دەچین بۆ بەهەشت، شەوێك سنوری یۆنانمان بڕی، بەرەو ئیتالیا بەڕێ کەوتین گوتی ئەوە سنوری بەهەشتە، لێرە بەهەشت و (زەوی) جیا دەکرێتەوە، بە دەنگێکی بەرز گوتی یاڵا بەرەو بەهەشت...

هەرچی بێتاوانیشە ئامۆزایەکی لێرە بوو لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ کارگەی دروست کردنی کەشتی و بەلەم، بەیانیەك دەیەوێت

بڕوات بۆ ئیش ئەو نەگبەتە لە بەر دەرگا قاچی لەسەر شەختە دەخلیسکێت و سەری بەر ئەرزەکە دەکەوێت و دەبورێتەوە، بۆیە پێی دەڵێم نەگبەت، چونکە بەڕاستی نەگبەتە قاچێکی تەواو نەبوو، لە کوردستان لە ڕوداوێك کاتێك پۆلی چواری ئامادەییە دوای دەوام لە کاتی گەڕانەوە کە لە شەقامێك دەپەڕێتەوە، سەیارەیەکی مۆدێل بەرز لێی دەدات و چەند مەترێك فڕێی دەدات، کە چاوی دەکاتەوە لەسەر یەکێك لە قەروێڵەکانی خەستەخانە خۆی دەبینێتەوە، قاچی ڕاستی بە سمتیشیەوە لە گەچ گیراوە، دایکیشی لە تەنیشتیەوە دانیشتوە دەگری و توك و دوعا دەکات، باوکیشی بە بێتاقەتی لەسەر کورسییەك دانیشتوە، لە ناکاو پیاوێکی سمێڵگەورە لەگەڵ منداڵێکی لوسکەی هاوتەمەنی بێتاوان بە ژوور دەکەون، چەند پیاوێکیش لە دەرەوە چاوەڕێی دەکەن، بێ سەلام کردن دەڵێت:

_نانا سەلامەتە پیاوە پیاو زوو چاك دەبێتەوە...

_باوکی بێتاوان: ڕاست دەکەی ماویەتی بمرێ

_هەر شتێك خودا بیهێنێ کەس ناتوانێت پێشی پێ بگرێت.

_ڕاستە خوا هێناویەتی، بەڵام سەیارەی ئەوەیە بدرێتە دەست منداڵ؟ دایکی هەڵیدایەو گوتی شکایەت دەکەین و بە گرتنی دەدەین.

_باشە ئەوە من ڕۆیشتم ئێوەش هەر شکایەت بکەن...

باوکی زۆر بێتاقەت دەبێت دەڵێت دیارە بەرپرسێکی گەورەیە بۆیە وا بێمنەتە، پاشان شکایەت دەکات، بەڵام ئەوەندە دەیهێنن و دەیبەن زۆر هیلاکی دەکەن تا دەست لە شکایەتەکەی هەڵدەگرێت.

بێتاوانیش دوای چەند نەشتەرگەری و چەند مانگ لەسەر جێ کەوتن، هەر وەك خۆی لێ نایەتەوە،ئێستا قاچێکی تەواو نییە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لە کوردستان بێزار دەبێت و بڕیار دەدات بێتە ئەوروپا،باوکی خانووێکی میراتی باوانی بۆ دەفرۆشێت، تا کوڕە بێنازەکەی بە ئاواتی خۆی بگات، هەر لە تورکیا بوو ئەویشم ناسی، شەوێك لە سەفەر بەرەو یۆنان تۆزێك لە پێشەوە دەڕۆیشتم سەیری دواوەم کرد کوڕێکم دیت بە شەلە شەل دەڕوات خەریکە بەجێدەمێنێت، دڵم زۆر بۆی سوتا، چونکە ئەو قاچاغچییانە مرۆڤ نین، هەر کەسێك دوا بکەوێت بەجێی دەهێڵن، بۆیە گەڕامەوە و قۆڵێکیم خستە سەر شانم گوتم بابڕۆین، گوتی







ناتوانم،ناتوانم نییە لێرە بمێنیەوە یان دەگیرێی یان دەبیت بە خۆراکی دڕندەکان، هەر لە دواوە دەڕۆیشتین، بەڵام نزیك بووین لێیان، ئەم لە دواوە ڕۆیشتنە زۆر شتی بۆ ئاشکرا کردم، لە هەموویان گرینگتر گریانی ئەو خەڵکە بوو، گریانی منداڵ، گریانی گەنجی ماندو و پەککەوتە، گریانی ژنی ترساو، گریانی غوربەت گریانی بێ کەسی، منیش دەبەیەکی بچوکم پێبوو، هێواش هێواش لە دواوە فرمێسکەکانم هەڵدەگرتەوە دەمخستە ناو دەبەکەوە، فرمێسکی چاوی گەش، چاوی خەواڵو، فرمێسکی منداڵی بێ ناز، فرمێسکی ئەو ژنەی بۆ ئەوروپا شەڕەفی خۆی دادەنێت، فرمێسکی ئەو گەنجەی ئاواتەکانی بووە خۆڵەمێش، فرمێسکی ئەو پیاوەی لە برسان دەگرییێت، فرمێسکی ئەو کچەی بە ڕۆژ لە باوەشی قاچاغچییە دڵڕەقەکان دەخەوێت بە شەویش ڕێگای پڕ چەرمەسەری تەی دەکات بەرەو بەهەشت، فرمێسکی بێتاوان لە تاو ئازاری قاچی، فرمێسکی من کە بە قەد بوون بیری دایکمم دەکرد، هەموویم کۆکردەوە لە ناو ئەو دەبەیە.

لەماڵەوە کە قسەیان لەگەڵ دەکردم، دەیان گوت دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان، باوکم دەیگوت کوڕم تۆ وەرەوە خەمی هیچت نەبێت، منیش کە بیرم دەکردەوە، لە کوردستان زانکۆ و دائیرە و ڕاتبێکی باشم بەجێهێشت، ئەو هەموو پارەیەشم بە ماڵەوە سەرف کردوە، چۆن ئەوها سوك و ئاسان بچمەوە بەر دەمیان؟ دواجار بە دایکمم گوت ئەگەر کەیسەکەم وەرگیرا لێرە دەمێنمەوە، ئەگەر یەك جار وەرنەگیرا دێمەوە، ئەو کەیسەی من پێشکەشم کرد کۆمەڵایەتی بوو، خۆم بە دانیشتوی کەرکوك ناساند بوو، ئەو کاتە کەرکوك پڕ لە شەڕ و شۆڕ بوو.

شەوێك سەپان هات بۆ لام گوتی وەرە دانیشە شتێکی سەیرت پێبڵێم ئەو شتەی تائێستاش نەتزانی چییە، گوتم دەی بزانم چییە؟ گوتی ئەو شاگردەت لە بیرە کە یەکەم جار قسەت لەگەڵ کرد؟بەڵێ بیرمە، گوتی هاوڕێمە ئەفغانیە، من دەمێکە دەزانم ئەو چێشتخانەیە هی کەسێکی ترە، بەڵام نەمدەزانی کێیە، ئەو شاگردە ئەفغانیە گوتی دوێنێ شەو دکتۆر هاتە ئێرە، هاندێکی بە دیاری بۆ هێنابوو، گوتم دکتۆر کێیە؟ گوتی چۆن دکتۆر ئەوەی خاوەنی ئەم چێشخانەیە، گوتم نایناسم، چۆن دەبێت نەیناسی، ئەویش کوردە، ناوی چییە؟ گوتی دکتۆر لێزان، من کە چاوەڕوانی ئەو ناوەم نەدەکرد لە دەمی سەپان، گوتم دکتۆر لێزان! ئێ ئێ هەموو

شتێك تێگەیشتم، ئەوەش ناسیاوی غەریبی، زۆر باشترە لەوەی کە لە یۆنان بیستم، شەوێك لە ئەمۆنیا بووین کە شارێکە لە یۆنان پڕیەتی لە کوردی موعتاد، ئەو شەوە لەگەڵ ئاراس چووینە دەرەوە، بۆ ئەوەی هەوایەك بگۆڕین لە شەقامێکی تاریك گوێمان لە دەنگی کەسێك بوو دەگریا و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد، جنێوی دەدا و میزی بە کوچە و کولانەکاندا دەکرد، ئێمەش لێی نزیك بووینەوە، گوتی سەگبابینە دیارە ئێوەش حەز دەکەن میزتان پێدابکەم، کە زانیم کوردە گوتم نا حەز دەکەم قسەت لەگەڵ بکەم و یارمەتیت بدەم، گوتی کوڕی سەگ من براکەی خۆم یارمەتی نەدام کە لە یەك گوشت و خوێنین نەك هەر یارمەتی، بەڵکو ئەو گەورەترین تاوانی دەرهەق بە من کرد، سەیرم بکەن چۆن بوومەتە قەشمەر لەسەر ئەم جادانە کەوتوم، ئەو قسەیەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو، نازانم بۆچی حەزم دەکرد بەسەرهاتی ئەم کوڕە بزانم، گوتم برسیت نییە؟ گوتی دوو ڕۆژە هیچم نەخواردوە، جگە لە میز، وەرە بچین شتێك بخۆین، گوتی دەعوەتم دەکەی، بەڵێ حەزت لە چیبێ بۆت دەکرم، چووینە ڕێستورانتێك دوای نان خواردن، داوام لێکرد ژیانی خۆیم بۆ باس بکات، گوتی باشە تۆ مەشروبم بۆ بکڕە، منیش قسەت بۆ دەکەم...

گوتی برایەکی لەخۆم گەورەترم هەبوو،قۆڵی چەندین کەسی بڕی و بە زۆر پارەی لە ماڵەوەمان وەرگرت،تا چووە خاریج ئیقامەی ئەڵمانی وەرگرت، کە قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد خۆی دەکرد بە فریشتە، ئێمەش وامان دەزانی گۆڕاوە، من داوام لێکرد بمبات بۆ لای خۆی، بەڵام ڕازی نەبوو،زۆرم لە دایکم کرد ڕازی بکات گوتم ئەگەر نا بەلایەك بەسەر خۆمدا دەهێنم، دایکم زۆر لێی پاڕابووەوە تا ڕازی بوو،گوتی بابێتە یۆنان لەوێ من چاوەڕێی دەکەم، منیش بە پەلە قاچاغچیم دۆزیەوە و بەڕێکەوتم، لە تورکیا تەلەفونم بۆی کرد ناونیشانێکی دامێ و گوتی لە ئەسینا یەکتر دەبینین، دڵم ئەوەندە خۆش بوو وەك ئەوە وابوو کە تازە لە مردنێکی حەتمی ڕزگارم بووبێت، کە گەیشتمە یۆنان، لە ئەسینا چوومە ئەو ناونیشانەی ئەو دایپێم سەیر دەکەم مەلهایەك بوو، لەبەر دەرگا زۆر چاوەڕێم کرد سەر و سیمای بەدەر نەکەوت، لە تەلەفونی سەر شەقامەکان تەلەفونێکم بۆ کرد، ژنێك بە ئەڵمانی قسەی دەکرد، دامخستەوە، دوای سەعاتێك دیسان کردمەوە، هەمان ژن قسەی کردەوە، ئینجا زانیم ڕەقەمەکەی







داخستوە، چەندین جار تەلەفونم بۆ کردەوە هەر ئەو ژنە قسەی دەکرد...

لە قاچاغچیەکانم پرسی، ناونیشانم دابە خەڵکی، بەڵام هیچ هەواڵی نەبوو، ڕۆژێك قاچاغچیەك پێی گوتم تۆ دەزانی وەك چی وای وەك ئەوە وای بە بەلەمێکی بچوك لە ئاوی دەریا قرش ڕاو بکەی، برایەك ئەوها لە تۆ بکات، دڵنیابە بیدۆزیەوە هەر دەتکوژێت.

لەو ڕۆژەوە ئەوە بۆ ساڵێك و چەند مانگێك دەچێت ئەوە حاڵی منە، بە شەو میز بە دیوار و کوچەو کۆڵان و سەیارە و نادی و مەلهاکان دادەکەم، بە ڕۆژیش دەتۆپم،جار جارەش میزی خۆم دەخۆمەوە، نازانم بۆچی ئێستا میزەکەشم هێزی نەماوە، لە کوردستان جارێك مامۆستایەك بە ناهەق زۆری لێدام، منیش میزم بە سەیارەکەی داکرد بۆ بەیانی سەیارەکەی وەرگەڕا، حەز دەکەم ئەم شارە بە میز لەسەر نەخشەی جیهان نەهێڵم، دڵم زۆر بۆی پڕ بوو، گوتم ڕێم پێبدە ئەو برایەی وای لە تۆ کردووە، بیکەمە پاڵوانێکی ڕیسوا لە چیرۆکێکی هیچ، بیکەمە سواڵکەرێك کە لە دەرگای هەر ماڵێکی دا لە جیاتی خێر و پارە، یەك مەنجەڵ گوی بەسەر دا بکەن و بە شەق تێیهەڵدەن، گوتی نەخێر ڕازی نیم وا بکەی، من برای خۆمم خۆش دەوێت، ڕۆژێك هەر دێت یارمەتیم بدات منیش پەنجا دۆلارم دا پێی و جێمهێشت. گوتم سەپان گیان من دەبێت هەموو کات سوپاسی دکتۆر لێزان بکەم، بۆ وەرگرتنی ئیقامە یەك هەفتەم مابوو، لەو ماوەیە دا ئیشم تەنها گەڕان بوو، بۆ ئەوەی باش شارەزای ئەم وڵاتە بم، خەڵکی ئەم وڵاتە خۆریان زۆر خۆش دەویست، ئەگەر لە ڕۆژێکدا هەورەکان ڕێگەیان بە خۆر بدایە خۆی نمایش بکات، ئەوا ئەو خەڵکە وەك بە دیار فلمێکی تازە نمایشکراو دانیشتبن ئەوها بوو،لەو پارك و شەقام و شوێنە گشتیانە خۆیان ڕووت دەکردەوە بە دیار خۆرەوە دادەنیشتن.

دوو مانگ بەر لە ئێستا ڕۆژی دانیشتنی دادگا بۆ کەیسەکەی من دەستی پێ کرد، چۆنیەتی ژیانم لە کوردستان؟ کێشەکانم لەوێ چی بوون؟ وە چۆنیەتی گەیشتنم بۆ ئەم وڵاتە، ئەم پرسیارانە و چەندانی تریش لەلایەن حاکمەوە ڕووبە ڕووم کرانەوە، هەموویم بە وردی وەڵام دایەوە، لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت کەرکوك لەوەتەی هەی تا ئێستا زەرەیەك سودت بۆ کوردێك نەبووە، دەی ئەوەندە خێرەت بۆ من هەبێت، بەڵکو کوردێك بم بڵێم ئۆخەی لە سایەی کەرکوك من قازانجم کرد، ئەو ڕۆژە هاتە پێش کە دەبووایە وەڵامەکە وەرگرمەوە، چووینە دائیرەی

پەنابەران، پێیان گوتم کە کەیسەکەت ڕەتکرایەوە، تۆزێك بێتاقەت بووم، بە هاوڕێکانم گوت یەك دەقەی کوردستان لە ناو خزم و کەسی خۆم بە هەزار ئەوروپا نادەم، پێش ئەوەی لە دائیرەکە بڕۆین، وەرگێڕەکە گوتی واز مەهێنە، جارێکی تریش کەیسەکەت پێشکەش بکە، گوتم مرۆڤ لە ژیان جارێك هەڵەی گەورە دەکات، دوو ڕۆژی تر ناوم لەو ڕێکخراوە دەنوسم کە کوردەکان دەبەنەوە کوردستان شتێك پارەشیان دەدەنێ ئەم ئەوروپایە بە لەعنەت دەکەم، لەگەڵ بێتاوان و سەپان ڕۆیشتینەوە بۆ ئەپارتمانەکە،لە ڕێکخراوەکە ناوم نوسی، پێیان گوتم دەبێت سێ ڕۆژی تر لە فەرەنسا بیت، ئاراسم هەر نەبینیەوە، بەڵام ساتە ناخۆشەکانی ماڵئاوایم لەگەڵ بێتاوان و سەپان بەڕێکرد، لەگەڵ هەندێك کوردی دیکە چوومە پاریس ئەو کاتە دونیا زۆر سارد بوو، دوو شەو لەوێ ماینەوە ،ئەو دوو شەوە لەسەر شەقامەکان دەنوستین، بەیانی ڕۆژی یەکەم کە هەستامەوە کیسە خەوەکەم نەمابوو، ڕاو نانی پۆلیسەکانیش لەو لاوە بوەستێ، وەك ئەوە وابوو تاوانێکی گەورەمان کردبێت وا ڕاومان دەنێن، فەرەنسا وڵاتێکی زۆر جوان بوو، سەرەڕای ئەو ناخۆشیانەش نیوەی یادگارییە خۆشەکانم لەوێ تۆمار کرد، شەوی دووەم هەندێك کارتۆن و ڕۆژنامەم لە خۆم ئاڵاند بەیانیش بە هەمان سیناریۆی ڕۆژی پێشتر پۆلیس دوامان کەوت.

پێش نیوەڕۆ سواری فڕۆکەیان کردین، لە ناو فڕۆکە دڵم زۆر خۆش بوو، دەبە فرمێسکەکەم لەلای خۆم دانا بوو، حەزم دەکرد هەر لە پێش چاوم بێت،کوڕێك لەلام دانیشت بوو زۆر بێزار بوو هەر جنێوی دەدا، لە بەریتانیا بە زۆر ڕەوانە کرابووەوە، دەیگوت سەد جاری دیکەش بمنێرنەوە،هەر دێمەوە،گوتم کوردستان هەر چۆنێك بێت لێرە باشترە، دوای ئامۆژگارییەکی زۆر هەر لەسەر بۆچوونەکەی خۆی بوو، پاشان من چوومە تەوالێت کە هاتمەوە بینیم دەبە فرمێسکەکەی خستبووە سەر دەمی، ڕامکرد بەرەو ڕووی، پێش ئەوەی من لە دەستی دەربهێنم، خۆی لای برد،گوتم بۆ خواردتەوە، گوتی وامزانی ئاوە، ئەوە چییە؟ تامی زۆر سەیرە، ئەوە ژەهرە.پێش ئەوەی فڕۆکەکەمان لە هەولێر بنیشێتەوە، ئەو کوڕە گوتی تۆ ڕاست دەکەی چیتر خۆم بێ ئەقڵ ناکەم، کە گەڕامەوە ماڵێ هەوڵ دەدەم بچمەوە بۆ خوێندن، ئیشێکیش بکەم، زۆر





بەلامەوە سەیر بوو کە ئەو قسانەی دەکرد، چۆن بەو کاتە کەمە وا گۆڕا! کە باسی کوردستانم بۆ دەکرد، دەیگوت کەی ژیان لە کوردستان هەیە؟ مرۆڤ لەوێ هیچ نرخێکی نییە، ئازادی هەر بوونی نییە، خەڵکەکەی وەك ئاژەڵ دەژین، ژیان هەر لە بەریتانیا و لە ئەوروپا هەیە، ئەم گۆڕانە لە ناکاوەی جێی سەرسوڕمان بوو، جگە لە فرمێسکەکان هیچ شتێکی تر نەبوو خەیاڵم بۆی بچێت کە ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر داهێنابێت...

بە ماڵەوەم نەگوتبوو ئەو ڕۆژە دێمەوە، تەنها کوڕە خاڵێکم لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەکردم، ئەو ساتەی کە ناتوانم باسی بکەم، ئەو کاتە بوو کە گەیشتمە ماڵەوە، لەو کاتە خۆشانە بوو کە بۆ هەتا هەتایە لە یادەوەریمدا دەمێنێتەوە.

ماوەیەکی زۆر باوکم و براکەم خەریکی واستەو ئەملاو ئەولا بوون، بەس بۆ ئەوەی من لە شوێنی خۆم دابمەزرێننەوە، بەڵام بێ سود بوو، باوکم ئامادەبوو دوو هەزار دۆلار بدات بەمەرجێك بچمەوە دائیرەکەی خۆم، بەڵام هیچ ئاکامی نەبوو، لەزانکۆش وەرنەگیرامەوە، چونکە ئەو ساڵەی من هاتمەوە بیستوپێنج هەزار قوتابی پۆلی شەش لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەك وەرنەگیرابوون، بۆیە زانکۆیەکەشم فت. ئێستاش سەیارەیەکیان بۆ کڕیوم ئیشی ماڵەوە جێ بەجێ دەکەم و کاتەکانی تریش بۆخۆم بێ ئیش دەسوڕێمەوە.

کەزانیم ئەو فرمێسکانە ئەوەندە کاریگەریان لەسەر ئەو کوڕە هەبوو ویستم شتێکی وای لێبکەم کاریگەری لەسەر هەموو خەڵکی کوردستان هەبێت.

بڕیارمدا لە شوێنێکی زۆر بەرز چاوەڕێی یەکەم بارانی پایز بکەم،ئەم دەبە هەڵدەمە ئاسمان، بۆئەوەی لەگەڵ بارانەکە بێتە خوارەوەو بەر خەڵکی بکەوێت و کاریان لێبکات، ئەوەشی دەمێنێتەوە بەناخی زەویدا بچێتە خوارەوە ببێتە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، خەڵکی کوردستانم بیخۆنەوە بۆئەوەی ئەوروپایان لەبەرچاو بکەوێت.

ئەو کەسانەی لەو ئاوەیان بەرناکەوێت ئەم چیرۆکە بخوێننەوە بیریان دەچێتەوە کە شوێنێك هەیە بە ناوی ئەوروپا.

- قۆناغی سێیەم ﴿بەشی کوردی[
- زستانی ٢٠١١

# ئاگاداری

هێمن بەرزنجی

دەستم لەملی منداڵە بچکۆلەکە کرد.دەمویست ژیری بکەمەوە. لانی کەم هێندێك پشوویدات لەو گریانە بەردەوامەی. پێدەچوو منداڵەکە حەزی بەدەنگی گریانی خۆی بێت.گریانێکی بێ فرمێسك.دوای تاوێك بێدەنگ بووم و نەمتوانی ژیری بکەمەوە. ئەو هەر لە سەر ریتمی گریانەکەی خۆی وەك مۆسیقا ئاوازی گریانەکەی دەژەند. چاوم لێبوو پشیلە چاو سەوزەکە. لەنێو لێوی دەرگای ژوورەکەوە بەئەستەم ملی هێنابووە ژورەوە. دیار بوو ئەویش دەمێك بوو گوێی گرتبوو. ڕام وابوو دەنگی گریانی منداڵەکە هێندێك جار ئاوازەکانی دەچونەوە سەر میاو میاوی پشیلە بێچوەکان بۆ بانگکردنی دایکیان. دوای هاتنە دەرەوەی دایکی منداڵەکە لە لە خۆشۆرگەکە و دەرهێنانی مەمکی چەپی بۆ نێو دەمی منداڵەکە.

منداڵەکە بەدەم مژین و قوم لێدانەوە هەنسکی دەدا منداڵی خوشکە بچوکەکەم. پشیلەکە لەسەر خۆ ڕۆیشت.تا بەدیوارەکەدا هەڵزنا. چەند جارێك ئاوری دایەوە.بیرم کەوتەوە دەبێت سەرێك لە ژنە نەخۆشەکەی دراوسێمان بدەم. بەراستی ئەم ژنەم لەیادکردووە. چیرۆکی ئەم ژنە بەرلەوەی ببێت بەدراوسێمان لەم کۆڵانە تازەیەدا. یادەوەریەکی تاڵی لاجێهێشتووم.هەندێك جار پێم خۆشە پێی بڵێم دایە. ئێستا کەدایکی من لەگۆڕدایە.ئەو بۆنی دایکمی لێدێت. جارێکیان کە سەیری وێنەی گەنجی ئەم ژنە نەخۆشەی دراوسێمانم کرد. کچە پورەکەم کەشارەزایەکی باشی لە ناسینی و بەرواورد کاری یان ڕوخسار ئاوێزانی هەیە.گوتی : دەزانی تۆ ڕێك لە ژنەکەی دراوسێمان دەچیت.لانی کەم هەستەکەم بۆنی جەستەتان لێکەوە نزیکە. تەمەنم ٢٤ ساڵ بوو. تازە بەمریەم ئاشنابووم. مریەمم لەئاهەنگەکەی خاڵە وەهبیەوە خۆش ویست. ئاهەنگەکەی خاڵەوەهبی. زۆر خۆش بوو. تا ساتی پشووی یەکەمی ئاهەنگ و دابەشکردنی کێك ساردی و نیشانەکردنی بووك پێوەکردنی ئاڵتونەکانی لە بەرچاوی خەڵك بەمەراسیمێکی چەپڵە ڕێزان. لەناکاو لەناو ئاهەنگەکەدا.بوو بەشەڕ. دروست منالە هارەکانی بەدری. شەرەکەیان هەڵگیرسان.سیان لە کورە ئامۆزاکانم. چەقۆیان بەرکەوت. تاکە شتێك کەباش یادم ماوە. سووربوونی شەڕکەرەکان لەسەر تۆڵەکردنەوە. هاشاولێیان بۆیەکتری. لەکاتی هاشاولێیان نازانم من بۆ بەرگریم لەمەریەم کرد. بێهیچ هەست پێکردنێك باوەشم پێداکرد بردمە دەرەوە. دوای دووساڵ پێکەوەبون. دەیان ژوانی پرماچ.فرین بەنێو ساتە خۆشەکانی عاشق بونمان. جارێکیان دایکم کەئێمەی بینی. پێی گوتم مەریەم خوشکی تۆیە شیرتان پێکەوە خواردوە. مریەم کچی ژنە نەخۆشەکەی دراوسێمانە. من نەمەریەمم بینیوە نەدایکیشی تا ئەم ساڵ کەبوو بەدراوسێی دەستە ڕاستمان. مریەم دوومنداڵی هەیە. کورەکەی بەخۆشەویستی منەوە ناوناوە هەمان ناوی خۆم. کچەکەشی ناوناوە بەناوی ئەوکچەی کە جارو بار نامەکانی بۆ دەگواسیتنەوە. وەختێ دەرگای ماڵی ژنە نەخۆشەکەی دراوسێمانم کردەوە. کەس نەهات بەدەنگمەوە. وەختێ چومە ژوورەوە ژنە نەخۆشەکە لە ژێر جێگەدابوو. لێفەکەی سەر جەستەی دەجولایەوە. وەختی بانگم کرد دەمێك بوو مردبوو. جوڵاندنەوەی پەردەکە تەنیا هەوای پانکەکە بوو. بۆمن ناخۆش بوو لەیەك کاتا دوو دایك لەدەست

بدەم. دایکێك کە دایکی خۆشەویستە خوشکەکەمە.ئێستا ئەومرد خوا لەو خۆشبێت. دوای بەخاك سپاردنی ژنە نەخۆشەکە.وەك جاران حەزم دەکرد بگەڕێم بەنێو گۆڕەکاندا. لانی کەم ناو و تەمەن و شیعری سەر گۆڕەکان بخوێنمەوە.گوێم لەدەنگی پێکەنینێکی بڵندە لەدورەوە. بەڕاست گۆرستان جێگەی لێدانی قاقای پێکەنینە. یان بیستنی.گریان و هاوار و کوڕوزانەوە. بەخۆم گوت: دەبێت بڕۆم بزانم کێیە لەم گۆڕستانەدا وادڵی خۆشە. ڕەنگە کەسێك بێت کەبەئاواتی مردنی دوژمنەکەیەوە بێت.ئێستا بەمردنی زانیبێت.کەواتا پێکەنین و دڵخۆشی بۆ ئەو جێگەی خۆیەتی.گوتم نارەنگە شووی ژنێکی تەڵاق دراو بێت.دوای ئەو هەموو ستەمکردنەی لێی و پاڕانەوەی بۆمردنی شوەکەی خۆی لە پێش چاویدا. ئیستا بیبینێ ئەوەی ستەم و ئازاری داوە.مردووە. واگومانم دەکرد. هێندێك جار شێتەکان دێنە ئێرەو ئەوان کەنازانن بگرین. بەکامی دڵی خۆیان پێدەکەنن. نزیك بوومە بینیم. ژنێك بەنیمچەڕوتی لە باوەشی پیاوێکدایە. لەسەر شۆستەی گۆڕێکی خاوێن. توند باوەشیان بەیەکدا کردووە لەکەیفدان هیچیان ئاگایان لە قاقای بەرزی پێکەنینەکەیان نییە.تەنیا ئەو قسەیە سەرنجی ڕاکێشام ژنەکە دەیوت. بەرلەوەی ئێمەش لێرە بنێژین کەمێك چێژی زیاترم بدەرێ. تەنیا زەردەخەنەیەکم کرد گوتم چەند شێتانە عاشقی یەکن. ئیدی ڕویشتم.گەیشتمە نزیك شەقامەکەی بەرامبەر ماڵی باپیرە. باپیرە پیر بووە.دەبوو من زوو زوو سەرێکی لێبدەم. باپیرەم دوو ژنی هێناوە. ژنی یەکەمیان شەش مانگ بەر لە هاو سەربوونی خۆشی ویستووە. دەڵێن کاتی باپیرەم ژنەکەی خواستووە نەنکم سکی دوومانگ بووە. ئای بەداخەوە ئەو منداڵی لە ساتەوەختی دڵداریان دروستیانکرد کە لەدایك بوو مرد. نەنکە باجیکەم هەمان ئەو نەنکەی لەگەڵ باوکم و مامە حیشمەت دایکیان جیایە.من هەرگیز ئەم چیرۆکەم لە یەکێك لە بنەماڵەکەم نەبیستووە. جارێکیان پیاوە ئاشەوانەکە بۆی گێڕامەوە.پیاوە ئاشەوانەکە هاوگوندی باپیرم بووە. هاوڕی منداڵی یەك بوون بەرحمەت بێت ئەو نەماوە باپیرەم هیشتا لەژیاندایە. هەرهێندەی گەیشتمە نزیك ماڵی باپیرە.قەرەباڵخیەکی زۆر لەبەردەم شێتاخانەکەدابوو. ئامۆلانس و ئۆتمبێلی فریاکەوتنی پۆلیس. ئۆتۆبێلی ئاگر





کوژێنەوە. گوتیان: ڕوداوێکی سوتان هەیە . پیاوێك لە شێتخانەکە سووتا وە. پیاوێکی لاواز تەمەنی تەنیا ٥٠ساڵێك دەبوو. بەهۆی ڕەفتارە شیتیەکانیەوە منداڵ و ژنەکەی خستبویانە شێتخانە. پیاوەکە پێشتر پزیشکی ڤێتەنەری بوو.هۆکاری شێت بوونکەی لەکاتی چارەسەری ئەسپەکەی ماڵی میر ئاغا.ئەسپەکە جووتەیەکی دابوو لە سەری.بەو هۆیەوە بەتەواوی شێت بوو. هەموو دەڵێن :دکتۆر کامۆ سوتا. دوای دوو کاتژمێر لیژنەی لێکۆلینەوەی پۆلیس بردەوام بوو . ئەفسەری لێکۆڵەرو پشکنەری شارەزا. تەماشای جەستەیانکرد هیچ ئاسەوارێکی خۆسووتانی پێوە دیار نەبوو. لەژورە تەنیاکەشیدا نە فەرشەکەی نەبەتانیەکەی.نە هیچ کەرەستەیەك. تەنانەت کتێبەکانیشی تیانە سوتابوو .لەهیچ جێگەیەکیشەوە غاز بۆ ژورەکە دزەی نەکردبوو. ڕوداوێکی تەموو مژوو قورس. لێکۆڵەر سەری سورما ، ڕویکردە پشکنەری شارەزا گوتی : بەراست پشکنەر دەبێ دکتۆ بەچی سوتابێت؟ پشکنەر کە خەریکی پشکنینی ورد بوو چاوی کەوت بە هەندێك تەڕی لە سەر پلاکی کارەباکە پلاکی گولۆپ داگیرسێنەکە. چووە پێشەوە لێی. بۆنی بە ئاوەکەوە کرد. دوای کەمێك گوتی. بەڕێز لێکۆڵەر لە کەیسەکەی دکتۆردا بنوسە. لێکۆڵەر سەری سورما گوتی : وەك سەرەتا فەرمانتە دەینوسم. پشکنەر گوتی. دکتۆر کامۆ. بێزار بووە لە ڕووناکی ژورەکە. وای بەخەیاڵدا هاتووە گلۆپەکە بکوژێنێتەوە. بۆیە پانتۆڵەکەی کردۆتەوە میزی کردووە بە پلاکەکەدا. بەوو هۆیەشەوە کارەبا گرتویەتی. تا تەواو نەیسوتان و نەیکردووە بەخەلوز بەری نەداوە. لێکۆڵەر ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو تەنیا گوتی. ئافەرین جەنابی پشکنەری شارەزا بەراستی کارەساتە. خوالێت خۆش بێت جەنابی دکتۆر کامۆ .پێدەچێت گریانی منداڵەکە بۆ ئەم کارەساتە بوبێت من هەستم پێنەکردبێت.

٢٠١٠/٥/١٤



سەعد مەلا عەلی

# دوو کورتیلە چیرۆک

## ١- ماچ

لەگەڵ خستنە نێو سندوقی ئۆتۆمبێلەکەدا، پێی وابوو کە بەرەو مەرگی دەبەن، بەو پێیەی هیچ هۆکارێك نییە بۆ رفاندنی، بۆیە راستەوخۆ شریتی دوا ژوانی هاتەوە بەر چاو کە تەنها چارەکە سەعاتێکی بەسەردا تێپەریبو، لە ئۆفیسی کارەکەیدا لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا نزیکەی سەعاتێك مانەوە.

هەرچەندە قەناعەتی تەواوی هەبوو کە ئەو کورە خۆشی دەوێت و ئەمیش خۆشەیستییەکی زیاتر نەبێت کەمتر نییە، بەڵام نەدەکرا وا بەزویی چۆك بۆ ئارەزووەکانیان دابدات، چونکە وای بەبیردا دەهات کە ناکرێت مێیینە وا







پیشان بدات کە تامەزرۆترن لە رەگەزی بەرامبەر.

لە سندوقی ئۆتۆمبێلەکەدا زۆر بە کپی راکشابوو و لەو تاریکیەدا هیچ بیرەوەریەکی تری لەیاد نەمابو تەنها دوا ژوان نەبێت، وشە بە وشەو چرکە بەچرکە و جوڵانەوەکانی ئەوی دەهاتنەوە خەیاڵ، ئەوی لەو دوا ژوانەدا وەرسی کردبوو داوا یەك لەسەر یەکەکانی ئەو بوو، هەرگیز لەهیچ ژوانێکدا ئەوەندە دووبارەی نەکردبۆوە، کە ئەم بێ بیرکردنەوە و هەڵوەستە رەتی دەکردنەوە، بەڵام ئێستا لە سندوقەکەدا، پێی لەوە نا کە لەو تامەزرۆتر بووە....

لەپڕ ئۆتۆمبێلەکە وەستاو سندوقەکە هەڵدرایەوە و لەگەڵ هاتنەژوورەوەی تیشکی روناکی خۆرەکە، زانی بەرەو تاریکییەکی تری دەبەن، هەر ئەو کاتە پەشیمان بۆوە لە رەتکردنەوەی ماچی ئەو....

## ٢- کوڕ

بەترسەوە دەیڕوانیە چاوی فاڵچییەکە، ئەبێ چی لەو فینجانەدا هەبێتو چی ببینێت؟ ئاخۆ چی دەخوێنێتەوە؟ ئایا بەبەر چاوی دایکمەوە چیرۆکی شاراوەم هەڵبداتەوە؟ لەگەڵ سوڕاندنەوەی فینجانەکە، ئەمیش سەری دەسوڕاو چاوی زیاتر سور دەبونەوە، رەنگی وەك فینجانەکە سور هەڵگەڕابو، قژەکەی وەك مووی دەستەکانی ژێر فینجانەکە ئاڵۆسکابو، لەگەڵ هەر سەر بەرزکردنەوەیەکی فاڵچیەکەو دەرخستنی پێکەنینە درۆزنیەکەیدا، بێ ئەوەی ئاگاداربێت چاوەکانی دادەگرتە خوارەوە، هەرگیز ئەوەندەی ئێستا نەترساوە، هەرگیزیش بەخەیاڵیدا نەهاتوە کچێکی وەك ئەو رۆژێك لە رۆژان پێویستی بە فاڵچیەك بێت بەختی بۆ بگرێتەوە...

لێدانی دڵی سات لە دوای سات زیادی دەکرد و چەندینجاری ترسی ئەوەی لێ نیشیت دڵی لە لێدان بوەستێت.... کاتێك لە خوێندنەوەی فینجانەکە تەواوبو، ئەم قاقای پێکەنینی بەرز بۆوەو لێی پرسی تەنها ئەوەندەبو؟ ئەمە تاکە بەربەستە لە ژیانم؟ پێت وایە هەرگیز کوڕم نابێت!!

چیرۆک

# کۆترە باریکە

عومەری مەولوودی / بۆکان

جاران، ئەوەندەی دەرفەتی بوایە، گوێی بە تانەی ئەم و ئەو نەئەدا، دوو گۆزەی سووری پڕ دەکرد لە ئاو و بەرەو گردەکەی قەبران وەڕێدەکەوت. دەیما بکاتە گڵکۆکە، کۆترەباریکەیەک لە نێو گەڵا و چرۆی نەمامە بادامەکەوە هەڵدەفڕی و لەولاتر دەنیشتەوە، وەک ئەوەی نەخۆشی بێ، کوشکەی دەکرد و هەڵدەکورما. سەرەتاکان کە چاوی بە کۆترەکە دەکەوت، تەزوو و مچوڕک دەکەوتە لەشی! ماوەیەک بە ترس و دوودڵییەوە دەچووە پێشێ، گورجێ ئاوەکەی دەکردە بن نەمامەکە و دەگەڕاوە. وردەوردە زاتی شکا و بەسەر ترسدا زاڵ بوو. ئەمجار خووی پێگرت، ئەوەندەی وەدووی دەکەوت و دەیویست بیگرێ، کۆترەکە دەفڕی و دوو سێ هەنگاو دوورتر دەنیشتەوە. کە دەیزانی هیچی پێ ناکرێ، ئیتر وازی لێ دەهێنا و وەدووی نەدەکەوت.

ماوەی ساڵە وەختێ کە دەچووە سەر گڵکۆ هێندێ تێڕادەما، نەمامەکەی ئاو دا، گوڵە نایلۆنییە زەرد و سوورەکانی دەتەکاند. ئاوێنە شکاوەکەی دەسڕی، گڵۆپە سووتاوەکانی خاونی دەرکردنەوە و بە ڕیز لە سەر بارساییی گڵکۆ دەیچەقاندنەوە و لە ژێر سێبەر نەمامەکە ئەژنۆی لە باوەش دەگرت. پاشان کە لە دانیشتن ماندوو دەبوو، دارە نووکتاشراوەکەی لە بنهەنگڵ دەردەهێنا، دەچووە نێو قوولکەکە و هێورهێور ئەرزەکەی هەڵدەکەند. ساڵەوختێك خەریکی دانەوەی ئەو قولکە بوو! لە قسان پێچاڵێکی قوولّ کردووە! زۆر جار خۆی بە چاڵەکە دەگرت، درێژایی بە قەت بالآی خۆی بوو. تا وەڕەز دەبوو دەیداوە، کە ماندوو دەبوو، ڕاست تێیدا ڕادەکشا تا دەحەساوە. پاشان گۆزەکانی دەنایە سەر شان و بەرەو ماڵ دەگەڕاوە، کە دوور دەکەوتەوە، ئاوڕی دەداوە، کۆترەکەش لەسەر نەمامەکەی دەنیشتەوە.

ئێستا زۆر لەمێژە دیار نییە!! نەمامەکە تینوو و بێئاوە، گەڵا سەوزەکانی زەرد هەڵگەڕاون، چرۆ ناسکەکانی توێخیان بەرداوە و شەقار شەقار بوون. گوڵە نایلۆنییەکان با، بڵاوی دەکردنەوە و ڕەنگیان گۆڕاوە، گوڵە زەردەکانی سپی بوونەتەوە و سوورەکان زەرد هەڵگەڕاون. گڵۆپە سووتاوەکان هەر دەنکەی لە لایەک لە خۆڵدا نوقم بوون.. ئاوێنە شکاوەکە بستێ تۆزی لەسەرە، کەس خۆی تێدا نابینێ. لەو دەمەوە ئەو دیار نییە، کۆترەباریکەکەش دیار نییە!! دەڵێن نەخۆش و دەردەدارە!!

— گوتت دەردەدارە؟! دەردەداری چی؟!! بڵێ دیق و دەردە باریکە! بڵێ زووخاو و وەرهەم! وەرهەمی هەڵێناوە وەرهەم!! بەو زووانە نەتدیوە؟ ئاشێ گوڵ ئەو ئایشێگوڵەی جاران نیە! زەرد زەرد هەڵاتووە!! زگی سێ تەپڵەی بەستووە و بووە بە لاسك و دەرزی! نە ئەوەیە بشکێ، نە ئەوەیە بپچڕێ! لەمێژە لە خواردن دایبڕیوە، هیچ لە دەروونیدا بەند نابێ، ئەوەی بیخوا، دەیهێنێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زگی دەڕەوێتەوە، دکتۆر جوابی کردووە!! ئەی چۆن! بە هیوای سزای کردەوەی خۆی نەبینێ؟ دەی بینێ، بە چاوی خۆی دەیبینێ، دەستی تۆڵەت پێ چییە؟ تۆڵەی بزنی کۆڵە لە شاخدار دەسێندرێ. دەڵێن لەو شەوێڕا کە خالۆزاکەی خنکاندووە، نەیوێراوە بچێتە ئەو دیوەی کە ئەوی تێدا بووە، چۆن دەوێرێ، منیش بم ناوێرم، هەر کەسی کەش بێ ناوێرێ.

— بێ هەست و خوست لەسەر جێیە. نە هاوار نە سکاڵایەك. نەپاڕانەوە و گریانێك. بێداوا و ئارەزوو، دەڵێی بەو بەشە ڕازییە!! ئێستا تامەزرۆیە بیبەنە ئەو دیوە خۆفناکە!

— دایە!

— گیانی دایە!

— حەز دەکەم بچمە دیوەکەی خۆم، حەز





گزنگ ١٠١ — شوبات ٢٠١٣



دەکەم لەوێ بنووم.

– ئەیڕۆ! ! ئەو دیوە شوومە! ! جا دڵت دێ لەبەر ئەو جوانەمەرگە؟ نانا، باسی ئەوەم لا مەکە. ئەیڕۆ، برازا جوانەکەم ڕۆ، برینم تازە بۆوە، ئەیڕۆ. ...

– دایە! تو گۆڕی برازا جوانەمەرگەکەت.

– داوای ئەوەم لێ نەکەی لات بمێنمەوە، چاوم هەڵنایێ تەماشای ئەو دیوە کەم.

– هەر بمبە ئەوی و دەرگام لێ پێوەدە.

ژوورەکە بەسام و پڕمەترسییە. بۆنی چۆڵی و مەرقای گرتووە. کۆنە ژوانگەیە. بۆنی مەرگ و خوێن دێ! چۆڵ و کاولە جێژوانە، جێی کوشتارە! قەساب، قەسابی تێدا کردووە! ! خۆی خوێنی تێدا ڕشتووە. کەوابێ بۆ دەبێ بترسێ؟ لە چی بترسێ؟ خوێنڕێژ دلڕەقە، دلڕەق کوا بەزەیی؟ ئەگەر بەزەیی بووبا، ئەگەر ترسابا، ئەگەر دڵ لە دەروونیدا با، دەبوو هەر ئەوشەوە





مردبا. ئەی کوا مەرگ لە کوێیە؟

چاو بە ژوورەکەدا دەگێڕێ. نیگای لەسەر دەلاقەکەی ڕووی کۆڵان گیرسایەوە، دەلاقە بچووکە، بە ئاستەم سەری پێدا دچێ:

– میرزا! شانت کەش و تووشکە، شانت تێیدەگیرێ! سەبر سەبر وەرە خوارێ. سەرنجی دایە جێ قەتڵەکە، چاوی بە سەرینەکە کەوت، چاوەکانی بوون بە دوو پۆڕگ.

دەرەوە تاریکە. تاقە ئەستێرەیەك بەدی ناکرێ. چاوی ئاسمان خاتوو زمهەریرە! نانا، چاوی زین و خەجە، زینە و بەسەر تەرمەکەی مەما دەگری. خەجە و سەری سیامەندی لەسەر ڕانە.

لە دەرەوە بریسکە بریسکی هەورەبرووسکەیە و چڕنووك لە ڕوومەتی ژوانگە چۆڵەکە دەگرێ. نەخۆشەکە گوێی بۆ دەرەوە هەڵخستووە.

کوندێ لە گوێسوانە دەخوێنێ. دوورتر دەنگی لوورەی دەڵەگورگێ دێتە گوێ. گورپەیەك لە گوێسوانە شاڵاو دەباتە کوندەکە و هەڵیدەفڕێنێ. سەگەل ڕەپێی دەڵەگورگ دەکەون و دووری دەخەنەوە.

کۆترە باریکەکەی سەر نەمامە بادامەکە لە دەلاقەوە هاتە بەرچاوی نەخۆشەکە.

– چییە ئایشێگوڵ؟

– نەخۆشم میرزاگیان نەخۆشم.

– ئەی کەشم و نەشم و قاقای پێکەنینی جارانت کوانێ؟

– مەیخەوە بیرم میرزا مەیخەوە بیرم، لێی بێزرام.

– بۆیە جێژوانت چۆڵە! ! پێم نالێی لە کوێی؟ حەح چەندەت دڵ لەدوا بووم! مەگەر خۆت نەتکوت وەرە؟ بۆ نەهاتی بێوەفا؟ ! ! تۆ و بەڵێن شکاندن؟ ! ! بە خوای بێوەفای.

– بێوەفا نیم میرزا، شەرمەزارم شەرمەزار.

– شەرمەزاری چیت؟

– شەرمەزاری لای تۆم، لەو شەوەوە ڕووی لای کەسم نییە، بوومە بایست میرزا، بوومە بایسی جوانییەکەت، هەموو بە چاوی نەیارێ تەماشام دەکەن.

میرزا قاقا پێکەنی.

– گوێ بەوە مەدە، ئەو شەوە من هەر بە خۆشم نەزانی. گلەیی ئەوەت لێ ناکەم ئایشێگوڵ، لەوە لێت بەگلەییم، لەسەر سەرینەکە نانووی، جێژوانت چۆڵە، منت وەلا ناوە ئایشێگوڵ؟

– نا میزاگیان نە بەو چاوە جوانانەت لەگەڵ هەناسەمی، هەناسە لە بیر دەچێتەوە؟ لێم مەتۆری میزاگیان، ئەگەر نەهاتوومە ئێرە، ئەگەر جێژوانم چۆڵە، دەترسام، زۆر دەترسام!

– له چی ئایشێ گوڵ؟ له چی؟

– له تۆرانت، لێم نەتۆراوی میرزاگیان؟

دیسان قاقا پێکەنی

– تۆران؟! تۆرانی چی؟ تۆ دڵ و هەناومی له تۆ دەتۆرێم؟! دەکرێ له تۆ بتۆرێم؟!! ڕاستی ئایشێ گوڵ! ئەو شەوە چۆن ئاشکرات کردم؟ هەر بۆمت نەگێڕاوە چەتیوە!

ئایشێ گوڵ دای له پرمەی گریان. بە دەم هەنیسکەوە چەمۆڵەی لە خۆی دەنا. سەرینەکەی لە ئامێز گرت، توند توند بە خۆیەوە لکاند:

– باسی ئەوە مەکە میرزا گیان، مەیخەوە بیرم. تۆ بووبای چت دەکرد؟

میزا پێکەنی و گوتی:

– من بووبام؟ دنیام وەسەر خۆم دەگێڕا.

– دەی منیش دنیام لەسەر گەڕا. بوومە قیری کەوای سپی، خاس و عام تانەم لێ دەدەن، تفم لێ دەکەن. خزم و بێگانە نامدوێنن. بە قاتڵم دەزانن، من قاتڵم؟ بە قاتڵم دەزانی میرزا؟ من قاتڵم یان .... نا. نە بە خودا. دیسان گریا و سەری لە سەرینەکە هەڵسوو. گریا ... گریا. ...

– سەر هەڵێنە ئایشێ گوڵ! لە بیر خۆتی مەبەوە، حەز دەکەم بزانم، چۆنت ئاشکرا کردم؟

ئایشێ گوڵ سەری هەڵێنا. نیگا چووە سەر دەلاقەکە، بە هەنیسکەوە گوتی:

– هەر هاتیە ژووری ئازارەکەت هاتێ و کەوتی، کە کەوتی، دەتزریکاند. زریکەت گەڕەکاو گەرەك دەڕۆیشت. ڕووسیام میرزا، ڕووسیام، لەبەر حەیای خۆم ئەو کارەم کرد. نیگای لەسەر دەلاقەکە گواستەوە. بە چاوی خوێنکردوویەك سەرنجی دایە سەرینەکەی نێو ئامێزی، بە قینەوە تورِی هەڵدایە سەر زەوی، بە گریانەوە، دەمەوڕوو خۆی خستە سەری. گریا ... گریا ... بوو بە حەوجۆش و دەکوڵا و قوڵپەی گریان دەهات.

– مەگری مەگری، ئایشێ گوڵ مەگری، وەیشوومەی گریان باش نییە.

لێمگەڕێ میرزا لێمگەڕێ خەوشی دڵم بڕێژم، گریان حەقی خۆمە، لێمگەڕێ. گریا ... گریا. ....

– شەو درەنگە، بەیانە ئایشێ گوڵ بەیانە، دەمانبینن. سەر هەڵێنە و بمدوێنە. زۆر تامەزرۆی قسەتم. ئەوشەوەش هیچت بۆ نەکوتم. دوو مانگ بوو نەمدیتبووی!! ئەو شەوە تازە هاتبوومەوە، نەتهێشت تێر سەیری پەلکە جوانەکانت بکەم کچەتیوە. ئەی پەلکەکانت کوا؟!! بۆ خرینگەی سیخمە و بازنە و کرمەکت نایە؟! دیاریەکانی منت چ لێکردوون؟

– ماون میرزا گیان ماون. هەموویان ماون.





لەگەڵ پەلکەکانم هەڵمگرتوون.

بە گاوڵکێ بەرەو سندووقەکە خۆی کێشا، سەرەکەی هەڵدایەوە، یەك بە یەك دەریهێنان. گێژ گێژ تێیان ڕاما:

-ئەوەتان میرزا گیان ئەوەتان. ئەوەش هەر شەش پەلکەکانم. ئاخر تۆ زۆرت پێ جوان بوون، زۆ جار کایەت پێ دەکردن. هەرلەبەر تۆ ڕامگرتوون. تەماشاکە میزا! تۆ جوان سەیریان کە! هەر وەك جاران ڕەش و جوان و درێژن.

پەلکەکانی بە دەستەوەن. سەرە ئەستوورەکانی لە ژێر چەناگەی ڕاگرتوون. سەری لیزگەکانیان بە پارچەی سەوزی باریك، بەین بەین ئاوێتە بە دەنکە مێخەك هۆنراونەتەوە و لەسەر پەنجەی پێ ڕاوەستاون، بە حەسرەتەوە پێیاندا دەڕوانێ. دەڕوانێ دەڕوانێ، وەك پەیکەرەیەك پێیاندا دەڕوانێ.

دووچین پەلکەکانی بە درێژایی سندووقەکەدا ڕاکێشا. سەرەکەی داداوە. گێژ گێژ هاتەوە سەر چێ و ڕاکشا، وەك ماخولیا چاو دەگێڕێ. نیگای بەرەو دەلاقەکە باڵی گرتووە و لەسەر بوومەلێڵی ئەو دیوی دلاقەکە بە لەنگەر وێستا.

-چییە ئایشێ گوڵ؟

خەوم دێ میزا خەوم دێ. خەو دڵی گرتووم، لێمگەڕێ با وەنەوزێ بدەم.

باشە بنوو ئایشێ گوڵ بنوو. بەڵام بەر لە نووستن، سەرینەکە هەڵگێڕەوە و دمت بنێ جێ دمی من. با خێرا خەو بتباتەوە. دە بنوو ئایشێ گوڵ بنوو. بنوو خەوی خێرت بێ.

بەر لە بەیان، دوو کۆترە باریکە لە دەلاقەی کاولەجێژوانەوە، دایان لە شەقەی باڵ. هەر لە هەتاوکەوتنەوە هەتا تاریکان پووشە نەرمیان کێشا. لە نێوان دوو پەلی نەمامە بادامەکەدا هێلانەیان هەڵبەست.

چیرۆك



سەلمان شێخ بزێنی

# کۆتایی ساڵ

خونچەو کوڕەنەخۆشەکەی.. شەوی ڕابردو، تادرەنگانێك بەدیار تەلەفیزیۆنەکەیانەوە، تەماشای خۆشی و شادی دەربڕینی خەڵکیاندەکرد.. لەدواساتەکانی کۆتایی ساڵدا، بەزم و سەماو یارییە ئاگرینەکان بۆپێشوازی ساڵی نوێ... لەهەمو کونجێکی دنیادا پیشاندەدران، بەردەوام شریتی پڕوپاگەندە بۆ شەوەئاهەنگەکان و کۆنسێرتی گۆرانی و موزیك دەردەکەوتن، کوڕەش لەجێگە هەڵنەگیراوەکەیدا لەبەر خۆیەوە بۆڵەیەکی کردوو گوتی: "هەموخەڵك بەدڵێکی خۆش و ناخێکی ئاسودە لەبەزم و ڕەزمدان، بەوبۆنەیەوە سەفەردەکەن و وڵاتان و شوێنەخۆشەکانی دنیادەگەڕێن، ئێمەش لەکونجیماڵەوە بێ پارەو پول... ئای دایکە چ قەدەرێکمان بوو...!؟".

دایکەش فرمێسکە کانی لەکوڕە شاردەوەو





گوتی:" کوڕەتاقانەکەم... هەزارانی وەك ئێمەو خوارتریش هەن، دەبێت سوپاس گوزاربیت، خودا ڕێنیشاندەری داماوانە کوڕەکەم، ئەوەتا بەموچەی خانەنشینەکەی باوکت دەژین.. گەرچی کەمیشە سەربەرزانە دەژین، خودادەکات توچاکدەبیتەوە... وابزانە ئەوساڵەی کۆلیژەکەت تەواو کردووە، ئیترئەوەهەمو خۆشیەکی ئێمەیە ."

دایکە هەمیشە هیوای دەخستە دڵی کوڕەنەخۆشەکەیەوە کە دووساڵ بوو بەتەقینەوەکەی بەردەم کۆلیژەکەیان لەجێدا کەوتبوو!.

جیڕەی کوڕەی بەدەنگ هێنا، لەژێر پێخەفەکەی ڕاست بۆوە، بەدەنگێکی خەمگین گوتی:" دایکە نەمگوت نەرمادەی دەرگاکە چەورکە؟". دایکە بزەیەکی بەڕویاداو نان وچایەکەی لەبەردەمی داناو لەنزیکییەوە دانیشت و گوتی:" ئیتر بیرمان کوڵ بووە کوڕەکەم هەمیشە شتەکانم بیرە چێتەوە". تەواوێك لەڕەنگی زەردو لاشەی لاوازی ڕوانی و لەسەرخۆ گوتی:" ئەمشەو خەوێکم بینی هەر لەڕاستی دەچوو، ڕاستیەك لەوانەیە دیوی دووەمی بەشێك لە مرۆڤەکان بێت...!". کوڕە.. یەکەم جاریبوو دایکی بیەوێت خەونێکی خۆی بۆبگێڕێتەوە، قومێکی چایەکەی بەسەر نان و ماستەکەیا کردوو گوتی:" دەی دایکە بابزانین چ خەونێکت بینیوە ... توخودا دایکە لەوخەونەدا من چاك بومەتەوە..؟".

دایکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:" بێگومان کوڕم توچاکدەبیتەوە.. نانەکەت بخۆ منیش خەوەکەمت بۆدەگێڕمەوە".

دایکە بەدەم خەم و خۆزگەوە.. کەوتەگێڕانەوەی: " لەخەوما بازاڕیم دەکرد، بینیم ئەوخەڵکە بەجلیماڵەوە هاتبونە بازاڕ، هەمو لەدنیای تێڕامانا عەودالّی ڕۆژانێکبون، لەهەرشوێن و دوکانێك نزیك بوایەتیەوە دەکەوتیەبەر دەیان نیگای پرسیار ئامێز، کەسیش هیچی لەکەس نەدەشاردەوە، لەکاتی شت هەڵگرتن و پارەدانا کەس بەدیار شتومەکەوە نەبون، کۆتایی ساڵ لەکۆتایی دنیا دەچوو، زۆربەی شوێن و دوکانەکان لەوحەیەکی نوسراویان داکوتابوو، هەر پێتدەکرا بیان خوێنیتەوە، هەریەکەو بەپێی ئاستی کەسەکان نوسرابون... لەهەندێکیان تێنەدەگەیشتم، ئەوەشی لەوحەی دانەکوتابوو.. ناچاربو شوێن و دوکانەکەی دابخات و بچێتەوەماڵەوە، ناوێکیان لەو ڕۆژەنابوو.. ئۆه لەبیرم نەماوە چ ناوێك بوو!.

= لەسەرلەوحەی دووکانێکی گوڵ فرۆشێکا نوسرابو: زۆرگوڵی جوان و بۆندار



دەسك كران و بران و بەمەبەست نەگەیەندران، چەندانیان لەسەر مێزا گەردیان گرت.. یان لەبەزم و سەمای شەوەتایبەتیەكانا پێشێلكران، ئاخۆ ئەمێستاش.. ئاهەنگی خونچە تازە پشكوتوەكان لەگوڵدانی ئەمڕۆدا، بۆسبەینێ... شیوەنێكیترە بەدیار تەرمی ژاكاوی خۆیانەوە؟.

= لەسەر لەوحەی سەرتاشخانەیەكا نوسرابوو: ئەمێسیتا چ ڕامانێكم بۆ دوازدە تەڵی سپی سمێڵم نیە، یان پەنجا تەڵی سپی بوی ڕیشم، ئەوسێ سەدوو پەنجا تەڵەسپیەی سەریشم واتای ژیان كردن نیە بەوەی زۆری وزەم بەكامی دڵ خەرج كردبێت، جانازانم.. ئەوەندەیان بەرائەتن لەگوناهەكانم.. یان هیشك هەڵاتوی پایزی تەمەن؟.

= لەسەر لەوحەی دووكانێكی خەڕاتیدا نوسرابوو: بەتێپەڕینی ساڵێكی تەمەن چ شتێك لای من مایەی ئاوڕدانەوەنەبوو... ! ساتێكی گرنگ لەڕۆژمێری تەمەندا تۆمار نەكرا، ئەوەی چو.. لەمنچو، شتەكان بێ ویستی من گۆڕان، شتگەلێكی نامۆ لەبەر لوتم قوتبونەوە ! ئەوانەی تر توڕدران و ئەمانەش بێ ویستی من بەشێنەیی جێگایان گرتەوە !.

= لەسەر لەوحەی نەمام گەیەكدا نوسرابوو: گەڵای ئەمساڵش لەداری





تەمەنمان بەربونەوە و واتایەكیان بەژیانمان بەخشی! ئاخۆ داری تەمەن... چەند خونچەی مژدانەی پشكووت و چەند میوەی شیرینی گەیاند وو چەند تۆوی بەختیاری لەكێڵگەی ژیاندا چاند؟؟".

دایكە بزەیەكی كاڵی بۆ كوڕەكەی كردوو گوتی:" چیترم بەباشی بیرنەماوە !".

كەمێك داماو گوتی:" دووایە بیستت كوڕم.. هەریەكەو بەجۆرێك ژیان كەنەفتی كردوون و باری گران شانی داچەكاندون ! ؟ ئەوەی لەناخیاندایا هەڵیدەڕێژن و هەمیشە بەهیوا خۆزگەكانیان دەبەخشنەوە؟ !". دایكە بەدەم قسەكەیەوە كوڕەی بەجێهێشت بۆپێڕاگەیشتن بەكارەكانیماڵەوە، كوڕەش بێدەنگ لەجێگاكەی ڕاكشاو چاوی دایە گزنگی خۆرێكی نوێ لەڕۆژو و مانگ و ساڵێكی نوێ.. كەلە پەنجەرە كەوە دەهاتە ژورەوە .!

***كەركوك ٢٠١٣/١/١***



**مەنسووری یاقووتی**

# شوانەکان

**و/ لەفارسییەوە: خالید فاتیحی**

هەتاو لەپشت پەڵەهەورێکی سوورو نارنجییەوە دەردەکەوت، کە قووربان عەلی لەگەڵ مامەمراد، ئەو مێگەلەمەڕەی کەئی ئاغابوو لە ئاواییان بردە دەرێ و بەرەوبناری ڕایاندا. سەگەکانی مێگەل، ئەو مەڕانەی کە دوادەکەوتن یان جیادەبوونەوە ڕامالیان بۆ دەبردن و تێکەڵی مێگەلەکەیان دەکردنەوە. بە وەڕینەوە ڕایان دەکردو کەڵبە سپییەکانیان دەدرەوشانەوە، بەهەراوهۆریا مێگەلەکە لەدوای خۆیەوە تەپ و تۆزی بەجێ دەهێشت. قوربان عەلی پێپێچەنان و پەنیرەکەی لە پشت بەستبوو، بەگۆچانەکەی لە پشتی مەڕەکانی ڕادەکێشاو بەولاولادا غاریدەداو بەهۆهۆوە مێگەلەکەیان ڕادەدا. مامەمراد پێی لەبەردێك هەڵەنگوت، زۆری نەمابوو بەسەر ڕواندا بکەوێ، بەلاّم خۆی گرتەوەو





خڕکەبەردێکی لە بزنێکی قەڵەوگرت کە دواکەوتبوو، بنچکە گیایەکی بەدەمەوە گرتبوو و هاواریدەکرد:

-سەگبابی چەمووش. . . نەفرەت لەبابت. سەگی هار!

قوربان عەلی هەروا کەدەڕۆیشت ئاوڕێکی دایەوە. تیشکی خۆر لە سەربانی خانووە قوڕەناڕێکەکانی دابوو، دەچووە ناو کۆڵانەکانەوە کەوەك دەمی مردوو داپچڕابوون. لە هەیوانی خانووەکان دووکەڵ لە کۆڵانەکان هەڵدەستا، ئەوەی نیشان دەدا کە ژنەکان تەندووریان هەڵکردووەو خەریکی نان کردنن. لەسەر گوێسوانەی ماڵێك، کەڵەشێرێك ملی بڵندکردو چاوەکانی لێك نان و قوقاندی و بۆ کۆڵانەکە هەڵفڕی.

قوربان عەلی پێکەنی و گەڕایەوە. ڕانەکە لە تەپۆلکە ڕووتەنەکە سەرکەوتبوو، ئەودیویشی سەرەوژێربوو و دەچووە دۆڵێکەوە. خۆی گەیاندە مامەمراد کە لچ و لێوی گرژکردبوون و تێکچووبوو، پرسی:

-مامەمراد! ئەمڕۆ مێگەلەکە بەرینەکوێ؟

مامە تفێکی ڕۆکرد، نیگاساردو سڕەکەی لە کێوەکەی بەرامبەری بڕی، ڕیشەڕەشەکەی خوراندو گوتی:

-بۆهەر جەهەننەمی دۆڵێك کە پێت خۆشە بیبە. . . ئاغا گوتی بیبەینەلای گردەزەردی. . . ئاخ. . .

قوربان عەلی قسەیەکی نەکردو لێوەکانی هەڵچنین. مامە، ئەمڕۆحاڵی باش نەبوو تاقەتی قسەکردنی نەبوو. بۆخۆیشی حاڵی لەحاڵی مامە باشترنەبوو. ئەگەر مامەحەوسەڵەی هەبا پێی دەگوت بۆی باسبکا، پێیدەگوت کە ئاغا بۆچی نەیهێشتووە بابی بینێرێتە شارو درێژەبەخوێندن بدات. دوێنێ مامۆستاکەیان، مامۆستا گراوەند، بابی بانگ کردبووە ماڵەکەی خۆی و پێیگوت بوو: ((قوربان عەلی کوڕێکی باشە، زۆربەتوانایە ئەوساڵ لەنێو هەمووقوتابیەکانی پۆلی پێنجەمدا یەکەم بووە، حەیفەنەخوێنێ. . . بینێرەشار. . . مەهێڵە بەدبەخت بێ. . . )) بابیشی گوتبووی: ((دەستمان کورتە. . . ئەگەر قوربان عەلی بچێتەشار،ساڵی دووسێ هەزارتمەنی دەوێ، لەکوێی بێنم؟من هەرئەوکوڕەم هەیە، ئەگەر ئەوم نەبێ ئاغا نایەڵێ پاسەوانی باخەکەی بکەم و دەرم دەکا. بۆخۆشت دەزانی، قەرەم(*)، زەویم نییە لە داری دنیایە خاوەنی کەرێك و دووبزن و چوارمەڕی پیرم. ئاغا ساڵی هەزارتمەن دەدا بە قوربان عەلی تا بچێتەبەرمەڕی. . . بۆ باخەوانیەکەشم دووهەزار تمەنم دەداتێ. . . )) مامۆستا گراوەند گوتبووی: ((تۆ کە نەزەویت

هەیەو نەهیچ شتێك. دەستی ماڵ و منداڵت بگرەو برۆشاری، هەرچۆنێك بێ پاروەنانێك پەیدادەبێ. ئاغا قازانجی خۆی دەوێ. دووڕۆژی دیکە کە لەپەل ویۆکەوتی وەدەرت دەنێ، بێچارەو سەرگەردان دەبی))

بابیشی لە ئەنجامی پێداگری مامۆستادا کەوتبووە بیرکردنەوەو تیشکێك هاتبووە ناودڵیەوە. چووبووەلای ئاغاو مەسەلەکەی تێگەیاندبوو، هەرچۆنێك بوو ژەوانی کردبۆوەو گوتبووی: ((مامۆستا گراوەند شەکری خوارد. ئەوهەرچی بێ غەوارەیەکە، نازانێ خەڵك بەچ ڕەنج و کوێرەوەریەك پاروەنانێك بۆژن و منداڵەکانیان پەیدا دەکەن. خوێندن لەشاری گەمەنییە. خەرج و مخارج پشتت دەشکێنێ. یارۆ مانگی دووهەزار تمەنی وەردەگرێ بەڕێوەبردنی دوومنداڵی قوتابخانەی پێ ئەستەمە. پەلەی لێ مەکە. بەچی دەزانی کە قوربان عەلی وەردەگیرێ؟

ئێوارێ ماندوومجرۆ کە گەڕبۆوەماڵێ و بابی قسەکانی مامۆستاو ئاغای بۆ گێڕابوونەوەو لەدواییدا گوتبووی: ((چارەچییە؟. . . ناکرێ. . . تائێرەت خوێندووە بەسە، خوێندن بەکەڵکی ئێمەنایە؟!)) دەتگوت مەقاڵەیەکی پڕلەزیلکەت بەسەر سەریداکردووە، ڕووخساری سوورهەڵگەڕاو بەدەنگی بەرز ئاغای وەبەرجنێوان دا: ((ناماقوڵی کرد. . . ناپیاوی ورگ زل. . . ئەگەر بەدەست وی بێ هیچ کەس پۆلێکیش ناخوێنێ. هەردەچم بۆشار، دەنا هەڵدێم)).

بابی لەبیستنی ئەوقسەیەی ڕەنگی لەڕوان پەڕیبوو گوتبووی: ((هەڵدێم؟! گوی دەخۆی! لاقانت داغ دەکەم. وەتەی چۆتە قوتابخانە زمانی چەند درێژبووە؟! نەگەورەو چووکەی دەزانێ و نەفێربووە چۆن لەگەڵ لەخۆی گەورەتری بجولێتەوە؟)) قوربان عەلی پێی بەزەوی دادابوو دووبارەی کردبۆوە کە ئەگەر نەهێڵێ بچێتەشار، لەماڵێ ڕادەکا بابیشی هەستابووگرتبووی ئێستا لێی نەدا کەنگێ لێیبدا. هێندەی لێدابوو کە ئێستاش تەواوی لەشی دێشا، بەزەحمەت دەیتوانی وەجولێ. دایکیشی کە ویستبووی بەڕیوانی بکا لەگەڵ پێلەقەیەکی بابی، وەك کۆنەسەماوەرێك لەگۆشەیەك کەوتبوو.

وەبیرهاتنەوەی ئەوشتانە دڵی قوربان عەلی ئازاردەدا. دەتگوت ڕەشەکوانێك لەگەرووی هاتووە، هەستی بەخنکان دەکردو چاوەکانی پڕببوون لە فرمێسك. مامە مراد چەند هەنگاوێك لەپێشتر ڕاوەستابوو. بەقوڵی کراسەکەی فرمێسکەکانی





سڕینەوەو بەگۆچانەکەی لە پشتی مەڕێکی ڕاکێشا کە دەیویست لە مێگەلەکە جیابێتەوە. بەدەنگێکی نووساو هاواریکرد:

-بڕۆوە ناومێگەل. . . خاوەن سەگ. . . یارەببی گوانەکانت لێوەبن.

لە لەوەڕگاکە نزیك دەبوونەوە. شنەبایەکی فێنکی دەهات. لای خوارێ، کەناری ڕووبارەکە، سپی دەچوو، لە ئاسمان لەك لەکێك چەرخی دەدا، ئاودێرێك کە پێمەڕەیەکی لەسەرشانی بوو و فانۆسێکی بەدەستەوەبوو، شەکەت و ماندوو بەرەو ئاوایی دەڕۆیشتەوە. بێخەوی و نەسیمی ساردی شەوی بانەمەڕ دای هێزاندبوو، وەك ڕەگی پیرە گوێنییەك وشکی کردبوو. قوربان عەلی مامی ناسییەوە کە کرێکاری ئاغابوو. پۆلێك کۆترەکێوی لە باخچەچنارەکەی ئاغا چەرخیان دەداو بەرەولای تەپۆلکەکەی دەورووبەری باخچەچنارەکە دەچوون. ڕووخساری قوربان عەلی، بە چەناگەی درێژو چاوی گەورەوڕەشەوە لێوەکانی کە خۆڵ وبای دەشتێ تیك تیکی کردبوون، لەبیری ئازارێکی قوڵدابوو. ئەگەر لە گوندی مابایەوە. . .

. . . نیگای کەوتەسەر مامەمراد کە لەسەر تاتەبەردێك دانیشتبوو سیگارێکی دەپێچایەوە. سەگەل لەدەورووبەری کلکەسووتەیان دەکرد. هەتاو ڕەنگی ڕووخساری بەڕەنگی تریاکی سووتاو لێکردبوو. دەماری دەستی دەرپەڕیبوون، وەك ئەوزەویەی هیچی لێ نەڕوێ، دڵی بنیادەمی تەنگ دەکرد. لووتیشی وەکو لاقی ئەوباڵندەیە دەچوو، کە لەبەرزگیدا نووشتاندبێتیەوە. حاڵەتێکی خەمناکی هەبوو. ئەویش ئەگەر لێرەمابایەوە وەکو مامە کەنەفت و بێچارەدەبوو.

ئاغای وەبیرهاتەوە کە بەو ورگەزلەوە کە دەتگوت مانگای ئاوسەو چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاوەکوێرەمووشەکەی کردووەو قیت و قنج لەپشتی ماشێنەشینەکەی دادەنیشێت و بەسەرخەڵکەکەدا دەینەڕاند. تا ئێستا هێندەڕقی لە ئاغانەبۆوە. ئەگەر دەستی دەگەیشتێ گەرووی بادەدا وەك ئەوەی مریشکێك کەوتبێتە بەردەمی ڕێوی و بێهودە دەست و پێ ڕاوەشێنێ.

قوربان عەلی دوێ شەو نەخەوتبوو. ئەوماوەیەش کە بەخەبەربوو گریاو لەناو جێگاکەیدا هەرگینگڵی دەدا. هێندە دڵتەنگ و نیگەران بوو، کە هەستی بەئازاری ئەوکێچ و ئەسپێیانە نەدەکردو ئەو مشکانەش کە جرت و فرتیان بوو، گڵی دیوارەکەیان دەقرتاند. باقیەکەشی خەونی سەیروسەمەرەی دیتن، ئەوخەونانەی کە دەیان ترساند یان ئومێدیان پێدەبەخشی



و دڵیان سووك دەكرد. لە خەونیدا دیتی برایمی هاوڕێی چۆتەشارو دەخوێنیٚ، ئەویش لە داوێنی كێوێك، لە كاتی دار كۆكردنەوەدا چەند گورگێك هێرشی بۆدەبەن. گورگەكان بە دەورووبەریدا دەخولێنەوەو ددانیان لیٚ گرِدەكرد. دوای ئەوخەوە، خەونی دیت كە ماشێنەكەی ئاغا لە كاتێكدا كۆمایەك تەپ و تۆزی لەدوای خۆی بەجیٚ دەهێشت، دەهاتەئاوایی و ئەویش لە شوێنێكی لاچەپەك خۆی پەنادەداو بە بەرد شووشەی پێشەوەی ماشێنەكەی وردووخاش دەكردو تێی دەتەقاند.

قوربان عەلی لەوبیرانەدابوو، بە گۆچانەكەی چووەلای چەندمەڕێك كە چووبوونە ناوگەنمی مەشەدی ڕەحمەت. مەڕەكانی بەهۆهۆوە بەرەولای مێگەلەكەی دەرپەڕاندن و چۆوەلای مامەمراد كە







جگەرەی دەكێشاو لە ئاسۆی دەڕوانی. خۆر هەڵكشیبوو ڕووخساری گەش بوو. گەنمەكان كەروێشكەیان دەكردو سوێسكەیەكیش دەیخوێند. با، پەڵەهەورێكی بەرەوباكور دەبرد. مامەمراد وەكو پیرە دارچەقالەیەكی ئاخری پایز، مات و پەرێشان لەسەر تاتەبەردێك دانیشتبوو، نارەناری دەكرد. مامە دەنگێكی دڵگیرو خۆشی هەبوو. هەركاتێك خۆشحاڵ دەبوو، یان كەمێك دڵتەنگ دەبوو تێی هەڵدەكرد. كاتێك گۆرانی دەگوت دەتگوت دەنگی شەقەی شاباڵی ڕیشۆڵەیە كە پایزان كۆچ دەكەن و بەرەو گەرمەسێر دەڕۆن. مرۆڤ هەستی بەغەریبی دەكرد.

مامە سەرنجی لە ئاسۆبڕی و گوتی:

-ئەمڕۆ دڵم زۆر تەنگە.

قوربان عەلی هەناسەیەكی هەڵكێشاو گوتی:

-خوانەكا. . . . بۆچی؟!

مامە بەردێكی تاودایەو هاویشتییە بزنێك كە چووبووە ناو شیناوەردی خەڵكیەوە. دانیشت و گوتی:

-یەك دوورۆژە موجتەبای كوڕم زگچوونییەتی، دوێنیٚ چوومەلای ئاغاو گوتم نۆكەرێكی تۆم هەیەو نەخۆشە، زگچوونییەتی، خێرت دەگاتیٚ سی چل تمەنێكم بدەیەی دەیبەمەلای دكتۆر. نووسرەتی كوڕم ئامادەیە مێگەلەكە لە جیاتی من بلەوەڕێنیٚ، حاڵی زۆرخراپە. . . گوتی هیچ نییە، چاك دەبێتەوە. . . ئیشەكەت بەجیٚ مەهێڵە. نووسرەت دەست و پیٚ سپییە. . . دڵم ئاویٚ ناخواتەوە ئاگای لە مێگەلەكەبیٚ. هێندەی تكاوپاڕانەوەم كرد گوێی لیٚ نەبوو ئاخرەكەی تووڕەبوو دووسیٚ جنێوی تەڕووپاراویشی پێدام. منداڵی خۆی هەرسەرمای بیٚ دەیباتە تارانیٚ، بەڵام منداڵی من مرۆڤ نییە ! ! بەئەندازەی مەڕێك لەلای ئەو گرنگی نییە ! هەرمەڕێكی نەخۆش بكەویٚ بیست دكتۆری بۆدێنیٚ!!

مامە جنێوێكی حەواڵەكردو بێدەنگ بوو. مێگەلەكە بەدەشتەكەدا بڵاو ببوونەوەو بە ئارامی دەڕۆیشتن. سەگەكانیش ملوومۆیان دەكردو وریابوون. لەدوورەوە، لەوجادەیەی كە بەدامێنی دەشتەكەدا تێدەپەڕی، ماشێنێك بە تیژی دەڕۆیشت. بای نەدەهات تەپ و تۆز ماوەیەك لە هەوادەمایەوەو پاشان بە شێنەیی دەنیشتەوە.

قوربان عەلی باسەكەی نێوان مامۆستاو بابی و ئەوەی كە ئاغا بە بابی گوتبوو بۆ مامەی گێڕایەوە، پێڵوەكانی لێكنان و چەند دڵۆپە فرمێسكێك كەوتنەسەر مژۆڵەكانی. لە كۆتایی قسەكانیدا گوتی:

-دڵم ئاسوودەنابیٚ، دەزانم بابم گویٚ

لەقسەکانم ڕاناگرێ و بۆ هەمیشە لێرەدەمێنمەوە، هەمووشی خەتای ئاغایە. . . بەحەزرەتی عەباس دەبێ داغی بیست مەڕی بە جەرگیەوەنێم. زۆرزۆر سەعاتێك دارکاریم دەکا؟!

لە چاوەکانی مامە تیشکێکی مەرگبار دەرکەوت و بزەیەکی کپ گنجی خستە ڕووخساریەوە. مێگەلەکە دووردەکەوتەوە. هەستان کۆیان کردنەوەو بەرەو شوێنی مەبەست ڕێگایان گرتەبەر. مێگەلەکە بەرەولای ((گردەزەرد)) دەڕۆیشت کەلەداوێنی کێوەکە قوت ببۆوە. سەرتاپای بە گوڵاڵە سوورەو تیسوێ و تالگ داپۆشرابوو. لەسەر گابەردێك سەرمازەڵەیەك ماوەیەك لە قوربان عەلییەوەڕاماو خۆی خستەناو دەوەنێکەوە. چاوەکانی قوربان عەلی درەوشانەوە. لەپشت ئەونیگایەوە بیرێکی ترسناك دەهات و دەچوو کە لە دیدی تیژبینی مامە ون نەبوو. قوربان عەلی لەمامە نزیك کەوتەوەو گوتی:

-دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم

مامەبزەیەکی هاتێ و پرسی:

-ها؟!

قوربان عەلی ماوەیەك منگەمنگی کردو ئاوی زاری قوتدایەوە. سەرنجی لەسەر ڕووخساری مامە ڕاگرت و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی:

-وەرە باکارێك بکەین؟!

مامە سەرێکی ڕاوەشاندو گۆچانەکەی لە پشتی مەڕێك ڕاکێشاو گوتی:

-چ کارێك؟! دەڵێی دەتەوێ شتێکی گرنگ بڵێی؟!

قوربان عەلی، عەجولانەو پچڕپچڕ گوتی:

-دەڵێم. . . ئەرێ. . . سەیرکە! . . . ئەو هەموو مەڕوبزنە ئی ئاغایە، چوارسەد سەردەبن. . . وانییە؟!

مامە لێوەکانی ڕێکگوشین و گوتی:

-بەڵێ. . . هێندەدەبن!

قوربان عەلی سەیرێکی مێگەلەکەی کردو گوتی:

-چەند ڕۆژێکە گورگەکان لەو دەورووبەرە قووت دەبنەوە. . . چما دوێنێ نەیان ویست چەند سەرێکان کەلەپاچەکەن؟!

-باشە!

-باشەی ناوێ!. . . ئەمڕۆ ئەگەر گورگەکان هاتن، لێگەڕێین حەوت هەشت سەران کەلەپاچەکەن. . . شەوێ، ئاغا لە خەفەتان خەوی لێناکەوێ. وەکومن کە دوێ شەو خەوم لێنەکەوت. تا وای لێبێ ئەگەرجارێکی دیکە چوویەوەلای و داوای پارەت لێکرد بۆ مووجتەبا بتداتێ. دووسێ هەزار تمەن زەرەری لێدەدەین. . . چیمان لێدەکا؟!خۆ سەرمان نابڕێ!





مامە لەسەر زەوی دانیشت، سیگارێکی دیکەی پێچایەوەو ئاگری دا. لە چاوەکانی قوربان عەلییەوەڕاما. بە دەنگێکی کزو تووڕەییەوە گوتی:

-ئەگەر ئاغا لە داری بەستی و بەشەللاق خوێنی لەگەرووهێنای و گوتت من و مامە وامان کردووە گورگ لە مەڕەکەی بدا، دەڵێی چی؟

قوربان عەلی، بەڕاوێژێك کە دڵنیایی و هێزو جوامێری لێدەباری و بەرامبەرەکەی ڕازیدەکرد، بە ڕاوێژێك کە بۆنی خوێنی لێدەهات، سینگی ڕەپێش کردو بڕیاردەرانە گوتی:

-دڵنیابە. . . ئەگەر هەموو نینۆکەکانم دەربێنێ، پێستی دەستەکانم داخ بکا، قسەیەك ناکەم. ئەگەر قسەیەك لە دەمم دەرپەڕێ چۆن دەتوانم تەماشات بکەم؟چۆن جارێکی دیکە لەگەڵت بێمەوە دەشت و کێوان. . . دەبێ لەو گوندەی نەمێنم. . . لەبیرتە. . . سەدجار پێکەوە نان و شیرمان خواردووە. چەندەت گۆرانی بۆ گوتووم!تا ئێستا چەند جاران لە چنگ گوگانت ڕزگارکردووم. من تازە ناچمەوە قوتابخانە. هەمیشە لەلای تۆدەبم. . . ئاغامان دوای ئەوەی باش دارکاری کردین، دووبارە هەردووکمان دەکاتەوە بەشوان. هیچ کەسێك وەك ئێمە ئاگای لە مێگەلەکەی نابێ و بەتێری نایباتەوە ئاغەڵێ.

مامەمراد دووکەڵەکەی تا ناخی هەڵمژی، بڕۆڕەشە داچۆڕاوەکانی تێکنان و گوتی:

-باشە. . . ئەگەر گورگەکان هاتن پارێزگاری ناکەین. سەگەکانیش بەبێ یارمەتی و پشتیوانی ئێمە غیرەت ناکەن بچنەپێش. ئەدی ئەگەر ئەوڕۆ نەهاتن؟!

قوربان عەلی بەخۆشحاڵیەوەگوتی:

-ڕۆژێکی دیکە دێن، سەرەنجام سەرو کەللەیان دەردەکەوێ. . . وانییە؟

مامە لەکێوەبەرزەکە ڕاما کە بەسەردۆڵەکەدا دەیڕوانی و هێزوشکۆی لێدەباری، پێکەنی. دەستێکی لە پشتی قوربان عەلی داو گوتی:

-تۆ دەبیە کوڕێکی باش. . . وەکو پڵنگی کێوان، ئازاو سەرفراز دەژی. . .

مامە کەمێك وەستاو پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەرچاوی تاریکبوو گوتی:

-تەمەنێك وەکو مەڕێکی لەڕ ژیام، ئاغا هەڵسووکەوتێکی وای لەگەڵ دەکردم کە لەگەڵ مەڕەکانی دەکرد. کارێکی وام نەکرد کە ناچاری بکەم ڕێزم بگرێ. . . هەموو تەمەنی خۆم پێبەخشی، های. . . چاوت وەك چاوی گورگی برسی دەدرەوشێتەوە، یاخیەکانیش چاویان ئاوا دەدرەوشێتەوە، مرۆڤ پێیوایە کە دووئەستێرەیان لەبن برۆیان داناون.

مامە بێدەنگ بوو لەگژفکران ڕاچوو. مێگەلەکە بڵاوببوونەوەو چەند مەڕێکیش بە ڕەوەزەکەدا هەڵگەڕابوون. قسەکانی مامە وەکو خۆرێك دڵی قوربان عەلیان ڕووناك کردبۆوە. دەروونی گەرم ببوو. هەستی بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکرد. دەتگوت کێوێکیان لەسەر سینگی هەڵگرتووە. ئەگەر کەسێك لێدانی دڵی گرتبا، بۆی دەردەکەوت چەندە تووند لێدەدات. شنەی با بۆنی گیای کێوی لەگەڵ خۆی دێنا.

* * *

مابووی خۆر ئاوابێ کە جووتەگورگێك، لە داوێنی کێوی قوت بوونەوە. قوربان عەلی و مامەمراد لە ژێرسێبەری پیرەداربەڕوویەك دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. سەگەکان چەمۆڵەیان دادابوو لە ژێرەوە، لە مێگەلەکەیان دەڕوانی. مامە موراد گورگەکانی دیتن و نقورچێکی لە کەلەکەی قوربان عەلی کوتاو گوتی:

-هۆی. . . هاتن!

قوربان عەلی دڵی کەوتەلێدان. لەشوێنی خۆی هەستاو گوتی:

- گورگەکانی دوێنێن. . . هیچیان دەست نەکەوتووەو زۆریش برسین.

باعەباعی مەڕەکان بەرزبۆوەو بزنەکان دەرپەڕین. یەکێك لەسەگەکان بە وەڕینەوە گوێی قوت کردن و دەرپەڕی. یەکێکی دیکەش چڕنووکی لەزەوی گیرکردومڕاندی. گورگەکان لەقەدپاڵی تەپۆلکەکە ڕاوەستان. سەگەکان کەمێك چوونەپێش و گەڕانەوەو بە نیگاوە داوای یارمەتیان لەشوانەکان دەکردو سەرگەردان دەیان مڕاند. گورگەکان بەبڕوا بەخۆبوون، بەهێمنی دەچوونەپێش. مێگەلەکە بڵاوببوو، وەکو مەڕێکی گێژ بەدەوری خۆیدا هەڵدەسووڕاو نەیدەزانی بچێتەکوێ. قوربان عەلی ڕووی لەمامەکرد کە بەهەژانەوە دەستی دەلەرزین، گوتی:

-بریا لەجێی یەکێك لەوگورگانەبام، هەر هەمووم لەت و پەت دەکردن. مەڕێکی ساغم نەدەهێشتەوە.

مامە سەیرێکی دەشتەکەو دەوروویەری کردو گوتی:

-هیچ کەسێك لەو دەوروویەرانە نییە، کە شایەدی ئەوەبدا بەرگریمان لە مێگەلەکە نەکردووە.

سەگەکان بێهودە دەوەڕین. سەرسام مابوون کە بۆچی خاوەنەکانیان بێدەنگن و دادوهاوار ناکەن. سەرگەردانی سەگەکان کە بەدەمی داپچڕاو چنگەڕنەیان دەکردو کەفیان دەپڕژاند، قوربان عەلی و مامەیان وەپێکەنین هێنابوو.

گورگەکان لە مێگەلەکەیان دابوو





بۆهەرلایەك هێرشیان دەبرد، خوێنی گەرم دەوەن و بەردەڵانەکەی سوور دەکرد. ئاسۆ، ئەوجێگایەی خۆرلێی ئاوادەبوو، سوورهەڵگەڕیبوو، شوانەکان لە دڵەڕاوکەو هەژاندا، دڵیان خێراخێرا لێیدەدا.

* * *

***قەرە. . جوتیاری بێ زەوی و جوت و گا.**

**سەرچاوە: کۆمەڵەچیرۆکی( بابچەهای دە خودمان)**



# نازم حیکمەت و دەنکەکەی

و: لە عەرەبییەوە/سازان کەریم

نازم حیکمەت ، شاعیری بەناوبانگی تورکی و جیهانی لە ساڵی ١٩٠٢ لە ئەنادۆڵ لە دایك بووە ، لە سەرەتای دەرکەوتنی کەمال ئەتەتورك وەك رزگارکەرێکی ئەو خاکەی ئێستا تورکیای پێدەوترێت لە ژێر چنگی ئۆسمانیەکان کەوتە پشتگیرکردنی ، بەڵام دواتر ، کاتێك دەرکەوت کە رژێمەکەی ئەتەتورك رژێمێکی هاوشێوەی نازی و فاشیزمەکانەو هیچیتر نا، وەك بەرهەڵستکارێکی ئەو رژێمە خۆی ناساند و چووە ناو رێکخستنەکانی کۆمەنیستەکان ، هەر لەبەر ئەوەش بۆ ماوەی شانزە ساڵی رەبەق نازم لە زیندانەکانی ئەو وڵاتە رەگەزپەرستە گوزەری کرد ( تا ساڵی ١٩٥٠ ) و هەر لە پاش دەرچوونی لە زیندان و رووتکردنەوەی لە ناسنامەی تورکی، رێگەی هەندەرانی گرتە بەر و لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو گیرسایەوە و لەوێ پەیوەندی دۆستانەی لە گەڵ زۆربەی شاعیرانی جیهان بەست لە وانەش شاعیری نوێخوازمان عەبدوڵا گۆران و بلند حەیدەری کە هەردوکیان کوردن، و هەر لە تاراوگەش رەگەزنامەی بولگاری پێبەخشرا.

شیعرەکانی نازم حیکمەت لە تورکیا بە فەرمی قەدەغە کرا و چەندین کەس لەوانەی شیعرەکانی ئەویان لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا خوێندووەتەوە لە بەندیخانەکاندا توند کراون ، بۆ تاقە جارێك رژێمی تورکیا داوایان لە خێزانەکەی



کرد کە تەرمەکەی بێننەوە تورکیا بۆ ئەوەی رەگەزنامەی تورکیای پێبدرێتەوە، بێگومان بۆ مەبەستێکی رامیاری بوو بەڵام خێزانەکەی رەزامەندی پێشان نەدا ، حیکمەت باوەڕی بە سنوور نەبوو و ئەم راستیەش بە زەقی لە شیعرەکانی رەنگدەداتەوە ، لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی شیعرەکانی بۆ پتر لە پەنجا زمان وەرگێڕدران ، ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە شیعری نازم حیکمەت :

دەنکەکەم .

تۆ دەنکی منی لەم جیهانە
لە دوایین نامەدا دەڵێی :
سەرم قاڵە ، دڵم گیراوە
گەربێتو لە سێدارەتدەن،
گەربێتو ونتبکەم،
من دەمرم ! !
تۆ دەژی هاوسەرەکەم !
یادی منیش وەك دووکەڵێکی رەش
بە دەم رەشەباوە ون دەبێت
تۆ دەژی ئەی خوشکی دڵە پرچ سوورەکەم
چونکە کۆچکەران پتر لە یەك ساڵ
نامێنن لە یادی خەڵکانی سەدەی بیست
هاوسەرەکەم :
ئەی هەنگە دڵڕێرینەکە ،
ئەی ئەو هەنگەی چاوەکانی لە هەنگوێن بەتامترن
ئاخر بڵێ من بۆ بۆم نووسیت کە ئەوان ملی منیان دەوێ
خۆ کێشەکە هێشتا سەرەتایەتی
ئێ خۆ ناکرێت سەری مرۆڤێك ببڕن
هەر وەك سەرەتوورێك دەبڕن ! ؟
بێخەمبە ،
لە چەند ئەگەرێکی مرۆڤانە بەولاوە
هیچی دیکە نیە ..
ئەوەشت لە بیر نەچێت
کە هاوسەری بەندکراو
دەبێت خۆی نەداتە دەستی
خەیاڵ و وەهمی ڕەش
هەروەها لە شیعرێکی تریدا بۆ هاوسەرەکەی دەڵێ:
لە دۆڵابەکە ئەو دەستەجلە دەرهێنە،
کە لە یەکەم ژوانماندا پۆشیبووت
تێپەرە وەك درەختێکی ئەم بەهارە
ئەو گوڵەمێخەکەی لەگەڵ دوا نامەتدا بۆت ناردبووم
لە پەلکەکەتی بئاڵێنە ،
تەوێڵت با بڵند بێت ،
ئەو تەوێڵە پانەی لۆچەکانی تینووی ماچن
ئاخر ناکرێت لە رۆژێکی وا ،
هاوسەری نازم حیکمەت خەمبار و باڵشکاو بێت،
ئەوە مەحاڵە ،
ئا لەم رۆژەدا دەبێت هاوسەی ئەو
قەشەنگ و پاراو بێت
هەر وەك ئاڵایەکی شۆرش.

**سەرچاوە/گۆڤاری (مترجم)ی ژمارە(٢٠٧)ی ساڵی (٢٠١٠)**



چنوور نامیق

# ڕۆح بیستی ئەویست بۆ مەرگ



سالّ بیستی ئەویست بۆ مەرگ

چاویشم تۆزێ بۆ پەلە

بابا نوئێل چرکەکانی بەرێ ئەخست

من سەرقاڵی دۆزینەوەی  پارچە ڕەشنووسێکی سپیی

شیعرێکی نەنوسراوم بووم

هاوڕێکەشم بەدیار بۆنی جگەرەیەکی بەسەرچوو

دەستی نایە رووی دوا پێکی شپرزەی کات

قیژەی کچە چەتوونەکەم رایچەناندم

کاتێ وتی

کراسە سوورەکان پیسن







سپییەکانیش بێ قۆڵن و

 پەمەییەکان ملیوانەکانیان والآیە

چی لەبەرکەین؟

مەیلی گریان مەستی کردم

کاتێ هەردوو

لەسەر کۆنە کراسێکی رەش، بوو بەشەڕمان،

تا من ڕەشنووسە سپییەکەم دۆزییەوە

خەو بەشەقامەکانی جارانا پیاسەی دەکرد

دەمێ بوو دوانزە لای دابوو!

٢٠١٢-١٢-٣١

# ستیان

پێشکەشە بە حەمە سەعید زەنگنەی چیرۆکنووس



عەباس جەمیل جیماو

که هاتیەوه..
بۆ چەند چرکەیەک..
یاخیبەو
هەرچی هەتوانی زامی ئەستێرە..
گرینۆکەکان هەیە..
ماچ بکە و
شەرمنانە بیانشۆرەوە
منیش لە ژێر سێبەری تەماوی
مەمکە لە خۆبابییەکانتا
چاوەڕێی شەونمە بارانی گۆیەکانی
ئەبم..
بەپێ خواسی و
بۆ ئەبەد..!









که هاتیەوه..
هەندیک شەرمنبە!..
لە نزیک ساباتی..
ماچە پەمەییەکان
قامەت دەبەستین!..
هەر لەوێ
پێنج کاسە مۆمی هەناری
پێدەکەم
تۆش..
پێنج دەسکە نێرگزی..
مەستکراو..
بە ئارەقە غەزەلییەکانی..
نێوان مەمکی لەخۆباییت..!



کەهاتییەوە..
هەرچی سۆزی ژنێتیت هەیە..
لە کەناری..
گوڵە هەتیوێکی نیسان
بچۆڕێنە گەردنی
میلودییەکانی.. رۆحمەوە
منیش..
لەنێو تابلۆی سینەی
پڕ لە مەحەبەتتدا..
لەمسی تریەی لیمۆکان دەکەم
کە لەنیو لەپی
ستیانیکی وەنەوشەییدا
هەر جوڵانێ و
سەما دەکەن..!





کە هاتیەوە..
هەندێک شەرمنبە
ستیانە وەنەوشەییەکەشت
توندتر بکە
نەبادا..
نۆبەرەی ئاوێزانبوونی
هەناسەکانی..مەجبوری
جارێکیتر
گۆنای کاتژمێرەکان
بڕوشێنن..!

کە هاتییەوە
وەکو جاران
مەمکەکانت هەنگویناوی تر بکە
منیش..
لە سێبەری تابلۆ تەماوییەکانی..
سەفەر و
چامە شیعری و
چەند نوقڵە نۆتەیەکی..
مۆسیقای مۆنامۆ
ستیانێکی وەنەوشەییت
بۆ ئەهۆنمەوە..!





سەباح ڕەنجدەر

# هەڕەشەی نووح

نووح بەچاوی خەواڵووەوە چووە بەر ئاوێنە
بە جۆشی ئاکام و هەڕەشەوە گوتی
تەمەنی من
لە تەمەنی تۆ
گەورەترە
بەرژەوەند وادەخوازێت لە یەکتر ون بین
کە دوایین هەناسەش دەدەین
بیر لە یەکتر بکەینەوە
دوو برادەربووین لە یەکتربینیندا دەترساین
نووح زیاتر بمێنێت دەبێ بەچی و چیتر







ڕوودەدات
ملوانکەیەک لەملی بەردی بن دۆڵ
دەدۆزێتەوە
دەنکەکانی پێ ناژمێردرێت
ئاوێنەش گیردەخوات بە دەستی دەموچاو
دڵی پێیان دەگوشرێت
تەنیا لە تەمەن زۆریدا شاخی کەڵە کێوی
جوان دەبێ
زەنگ و دەف
لەناو لکەکانی شاخی کەڵە کێوی
یەکتر دەناسن و ڕووخۆشی بۆ یەک
دەنوێنن
داواکاری ئەشق و
خەڵاتی دیدار و
مەئوای جاویدانی و
خەرمانی خودایین
خۆشەویستی نێوان کۆتر و دانەوێڵە
تا ئەوپەڕی بوون پشکوتووە

گەڕانەوەی دەنگی باپیران
باڵی فریشتە لە بەرزبوونەوەیدا چۆنە و چ
دەبەخشێت
لە دابەزینیشی هەمان
گۆڕانکاری لەڕووناکیدا

سبەینە ڕەنگێک
نیوەڕۆ ڕەنگێکی تر
دەمەو ئێوارە تێکەڵەیەک لە هەردووکیان
دەدرەوشێتەوە
شووشەم لە پەنجەرە گرتەوە
سەرنجی شەختە دەدەم
کاتێ درزدەبات و دەکەوێت
کەروێشکی ناوتەڵە
لە چەقۆ نزیک بووەتەوە
چاوێک بەزەوی دەوروبەری خۆی دەگێڕێت
من هەڵە بووم
ئەوە ڕێگا نەبوو پێیدا چووم
بگەڕێمەوە لانە
دەنگە عەنبارکراوەکانی باپیرانم لە ئاسمان
دەگەڕێنەوە لام
هەست بە هەموو شتێک بکە

هێما و ڕاز
لە لەدایکبوونم داپیرم ناوچەوانی بەئاوی
پیرۆز تەڕکردم
گوڵاوی بەرکانی
ڕەنگی ئاوی خدری ناسیوە
کە ڕەنگی ئێمەیە
ئێمە ئەو کەسانەین لەناوکەشتی نووح
نوێژمان کرد







لە کەنار نوێژمان کۆتایی پێنەهێنا
دروود بۆ ئەو خاکە پاکەی کەنار
نوێژی لێ دێ
دوای هەورە تریشقە دابەزین
مێرگ گوڵەکانی کەوت
بێدەنگ مایەوە
بەهۆشێکی تاسەدارەوە
بیبەرێکمان خستە دەمانەوە
بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەی هێڵەکانی ناولەپمان
خەواڵوو نەبین
هەڵێنانی هێما و ڕازی ناولەپ
گۆڕەپانی جەنگە پاڵەوانی تێدا دەشکێ

من و چوارین

کوللە
هێشتاکەش ئومێد و هەتاو لەسەر ناوچەوان
لادەدەیت
گوللە
هێشتاکەش لە شکستدا ڕەش هەڵدەگەڕێ
و دووکەڵی شۆڕبووەوەی بنمیچی
زللە
هێشتاکەش گەرمایی لە ڕوومەت دەمرێنی
و خەڵاتت خاڵی خوێنی مەییوە
کەللە



هێشتاکەش ڕێگاکان بە لکی زۆرەوە تێتدا
ئاوەدان دەبنەوە
منیش هێشتان بەدەوری جەستەی گەرم و
زیندووی خانمی شیعر دەخولێمەوە
خانمی شیعری ئەمەکدارم بە
لە مردندا لێوەکانم بکەرەوە فەرموودەی
ماوم دەبیستیت
شیعر بەخێرهاتنی باوکە ئادەمی کردووە
لانکی دایکە حەواشی ڕاژاندووە

درەختی دەنگخۆش
ڕۆژ لە خەوما هەڵنەهات
ڕووناکی دڵ و گیانت بە چراکەمەوە
هەڵدەواسم
شەوی بێ بەیان
ئەستێرە و مانگ بێ سەروشوێن نین
بیرەوەری زەوین و شەپۆل دەدەن
ڕوون و
ئارام و
هێمن و
پڕتاسە
وەک ڕوومەتی ئاسۆ بە بۆنی گزنگ
بێ پرس تا ئەوپەڕی مەستی بە دوایاندا
دەڕۆم
ئەستێرە و مانگ هاتنە خوارەوە و لەگەڵمدا





پیاسە دەکەن
ئەوین بە شەقامەکاندا ڕژا
نواڵە لە چیاکانی بە هەشتەوە دێتە خواریّ و
بەوناوەدا تێدەپەڕی
ئەشق لەبن حەوت پەڕەی دڵ و گیان
دەدوێ و  قسەی شەیدابوونی خۆیت پێ
دەڵێ
سێوی نەخواردووی پێیە
زەوی لە ڕۆژ نزیک دەبێتەوە
تین و توانای خەمڵین لە خۆر وەردەگرێت
بای کۆچەری
بای سەرخۆش لە سەروپرچی  درەختی
دەنگخۆش لادەدا
ئاگرێک چا و نانی لەسەرە
خەریکە خامۆش دەبێت
ڕوخساری چا و نان بەوناوەدا دەسووڕێنەوە
خێزانێک ڕۆشنایی دەمژن و گەرم دەبنەوە
شتێک دەبینن دەفرێت و سێبەریان لەسەر
دەکات
شتێک هەموومان دەتوانین بیکەینە باڵی
خۆمان



شیعر



کاروان عبدالله صۆفی

# دەستم تێوە مەی

ئەو کاتەی ئەمەوێت پشوو بەم
ئەو کاتەی بۆ دواجار ئەمەوێت
خۆم و وشەکانم
خۆم و وڕێنەکانم
خـــۆم و ئەو گـــولاَنەی ڕەگیان داکوتیوە بە کەللە ســـەرما..
خۆم و ئەو خەوانەی دێنە ژیانمەوە و گاڵتە بە چیرۆکەکانم ئەکەن..
خۆم و دنیایەک غەریبی..
خۆم و عەیامێک تاریکی..
خۆم و پارچە پەرتەوازەکانی جەستەم..
خـــــۆم و مناڵیم..
خۆم و سێبەری تەنهاییم..
هەر خـۆم و بۆنی خۆم..
دوا جـــار







لەژێر ئەم پەڵە هەورە ڕەشەی بە سەر سەرمەوەیە
کـــە بڕیارە بۆ مـــــەرگـــی من بـارێت..
ئەمەوێت  بە بێدەنگی لە قەبری خۆما ڕاکشێم و بمرم..
لە دوا چرکەکانی هەناســـــە خنکاوەکانی گەروما..
تۆ  دێیت..
تۆ دێیت و
دڵی منـــــی نیوە زیندوو
 ئەخەیتەوە کەڵکەڵەی سەما..
من بۆنی مەرگم گرتووە و شەرمەکەم
تۆ بۆنی گوڵت لێ دێت و ناز ئەکەیت..
من ئەمەوێت بمـــــرم و تۆ ناهێڵیت..
تۆ ئەتەوێت دەستم بگریت و من شەکەت..
من ئەترسم بەیانیەکی وا ئارامترم دەست نەکەوێت تیا بمرم..
تۆ ناترســـیت لەو بۆنەی لە هەناوی رزیومەوە دێتە دەرێ..
ئەمەوێت پشت بکەمە هەموو جوانیت و چاو لە برینە قوڵەکانم هەڵنەگرم..
ئەمـــــەوێت بیرم نەچێتەوە مــــن ئیتر بە کەڵکی ژیان نەمـــاوم..
ئەمەوێت بیرم نەچێتەوە کە ماندووم..
ئەمـەوێت بیرم نەچێتەوە کە تەنهام..
ئەمەوێت بیرم نەچێتەوە کە لە ناخەوە هەلا هەلام....
ئەمـــــەوێت پێت بڵــــێم..:
لەم خەوە دامچڵەکێنە .. ئەی خودا..
من ئیتر ناتوانم بیرم بچێتەوە کە چۆن دراوم بەم بەردانەیا..
کـــە چۆن ڕاکێشـــراوم بە ناو ئەم لمـــە زبرانەیە..
مـــن ئیتر بیرم ناچـێتەوە..
منداڵیم یاریەکـــــانم یاریان پێ ئەکردم نەک من یاری بەوان بکەم..
کە گەورەش بووم یاران ماندوویان ئەکردم و دوژمنان ئارەقەیان ئەسرِیم..
مـــن چۆن بیرم بچێتەوە ؟

چـــــۆن؟!

شەوانە بۆ ووشە ئەگەڕام تا دێڕێکی جوانی پێ دروووست کەم بۆ تۆ..

کەچی تۆ کاتت نەبوو بیر لەم هـــــەموو برینانەم بکەیتەوە..

چـــۆن بیرم بچێتەوە...

ئەی خودا

ئەی خـــــــودا..

ئەم بارانە گەر بڕیارە بۆ مەرگی من ببارێت

دە ئیتر با ببارێت و قەت خۆش نەکـاتەوە..

من ئیتر ئاوڕ لە هیچ شـــتێک نایەمەوە..

چـــونکە هیچ شتێک نیە تازە بێت..

مانگ هەر لە شوێنی خۆیەتی و مانگی جارێک خۆی وون ئەکات و دێتەوە..

خـــــۆر هەر ئەو تیشکە سوتێنەرەی هەیە کـــە لە چاوی منی ئەدات..

تۆش هەر ئەو حیلکە باز و فێڵ باز ەیت و ئەو تەورەت پێیە کە دڵی منت پێ شەق
کرد..

دڵی من یاری بوو بەدەســــــتی یارانەوە..

ڕۆحی من سێبەر بوو لەژێر پێ ی عاشقانەوە..

ئەی خـــودا

ئەم تاریکیە چـی بوو کردمی بە سێبەر..

ئەم شـنە بایە چی بوو کردمی بە صۆفی..

ئەم مەعشوقە کێ بوو تۆی لێ وون کردم..

کە بیر ئەکـەمەوە..

تێناگـــەم ئەم خەڵکـــە بۆ دێن و ئەچن

بۆ هەر قســـە ئەکەن و لەیەک تێناگەن..

بۆ ســـاتێک دڵخۆش و ساتێک غەمگینن..

ئەم لیکەی دەمیان بۆ هەمیشە دێتە خوارێ..

ئەم هـــەموو خەڵکە بۆ شەوانە تەوریان پێیە و

بەرۆژیش بەدەم بنێشت خواردنەوە بیسمیلا ئەکەن..





بۆ تۆ لەوان چوویت ؟..

بۆ تۆ وات کرد بیرم بکەوێتەوە

کە ئیتر من درەنگەو ئەبێت بڕۆم..

بۆ وات کرد؟ بۆ؟

خــودا ئەزانێت چەند خراپە حاڵم..

خودا ئەزانێت من ئێستا چەند بەتاڵم..

من ئەترسم بەیانیەکی تری وام دەست نەکەوێت تیایا بمرم..

بەیانیەکی وا نەیەتەوە بە ئارامی لە قـەبری خۆما ڕاکشێم..

ئەم ووڵاتە جمەی دێت لە ناڵەو لە ئازار

ســیخناخە لــە قیژەو لــە هـاوار..

دەستم تێوە مەیە..

من ئیتر وورد بووم..

بومـــەتە خـــۆڵ هـــاکا دارمـــام..

چـــاوەڕێ مەکە شکستەکانم بیر بچێتەوە

چاوەڕێ مەکە لە کێلی گۆڕەکەم داگرم

چاوەڕێ مـــەکە

بەم تاعـــونەی ناوی نراوە ژیان ڕازی بم..

من ئیتر مـاندوو بووم

پێستم لەوە تەنکترە بەرگەی ئەم بەستەڵەکەی عیشقت بگرم

زمانم بقرتێ گـــــــەر بیەوێت ناوت بێنێت..

مێشـــکم بســـوتێ گـــەر بیرت لێ بکاتەوە..

پەنجەکـــانم وورد بێت گەر گوڵێکت بۆ لێبکاتەوە..

لـــــە خوێنی خـــۆمـــا بگەوزێم باشترە لەوەی لە نزیکی تۆ پێبکەنم..

هـەرجارەی نینۆکێکم هــەڵکێشن باشترە لەوەی سنگم بە سنگتەوە بنوسێت..

ســـوراحیەک ژەهــــر بنۆشم خۆشترە لە پەرداخێک شـەربەت لەگەڵ تۆیا..

بەردم بەسەرا ببارێت لە نەرمە بارانێک باشترە لەگەڵ تۆیا کە بۆ پیاسە دێینە خوارێ..

تۆ بیرت خســـتمەوە کە من لەمێژە ئەژیم..

تۆ بیرت خستمەوە کە من لە خۆشی بێبەریم..

ئەمــە خەو نیە

ئێستا هەر هێندەی گوێزێکی پووچی لێماوەتەوە دڵم..

ئەوە منم دەمـــم پڕە لـــە خۆڵ

بەردێک خراوەتە سەر کەللە سەرم..

چــــاوم زەقـــەو نـــابینــــــم

کرم لە نێوان پەنجەکانما تەراتێن ئەکەن..

مەلاییەک تەلقینم ئەکات و بیری لای ئەوەیە کەی پارەکەی وەر ئەگرێت..

ســـەر گـــۆڕم جـمـــەی دێت

لە عەبا ڕەش و دڵ ڕەش و زمان ڕەش

هەموو ئەگـــــــرین

بەڵام  بەس بۆ من ناگرین..

بیریان چۆتەوە ئەوان بۆچی هــاتوون..

بیریان چۆتەوە ئەوان لەکوێوە هاتوون..

بیریان نەمـــــاوە بۆ پرسە هاتوون..

ئەم هەموو دۆستە چیە من هەمە؟..!

ئەوەتا شەڕیانە لەسەر ئەوەی خاکەنازێک خۆڵی زیاتر بخەنە سەر لاشەم

وەک چۆن لە ژیانا شەڕیان بوو لەســـەر ئەوەی چەقۆیەک زیاترم لێبەن

ئەم هەموو دوو پێیە چی ئەکەن لەسەر گۆڕم

دڵســـۆزیەو ئەیانەوێت ئاو نەیەتە ژێرم ؟

یان ڕق و کینە ڕشتنەو ئەترسن لەوەی زیندوو ببمەوە و هەستمەوە..

من تێناگـەم!

ئەم گۆڕە قوڵە چۆن وا زوو حازر بوو؟..!

چۆن وا زوو شۆرام!!..

بەڵام من بیرم ناچێتەوە.

بیرم ناچێتەوە و ئەتبینم

تەنها تۆیت کە بە کراســــێکی سوورەوە بۆ سەر گۆڕم هاتوویت..





ئەتبینم دەستت درێژ ئەکەیت بۆ ئەوەی لەو گۆڕە بمهێنیتە دەرەوە..

ئەزانم تۆ دڵ تەنگیت بەڵام بۆ من نـــا..

دەستم تێوە مەیە

من ئێســتا خۆڵم

من ئێســتا ڕزیوم

هاکا توامــەوە

هاکا ڕژام بەسەر گوڵ و درەختی ئەم شارەوە..

بڕۆ مـــــن بۆ خـــۆم بەجێ بهێڵە

من ئێرەم خۆشترە لە ژوان لەگەڵ تۆ..

بڕۆ با لەسەر ئیقاعی ڕۆیشتنت بتلێمەوە...

من بیرم نەماوە بۆچی ئەم ماوە درێژە ژیاوم..

بڕۆ لەجێ ی من تف بکەرە ئەو دارەی کە یەکەم جار لە نسێیا یەکمان تیا ناسی..

من ئیتر بیرم نایە بۆ خێرا هاتیتە چاومـــەوە..

بڕۆ بە هەموو دنیا بڵێ من زۆر درەنگ مـــردم..

من نازانم چەند ســـەدەیە تۆم خۆشویستوە..

بڕۆ بەڵام ئەو گوڵەی دەستت لەسەر گۆڕم دامەنێ..

من بیرم چۆتەوە بۆ ئەو هەموو ئاوڕەم بۆ یایتەوە..

بڕۆ  من ئیتر ماندووم ، من ئیتر خـــــەوتووم..

بڕۆ من ئیتر نەماوم ، من ئیتر مـــــــردووم..

سێ شەممە

٢٠/١٠/٢٠٠٩



**بێستوون مینە**

# جلی کۆن بەتەنافەوە

بچووکم،له بەهارگەورەترم
بیست و دوو ڕۆژ بەرلەبەهار لەدایک بووم
ئەم دایکە ژانگرتووەی! من
منی بوو
بەبێ ئەوەی پێویستی پێمبێت
بەبی ئەوەی هیچ لەژیانی بگۆڕم
دایکە بەسنەبوو؟!
بەسبوو.
لەگەڵ جەنگدا هاوتەمەنین
بەیەکەوە لەدایک بووین
باوکی ئەو ناوی سەرکردەیە
دایکی  دیارنییە









چی بەسەر هات
نـــــازانین!
ڕەنگە ژان کوشتبێتی
ڕەنگە باوکی کوشتبێتی
ئەو هەتیو کەوتەوە و
هەمووان بوونەخاوەنی
جەنگ ، ئەی هاوڕێ تاقانەکەم
سڵاو
جەنگم لەیاد دانییە
ئەوەندە نەبێت بەیەکەوە زۆر بووین و
فێری درووستکردنی دارلاستیک بووین
فێری خوێنڕشتن بووین
ئەو سەری جەنگاوەران و
منیش چۆلەکەکان
ئەوباڵەخانەکانی دەرووخاند
منیش پەنجەرەی ماڵان
ئەولە وڵاتان شاری دەدزی
من لەحەوشەی ماڵان سێو.
بچووکم ، لەبەهار گەورەترم
لەگەڵ جەنگدا یەک تەمەنین
ئەو نەبووایە
کەس نەیدەزانی دۆزەخ کەوتۆتەکوێ



کەس بیری لەبەهەشت نەدەکردەوە

هاوڕێم

بیرتماوە؟

دایکم لەترسی جەنگ وێنەکانی دەسووتاند

و

باوکیشم لەخۆشیدا وێنەکانی هەڵدەواسی

هەرمن نا- ئیزرایلیشی فێرکرد

ئەو ڕۆژەی ماڵەکان پڕکران لەمردن

بیرتە هاوڕێم

ئیزرایل بەتورەکەیەک مردنی هەڕاج کراو

کۆڵان کۆڵانی گەڕەکان دەگەڕا

کچان سوتانیان بەرکەوتبوو

چپاکیان بەئیزرایلە؟

پیرەژن و پیرەمێردەکان

بەدەم کۆخەکۆخەوە دەیانگووت:

مردنەکانت بەسەرچوون ئەی فریشتەی خوا

وەک نوقڵ مردنی بچکۆلەی دەدا بەمنداڵان

کوڕان لەسەر گوێسەبانەکانەوە خۆیان

فڕێدەدا خوارەوە و

دەست دەخنە نێو تورەکەی ڕۆحکێشەکە و

دەستێک بەسەری مردندا دێنن.

لەمنداڵیشدا وەک ئێمە نەبوو







هەرکاتێ بەیەکدەگەیشتین

دەمزانی دوارۆژی ئێمە بەخێرنابێت

ئەو بۆ هەر شوێنێک بیویستبا دەڕۆیشت

ئیمەش بۆهەر شوێنێک بمان ویستبا

نەدەرۆیشتین!

هەر ئەو دەیتوانی جل بەتەنافەوە کون کون

کات

سەری مرۆڤەکان بکات بەمۆم و لە جەژنی

لەدایکبوونیاندا

دایبگیرسێنێ.

هاوڕێم ئەگەر بیرت مابێت ئێوارەیەک

سوێندت خوار

سوێندت خوارد و گووتت:

سوێند بەو- دوو- مرۆڤەی منیان

درووستکرد

تا دوو مرۆڤ لەم سەرزەمینە مابن

منیش هەرهەم.





سەڵاح قابیل

# حەسرەتی گەڕانەوە بۆ یەکەم دەرگا..




پیاسەی کۆڵانەکانی ئەم مەنفایە تەواو
نابێ و
هێشتان لەژێر لافیتەی پرسەوە
خەندەکان سیتیانی ڕەش ئەپۆشن
هەر نزایەک
سکاڵایەکی بەقاچیەوە بەستاوە و
باخچەکان شرینی بەسەر
باخەوانێکی لەعەدەمەوە هاتوو ئەبارێنن
لەئەمرۆیەکی وندا و سبەیەکی پڕ گۆمان
باسەکانی دوێنێ بەپۆشاکی نوێوە



دێنە ئەم ڕەشبەڵەکە
شەویش بەسەر ئاشقانا تێپەڕ نابێ و
هەر زوو ئاسمانی
ڕێبوارێکی پیادە ئەپۆشێت
ئەویش جانتاکەی پڕ کردووە لە
حەز و ئاوات و ماچێک بەرەڵەوە
وەک دیلێکی ڕێگا ون
شەوێکی بیانی قەڵەو ئەکەن
هەر دەرگا دەبڕێ و
لەدوا دەرگادا
ئاوێنەیەک ڕێی پێ ئەگرێ
بگرە گۆچانێک تۆ تەواو پیر بووی
یان .
بمبەو بەیەکەم دەرگام بناسێنە
با چیتر هاتووەکان
لەم ڕێگایەدا گەنجی نەدۆڕێنن
بەویش بڵێ من تەمەنم
لەسەفەردا تەواو کرد






شانی چەپم بێ واژوو
بەسپێتی جێبهێڵە
لەوێش لەمشت و مڕی هەورەکاندا
بریسکێ بێنە و
بیکە بەمەشخەڵی یەکەم دەرگا
ئەها ئەو کۆرپانە چۆن
لەدایکە بارانێک ئەترازێن و
چەن پەرۆشن بۆ ماچێکی ئەم عەرزە
تا دەستی یەک بگرن و
لەسەر سینگیدا (باران بارانە )بڵێنەوە
پاییز بەمیوانی دێ و
دارێک هەنیسک قووت ئەدا
دیسان ئەبێ گڵاکان کات بەقوربانی و
کۆرپەیەکی ڕەقەوە بوو
گۆرانییەکی پایزانە بنەخشێنێ
ڕوحیانەتێک دەستی وێڵبازی ئەگرێ و
بەکەنیسەیەکی ئەناسێنێ
چی باسە !





بەڵێ لەمەنفاوە بۆ عەدەم
هیچ ناگۆڕێ .
ئێرە کوێیە
ئێرە کوێیە چ بازارێکە وا
دۆلار پێی گرتووە و
کەشیدەکان پێڵاوی بۆ ئەسڕن
سەگەکان بێ حەپە کلکی بۆ سور ئەدەن
تەنانەت سێبەریشی لەوە ناچێ تەنها بێت
بڕۆ و چیتر
قەڵەم بەم مێژووەدا مەکە و
حەزەکانت مەکە خۆراکی
جانتایەکی بیانی
وەرە و بریسکەکان کۆکەرەوە
گەر مەشخەڵێکی کزیش بێت
لەیەکەم دەرگای هاتووەکانی هەڵواسە




٢٠١٢/٩/١٧

شیعر



كامەران رەواندزی

# من رەواندزم



وامەزانە بەخەرەند و جونديان و بێخاڵ
مەشهوورم
من رەواندزم
وامەزانە هەر كيژۆڵە بيست ساڵەكەم
بۆ هەتيوێكە كوڵمی سوورم
وامەزانە هەر شوێنی گەشت و گوزارم
وا مەزانە دۆڵی ئاكۆيانم بە بەهارانا جوانە
ئێرە نيشتيمانی باوەڕە
هەرێمی تۆڵە
ئێرە بوو بەپەروەردەی خۆڕاگری پۆڵا
من رەواندزم







وا مەزانە لە هەندرێنە شێتەوە دوورم
لەگەڵ تەقەی تفەنگی هەر شۆڕشگێرێک
بەخوێن سوورم
من رەواندزم رەواندز
لە هەر شوێنێک لەم هەرێمە
لە هەر گوندێک
بەمەردی داومە شەهيدێک
من رەواندزم
وەرە قەنديل
تۆش سەری رەش
سێزدە رۆڵەی من ونكرا بێ سەر و شوێن
وەرە سۆران مێژووی من بنووسەوە بۆ لاوان
رەواندزم من
بيرتانە عيسا محەمەد عەلی تاجی شەرە فی
نا
لە سەری مولازم هاواری كوڕی
چ دۆزەخێک بۆ بەعس پڕ كرا لەئاكۆيان
هەتا ئێستاش خەڵكی ئەوێ تەقەی تفەنگی

منیان له گویٚ ماوه
تا ئیٚستا هیچتان بۆم نه‌کرد
من ره‌واندزم
ئه‌و ده‌مانه گووڵیٚ نه‌بوو بۆ ئیٚخه‌ی یار
ریٚبوار حه‌سه‌ن یوسف بوو به‌یه‌که‌م
حاجیله‌ی به‌هار
حه‌سه‌ن عه‌لی حوسیٚن برای حوسیٚن عه‌لی
حوسیٚن
کاتیٚک چۆک ده‌ماره کانی ده‌هه‌ژاند
کاتیٚک به‌رد ته‌ڕ ئه‌بوو به‌خویٚن
تۆ شه‌ره‌ف مه‌ند بووی
وریا سه‌عید ره‌زاق شاده‌مارمه
بۆیه پڕ گووڵی سووره به‌هارم
ره‌واندزم و ره‌واندزم









که بالاٚی خدر یوسف باپیر ئه‌بینم
تف له‌چاوی پیسی به عس ئه‌که‌م
شیٚرزاد جه‌بار مام شیٚخ ده‌ڵیٚ
من ده گه‌ڕیٚمه‌وه ده‌گه‌ڕیٚمه‌وه
له‌ویٚ هه‌موو چاوه‌ڕیٚن تا به‌ره و پیری
شه‌هیدان بینه‌وه
به‌رزن به‌رز
قافڵه‌ی شه‌هیدانم

۱۰_۹_۲۰۱۰





# سیٚ شیعر

هەوارخزرزادە " شەڤگەش"

.١
لە تینویەتی مانگێکی وەچاغ کوێر
پڕ بە باوەشی بزەی ئەم غەمە
" ڕەهێڵە و
ئاوس بە شار "
کە دیمەنێکی پەل پەڕیوم لە خوا و
لێت بزر نیم
کە سێوەرێک لە ڕەنگی وەهم
لە ڕەنگی شەرم
لە پێخەفم دانسقە بێ
یا نا بڵەی
شەوێ لە ڕەنگی خۆشەویستی و
توان...
لە ساپیتەکانی ئەلفوبێی
هەڕاجخانەیەک لە ڕەنگی خەسان
لە هۆدێکی دووگیان
تاڵترم لە چێژی دەرزی دەرگا مەستەکان و
ترۆتر لە تۆیەکی نە پووچ
نە خەسانتر لە
کونجی پەنجەکان ..
.٢
من دەڕۆم
هەتاکوو نیوەی سووری








لە نەمامیم قاقڕ دەبێ
من دەڕۆم و
بەیانی باش لەم خوایەی
بەڵغەم ئاسا دەمپەژێنێ بە سەر هەرێمێک
لە دڵپیسی و
نەرم نەرم شانە دەکا
گوێی ئاوێنە،
کاتێ هەڵدەدا
کاژێ کە پیری بە جانتاکەی دەستییەوە
دیارە و
حیزانە پەلێکم بۆنی
هەڵواسینی بێدەنگی و قرتاندنی دەرفەتی بزۆزیم
دەسریوێنێ لە گوێدا
هەرێمێک کە پەنجەرەی
ئاوسە بە ئێوارە و نازی دڵۆپی کچانەی
دەگێڕێ لە پرسەی کچێنی بەیانی
.٣
شەوی دیوەکەمان
لە ژووری پەروانەیەک حەرامترین وێردی
پەنجەیەکی خوێناوی بە سەر
سەرینێکی گوڵ بلۆقاوی
دەویرێنێ و
خەتەنەی خۆزگەیەکی نامۆیە
لە حاساری چاوەکانم ..
یەزیدانە تۆڵەی خواییم
لە ئەفسوونی مەراقێکی گنی بێپەنجە،
پاسەوانیەتی
بە سەر هزرێکی شەیتانی
پەنجەرەوە ...



هەژار قانع

# من دەوەستم و بەیانییەکی تر دێت

من بێزارم....
خەونەکانم ڕەش دەچنەوە.
وەک بەفری ژێر باران
بۆشایی سەرم...
وەڕس بوە لە خەیاڵ.
بیرکردنەوە...
خۆمی لە یاد کردوە.
وەکو عەوداڵێک
وەکو بوکەڵەیەکی بێ خاوەن

کەس نییە ئاگایی لێم بێت
لێرەوە دەڕۆم
وەک گەریدەیەکی بێ شوناس
تی دەپەڕم
وەک خەونیکی ناخۆش
لە سەری پیاوێکی مەستدا
سەفەردەکەم و ئەمڕۆم لە دەست
دەڕوا
دەوەستم و بەیانیەکی تردێت







گوێم لە منداڵیمە...
بەدەنگێکی زوڵاڵ بانگم دەکات
بەڵام ئەفسووس...
ئێستا پیری کەلەپچەی کردووم.
هەندێک جار...
کانزای درەوشاوە لە دەوری خۆما دەبینم.
بەڵام ڕووناکی ئەوان بەشی تاریکی دڵم
ناکات
ئەوان ئەبینم...
بۆنی عەتریان لێ دێت..
نیرگز دەدەن لە یەخەیان..
دەنگی پێکەنینیان
تا ئەو سەری زەمەن دەڕوا
لە ناو ئەواندا گەنجی هەیە
خەندە میوانی سەر خوانەکانییانە و
ئاسودەیی بەهاییەکە سروشت پێی
بەخشین
ئەیان بینم...
لەگەڵ وەرزەکانا سەفەر دەکەن..
بۆنی هەموشتێکیان لێ دێ
ئەمما من..
ئەم بێ بۆنیەی خۆم کاسی کردوم
تکایە مردن لێرەوە تێ پەڕە...
دەمێکە
لەم سەری کۆڵانەکەدا ڕاوەستاوم.



شیعر



گوڵستان وەلیە

# له مندا

ئاوازی تاریکانی سیسرکێکی شەوبێدار
لە تۆدا
سە رئێشە یە کی باو
کە من سیسرکێکی سەر ئێشە شێتم ئەکا
کەچی تۆ سەرینێکی سەبووری بەپێوە
لە سوچی سەبوریيە تێکی نامۆ
شێتانە،ئاشقانە
دە پەیڤی
بۆ من وشار
کە شار
ئەڕژێتە سەر سوچی تەنگە بەری مەراقمەوە







لە تۆدا
حیکایە تی شارو شەریعەتی شەخسەکان
شێتم ئەکەن.

پڕ بەقارِوقینی شێعرێکی شێتت هەڵ
ئەچم
دوور لەمەملەکەتی باوشت
لە ناوپێخەفی سەرشێتی با
شێتانی ئەبم
شێتانە ئەچرم  بۆ شار
لە مندا
منێکی شێت شێتت ئەکا
بە تۆوە داشەریعەتی شار
لە شاردا هەڵمێکی شێت
شیتمان ئەکا.
شێتی مەعریفەتی سووری شەراب
لە غوربەتی پێکێکتا
شێتانە پێک لەپێکی بائەدە م
پە ککو
خراو غەریبیت ئەکەم
شێتانە غەریبیت ئەکە
غەریب غەریبیت ئەکەم .



# دوو هەنگاوی تر

نەجات ئیبراهیم



(هەنگاوی یەکەم)

لەنێو سروشتدا هەن
کە شەمشەمە کوێرەن
شەوچەریی بە تاریکی  دەکەن
بەژێربانی ئەشکەوتانەوە دەلکێن
لەڕووناکی
لە جوانی
لە ترووسکە
لە خۆر
لە مانگ
لە عەشق دەترسن





لەنێو دارستانی چڕوپڕ وێک دێنەوە
لە بۆسەدان بۆنێچیریێ.

(هەنگاوی دووەم)

دارێکم لەسەرڕووی سیی ساڵان
لە قووڵایی چاڵێک ڕوواوم
چیاکان بەری خۆریان لێ گرتووم
دۆش داماوم
هەروا لق و پۆپم دەشکێن
من بە بوونی ڕەگەکانمەوە ماوم.



شیعر

# سێبەری بەرد

بێستون حەسەن

ئەم جارەیان گوێ لەقیژەی
سێبەرێکی بەر تەلآنی خودبگرن ..
لەسورەی سەفەرێکی بێچریکەو
لەهەوەسی پڕلە سیحری منالێکی ڕیشن بگرن ..
ئەم جارەیان لەوە ناچێ لە بێژنگی عیشقەوە خۆر چرۆ بکا
لەوە ناچێ ماچ بەخەتی شڵەژاوی پڕ ترسەوە
حیکایەتێک بێنێتە بوون .
دەبوو ئێمە یەکەم عەسری پێکەنینمان
خاڵی بوایە لە ڕووت بونەوەی لەززەت و
لەو شیعرانەی حەرف حەرف بۆنی فیرقەتیان لێ ئەتکا ..
تۆ بڕوانە چۆن بێ پەروا دڵم ئەگری و دەستم ئەگری و





چاوم هێشتا لە فیردەوسی ( با ) دا ئەژی ؟
تۆ کە ئێستەش شیناییەک بەسیماتەوە دیار نەبێت
چۆن ئەتوانی لە پاییزێکا هەڵفڕی
حەرام بێ کۆچی پەپولەش ..
چۆن ئەتوانی عیشقی شەوێک بخنکێنی
کە دڵنیای هەر باوەشم نیشتمانتە !
تۆ لەسێبەری بەردێکا چپەچپت بوو لەگەڵ خۆت
ئەتوت تێناگەم لە عیشقی ..
هێندە هەوەسم لەوەیە تێکەڵ بە هەناسەکانی ببم
بەو هێندەیە حەزم نییە لە ئیرەیی و
لە ڕشتنی عەتری جوانیم ..
بۆیە منیش دڵم دایە خوڕەمی ئەو دارە تووەی
عەیارانە ڕۆحی تکاندە گیانمەوە و
عاتیفەمی ناساندەوە بە سبەینێ ،
ئیدی خەتی لەپی دەستم نەپێم ئەڵێ نهێنییەک
گوڵەکانی بەر پەنجەرەت ئەژاکێنێ و
نەسەفەریش بەدەم حوزنەوە بزەی دێ ..
تۆ نازانی .. ئەوان هاتن دەستیان پڕکردی لە درۆ و
ڕەنگیان پڕکردی لە دوکەڵ
بێئەوەی ئەڵوەنی شیعرێک
بەدەم سۆزی کچێنیتدا هیوایەکت داپۆشێ !
ئەوان هاتن لەدرزی بەهارێکەوە خۆیان هاویشتە ئینجانەکان و
بستێ خاکمان پێدانەبڕا چڵێ ژیان شەتڵ بکەین ..
ئاخر ئێمە هەموو گوناهمان ئەوە بوو پڕ بووین لە هەلآڵەی عیشق و

تەنیاییمان دابوبە دەست پیرە قەڵەمێکی غوربەت
تا لە شەوی نوسینەوەی هەر دێڕێکیا
بۆنی سوتانمان نەگاتێ .
دەپێم بڵێ چۆن لەبەحری پاییزێکا مەلە ئەکەی
کەسپێدەت ژەهر بیبا وسەرت پڕبێ لە بۆنی من ..؟
چ سیحرێکە وەنەوشەیەک بەهار بەهار باڵا بکا و
بە خۆڕایی لە بەردەرکی لەتێ مۆمدا
بیرەوەرییە سورەکانی بکا بە ئاو .
من لە دوعای دەم کتێبی مەعشوقێکدا فێرکراوم
ئەگەر دڵم بە شکۆفەی گوڵە باخێکدا هەڵزنا
ئاوڕ لە هیچ ڕەشەبایەک نەدەمەوە
لە کاتێکدا هەموو دونیا لە چەشنی کۆلارەیەکدا بەرز بفڕێ ..
کەچی تۆش هەر ئەوەندەی
دەستت لە حەرفی قەڵەم و کەمەری شیعرم بوویەوە
ئیدی ڕۆحت نایە ژێر پێی نەفەسەکانی پاییز و
چاوت پڕ کرد لە ئاوێنەی ئەو سێوانەی تاهەنوکەش هەرمناڵن ..
گەر ئەتەوێ ڕۆژەکانت لەمە زیاتر نەبنە خۆراکی قەدەر و
غوربەت یاری بە ملوانکەی تەرو پڕی جوانیت نەکا ،
یان بەچەشنی هێشوەکانی چاوەڕوانی
شوشەی دڵت بەخەم نەشکێ ،
وەرە تاوێ لە ڕەهێڵەی تۆراوی سەرلێوەکانم پشوویەک بەو
جگەرەیەک بەدیاری بۆ شیعر بەرە .
وەرە قەتڵی ئەم فیرقەتە لە شەوێکا ئاشت کەرەوە
نۆتەیەکیش نەمابێ بۆ حونجەکردنی ئەوگۆڕانییە درۆزنانەی





کە من و تۆی لە یەکتر کرد .
وەرە و فریای بارانی پێنجەمین وەرزی دڵم کەوە
هێشتا زووە چنینەوەی ترێی ئەم وەرزە بێناوە .
لە بیرت دێ .. بە دیار ڕەحمی دارێکەوە
کات تێپەڕی و عەدەم ڕیشی سپی کردو
ئێمە هێشتا هەر چرۆ بووین ؟
لە بیرت دێ کە ئەلف وبێی عیشق خوێنرا
ئێمە یەکەمین میوان بوین کە فێرکراین لە زمانی تەنیایی بگەین ؟
ئەو دەم ئێمە دوا وەسێتمان دایە ڕۆحی گوێ چەمێک و
لە مەغریبی سەفەرێکا خەونەکانمان بەیەک بەخشی ..
بۆیە ئێستەش چاوەڕوانی فرسەتێکین
قەدەر بەینەوە دەست خاچ و
نیشتمانیش لە شەتاوی نەعنای ماچێکا هەڵژەنین ..

Bestoon١٦١٧@yahoo.com



ئا/ کاردۆ

# چەمکی ژیان و مەرگ لە گران تۆرینۆ دا

ئاخۆ دەکرێت ژیانێکی ئاسایی ببێتە بابەتی فیلمێك؟

ژیانێك کە تاوانێکی تێدانەبێت یان بەدەربێت لە دەسدرێژیی سێکسی و ناجۆریی و ماددەهۆشبەرەکان ،ژیانێك وەك ژیانی هەریەکێك لە ئێمە،کە هەندێك ئاستەنگی ودەردەسەری تێدایە،لەهەمان کاتدا چەند ساتێك بێگەردیی و خۆشنوودیشی بەسەردا زاڵە، لەهەمووی گرنگتر، پڕە لە خۆشەویستی و شەیدابوون و چاوەڕوانی ،وەك ئەم ژیانە سادەوساکارەی کە ملیۆنەها مرۆڤ لە





سەرتاسەری جیهاندا هەیانە،ئاخۆ دەشێ بکرێتە فیلمێکی سینەمایی؟

ئەکتەر و دەرهێنەری ناودار کلینت ئیستود لە فیلمە نوێکەیدا گران تۆرینۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە ئەداتەوە و ئەیسەلمێنێت کە بابەتی هونەر خودی مرۆڤە،ئەم فیلمە دووەم کاری دەرهێنانی ئیستودە لەماوەی ساڵێکدا کە تێڕامان و بیرکردنەوەی فەیلەسوفێکە لە بارەی چەمکی مەرگ و ژیانەوە ئەمەیش لەکاتێکدایە تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچێت و گەیشتووەتە نزیکەی ٨٠ساڵ.

فیلمەکە باس لە پیرەمێردێك دەکات ناوی وولتەر کوالیسکی یە ،لەسەرەتای پەنجاکاندا سەربازێك بووە لە جەنگی کۆریا و وەك کرێکارێکیش لە کارگەیەکی درووستکردنی ئۆتۆمبێلی جۆری فۆرد کاری کردوە، هەمیشە لە ڕێی خۆشەویسترین شتیەوە کە ئۆتۆمبێلەکەیەتی لە جۆری گراندتۆرینۆ مۆدیلی ١٩٧٢ وابەستەی یادەوەرییەکانێتی ،ئەم مرۆڤە لە دوای مردنی ژنەکەیەوە کە لە دیمەنی سەرەتادا بە خاك دەسپێردرێت هەست بە تەنهاییەکی زۆر دەکات ،ئیدی کەسێك نییە لێی تێبگات ، تەنانەت کوڕ و کوڕەزا و ژنەکانیان خۆیان لێ بەدوورئەگرن ،چونکە نەیانتوانیوە هەولێکی کەم بدەن بۆئەوەی لێی تێبگەن و هۆکاری بێتاقەتییەکانی بدۆزنەوە.

لێ کوالیسکی قوربانییەکی بێدەسەڵات نییە ،بەڵکو خاوەن هەڵوێستێکی توندڕەوانەیە و ناتوانێت رەگەز پەرستی خۆی بەرامبەر بە دراوسێ چینییەکانی بشارێتەوە،ئەمەیش پەیوەندیی بە رابردووی خۆیەوە هەیە ، ئەو لەکاتی جەنگدا چەندین کەسی کۆریی کوشتووە،و تائێستایش دەمانچە زەبەلاحەکەی و تفەنگەکەی ماون و هەڵیگرتوون، بەردەوامە لە تانەدانی رەگەزپەرستانە و رەتکردنەوەی هەوڵەکانی ئەو قەشەیەی کە داوای لێدەکات پەشیمانی بنوێنێت و بگەڕێتەوە بۆ کڵێسا،کاتێك قەشەکە باسی مەرگ و ژیانی بۆ دەکات ئەم بەتوندی پرسیاری لێدەکات"تۆ چی لە بارەی ژیان و مردنەوە دەزانیت؟" دواتر بەشێك لەو مەرگەساتانەی بۆ دەگێڕێتەوە کە لەکاتی جەنگدا دووچاریان بووە و تائێستایش کاریگەرییان هەیە بە سەریەوە، کاتێکیش قەشەکە پرسیاری ژیانی لێدەکات ،نازانێت چ وەڵامێك بداتەوە بۆیە دان بەوەدا ئەنێت کە ژیانی بریتی بووە لە پووچی.

(سوو)) ئەو کچە هەژارەیە کە سەر بە نەتەوەی کەمایەتی هیمۆنگە ،بەشێکیان بەرەچەڵەك دەگەڕێننەوە بۆ تایلاند و بەشێکی تریان بۆ چین ،ئەمان ناسراون




بەوەی هەڵگری بیروباوەڕی کۆمۆنیستیین و لەکاتی شاڵاوەکانی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکاندا لە ڤیتنام هەڵاتوون. ئەم کچە ئەگاتە ئەو رادەیەی بتوانێت بەستەڵەکی پیرەمێردەکە تێکبشکێنێت و بخزێتە نێو ژیانیەوە،و گۆڕانی بەسەدرا بهێنێت،ئەگەرچی کوالیسکی هەمیشە خۆی لێ دوورئەگرێت و بەتوندی وەڵامی ئەداتەوە،بەڵام ئەم هەمیشە خەم لەژیانی ئەخوات و ئازار ئەچێژێت و نیگەرانە لەوەی دابڕواه لە کۆمەڵگە .دەرئەنجام وەك باوك و کچێکیان لێدێت و چەند جارێك ژیانی کچەکە و براکەی لە مردن رزگار ئەکات.

(تاو) کە برای کچەکەیە دوای ئەوەی بە پاڵشتی باندێك هەوڵ ئەدات (گراندتۆرینۆ)کە برفێنێت و و لەلایەن کوالیسکی یەوە دەسگیرئەکرێت شەرم و ترسێکی زۆر دایئەگرێت ، کوالیسکی فشاری باندەکەی لێدوورئەخاتەوە کە بەردەوام زۆر لە تاو ئەکەن تا بگەڕێتەوە نێوانیان ،ئەمەیش دەبێتە وەرچەرخانێکی تر لە ژیانیدا ،بەڵام لە رووداوێکی چاوەڕواننەکراودا باندەکە لەبەرامبەرامبەر







داکۆکیکردنی کوالیسکی لە تاو، دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر (سوو).

کوالیسکی تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان بووە و دڵنیایە لە نزیکبوونەوەی وادەی مردنی،لە هەمانکاتدا لە ئاست ئەو تاوانەی دەرهەق بە سوو ئەنجامدراوە بێدەنگ نابێت و رووبەڕووی باندەکە دەبێتەوە،بەڵام بەبێ بەکارهێنانی چەك ، کاتێکیش بە گولەی باندەکە بریندار دەبێت و گیانی لەدەسئەدات بە شێوەیەکی یاسایی ژیان لە بکوژەکان ئەشێوێنێت ولە نێو زینداندا ژیان بەسەر ئەبەن، لە کۆتاییشدا تاو دەبێتە خاوەنی گراند تۆرینۆکە ئەمەیش پاش ئەوەی لە کوالیسکی یەوە فێرئەبێت کە چۆن رووبەڕووی ئاستەنگییەکانی ژیان بووەستێتەوە .



## کۆچەر ئەبوبەکر:

# شیعرێک ئەگەر ئەرکی ڕاستەوخۆ ڕۆچونە ناو ناخی خوێنەر پەیڕەو نەکات پێم وایە پێناسەی خۆی خستۆتە گومانەوە.

دیمانە: نەمام مەعروف





خاتوونی شاعیر کۆچەر ئەبوبەکر دەنگێگی نوێیە لەجیهانی شیعری کوردی ولەم ساڵانەی دواییدا ئامادەبوونی بەرچاوی هەیە لەکوڕ و فیستیڤاڵەکاندا، بۆقسەو باس لەسەر شیعر وئەزموونی خۆی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد..پێشەکی ولەسەر داوای ئێمە ئاوها خۆی بەخوێنەرانی "گزنگ" ناساند وتی: لە ٢٠٠٢سەرقاڵی نووسینم بەلاَم هەوڵم بۆ بلاَو کردنەوە کەم بووە چونکە پێم وایە نوووسین تەواو کارێکی خودیە لە ڕێگەی هەندێك گۆڤارو ڕۆژنامەوە دەقەکانم بە خوێنەر گەیشتون، بەشداری چەندین فستیڤاڵم کردوەو لە هەریەکێکیاندا خەلاَتی نایابم بەدەست هێناوە، خاوەنی کۆمەلێك کۆڕم، لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان کۆڕی شیعریم گێڕاوە، ئیستایش کتیبێکم لەژێر چاپدایە بەناوی (کۆترەکانی باوکم) و کتێبێکیشم ئامادەی چاپە بەناوی"نامەیەکی کراوە بۆ ڕامین"....

**گزنگ: ئایا کۆچەر ئێخەی شیعری گرتوە یان ئەوە شیعرە ئێخەی کۆچەر بەر نادات؟**

کۆچەر: نەشیعر ئێخەی منی گرتوەو نە من ئێخەی شیعرم گرتوە،پەیوەندی نێوان منو شیعر لەسەر بنەمای بەرۆك گرتن نیە،بەڵکو جۆرێکە لەپەیوەست بوونمان بە یەکترەوە ئەو لە ناو مندا بوونو ئامادەیی خۆی سەلماند وەك چۆن منداڵەکانم لەمنداڵدانی مندا چەکەرەیان کرد شیعریش لەناو مندا دروست بوو،بووم بەدایکی دەیان شیعر.لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندیە هیچ کاممان بێ ئەوی دی هەڵناکەین.

**گزنگ: چۆن بوو لەگەڵ شیعردا دەست لەملان بوویت؟**

کۆچەر: کاتێك هەست دەکەیت پێویستت بە ڕزگار بوون هەیە لەو دونیا جەنجاڵەی تێیدایت بێگومان پەنا بۆ خەیاڵ دەبەیت،تاکە ڕێگایش بۆ بەردەوامی دان بەخەیاڵو فراوان کردنو پراکتیزە کردنی خەیاڵ شیعرە،لەوێدا دەتوانیت دروستکەرو خولقێنەری دونیای خۆت بیت،چونکە هەرچی لە دەرەوەی شیعرە بۆنی ناشرینی لێ دێت.بۆ من شیعر نووسین دۆزینەوەی کەسی دووەم بوو لەمندا هەمیشە بۆ شتێك دەگەڕام لە خۆمدا نەمدەدۆزیەوە.لەنێو مندا مرۆڤێکی گۆشەگیرو برسێتیەکی سەیر بۆ

خوێندنەوەو زیادەڕۆیی کردن لە خەیاڵدا بوونی هەبوو،لە دواجاردا درکم کرد بێزو بە وشەو دێڕەکانەوە دەکەم لەساتێکدا هەستم کرد ژان دەم گرێتو کاتی لەدایك بوونی شتێك هاتووە،شیعر لەدایك بوو لەوساتەوە منێکی دی لە شیعرەکاندا بووونی هەیە هەندێك جار کەلەدوورەوە سەیری کۆچەرەکەی تر دەکەم نایناسمەوە،زۆر حەز دەکەم ئاشنای بم،بۆیە بەردەوام لە هەوڵدان دام بۆ ناسینی منەکەی تر.

**گزنگ: پێت وایە دەبێت شیعر هەستێکی ڕووت بێت یان ئەقڵ بێت؟**

کۆچەر: لەشیعردا جیا لە دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەست گرنگە ڕەهەندی وجودیو گەردوونیو فەلسەفیو خودیش بوونی هەبێت کە بوونی ئەمانە بێگومان بە ئامادەیی ئەقڵو لۆژیك پەیڕەو دەکرێت بەم پێیە کاتێك شاعیر دەنووسێت ئەو پرسیارگەلەی کە لە شیعردا دەیکاتو لە شیعردا دروست دەبێت سەبارەت بە کۆی مرۆڤایەتیو گەردوونو سروشت..هتد گەر ئەقڵ لە پشتیەوە ئامادەیی نەبێت دروست نابێت،ڕاستە لە شیعردا هەمیشە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگەزی بەرهەمهێنانی شیعر کە بریتیە لە خەیاڵو نەست،ئەلبەت ئەمە نەوە ناگەیەنێت کە بوونی ئەمانە بەبی بوونی پاشخانێکی مەعریفی و فیکری و ڕۆشنبیری دەتوانن دەقی زیندو بخولقێنن،بەڵکو هەردوو هەستێکی قوڵ و خەیاڵێکی چڕ واتە ئاگاییو نائاگایی بەشێکی سەرەکین لەبەرهەمهێنانی شیعردا ئەمە جگەلەوەی دەبێت خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەند بین لە بوونیادی شیعرو زمانی شیعرو تەکنیکی شیعر و بێگومان بە ئامادەیی وێنەو مۆسیقاو شێوازی نووسین کە بەگرێ دانی هەموو ئەمانەو بەشداریان لە دەقدا دەکرێت بڵێین شعریەت دەخولقێت،ئەگەر تەنیا بە هەست بنووسین ئەوا ڕەنگە نووسینێکی دوور لە زیندوێتیو نەمری پەخش بکەین،چونکە پێم وایە هیچ شتێك لەدەرەوەی ئەقڵ ناتوانێت نەمرو ناوازەبێت، بەڵام نائاگاییو خەیاڵو یۆتۆبیا زیاتر دەستیان هەیە لە جوانکردنی شیعردا.بۆیە دەتوانیت بڵێیت لە شیعرێکی سەرکەوتودا هەم هەستو هەم ئەقڵ هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەن.

**گزنگ: مەرجە شاعیر وەك فۆتۆگرافەر بێت لەدەربڕینی هەستەکانیدا تۆ لەبارەی ڕاستیو خەیاڵەوە چی دەڵێیت؟**

کۆچەر: بەبڕوای من شیعر ڕەنگدانەوەی واقعو ژیان نییە ئەگەر راستت بووێت بەهیچ جۆرێك نابێت ڕەنگدانەوە بێت،





بەڵکو دروست کردنو خوڵقاندنی شتێکە کە پێشتر نەبووە،دۆزینەوەی شتگەلێکە کە پێشتر کەشف نەکراون.وەك ئەدۆنیس دەڵێت: (تەواوکەری ئەو کەمو کوڕتیانەیە کە لەدونیای مرۆڤدا هەیە) بەم پێیە خەیاڵیش بە هەمان شێوەی شیعر دووبارە کردنەوەی واقع نییە،بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی واقعەو دارشتنەوەیەتی بەپێی پانتاییو فراوانی خەیاڵی شاعیر، بەرجەستەکردنی ئەو خەیاڵەی کە لای شاعیر بووونی هەیەو دایدەڕێژێتەوە ئەو خەیاڵە دەبێتە واقع لای شاعیر.پێویستە شیعر جیهانێك ئافەریدەو دروست بکات کە وێڕای لێکنەچونی لە جیهانی واقع خۆی بتوانێت هەموو پێداویستیو کەرەستەکانی دونیای خۆی دەستەبەر بکات بێگومان گرنگە لەمەدا خەیاڵێکی فراوان ئامادەیی هەبێت واتە بەبڕوای من گرنگە شیعر خەیاڵ دەستێکی بالأی هەبێت تێیدا. شیعر واتە خەیاڵ، ئەگەر خەیاڵ بەرجەستە نەکرا ئەوا ئێمە تەنیا کەسێکین شتەکان کۆپی دەکەین وەك بەڕێزت دەڵێیت دەبینە فۆتۆگرافەرێك کە واقع دەگوازینەوە.ئەگەر وابین ئەوا ناکرێت پێمان وابێت کەدەقێکی نەمرو ناوازە بەرهەم دەهێنین.

**گزنگ: کۆچەر تاچەند لەگەڵ پۆلێن کردنی ئەدەبە لەسەر بنەمای ڕەگەز ئایا شتێك هەیە بەناوی ئەدەبی ژنانەو پیاوانە؟**

کۆچەر: ئەم دابەش کردنەی ئەدەب بەسەر ڕەگەزدا جێگەی قسەلەسەر کردنەو ئەم پرسیارە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام من نامەوێت زۆر بچمە نێو باسەکەوە، هەر کام لە ژانرەکانی ئەدەب ناکرێت دابەش بکرێن بەسەر ڕەگەزدا بەڵکو دەکرێت پۆلێنکاری بکرێت لەسەر ئاستی چۆنایەتی. هەمیشە گوتومە تەواو پێچەوانەی دابەشکردنی ئەدەبم بەسەر ڕەگەزدا، شیعرو ئەدەب واتە چیهانێك جیاواز لە ژیانی ئاسایی من بۆ ڕاکردن لە ژیانی ڕۆژانە پەنا بۆ ژیانی شیعری دەبەم ئەگەر بێمو(وەك چۆن لە ژیانی ئاساییدا پەیڕەو دەکرێت) لەبەرامبەر پیاودا بکەومە سەنگەرەوەو بڵێم من بۆ ژن دەنووسمو دەنگی ژنم وە پیاویش بەهەمان شێوە ئەی لەم نێوەندەدا کێ کار بۆ مرۆڤایەتی بکات؟من لەگەڵ هیچ کام لەمانەدا نیم، من مرۆڤ گەرامو ئەوەندەی مرۆڤایەتیم مەبەستە ڕەگەزی خۆم مەبەست نییە،لەگەڵ داهێنان دامو باوەڕم بە ئیبداع هەیە،ڕەنگە وەك ژنێك هەندێك جار خەمە خودیەکانی خۆم بنووسمەوە،بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە من بڕیاری ژنانە نووسینی خۆم بدەم.داهێنانو



بەرهـەمهێنانی زینـدو تاکـە بنـەمان کـە دەتـــوانن شـــوناس بەخاوەنـــەکانیان ببەخشن.

**گـــزنگ: بـــە ڕای تـــۆ شـــیعری لاوان توانیویەتی نووێگەریەك بکات لە ڕەوتی ئەدەبی کوردیدا؟**

کۆچەر: ڕەنگە کەمتر کاری من بێت قسە لەسەر توێژی لاوان بکەم، چونکە خۆیشم بەدەر نیم لەو چینەو ئەکرێت خۆیشم قسە لەسەر کراوبم، بەڵام هەندێك لەلاوانی ئێمـە





لـەژێر کاریگـەری نـەوەی پـێش خۆیـان دەنووسن کە دەڵێم کاریگەری مەبەستم لـەو فۆرمو ستایلەیە کە ئێمـە پێـی دەنووسینو تێیـدا شـوێنکەوتەی نـەوەی پـێش خۆمانین،بـەو جـۆرە دەق گرتـوو دووبارەبوونەوەیـەش نا،بـەڵکو بـەپێی سەردەمو قۆناغـەکان گـۆڕان کراوەو نـوێ بوونـەوە هـەبووە ئـەو کاریگەریـەش کاریگەریەك نەبووە خراپ کەوتبێتەوە،چەند دەنگێك دەبینـرێن کـە لەپەنجـەکانی یـەك دەست تێپەڕ ناکەن توانیویانە لەڕوی فۆرمو شێوەو زمانو داڕشتنو ئیقاعـەوە جیاوازتر لەنووسەرانی تـر بنووسـن کـە ئـەم شـێوازی نووسـینە لەگـەڵ ڕەوتـی پێـشکەوتنی تەکنـەلۆجیاو پێـشکەوتنی دونیـادا تـا ڕادەیەك یەك دەگرنەوە،چونکە زیاتر وەکو شـیعری بەکاربـەر دەردەکـەون شـتەکان ئاسـانو پوخـتو بـێ نـاوەرۆکێکی قـوڵ بەخێرایی دەگەیەنن،کە ئەکرێت بڵێین لـەژێر کاریگەری شیعری خۆر ئاوادان.بـەدەر لـەم چـەند دەنگـە ئێمـە لـە یـەکتری دووبـارە کردنـەوەدایـن،من ڕەوتـی ئێـستای شـیعر بـەخراپ نـازانم ئـەکرێت بڵـێن جـوانی دەبینرێت.بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نیـە کـە شـیعری کـوردی هـەنگاوێکی نـاوە بـۆ نووێگەری،بـەڵکو بـەنیازە ئـەو هـەنگاوە بنێت.

**گزنگ: ئـەرکی ئـەدەب چیە؟ئەی شیعر وەکو ژانرێکی بەرزی ئەدەب چ ئـەرکێکی لەسەرە؟**

کۆچەر: بائێمـە بـەوجۆرە سـەیری ئـەدەب نەکـەین کـە ئـەرکێکی لەسـەرەو پێویـستە ئـەرکێك پراکتیـزە بکـات، یـەکێك لـە گرفتەکانی شیعری کوردی ئەوەیە کەئـەرك گـەلێك لـەدەرەوەی شـیعر خراوەتـە ئەستۆی،پێموایە ناکرێت ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی وابەسـتە بکرێت بەیاساو ڕێـساوەو ئەرکـەکان پراکتیـزە بکـات پێچەوانەی هەندێکم کە پێیان وایە ئـەدەب دەبێـت لەخزمـەتی سیاسـەت، نەتـەوە، کۆمەڵگەدا بێت، ئـەوە زیاتر لـەقاڵب دانو بچوك کردنەوەی ئەدەبـە لەکاتێکدا کـاری نووسین لـەقاڵب دانو بـچوك کردنـەوە نیـە بـەڵکو هەوڵدانـە بـۆ گەیـشتن بـە حەرەکەیـەکی سـتاتیکی و مـەعریفی و قوڵبوونـەوە تێیدا.ئێمـە ئـەو ئەرکـەی کـە بـەڕێزت باسـی ئەکـەیت تێمـان پەڕانـدوە سەردەمانێك شیعری ئێمە زیاتر لـە ئـەرك وابەسـتەبوو بـە سیاسـەتو نەتـەوەو نیـشتمانەوە،بەجۆرێك شـیعری ئێمـە خەریکبوو دەبووە گوتارێکی سیاسـی، کـە لەم حاڵەتەدا شیعر وەکو بەڵگەنامەیـەکی لێ هات. شاعیرانێکمان دەبینی کەویستی ڕاسـتەقینەی خۆیـان کـەپت کـردوو

لەدەرەوەی خۆیان سیاسەتیان نووسیەوە کە پێم وایە ئەوجۆرە نووسینانە کەمتر دەبن بەشیعر. ئەستەمە نووسەرێك دەقێکی ئەدەبی تێکەڵ بە سیاسەت بکاتو پاش ٢٠ساڵ لە ناخەوە لەگرنگی نووسینەکەی کەم نەکاتەوە، شیعر ناکرێت ببێت بە مۆتیڤی خۆ ڕاگرتنو دروستبوونی حەماسیەت ئیدی چ لەسەر ئاستی تاك یاخود کۆمەڵگە بێت، ئەگەر بڕیار بێت ئەرکێك بسپێردرێت بەئەدەب ئەکرێت ئەرکێك بێت کار لەسەر زیندوو هێشتنەوەو نەمری خۆی بکات نووسینێك بخولقێنێت کە ڕاستەوخۆ کار لەسەر خوێنەر بکاتو بیوەستێنێتو بتوانێت پەیوەندیەکی نوێ لەنێوان زمانو دونیا،زمانو کۆی شتەکاندا دابمەزرێنێ، دەکرێت پابەندبوونێکی ڕەوشتیو هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی گەیشتنی چێژ بێت بەخوێنەر.شیعرێك ئەگەر ئەرکی ڕاستەوخۆ ڕۆچونە ناو ناخی خوێنەر پەیڕەو نەکات پێم وایە پێناسەی خۆی خستۆتە گومانەوە.

**گزنگ: نووسینی ژنان زیاتر ڕوی لەخەمە خودیەکانی کردووە یان نا؟**

کۆچەر: زۆربەی جار نووسین ڕەنگدانەوەی ناخو ژیانوەهەلو مەرجو مێژوو دونیابینی نووسەرەو ڕاستەوخۆ گواستنەوەیەتی بۆ ناو دەق،بیرو

## * شیعر ناکرێت ببێت بە مۆتیڤی خۆ ڕاگرتن و دروستبوونی حەماسیەت ئیدی چ لەسەر ئاستی تاک یاخود کۆمەڵگە بێت

میتۆلۆژیای نووسەر ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لە دەقدا، لەلای ژنانی ئێمەش بەهۆی زۆری زەبرو زەنگو بوونی یاساکان مەبەستم یاساکانی کۆمەڵگەو دینو شەریعەتو عەشیرەتو هەموو ئەمانە گورزێکی نێگەتیڤیان هەبووە بەسەر ژیانی ژنانی ئێمەوەو گوازراوەتەوە بۆ ناو نووسین.کە بەداخەوە ئەوەی دروست کردوە ژنانی ئێمە زیاتر لە هەر خەمێکی دی خەمە خودیو زاتیەکانیان بگوازنەوە بۆ ناو دەقو شیعر بۆتە ئەو پەیامبەرەی کە گلەییو نائومێدیەکانیان دەگوازێتەوە، چونکە تەنیا شیعرە بەنێو ناخو دیوی ناوەوەی



شاعیردا ڕۆدەچێت.

ئەمە هەر تەنیا لەنێو نەتەوەی ئێمەدا پراکتیزە ناکرێت،بەڵکو زۆربەی ژنە نووسەرەکانی دونیا بەم جۆرە دەنووسن،لەکاتێکدا وەك پێشتر وتومە ئەرکی شیعر وروژاندنی پرسی گەورەیە سەبارەت بە سروشتو گەردونو...هتد هەندێك جاریش دەبینین لەو نووسینەوەیەدا مەوزوع چڕدەکرێتەوەو هەر لە فەزای خوددا جوانترین دەق دەخولقێت.

**گزنگ: کۆچەر لە شیعردا بۆ چی دەگەڕێت؟**

کۆچەر: دیوەکەی تری خۆم....

**گزنگ: لای هەندێك شاعیری مێینەی کورد بەزاندنی سنووری دابو نەریت بە بوێری دادەنێن،لای تۆ بوێری واتای چی؟**

کۆچەر: لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کاتێك بڕیاری شیعر نووسین دەدەیت دەبێت لەپێشدا بڕیاری بوێری بوونت دابێت، چونکە شیعر نووسین بۆخۆی جۆرێکە لەیاخی بوون، کاتێکیش ئەو شتانەی ئەتەوێت بیانکەیتو ناتوانیت، دێیت لە شیعردا پراکتیزەی دەکەیت بەم جۆرە تۆ دەستت بۆ حەرام کراوو قەدەغە کراوەکان بردوەوو پێت دەوترێت بەزێنەری سنووری دابو نەریت، لەم زەمینەی ئێمەدا کە هەندێك جار لەسەر نووسینێك ڕوبەڕوی هەڕەشەی مەرگ ئەکرێیتەوە کاتێك نووسەرە مێینەکانمان دەتوانن سنوور ببەزێننو وەڵامی دابو نەریت بدەنەوەو گیانی لە ڕودا وەستانو یاخی بوون بخولقێنن بێگومان بوێرن،بوێریش هەر بەتەنیا بەزاندنی سنووری دابو نەریت نیە،بەڵکو بەزاندنی زۆربەی ئەو سنوورانەیە کە ڕێگەی لە منی مرۆڤ گرتووە تێیان پەڕێنمو دەستیان بۆ ببەمو کەشفیان بکەم.هەندێك جار دەکرێت ئەو یاخی بوونە لە ڕوی داهێنانەوە بێت یاخی بوونێك بێت لەنێو ڕەگەزو ئەو کەرەستانەی کە نووسینی لێ پێك دێت لە گەردونی نووسینداو شێواندنی هارمۆنیای سروشت بۆ ئەو شێوەیەی کە شاعیر دەیەوێت،ڕەنگە مەبەستەکەم ڕوون نەبێت بۆ نمونە مانگ ئەرکی خۆی لەبیر بکاتو یاخی بێت لە ڕۆتینو هەموو شەوێك دووبارە بوونەوە، ئەکرێت یاخی ببێو بێت کاری چۆلەکەیەك بکات، چۆلەکە بێت ژیانی من تەوزیف بکات، خودا بێتە سەر زەویو لە باخچەیەکدا بژی.

# کار و چالاکییەکانی
# لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

**ئا : بەڕێوەبەری نووسین**

## چلەی ماتەمینی ئەدیب و نوسەر
## (محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە)



ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ۱۷ /۲/۲۰۱۳ لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد و دەزگای ڕاگەیاندنی ئازادی لە کەرکوك کۆڕێکیان بۆ چلەی ماتەمینی ئەدیب و نووسەر و کەسایەتی ناسراوی شاری کەرکوك (محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە) لە هۆڵی نەورۆز ڕێکخست ، ژمارەیەك لە هونەرمەندان رۆشنبیران و نوسەران و شاعیران و هاوڕیی و دۆستانی ئەدیب و نوسەری کۆچکردوو ئامادەی بوون .

لە کۆڕەکەدا چەندین وتار و شیعرو







پەخشان ویادەوەری لەبارەی ژیان وبەرهەمەکانی نووسەر و ئەدیب (محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە) لە لایەن هاوڕێ و دۆستانیەوە خوێنرانەوە..

نووسەری کۆچکردوو (محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە) لە ساڵی ۱۹۳۵ لە شاری کەرکوك لە دایکبوە وخاوەنی ۲۷ کتێبی چاپکراوەو ۱٤ یانی و ۳ بلاۆکراوە کەی لە بەیروتی پایتەختی ولاتی لوبنان چاپ کراون، خاوەنی چەندین کتێبی وەرگێڕاوە لە بواری شیعر و چیرۆکی بیانی بۆ زمانی کوردی.

## نووسەرێك داربەڕوو ئاسا ژیانی گوزەراند!

**حەمە سەعید زەنگنە_ کەرکووك**

چل ڕۆژ بەر لە ئێستاکێ ، بەترێکی شەوی مابوو، لەم زمستانە تەڕو تووشەدا، دوور لە چاوی خزم و ناسیاو و ئاوەڵانی، جگە خێزانەکەی نەبێت! مامۆستا محەمەد عەبدلرەحمان زەنگنە، چۆن ساڵی ۱۹٤۰ بەسەڵتی خۆی بەم شارە بێکەس و بێ پشتیوانەدا کرد، هەر ئاواش بەکپی و بەبێ خواحافیزی ماڵئاوایی لێکردین و بە جێی هێشتین! ئەفسووس چەند پرۆژەیەکی مەزنی مابوون، نەکارا بە ئەنجامیان بگەیەنێ و، زافتر ئەدەب و ڕۆشەنبیرو کولتووری، نەتەوەکەی بەرەو پێشەوە بەرێ و، زێترو زۆرتر کتێبخانەی کوردی دەوڵمەند بکات. ئەم نڤیسەرە بەتوان و ئەم کەسایەتییە شەنگ و نێودارەی شاری کەرکووك ، پاش ئەوەی کاتی خوێندنی دێت و لە قوتابخانەی نێونووس دەکەن، هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە شاری کەرکووك بە کۆتادێنێ، جاری بەراییی بەهاری لاوی دەبێت، ئاشنای بیروباوەڕی چەپ و دەگەڵ سیاسەت ئاوێتە و، سوارچاکێکی بەئەمەکی بیرو باوەڕکەی دەبێت ، چەند جارێك دەگیری و دوای لێدان و ئەشکەنجەو ئازارێکی فرە، ئازاد دەکرێت، لێ ئەو دار بەڕوو ئاسا بەژن و باڵای ڕێبازو بیروباوەڕکەی تا دێن هەر بڵیندو بڵێنتر دەمێننەوە، بۆ ساتێ کۆڵنداو، تا دوا هەناسەی ژیانیشی هەر وا مایەوە. ئەو لە هەرزەکارپیرا سەرەڕای وەرزشکردن، کە یاریچییەکی باشی تۆپپێ گەڕکی شۆڕیجە بووە! لە هەمانکاتدا خوێنەرێکی چاکی خوێندنەوەی رۆژنامەو کۆوارو، کتێب و نامیلکەکانی ئەو رۆژکارەش بووە، جارەك گوتم: مامۆستا تۆ دەمێك منداڵ دەبێت سەرگەرمی خویندنەوەو سەرقاڵی سیاسەت دەبێت؟ ئەدی کەنگی دەستت وەنووسین کردو بابەتت وەشاند؟!

له وەڵامدا کوتی له ساڵی (١٩٥٩) بابەتێکم بەزمانی عەرەبی بە نێونیشانی(کارمان دەویٚ، نەك قسه) نووسی و دواتریش هەر ئەو بابەتەم کورداندو جارێکی دی بڵاومکردەوه ! ئیدی لەو دەمەوه ئەم نووسەره گورجوگۆڵە، خۆشمەشرەبه ، شیرین ڕەوتاره، جوان گوفتاره، تا ئەو کاتەی بەجێی هێشتین، بو ساتێکیش لە خوێندنەوەو نووسین دانەبڕا، مەگەر ئەو دەمانەی وا لە بەندیخانەکانی ڕژێمدا بەندو دەست بەسەربووه ! ئەم پیاوه میهرەبانه، بوێره، به هەیبەته، جگە لەوەی بەدەیان گوتارو بابەتی سیاسی و ئەدەبیٚ و ڕخنەیی و کۆمەڵایەتی نووسیٚوەو بڵاویکردوونەتەوه ! (٢٦) کتێبیشی به چاپ گەیاندووەو وەشاندوونی. بەر لەوەی ئەوی به جێمان بیەلیٚ زورتر له سیٚ هەیڤان دەبوو هەموو رۆژێك لە سۆنگەی کتێبەکەیەوه (مێژووی عەشیرەتی زەنگنه) که تەواوی ژیانی ئەو چەند مانگەی بۆ تەخانکرد بوو، دەیهەویست جاریکی دیٚ به ئاوایەکی ترو، پوختترو، بەچەندایەتی و چۆنایەتییەکی ترەوه چاپی وەکاتەوه !
له بارەگای لقی نووسەران ئامادەیی هەبوو، خەڵکێکی فره ڕۆژانه سەردانیات دەکردو مێژوو و سەرجەلەی خویان بۆ دێنا، ئەویش به ئارامی و به حەوسەڵەیەکی زۆرەوه لێی وەردەگرتن و پاش هەڵەبڕی و پێداچوونەوه لە کتێبەکەی دەخستن. دەمدیت زۆر شەکەت ماندووه ! ڕۆژێك پێمگوت مامۆستا قەبارەو ڕووپەڕی کتێبەکەت تادێت فرەو هەڵدەکشێت، بۆچی لەمەو دوا له وەرگرتنی بابەتەکان پشوویەك نادەیت و، لەسەر ئەم بەشەی بنووسی! بەرگی یەکەم، پێکەنی و، کوتی پێمبڵی زوو تەواویکه؟! ئەوی من دەیزانم تۆ نایزانی! دیاربوو ئەوی پەلەی سەفەری بوو ، وەلیٚ ئێمه سۆسەمان نەدەکرد. مامۆستا ساڵی (١٩٦٧) دەگەڵ عابیدەخانم، خێزانی پێکەوەناوەو، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییه (٢کوڕ ) و ( ٣کچ)ن :ئامانج دەرچووی پەیمانکەیەو ورشەیەکی له سەر شەقامی کۆماری کەرکووك هەیه.
ڕەنج ئامادەیی تەواو کردووەو، نوکه له ئەڵمانیایه.
تریفه دەرچووی بەشی کۆمبیوتەرو، ئێستیٚ له هوڵنده نیشتەجێیه.
تاڤگه ئامادەیی بازرگانی به کۆتاکەیاندووه.
تریسکەش پەیمانگەو، هەوکه له وڵاتی ئەڵمانه.
له باسی منداڵەکانیدا لەمیانەی گفتوگۆیەکماندا پێگوت مامۆستا کێهه ده منالاکانت زورتر خوشدەواتی؟ کوتی هەموویان پاژێکن له جگەرم، وەلیٚ ئەوی زیاتر دوور بێت!





زورتر دڵت لای دەبێت. پشتی ئەوەی خێزانی یەکەمی دەچێته بەر ڕحمەتی خوا، دوای دوو ساڵان جارێکی دی وێڕای سەبرییه خانی نووسەرو مامۆستا جارێکی دی زەواج دەکاتەوه، دەچاوپێکەتنێدا وێڕای گوتم مامۆستا ! بەینی خۆمان و نهێنی و نەپەنی دەکن کەسی ناگێڕمەوه، نوکه ئەگەرەکو مێوینەیەك داوای پەیوەندی خوشەویستیت له تەکدا بکات، کوتی رەفزی دەدەمیٚ، کوتم بۆ؟ کوتی: ئاخر! هاوسەرەکەم گەلەك خۆشدەویٚ؟!
چۆن ماسی بیٚ ئاو نازیٚ، ئەویش هەردەم بیٚ کیتاب و دوور له کتێبخانه هەڵی نەرکردووه، بێجگه لەوەی کتێبدانێکی گەورەی له ماڵەوه بووه ! بەوەش دڵی ئاوی نەخواردووەتەوه، له دەرەوەی ماڵەوەشیان کتێبخانەی بووه، نەك بو قازانجی مادی، بەڵکو زیاتر بۆ خزمەتکردن به بواری ئەدەبی و بزاڤی رۆشەنبیری! مەخابن ئێستاکانیٚ کتێبخانەکەی گەرەکی شۆریجەی تۆزی لێنیشتووەو کەسیٚ نییه نازی هەڵگریٚ، له ساڵانی هەشتایەکانیش مەکتەبەیەکی چکۆلەی هەبوو له سەر ڕاسته شەقامی کۆماری، پێش ئەوش کتێبخانەی بووه. وەزیفەی میری دیتووه، دواترینیان بەرێوەبەری ئیدارەو دارایی بووه، له وەزارەتی ڕۆشەنبیری له شاری هەولێر. لەم ساڵانەی دواییدا هیلاکی و ماندووبوون و ئازارێکی فرەی چەشت، وه دەست دییەکانییەوه، جگه له دوکتۆرانی وڵاتی خومان، بۆ ئەو مەبەسته، چەند جارێك ڕووی له وڵاتەیلی ئێران و ئوردن کردووه، به مەبەستی نەشتەرگەری و چارەسەریی چاویٚ! وەلیٚ هیچ جارێکیان وانەگەڕاوەتەوه که به دڵی خۆی بوو بێت . دڵ و دەروون تێر بوو، عیزەتی نەفسی هیند بڵیند بوو، (٢٠٠٨ ) به مەبەستی چارەسەرکرنی چاوی ویستی سەفەرێکی ئێران بکات، پێش ئەوەی گەشتەکەی وەکات ، سەردانێکی کردم و،کتێبێکی دەست نووسی وێرای خۆی به نێوی گوڵ واژه بۆ هێنابووم تا بۆی چاپ بکەین، فەرمووی تا دێمەوه پیویسته تەواو بووبێت؟ وچانێکی چاك دوو بەدوو پێکەوه دانیشتین، لەرۆیشتنا بوو له سەر نێردەوانی بارەگای لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەران، پێمگوت: مامۆستا منەتی تێدا نییه ! با بڕێکت پاره له یەکێتی نووسەران بۆ وەرگرم! دوور نییه پێویستت پێی بێت؟! پێیەکی له سەر یەکەمین پلەی قالدرمەکه بوو، هەڵوێستەیەکی کردو، ئاوڕێکی لێدامەوەو کوتی چەنده؟ گوتم به ئەندازەی (٣٠٠ هەزار دینار )یٚ، چاوێکی لێکردم و کوتی بییه بەیەکی دی ، من پێویستم پێی نییه ! ئەمه له کاتێکدا نووسەری وا هەن

نـەک ئـەو بـڕە پارەیـە بـۆ ( ٥٠ هـەزار دینـار ) دەسـت وە پـشتێنی چـەندان کەسا دەکەن. مامۆستا سەرەڕای شیك و پۆشـتەو پەرداخییەکـەی زۆر ئـارەزووی گـەرانی بووە، وەڵاتەیلی ئیران تورکیا سوریا ئوردن بولگاریا و یوگسلافیاو ئیتالیـا گـەڕاوە، کەڕتێك کوتم مامۆستا دەڵێی هەوکە ئارەزوو و مگێزی گەڕانت نەماوە؟! کوتی: زۆر جاران ڕەنج ی کوڕم پێم ئێژی بابە با دەعوەتنامەیەکت بۆ بەریتانیا بو وەکەم! لای کەسم باس نەکردووە! وەلێ پێمخۆشە چەند ڕۆژانێك لە لەندەن بگوزەرێنم! مخابن ئەم جارە دووتر چوو وناگەڕێتەوە، مایـەوە بەوشـم، زمانـەیلی کـوردی و عـەرەبی و تورکمانی و پیچەکیش ئینگلیزی دەزانی و، پیـاوێ گوتـە شـیرین و مرۆیـەکی قـسان لـەڕوو و، جەربـەزەو، بـوێرو، ئـازاو، ئـارام ، نـەجیب و بـە حورمـەت. ئەسـتەمە جێگەکەی پڕبێتەوە. خودا بە بەهەشتی خۆی شادی کات.

**لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بـواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا پێنج کتێبـی ئـەدەبی هەمـەجۆری تـری چـاپ وبـڵاو کـردەوە، بـەپێی ئـەم زنجیرانـەی خوارەوە:**

* لە ژێر زنجیرەی (١٩٦) کتێبی (هاوارەکانی ڕۆژانـی جـەنگ) ڕۆمانـە لـە نووسـینی (موعتەسەم ساڵەیی) ، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٩٧) کتێبی (لە ڕۆخی رووباری وێژەوە) کۆمەڵێ لێکۆڵینـەوەی ئەدەبییە لە نووسینی (سەنگەر قوباد) ، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٩٨) کتێبی ( کتێبێکی سەیر لەبارەی شیعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی)یەوە رەخنەیە، لە نووسینی ( حەمە سـاڵح فـەرهادی) ، کەوتـە بـەر دیـدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٩٩) کتێبی (گوڵخانەی عاریفان) لێکۆڵینەوەیـە و لـە نووسـینی (هیمداد شاهین) ، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢٠٠) کتێبـی ( حـزب گولـەباخ الجمـاهیری) کۆمەڵـە چـیرۆکە لـە نووسـینی (حەمـە سـەعید زەنگنـە) ولـە وەرگێڕانـی بـۆ زمـانی عـەرەبی (عـوف عبدالرحمن عبدالله)، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...



















